# سۆفیستەکانی یۆنان



# The Greece Sophists

(Appraising Philosophy of minority)

By
**Rebwar Siwayli**

**پێشکەشە بە یادی**

**حەمەمین ئاغای بارێی بچووك،**

**ڕووخسارێکی مۆن و ڕۆحێکی گەورە..**

# سۆفیستەکانی یۆنان

## (لـە ستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا)

**ڕێبوار سیوەیلی**



**پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی**
**سەلاحەددین و دەزگای موکریانی** **٤**

ناوی کتێب: **سۆفیستەکانی یۆنان**

نووسینی: **ڕێبوار سیوەیلی**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **دلێر سادق (دەزگای موکریانی)**

بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**

تایپ و دیزاین: **ئاهەنگ تەڵعەت کاوانی**

ژمارەی سپاردن: **(٩١٠)**

ژمارەی **ISBN: ٩١- ٦٣٠-**

تیراژ: **(١٠٠٠) دانە**

چاپی یەکەم: **(٢٠٠٩)**

نرخ: **(٣٠٠٠) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)**

# پێڕست


- یەک دوو وشە بۆ چاپی سێیەم ................................ ٧
- سەرەتا: (ڕەخنە، پێزانین، میتۆد)............................ ١١

**١. دەروازەیەکی گشتی ٣٣**

- مێژووی فەلسەفە بەچ مانایەك؟ ................................ ٣٣
- خاڵە هاوبەشەکان ................................................ ٤٠

**٢. دەروازەیەکی مێژوویی ٥٩**

- سۆفیستەکان: تیۆدۆر گۆمپریز ..............................٥٩
- چەمکی (سۆفیست) و ژیاننامەی هەندێ لە سۆفیستەکان ....... ٧٩
- لۆگۆس و میتۆس لە فەلسەفەی دێرینی یۆناندا (ئێرنست کاسیرر)...... ٩١

**٣. مرۆڤ، یەکێ لە کێشەکانی خواوەند ١٠٧**

- توانایی ........................................................ ١١١
- کۆمەڵگا ......................................................... ١١٧
- ئایا توانایی شتێکە فێری دەبین؟ ............................ ١٢٣
- ئازادی و توانایی سیاسی ........................................١٢٥

**٤. ڕەخنە لە ئایین ١٣٧**

- گومانداریی پرۆتاگۆراس .......................................١٣٧
- ڕادیکاڵیەتی پرۆدیکۆس و کریتیاس ..........................١٤٤

**٥. ڕۆڵی ئاخاوتن لە بەرنامەی سۆفیستەکاندا ش ١٥٧**

- مرۆڤی قسەکەر و ئەخلاقی ئاخاوتن ............................ ١٥٧
- گۆرگیاس و هونەری ئاخاوتن ................................... ١٦٤

**٦. لە بارەی پەیوەندیی سۆفیستەکان و ئەوانیترەوە ١٧٧**

- ئیسۆکراتیس و ئەریستۆ ..........................................١٧٨
- ئەفلاتوون و سۆفیستەکان .......................................١٨٢
- کتێبی کۆمار........................................................١٨٥

**٧. بایەخی سۆفیستەکان بۆ ئەمرۆ ١٩٧**

**٨. گرنگیی سۆفیستەکان بۆ ئێمە ٢٢٩**

**٩. تێکست لەبارەی سۆفیستەکانەوە ٢٤١**

- ناوی کەسەکان و زاراوەکان ......................................٢٥٩

سەرچاوەکان ............................................................٢٦١

## یەك دوو وشە بۆ چاپی سێیەم:

کاتێ لە بەشی فەلسەفە و زانست، لە زانکۆی غۆسکیلەی دانمارك، دوای کۆرسێکی خوێندن لەبارەی فەلسەفەی ئەخلاقەوە، خۆم بۆ نووسینی بەرهەمێك ئامادە دەکرد، بیرم بۆ ئەوە چوو سۆفیستەکانی یۆنان بکەمە ناوەڕۆکی کارەکەم. بەڵام نەمدەزانی پاشتر ئەم بەرهەمە وەردەگێڕمە سەر زمانی خۆمان و بە چاپی دووەم و سێیەم دەگات. لە دوای چاپی دووەمیشەوە بەردەوام سەرچاوەی نوێم کۆکردوونەتەوە تاکو بتوانم سەرلەنوێ کتێبەکە بنووسمەوە و بیکەمە سەرچاوەیەکی بەسوودتر. بەڵام بەهۆی سوتاندنی کتێبخانەکەمەوە، کۆی ئەو سەرچاوانەم لەدەستدان و ئەمەش چاپی سێیەمی دواخست.

بۆیە لەم چاپەدا نەمتوانیوە بەتەواوی ئەو خەونەم بهێنمە دی بۆ دەوڵەمەندکردنی زیاتری کتێبەکە، بەڵام دڵنیام لە نزیکترین هەلێکدا کە بۆم پێشدێ، ئەو کارە دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا لەم چاپەدا هەندێ گۆڕانکاریی گرنگم کردووە، وەك زیادکردنی کۆمەڵێ دەق کە فەیلەسووفەکانی وەك ئەفلاتوون و ئەریستۆ لەبارەی سۆفیستەکانەوە نوسیویانن و پێشتریش بلاوم کردبوونەوە. هەروەها لابردنی چەند باسێك کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە سۆفیستەکانەوە نەبوو، لەگەڵ گۆڕین و زیادکردنی چەند بەند و پەرەگراف و ڕستەیەك لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی کتێبەکەدا.



دیسانەوە سوپاسی مامۆستای گەورەم، **دکتۆر میخایل لارسن** دەکەم، کە فێری کردم چۆن لە ناو شەپۆلە گەورەکانی مێژووی بیر و فەلسەفەدا، بۆ دەنکە مرواریییەکان بگەڕێم. ئەو مرۆڤە بۆخۆی یەکێ بوو لەو دەنکە مروارییانەی، کە سەربازێکی دانمارکی لە شاری لینینگرادی سۆڤییەتی جاران، لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا و لە سەر شۆستەیەك بە فڕێدراوی، ئەو کاتەی تەمەنی شەش مانگان دەبێ، دەیدۆزێتەوە و دەیباتەوە بۆ دانمارك. من لەوێ ئەوم لە تەمەنی پەنجاکاندا دۆزییەوە و بووم بە قوتابی پیاوێك کە بەخۆی دەگوت دێوانە، بەڵام دێوانەیەکی گەشبین.. جارێك لێم پرسی: دەزانم لە نەرێتی کەلتووریی ڕووسەکاندا نیهیلیزم هاندەری دێوانەییە لە مرۆڤدا، بەڵام چۆنە مرۆڤ لە سەر جادە دۆزرابێتەوە، دەتوانێ گەشبین بێ؟، ئەو وەك هەمیشە دەستێکی بە ڕیشە سوورەکەیدا هێنا و بزەیەك گرتی و پێی گوتم: لە فەلسەفەدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێ[1]

ئەم بەرهەمە بە هەموو کەموکوڕییەکانی خۆیەوە، گەڕانێکی لەو بابەتەیە و بەشدارییەکی ترە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ چەمك و بیرۆکەی گرنگ، کە دەتوانن یارمەتیدەرمان بن بۆ هەڵکردن لەگەڵ ئێستا و بۆ گەیشتن بە داهاتوو. ئومێدەواری، ژیانکردن بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە، مەعریفەتناسییەکی ڕەخنەگرانە، بەشداریی سیاسی و بڕوابوون بە داهاتوو،

[1] بەشێکی ئەو چاوپێکەوتنە لە کتێبی (**مرۆڤ وەك بەخشندە**)دا بلاوکراوەتەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥

ناوەڕۆکی ئەو فەلسەفەیە پێکدەهێنن کە سۆفیستەکان بەر لە ٢٥٠٠ساڵ کردیانە بەرنامەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای یۆنانیی ئەو دەمدا، کە هێشتا بەسەر قەیرانەکانی دوای شەڕە ناوخۆییەکان و داگیرکاریی بێگانەدا زاڵ نەببوو. زۆر جاران نزیکیایەتییەکی زۆرم لە نێوان باروودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و هزری، سەردەمی سۆفیستەکان و سەردەمی ئێستای مرۆڤ و کۆمەڵگای خۆمان بینیوە، هەر ئەمەش هاندەرم بووە بۆ ئەوەی هەوڵبدەم هاوزمانەکانم و بەتایبەتیش قوتابیانی زانکۆ و بەشەکانی فەلسەفە، گرنگییەکی تەواو بە هزری یۆنانی کۆن و کلاسیك بدەن.

شانازی بە زۆرێك لە بەش و ڕستەو وشەکانی ئەم بەرهەمەوە دەکەم، چونکە ئەو دیدە شەففاف و ڕەخنەییەی لەم بەرهەمەدا هەیە، پاشتر ڕێچکەی ژیانی منی گۆڕی و هانیدام بەردەوام بم لەخزمەتکردن بەفەلسەفە، لەچوارچێوەی شیاوەکی زمانەکەماندا. هیوادارم ئەم کتێبە خزمەتێکی مەعریفی بەو خوێنەر و قوتابیانە کردبێ و بکات، کە لەعەوداڵییاندا بەدوای پرسیاری بچکۆلەدا، وەڵامی گەورە بەدەست دەهێنن.

ڕێبوار سیوەیلی

پیرزین ٢٠٠٩

## سەرەتا

دەیەی هەشتاكان و نەوەدەكان ساڵانێك بوون لە نێوان ڕۆشنبیرەكانی ئەورووپادا مشتومڕێكی زۆر سەبارەت بە گفتوگۆ لە نێوان ژیار و شارستانیەتە جیاوازەكاندا هاتە ئاراوە و بەردەوام مەسەلەی (پێویستیی هەبوونی گفتوگۆ لە نێوان كەلتوورەكاندا) جەختی لەسەر دەكرایەوە. چەندین تێزی فەلسەفی و تیۆرەی ئیتیكی و ئاڵوگۆڕكردن بەرهەمهاتن و ئەوانەشیان، كە بێدەنگەیان لێكرا بوو، سەرلەنوێ چالاك كرانەوە، بایەخیان پێدرایەوە و خوێندرانەوە و زیندووكرانەوە..

ساڵانێكە هەوڵم داوە تێبگەم ئەم گفتوگۆیە بە چ مانایەكە، ناوەڕۆكەكەی چییەو بۆچی پێویستە؟ لە ئاستی فەلسەفی و تیۆرییدا ئەم گفتۆگۆیە لە یەك كاتدا زۆر بەربڵاوە و زۆریش سەرنجڕاكێش و جوان، چونكە باس لە تەبایی و پێكەوەژیانی هاوبەشی مرۆڤەكان دەكات و چۆنێتی ڕێزدانانیان بۆ جیاوازیەكانی یەكتری لە چێژ، نۆرمی كەلتووری و هەروەها جیاوازیی لە ئایین و جیهانبینیدا، لەبەر چاو دەگرێت. هەندێ لە فەیلەسووفەكان، یان نوێنەری ئاراستە هزری و فەلسەفیەكان ڕایان وایە گفتوگۆی نێوان شارستانیەتەكان، باشترین ئامرازە بۆ كەمكردنەوەی كێشەكانی جیهان و سازدانی ژینگەیەكی ئاساییش، تا لایەنەكان بتوانن تیایدا لە یەكتر حاڵی بن. ئەم فەیلەسووف باسی (گوتاری ئیتیك) دەكات (هابرماس)، ئەویتریان باس لە بەرپرسیاریی ڕەها لە ئاست (ئەویتر)دا دەكاتە ناوەندی فەلسەفەكەی (لیڤیناس) و سێهەمیشیان خۆی سەرگەرمكردووه بە



دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی پێكگەیشتن لە نێوان بیركردنەوە جیاوازەكاندا(ڕیكۆر)[١]

بەڵام كێشەكە لە خودی واقیعدا زۆر گەورەترە. ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی ئەو بیر و بۆچوونانە زۆر (ڕۆشنبیرانەن و ئاستێكی فەلسەفیی باڵا)یان هەیە، بەڵكو لەبەرئەوەی زۆرجار خودی لایەنە ناكۆكەكان و ئەكتەرە بڕیاردەرەكانی ناو ڕووداوەكان ناتوانن گفتوگۆ دەستپێبكەن، یان زەمینەی ئەو گفتوگۆیانە بەرفراوان بكەن، كە لە ئارادان و لە هەندێ بارودۆخیشدا خودی دەستپێكردنی گفتوگۆكان دەبنە سەرەتایەك بۆ شەڕ.. خۆشباوەڕانە دەتوانین بڵێین، لە هەر چوار لای جیهاندا، چەندین ناكۆكی ئەوتۆ هەن، كە دەتوانرێت بەهۆی گفتوگۆوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەر لایەنەكان مەرجەكانی (ئەخلاقی گفتوگۆ) ، (لۆژیكی گفتوگۆ) یان پرانسیپی بەرپرسیاریی لە ئاست ئەویتردا، قەبووڵ بكەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ناكۆكیەكان تا دێن بە بەرچاومانەوە زیاتر و ئاڵۆزتر دەبن.. لەم بارودۆخەشدایە دەبێ بەردەوام پرسیار بكەین: ئاخۆ بەدحاڵیبوون و شەڕانیەت هەمیشە وەك ئێستا ڕەنگیان بەكردەوە و هەڵسوكەوتی مرۆڤ بەخشیوە، یاخود سەردەمی ئەمڕۆ بەر لە هەر شتێ، ئەو نیشانانەمان دەخاتە پێشچاو، كە دەتوانین لەسەریانەوە باس لە گۆڕانێكی ڕادیكاڵانە لە (سرووشتی مرۆڤ)دا بكەین؟ كەمێ فەلسەفیانەتر دەتوانین بڵێین، ئایا

[١] Soren Christensen (١٩٩٤): **Fakticitetens Ironi**, Aarhus, Aarhusuniversitets forlage, ١٩٩٤. s: ٦٤

شەڕانیەت و زەبروزەنگ بەشێکە لە جەوهەر و پێکهاتەی سرووشتیی مرۆڤ و، لێرەشەوە ئاستێکی ئۆنتۆلۆژی (بوونناسیی) بە زەبروزەنگ بدەین؟ یان بارودۆخی ئێستا وەك ساتێکی کورتخایەن تەماشا بکەین، کە زیاتر بیرلێکردنەوەی تازە و لێکدانەوەی نوێ دەخوازێ تا ئەنجامگیریی بەپەلە و حوکمدانی خێرا؟

لە سەر ئاستی ئەم جۆرە پرسیارانەوەیە، کە دەمەوێت سەفەرێ بە مێژووی فەلسەفەی ئەوروپادا بکەم، تا سۆفیستەکانی یۆنان ببینمەوە، چونکە ئەوە سۆفیستەکان بوون بناخەی میتۆدێکی تایبەتیان دارشت، کە بەهۆیەوە توانیان خەڵك فێری چۆنێتی هونەری ئاخاوتن و بەڵگەهێنانەوە بکەن. بەمانایەکی تر، ئەوان یەکەمین دەستەی ئەو ڕۆشنبیرانە بوون، کە داوایاندەکرد، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە حەقیقەت و ئەنجامی چاکەخوازانەی مەسەلەکان بگات، پێویستە فێری گفتوگۆ و خستنەڕووی بەڵگەی بیروڕاکانی لە بەردەم خەڵکانی تردا ببێت. واتە سەرەتای تیۆرەیەکیان دامەزراند، کە بەرپرسیارانە بیری لە مافەکانی (ئەویتر) دەکردەوە و بگرە خودی خۆی تەنیا لە بەرامبەر ئامادەیی ئەودا دەبینی. بەلای ئەم ڕۆشنبیرانەوە، ئەم تیۆرەی ئاخاوتنە بریتی بوو لەو پرنسیپەی بواری بۆ مرۆڤ دەڕەخساند، کە:

**"نەك هەر بتوانێت ئازادانە لە بەرامبەری داوەرەکانی دادگادا، بە شێوەیەکی سەلماو بەرگری لە بیروڕای خۆی بکات، بەڵکو لە بەرامبەر ئەندامانی ئەنجومەنی گەل و هەر ئەنجومەنێکی**



**تریشدا، کە لە لایەن هاووڵاتیانی شارەوە دامەزرێنرابێت، بەرگری بکات"**[1]

بە زمانێکی تر دەشێت بڵێین، ئێمە لە سۆفیستەکانەوە خاڵی دەستپێکردنێکی تازەمان هەیە، کە دەتوانین بەهۆیەوە باس و گفتوگۆ لەمەڕ (دنیای مرۆڤ)ـەوە بکەین. دەکرێت ئەم سەرەتایە سەرلەنوێ چالاك بکرێتەوە و لە گەرووی گومانەکانی مێژوو دەربهێنرێت. ئەمەش بەو نیازە نا ببینە سۆفیست، بەڵکو بۆئەوەی بەو هەوڵ و سەرمەشقە چارەسەرسازانە ئاشنا ببین کە لە مێژووی هزریی و مەعنەویی مرۆڤدا بیناکەر و بەرهەم هێنەر بوون. لە سەردەمێکیشدا، کە بۆ خۆمان لە دنیایەکدا دەژین، ڕۆژ بە ڕۆژ هەمووشتێ تیایدا نغرۆ دەبێت و پەیوەندییەکان دەپچڕێن و هەمووشتێ لە ئاژاوەدا کۆتایی پێدێت، ئەوە ئاگاداریی لە بیروڕای بیناکەرانەی سۆفیستەکان شتێکی بەسوودە. بەسوودە چونکە هەوڵی سۆفیستەکان نمونەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ ڕزگارکردنی (بیرکردنەوە) لە ئاستێکی ئایدیالیزمانە و میتافیزیکیانەوە بۆ ئاستێکی ڕیالیستی و دنیایی. هەروەها ئەوان نمونەی ئەو ڕۆشنبیرانەن، کە پەیوەندیی ناسنامەی ڕەگەز و نیسبەتی خوێنییان لە بیرکردنەوە جیاکردەوە: ئەوان یەکەم کەسانێ بوون، کە بیری (سەنتەریزمی یۆنانی)، یان (ئەسینا مەرکەزی)یان تێپەڕاند و خەسڵەتێکی مرۆییان بە بیرکردنەوە دا. لای ئەوان میللەتێك نەبوو بیرکەرەوە بێت و میللەتانی دیکە تەمبەڵ و تەوەززەل. نەتەوەیەك، یان

١ Platon: **Gorgias**. Kopenhaven: Gyldendal, ١٩٧٧, s: ٢٦

چینێك نەبوو مافی لە نەتەوە و چینەكانی دیكە زیاتر بێت، هەروەك ئەفلاتوون و ئەریستۆ بانگاشەیان بۆ دەكرد و پاشانیش تێزەكەیان لە ڕێگەی میتافیزیكیەت و تیۆلۆژیای مەسیحییەوە، بووە لانكی بیركردنەوەی سەنتەریزمی ئەوروپی. سۆفیستەكان گرنگن، چونكە بەر لەوەی بیركردنەوەی سەنتەریزمی ئەوروپی، یا (ئەوروپا مەركەزی)، سەر هەڵبدات و ببێتە بەشێكی جیانەكراوە لە میتافیزیكای خۆرئاوا، ڕەخنەیان لە هەموو سەنتەر و چەقێكی دەسەڵات و مەعریفە گرت. بگرە ڕەخنەیان لە هەموو مەعریفەیەك گرت، كە دەبێتە مەعریفەی دەسەڵات و هەموو بیركردنەوەیەكیشیان ڕەتكردەوە، كە كۆمەڵگای بەرەو داخران دەبرد. بەلای ئەوانەوە ئەركی سەرەكی هزر بەگشتی و هزری فەلسەفی و سیاسی بەتایبەتی، ئەوەبوو هەمیشە كۆمەڵگا بەرەو كرانەوە ببەن و بوارێكی باشتر بڕەخسێنن تاكو گونجانی مرۆڤەكان لەگەڵ یەكتردا ببێتە واقیعێكی بەڵگەنەویست. هەر لەبەرئەوەش دەكرێ بڵێین: سۆفیستەكان یەكەم ئەو دەستە ڕۆشنبیرانە بوون، كە بیریان لە سیاسەتی (گونجانی كەلتوورەكان) لەگەڵ یەكدا (integration policy) دەكردەوە، نەك سیاسەتی تواندنەوەی (assimilation policy) كەلتوورەكان لەناو تاكە كەلتوورێكی بڕیاردەردا. ئەمەش ئەو سیاسەتەیە، كە ئێمە ئەمڕۆ لە لایەكەوە لە بەرنامەی زۆربەی زۆری دیموكراسیەتە ئەوروپییەكان لە ئاست بێگانە و پەنابەراندا دەیبینین و، لە لایەكی دیكەوە، لە پرۆسەی بەجیهانیكردنی سەرمایەدا (كە لە هەمان كاتیشدا سەپاندنی یەك كەلتووره بەسەر جیهاندا)، شێوازێكی دڕندانەتری



بەخۆیەوە گرتووە. لە لای سێهەمیشەوە لەو هەوڵدانەدا دەیبینین، كە بەرنامەی (یەكێتیی ئەوروپا) پێكدەهێنێت و، یەكێك لە ئەنجامەكانیشی بە ئەستووركردنی دیواری نێوان دنیای دەوڵەمەند و جیهانی هەژار كۆتایی پێدێت.. ئەم سیاسەتە پێش هەموو شتێك هەڵگری ڕۆحێكی ئەفلاتوونیە و ئامادەییەكی دیاریشی لەسەر هەموو كەلێنەكانی هزر و كەلتووری ئەوروپی جێهێشتووە. لە كاتێكدا هەر ئەم هزرە بەشێكی گرنگی سەرچاوە یۆنانیەكەی خۆی چەپاندووە و لە ڕەسمیەتی خۆی خستووە، كە كرانەوەیی و دیموكراسیەتێكی ڕاستەوخۆیە. ڕەنگە فڕێدانەدەرەوەی سۆفیستەكان و هەموو ئەو نرخانەی ئەوان بەرگرییان لێدەكردن، لە مێژووی فەلسەفەدا، (بەتایبەتی تا سەدەی نۆزدەیەم و دەستپێشخەری هیگڵ بۆ ڕێزلێنانەوەیان)، بەڵگەیەكی ئاشكرای ئەم بۆ چوونە بێت. لەو مێژووەدا، هزری سۆفیستەكان نەك هەر شێوێنراوە و ناوبانگیان بەهۆی جۆرەها تۆمەتەوە زڕێنراوە، بەڵكو وەك ئاراستەیەكی هزریی سەر بە (كەمایەتی)یش مامەڵەیان لەگەڵ كراوە، كە مافی قسەكردنیان كەمترە لە مافی زۆربە.. تۆتالیتاریزمی تێزی (زۆربە لەسەر حەقە)، تۆتالیتاریزمێكە پێویستە هەر كەسێ خۆی بە هزرەوە خەریك دەكات و چێژ لە بیركردنەوە دەبینێت، خۆی لە دەست ڕزگار بكات، چونكە ئەم تێزە بەدرێژایی مێژووی خۆی نەیتوانیوە لە دەرەوەی سەركوتكردن و پێشێلكردنی مافەكانی كەمایەتی و تاكەكان ئیش بكات. هەموو كاتێ مەعریفەی زۆربە بریتی بووە لە دەسەڵاتی زۆربە لە ئاست هۆشمەندی تاكەكەس و سنووردارکردنی ئازادی و سانسۆردانان لەسەر ئەو

وزەی گومانکردن و پرسیارانەی لە دەرەوەی پێکهاتەی گشتدا هاتونەتە بەرهەم..

لەبەر هەموو ئەم هۆیانەیە، کە ئاوڕدانەوە و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە سۆفیستەکان بە کارێکی پێویست دەزانم و پێموایە بناخەیەکی باشمان دەداتێ بۆ ئیشکردن بە پرنسیپەکانی ڕەخنە و هەڵوێستوەرگرتن لە ئاست بارودۆخەکانی ئێستاشدا.

ئەم بەرهەمەش جگە لە سەرەتایەك بۆ ئەم کارە هیچ ئیدیعایەکی دیکەی نیە.. هەر لە ئێستاشەوە دەمەوێت پرسیاریکی سەرەکی و دوو پرسیاری تر بخەمە ڕوو، کە وەك بڕبڕەپشتی بەشە جۆربەجۆرەکانی ئەم کتێبە دەردەکەون و هیوادارم لە شوێنی جیاوازدا بەشێك لە وەڵامەکانیان درابێتەوە.

پرسیارەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

***یەکەم: بۆچی سۆفیستەکان بڕوایان وابوو، کە هونەری ئاخاوتن (هونەری بەڵگەهێنانەوە لە کاتی گفتوگۆدا)، پێویستیەکی ناچاریی بوو بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت کۆمەڵگاکەی بە پایەداری بهێڵێتەوە و، ئایا ئەمە پەیوەندی چیە بە بەرگریکردنی سۆفیستەکان لە سیستەمی دیموکراسی؟***

***دووەم: چۆن سۆفیستەکان لە (مێژووی فەلسەفە) دا باسدەکرێن؟***

***سێهەم: ئایا دەشێت بیروڕای سۆفیستەکان بۆ گفتوگۆی نێوان کەلتوورەکان لە دنیای هاوچەرخدا، بەسوود بێت؟***

وەڵامی هەر یەك لەم سێ پرسیارە هەروا ئاسان نییە و لە بەشی یەکەمیشدا کەمێ لە بارەی ئەو ڕێگرانەوە دواوم، کە دێنە بەردەم وەڵامدانەوەکان.



ئەگەرچی پێموایە خودی دەستنیشانکردنی هەندێ لەو ڕێگرانە بەشێکی وەڵامەکانمان دەهێنێتە دەست. یەکێك لەو ڕێگرانە ئەوەیە، کە سۆفیستەکان لە مێژووی فەلسەفەدا وەك کەمایەتیەك و دەستەیەکی بچووك تەماشایان کراوە. مێژووەکانی فەلسەفە بەزۆری لە سێبەری باسکردنی ئەفلاتوون و سوکراتدا، باسی ئەمانیان کردووە و بە زۆریش قسەی ئەوانیان لەبارەوە دووبارە کردوونەتەوە و کەمتر وەك بزاڤێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ کردوون. کەواتە بازدان بەسەر ئەم دۆگمەدا کارێکی ئاسان نییە و مرۆڤ ناچار دەبێت هەندێ پێشمەرج بۆخۆی دابنێت و هەوڵبدات لە درێژەی باسەکەشدا ڕەچاویان بکات، ئەگەرچی هەندێ جار ناچار بە خۆدووبارەکردنەوەیشی دەکەن.

بەشی یەکەم ئەو پێشمەرجانەن، کە من پێموایە یارمەتیمان دەدەن بۆ دەرچوون لەو چوارچێوە دانپیانراوەی تائێستا بڕیاری داوە چۆن تەماشای سۆفیستەکان بکرێت. لەم ڕووەیشەوە، ئەم بەشە دەبێتە ئەو گۆشە نیگایەی، کە بۆ تێگەیشتن لە باسەکانی دیکە یارمەتی خوێنەر دەدات.

ئەگەرچی باسەکەی من لە ڕووی میتۆدییەوە نایەوێت باسێکی مێژوویی بێت، بەڵام نەمتوانی لە ئاست زەمینەی مێژوویی سەرهەڵدانیان، ڕوونکردنەوەی چەمکی (سۆفیست) و باسکردنی کارنامە و کورتەیەکی ژیانی سۆفیستەکاندا ئەو پرنسیپە ڕەچاو بکەم. ئەمەش لە بەشی دووەمدا (کە وتارێکی تیۆدۆر گومبریز)ـە و لە بەشی سێهەمدا، کە بەسەرکردنەوەی ژیاننامەی هەندێ لە سۆفیستەکانە، جێگەی بۆ کراوەتەوە. بەشی چوارەم

وتارێکی (ئێرنست کاسیرر)ە و گفتوگۆ لەسەر یەکێ لە گرنگترین دابڕانەکان لە هزری فەلسەفیی یۆناندا دەکات کە تیایدا دوو جیهانبینی لە ململانێدا بوون: جیهانبینی میتۆسی (ئەفسانەیی) و جیهانبینی لۆگۆسیانە (ئاوەز یان ئەقڵانی). کاسیرر بەشێوەیکی ورد و پووخت ململانێ و تەبایی نێوان سۆفیستەکان و سوکرات، لەلایەکەوەو فەیلەسووفانی پێش سوکرات و سۆفیستەکان، لەو لای ترەوە، ڕووندەکاتەوە.

سێ بەشی دواتر، هەر یەکەیان کەلێنێك لە بیر و لێکدانەوەی فەلسەفیانەی سۆفیستەکانمان پێ ئاشنا دەکات و هەوڵمداوە لە هەریەکێك لەو بەشانەدا، ئەگەرچی بەکورتیش بێت، گرنگترین چەمکی بیرکردنەوەی سۆفیستەکان پێناسە بکەم و ڕوونیان بکەمەوە. شێوەی ناساندن و لێکدانەوەکانیشم هەمیشە بە ئاراستەیەکدا بوون، کە لەدوا ئەنجامدا بتوانین وێنەیەکی گشتی و سەرجەمگیر لەسەر بیروڕایان بەدەست بهێنین. هیوادارم لەم بەشانەدا وەڵامی پرسیاری یەکەمم بەڕوونی دابێتەوە.. بەشی هەشتەم بەمانایەك لە ماناکان جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ بەشی یەکەم و هەوڵدانێکە بۆ پتر ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی فەیلەسووفەکانی دی لە ئاست سۆفیستەکاندا، بەتایبەتیش هەڵوێستی ئەفلاتوون لە کتێبی ***کۆمار***دا. ئەمەش بەنیازی تیشك خستنە سەر وەڵامی دووەمین پرسیار. بەڵام بۆ وەڵامی پرسیاری سێهەم، کە بایەخی سۆفیستەکان بۆ ئەمڕۆ دەخاتە بەر باس، هێشتا ڕێگایەکی دوورودرێژ لە بەردەمی لێکۆڵەرەواندایە و ئەوەی من لە بەشی نۆیەمدا کارم تیاکردووە تەنیا پێشنیارێکە و هیچی دیکە. بەشی دەیەم



هەوڵدانێکە بۆ بەستنەوەی باسەکانی پێشوو بەدوو بەشی دوایی کتێبەکەوەو هەوڵم داوە تیشکێك بخەمە سەر هۆی نەبوونی کەلتوورێکی وەك ئەوەی سۆفیستەکان لە کۆمەڵگاکانی لای خۆمان و گرنگیی ئەم جۆرە کەلتوورە بۆ خۆمان بخەمە بەرباس.

**ڕەخنە:**

ئەم بەرهەمە لە چەند ڕوویەکەوە شوێنی ڕەخنەلێگرتنە. لە پێش هەمووشیانەوە دەشێت ڕەخنە لەو ڕوانگەیە بگرین، کە من بۆ تەماشاکردنی سۆفیستەکان هەڵمبژاردووە. لەو ڕوانگەیەدا، خۆمم لە باسی ئەکادیمیانەی وشك و پابەند بەو مێژووەی لێوەی تەماشای سۆفیستەکان کراوە، بەدوور گرتووە. دەزانم ئەوانەی لە چوارچێوە ئەکادیمییە وشکەکەدا تەماشای ئەم کارە دەکەن، پاساوی ئامادەی خۆیان هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی کارەکەی من. ئەگەرچی منیش لە هەندێك شوێندا ڕاستەوخۆ ڕەخنەم لە سۆفیستەکان گرتووە و لاوازیەکانیانم دەستنیشانکردوون، بەڵام هیچ بەشێکی تایبەتم بۆ ڕەخنەکان و فراوانکردنیان جیانەکردۆتەوە. هەر بۆیەشە ڕەنگە بەرهەمەکە لە نیگای یەکەمدا، وەك جۆرێ لە پشتیوانیکردنێکی کوێرانە لە سۆفیستەکان دەربکەوێت. بەڵگەی من بۆ سەرپێچیکردن لەم کارە هەر ئەوەیە، کە دووبارەی بکەمەوە و بڵێم: ئەگەر بۆ ڕەخنە لە سۆفیستەکان دەگەڕێی، ئەوە نزیکەی هەموو سەرچاوەکان پڕن لەو (*ڕەخنانە*). ئەگەر بشمانەوێ تێگەیشتنێکی سەربەخۆترمان هەبێت، پێویستە بۆ ساتێك ئەو (*ڕەخنانە*) بەلاوە بنێین و هەوڵبدەین لەودیو

چەندبارەکردنەوەی بەدناوکردنی سۆفیستەکانەوە بۆ مانا فەلسەفیەکانیان بگەڕێن و لە بەشداریکردنیان و خستنەسەری ئەو خەرمانەیە لە هزری فەلسەفی و پەروەردەیی و زانستیە، کە ئەوان کردیانە دیاریی بۆ مێژووی فەلسەفە، بکۆڵینەوە.

لە لایەکی ترەوە، دەبوو زیاتر و قووڵتر لەمەڕ پەیوەندیی ئەفلاتوون و سۆفیستەکان و هەروەها ناکۆکیی سۆفیستەکان لەگەڵ ڕوانینی (فەلسەفەی سرووشتی) لە یۆنانی دێریندا، پتر خۆمم ماندوو کردبا و بەڵگەی دیکەم خستبنا ڕوو. واتە بە شێوەیەکی زیاتر باسم لەو دابڕانە مەعریفیە بکردایە، کە دواجار بە جیابوونەوەی چەمکی (لۆگۆس و میتۆس) لە بیری یۆنانیدا، کۆتایی پێهات. هیوادارم وتارەکەی کاسیرر کەمێ ئەم بۆشاییەی پڕکردبێتەوە و لە کتێبێکی تریشدا بەناوی (فەلسەفەی پێش سوکرات)، کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، ئەم مەسەلەیە پتر ڕووندەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە دەشیا هەر یەك لە چەمکەکانی وەك (ئازادی و توانایی)، کە لە بەشی سێهەمدا باسکراون، زیاتر شیبکرێنەوە. دیارە بەرهەمەکە گەلێك کەموکوڕی دیکەشی لە خۆی گرتووە، کە دەستنیشانکردنیان بۆ خوێنەر جێدەهێڵم.

**پێزانین:**

ئەم بەرهەمە لە بنەمادا، پڕۆژەیەك بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧دا پێشکەش بە بەشی فەلسەفە لە زانستگای غۆسکیلە Roskilde Universitetscenter کراو، بەڕێز دکتۆر میخایل لارسن، لە هەموو



قۆناغەکاندا سەرپەرشتیکرد و بە لێبوردووییەوە لە کەموکووڕییەکانی ئاگادار کردمەوە. (دکتۆر پیتەر تیلست)یش پڕۆژەکەی بەوردی خوێندەوە و لە ڕۆژی بەرگریکردندا ئامادەبوو. هەروەها لەکاتی خۆیشیدان بەختیار عەلی بە سەرنج و ناردنی بەرهەم و پێشنیارەکانی، سەرجەمی کتێبەکەی دەوڵەمەند کرد. ئەمە جگە لەوەی هەر یەك لە ئازیزان کاروان عومەر کاکەسووری چیرۆکنووس و ڕێبوار سەعیدی هونەرمەند و خاتوو پرشنگ وەرزەندەگان، بەشێوەی خۆیان دەستیان هەبوو لە جوانکردنی بەرهەمەکەدا، جێی خۆیەتی لێرەدا بەتایبەتی سووپاسی هەریەك لەو بەڕێزانە بکەم.

نووسین بە زمانێکی بێگانە کارێکی ئاسان نییە و زەحمەتێکی زۆری دەوێت. بەتایبەتی ئەگەر ئەو زمانەش زمانێك بێت خەڵکەکەی خۆیشی بە دەستییەوە بناڵێنن.. زمانی دانمارکی لەگەڵ هەموو چێژەکانیدا، یەکێکە لەو زمانە یاخییانەی، کە ڕێگەت پێنادات لە نووسیندا بەئاسانی بە سەریدا زاڵبیت. لێرەیشەوە ڕۆڵی هەموو ئەو کەسانە دێتە پێشەوە، کە ئەرکی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت لە ئەستۆی خۆیان دەگرن. هەریەك لە بەڕێزان:Aneelise Lichtenstein, Morten Jrnis, و هونەرمەند خاتوو Lucy Davis دەستنووسەکەیان خوێندەوە و هەڵە زمانییەکانیان بۆ ڕاستکردمەوە. سوپاسێکی گەرمیان دەکەم بۆ خۆماندووکردنەکەیانان.

**میتۆد**

ئەم بەرهەمە ناتوانێت بەرهەمێکی فەلسەفی بێت. بەو مانایەی لێرەدا هیچ تێزێکی فەلسەفیی سەربەخۆ ناخرێتە ڕوو، بەڵکو زیاتر خوێندنەوە و

ڕاڤەکردنێکە بەهۆی پرنسیپەکانی مێژووی ئایدیاوە. لێرەیشەوە، گرنگیەکی ئەوتۆ بە زنجیرەی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان نادرێت، وەك ئەوەی لە نووسینەوەی مێژووی فەلسەفەدا شوێن بایەخن، بەڵکو زیاتر گرنگی بە (بیر) و ئایدیاکان دەدەرێت، کە وەك قەبارەیەکی سەربەخۆ لە ئەنجامی چەند ڕووداوێکی مێژووییەوە بەرهەمهاتوون. ئەم پرنسیپە ڕێگەمان پێدەدات تاکو بەشێك لە **"یەکەیەکی مێژوویی دابڕ بکەین و بە جیا لێی بکۆڵینەوە"**[١] . ئەم جیاکردنەوەیەش هەمیشە دەمانخاتە بەردەم جۆرێ لە (بەرهەمهێنانەوە)ی ئەو بونیادانەی، کە لەو یەکە مێژووییەدا بڕیاردەر بوون. دیارە ئامانجی هەموو بەرهەمهێنانەوەیەکیش پێش هەموو شتێك تێگەیشتنە لەو بونیاد و بیرانەی لە ناویاندا چالاك بوون، نەك حوکم دەرکردن بەسەریاندا و سەلماندنی ڕاستی و ناڕاستییان. خودی پرۆسەی (دابڕکردن، یان جیاکردنەوە)ش یەکەم هەنگاوە بۆ دوورکەوتنەوە لە (نووسینەوە)ی مێژووی ئەو قۆناغە، یان ئەو ماوەیەی ئایدیاکان و بیرەکان تیایاندا فۆرمۆلەکراون. ئەمەش بە مانای ئەوە نیە بمەوێت بڵێم، ڕووداوەکانی مێژوو نرخێکی ئەوتۆیان نیە، بەڵکو بە مانای ئەوەیە، کە دەکرێت ناوەڕۆکی ڕووداوەکان سەرلەنوێ بخوێندرێنەوە و ئەمڕۆیی بکرێن، چونکە مێژوو تەنیا زنجیرەیەك بەڵگەنامەی کەڵەکەبووی تۆزلێنیشتووی پاسیفکراو نییە، بەڵکو زنجیرەیەکە لە ئەزموونی ئینسانی و چالاکیی هەمە ڕەنگ، کە داوامان لێدەکەن ببووژێنرێنەوە، بخوێندرێنەوە و لەو

---

[١] Johans Slok: **Hvad er Idehistorie?** Kopenhaven, Gyldendal ١٩٦٨, s: ١٢



ڕێگەیەشەوە ڕاڤە بکرێن. ئەوەیشی لەم کەین و بەینەدا ڕاڤە دەکرێت ئایدیاکانن نەك شتێکی تر، کاتێ ئایدیاکانیش ڕاڤە دەکەین، مەرج نیە خۆمان بەڕێچکەی زەمەنی چۆنێتی ڕوودانی ڕووداوەکانەوە ببەستینەوە، یان زۆر پێیانەوە هەڵەوگیر بین.

دیموکراسیەتی ئەسینایی، ڕووداوێکی مێژووییە، کە ناوەڕۆکەکەی لە جیهانبینی و پەیوەندیە جۆربەجۆرەکانی هاووڵاتیانی ئەودەمەی دەوڵەتشاری یۆناندا ڕەنگیداوەتەوە. بەڵام هەمان دیموکراسیەت بۆخۆی پایەیەکی مێژوویشی هەیە، کە دەشێت بە قۆناغی (پێش دیموکراسی) ناوبەرین.. لەم قۆناغەشدا زنجیرەیەك پرۆسێس جێبەجێکراون و ئەکتەرەکانی ئەو کۆمەڵگایەش لەژێر میکانیزمەکانی ئەو پرۆسێسانەدا چالاکیی جۆربەجۆریان ئەنجام داوە. هەرچەندێ ئەو پرۆسێسانە گرنگ و پڕ بەهان، بەڵام لەم باسەی ئێرەدا شوێنی بایەخپێدانی تایبەتی نین. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم کتێبە ناچێتە خانەی مێژووەوە. ئەگەر وابوایە، ئەوە ناچار دەبووم پلە بەپلە بە قادرمەکانی مێژوودا هەڵکشێمە سەرێ و لەناو وردەکارییەکاندا خۆم نغرۆ بکەم. کە ئەوەیش دەبووە گێڕانەوەی مێژوو نەك لێخووردبوونەوە و ڕاڤەکردنی ئەو مێژووە.

بێگومان لە پێگەی پسپۆڕییەوە، یان لە ڕوانگەی شارەزایانی (زانستی مێژوو)ە وە، ئەوە مێژوو هەم گێڕانەوەیە و هەم ڕاڤەکردنیش، بەڵام ئێمە کاتێ نەتوانین و نەمانەوێت وەك مێژوونووس قسان بکەین، ئەوە دەبێت ئەو هەڵبژاردنەشمان ڕەوایەتی خۆی وەربگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت زیاتر مەبەستی خۆم لە بەکارهێنانی چەمکی (ڕاڤەکردنی مێژوو) ڕوون بکەمەوە:

ڕاڤەکردنی مێژوو، واتە نەك هەر ئەو شێوازی قسەکردنەی، کە تیایدا خۆمان گیرۆدەی ڕابردوو دەکەین، بەڵکو ئەو شێوازی قسەکردنەش، کە بەهۆیەوە بیر لە بارودۆخی هەنووکەیی خۆشمان دەکەینەوە. بەومانایەی ئێمە لە قۆناغێکی مێژووییدا دەژین، کە ستراتیژێکی هەیە لە هەڵوێست وەرگرتن و ئاوڕدانەوەی بۆ ڕابروو. ئەم ستراتیژە بە هیچ جۆرێك بریتی نیە لە تووڕدان و ڕەتکردنەوەی ڕابردوو، یاخود خۆبەدەستەوەدانێکی نۆستالیژی لە ئاستیدا، بەڵکو بۆ ئەوەیە وێنەی خۆمان لەسەر ئەو ڕابردووە دروستبکەین، چونکە:

**"تێگەیشتنی قۆناغێك لە مێژووی ڕابردوو بە هیچ شێوەیەك ناکەوێتە دەرەوەی تێگەیشتنی هەمان قۆناغ لە خۆی"**[1]

کارڵ پۆپەر لە دێباچەی چاپی یەکەمی بەرهەمەکەیدا: (کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی)، کە تیایدا بە توندی ڕەخنە لە ئەفلاتوون دەگرێت، ئاگادارمان دەکاتەوە و دەڵێت:

**"تەنانەت ئەو کاتەیش، کە بەرهەمەکە خۆی بە توێژینەوەی ڕابردووەوە خەریك دەکات، هێشتا کێشەکانی کێشەی ئەم ڕۆژگارەیە"**[2]

[1] Ole Tyssen & M Larsen: **Den Fri Tanke**, Gyldendal, ١٩٧٩: s: ٢٧

[2] کارل بوپر: **جامعه باز و دشمنان ان**. ت: عزت الله فولادوند، تهران، ١٩٨٥، ص: ١١



هەر وەکو نووسەر بابەك ئەحمەدییش ئاماژە دەکات، کاتێ پۆپەر ئەفلاتوون بە باوکی تۆتالیتاریزم لە قەڵەم دەدات، لەبەرئەوەیە، کە:

**"پۆپەر تێگەیشتنێکی مۆدێرنی هەیە بۆ چەمکی تۆتالیتاریزم و پەیوەندیی ئەم چەمکەش بە کۆمەڵگای ئازادی دیموکراسیەوە لەبەر چاو دەگرێت، چونکە پۆپەر ناتوانێت بە چاوی هاووڵاتیەکی ئەو دەمەی دەوڵەتەشار یۆنانی ڕەخنە لە ئەفلاتوون بگرێت، بەڵکو ئەو بە یارمەتی ئەو زانیاریە مێژوویی، فەلسەفی، سیاسی و ئەخلاقیانەی لەبەر دەستیدان تێگەیشتنێکی تازە لە سەر ئەو مێژووە دەخولقێنێ. ئەمەش بەوەی کە لێکیبداتەوە و ڕاڤەی بکات"**[1]

کەواتە نابێت ئەم بەرهەمە هەر وەك بەرگریکردنێك لە سۆفیستەکان تەماشا بکرێت، بەڵکو پێویستە لە هەمان کاتیشدا وەك ڕەخنەیەك و سەرگەرمیەکیش بە ساتی ئێستاوە بخوێندرێتەوە، چونکە هەموو خۆخەریککردنێك بە ئێستاوە، خۆخەریککردنێکی ڕەخنەییە و دەستنیشانکردنی خاڵی ناکۆکیە لەگەڵ ڕووداوەکان و جیهانی دەوروبەردا. بۆ ئەمەش زۆر جار بەدەنگهێنانی ڕابردوو لە پێناوی دۆزینەوەی چەپێنراوە هزریەکاندا، (ئەوانەی کەمتر بواری دەرکەوتنیان بۆ ڕەخساوە) دەبێتە یەکێ لە ئەرکە گرنگەکانی پرۆسەی ڕەخنە. دیارە دەبێ دان بەوەشدا بنێین، ڕەنگە ئێمە هەرگیز نەتوانین وەك مێژوونووسەکانی فەلسەفە باسی کەلێن و

[1] بابك أحمدی: **کتاب تردید** نشر مرکز، تهران: (١٩٩٥)، ص: ١٥-١٦

قوژبنەکانی فەلسەفە و ژیان و بەسەرهاتی فەیلەسووفەکان بکەین، یاخود لە وردەکارییە (پیشەییەکانی فەلسەفە)دا، (وەك ئەوەی فەلسەفە پیشەیەك بێت!)، شارەزایی پەیدا بکەین.. بەڵام هێشتا بۆمان هەیە ڕاڤەکردنی جیاوازی خۆمانمان بۆ مێژووی فەلسەفە هەبێت. دەڵێم (ڕاڤەکردن)، چونکە کاری ڕەخنە بە پلەی یەکەم ئیشکردنە بە هزر نەك مەسرەفکردنی. پەیوەندی بەستنە لەگەڵیدا، نەك بەکارهێنانی، ڕەچاوکردنی دیسیپلینەکانی بیرکردنەوەیە نەك شێواندنیان..

بەڵام هەروەکو لە سەرەتاوە نووسیم، ئەگەر ئەم بەرهەمە ناتوانێت و نایەوێت بەرهەمێکی فەلسەفیی بێت، ئەوە دەبێت لە کوێوە تەماشای بکەین و لە کوێدا بۆ تایبەتمەندییەکانی وەکو بەرهەمێکی سەربەخۆ بگەڕێین؟ بەمانایەکی دی، ئایا ئەم بەرهەمە پەیوەندیی چییە بە فەلسەفەوە، کە بوارێکی خاوەن دیسیپلین و سنووری سەربەخۆی ئیشکردنی خۆیەتی؟

بەبڕوای من پەیوەندییەکە لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێ، ئێمە لە ئاست دیاردەیەکی ژیانی بەشەریدا، کە ئێستا هزری ئێمەی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، ئێستێ دەگرین و هەڵوێستە دەکەین و بۆ تاوێ لەو دیاردەیە ڕادەمێنین تا بەشێوەیەکی وردتر بیر بکەینەوە لەوەی سەرقاڵی کردووین. بیربکەینەوە ئایا ئەو شتەی، یان ئەو بابەتەی ئێستا پێوەی سەرگەرمین چییە و چۆن تێکەڵ بە چوارچێوەیەکی گەورەتری دیاردە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان دەبێت؟ ئەم وەستان و تێڕامانە کارێکە ئەگەر



مرۆڤ هەر لەبەرەبەیانی ژیانی خۆیەوە نەیکردبێ، ئەوە بەلای کەمەوە ماوەیەکی دوورودرێژە پێوەی خەریکە. ئەم شێوازی ئیشکردن و وەستان و تێڕامانەش بەمانایەکی فراوان جۆرێکە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی و تێفکرینی فەلسەفیانە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەك هەیە کە پێماندەڵێ، هەموو مرۆڤەکان و هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی سیستەماتیکی بۆیان نەلواوە بۆ ساتێ بوەستن و لەو شتانە ڕابمێنن، کە پێوەی خەریك بوون، هەموو مرۆڤێکیش لەهەر پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی و کەلتووریدا بووبێ، بەرژەوەندیی لەوەدا نەبووە ئاوا بیربکاتەوە و لە ئاست ئەو شتانەدا، کە پێیانەوە خەریکبووە، هەڵوێستە بکا. زۆر کەس وزەی ئەوەیان نەبووە و زۆریتریش بە کارێکی بێهوودەیان لەقەڵەمداوە و دوورەپەرێزییان لێکردووە. بەڵام زۆریشن ئەو کەلتوور و کۆمەڵگایانەی بەشێوەیەکی سیستەماتیکی نەریتێکی بیرکردنەوەی لەو جۆرەیان داڕشتووە و بەدووی وەڵامی پرسیاری زۆر گشتیدا گەڕوان و ویستوویانە بزانن شوێنی مرۆڤ لە کۆمەڵگا و دامودەزگاکاندا چییە. لێرەوە دەتوانین ئەم جۆرە هەوڵدانانە بە هەوڵدان بۆ ئیشکردن لە بواری (فەلسەفەی کۆمەڵایەتی)دا یاخود تێڕوانینێکی فەلسەفیانە لە کۆمەڵگا، لە قەڵەم بدەین و شوێنی شیاوی خۆی بۆ دەستنیشانبکەین.

ڕاستییەکی دیکەش هەیە کە پێماندەڵێ، فەلسەفەی کۆمەڵایەتی تاکە ڕێگایەکی بیرکردنەوە نییە بۆ تێگەیشتن لە شوێنی مرۆڤ و تاکەکەس لەناو

کۆمەڵگادا، بەڵکو بەهۆی بوارەکانی دیکەی زانین و تێفکرینی وەکو ئاراستە زانستییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووشەوە گەلێ زانیاریمان لەسەر چۆنێتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و گۆڕان و گەشەی کۆمەڵگا بەپێی تێپەڕینی کات، دێتە دەست. هێندە هەیە ڕامانی فەلسەفیانە لە کۆمەڵگا و مرۆڤ و پەیوەندیی نێوانیان، کە بابەتیی ئەم کتێبەیە، خۆی بەو پرسیارانەوە خەریك دەکا، کە ناتوانین لە ڕێگەی شیکردنەوەی چۆنێتی ئیشکردنی کۆمەڵگا و مێژووەکەیەوە بەدەستیان بهێنین. پرسیارەکانی لەبابەت: تاك چییە؟ خێزان چییە؟ کۆمەڵگا چییە؟ و حیزب و دەوڵەت چین؟ یاخود پەیوەندیی نێوان ئەمانە چۆنە و دەبێت چۆن بێت؟ لەو بابەتە پرسیارانەن. هەروەکو چۆن دەشیێت پرسیار بکەین: کار چییە؟ سەرمایە و نرخەکان و بەها کۆمەڵایەتیەکان چین و دەبێت چۆن لە کۆمەڵگادا دابەشبکرێن؟ هەروەها دەشیێت پرسیار بکرێ، مانای ئەو چەمك و زاراوانە چین کە لە کاتی گفتوگۆکردنمان لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی کۆمەڵگا بەکاریان دەهێنین، بۆ نمونە: مەبەست لە (دادوەری)، (ماف)، (ئازادی) و (یەکسانی) چییە و چۆن پێناسەیان دەکەین؟

ڕێی تێدەچێ تێڕامانی فەلسەفیانە لە کۆمەڵ زۆر لەواقیعەوە دووربێت و دواجار لەناو تەم ومژی وتاریبێژانەدا خۆی ونکات و سەریش لە خوێنەر بشێوێنێ، بەڵام کەمیش نین ئەو تێڕامانە فەلسەفیانەی توانیویانە لەڕێگەی پرسیارەکانیانەوە سیمای کۆمەڵگا بگۆڕن و بیسەلمێنن ئەم یان ئەو دامەزراوی کۆمەڵ و پەیوەندیی هێز و میکانیزمەکانی چەوساندنەوە و



نایەکسانیی لەناو کۆمەڵگادا، پێویستە بگۆڕدرێن، یان بەیەکجاری تووڕ هەڵدرێن. ئەم سەلماندن و پرسیارانە کاریگەریی گەورەی خۆیان جێدەهێڵن بەوەی، کە بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە دەتوانن لە میانەی چالاکیی و ململانێی خۆیاندا لەگەڵ ئەو دەزگاو میکانیزمانەدا کە نایەکسانی دەپارێزن، وەکو بەڵگەی ناڕەزایی، یاخود تەبایی خۆیان بەکاریان بهێنن.

لەڕاستیدا کاتێ پرسیار لەهەر بابەت و دیاردەیەك دەکەین، دواجار پەیوەندییەکی هەیە بەشێوەی پرسیارە فەلسەفیەکانیشەوە، چونکە هەم پرسیارەکان و هەم وەڵامە گریمانکراوە هەمەڕەنگەکان مەرجی بەکارهێنانی هەندێ زاراوە و چەمکی ئەوتۆمان دەخەنە بەردەم کە بەشێکن لە پێکهاتەی تێگەیشتنێکی تایبەت لە مرۆڤ و کۆمەڵگاو مێژوو و سرووشت. پرسیارە سیاسی و هزریە گەورەکان زۆربەی کات ئەو پرسیارانەن گومان لە شێوەی ئێستای ئیشکردن و شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا دەکەن و لەو مەترسییە چاوەڕوانکراوانە ئاگادارمان دەکەنەوە، کە داهاتوو لەگەڵ خۆی دەیانهێنێ و دەبنە هۆی گۆڕان. لێرەشەوە پرسیارەکان دێن تا گومان بکەین لە بارودۆخی ئێستا و ئەو ڕەوتەی کۆمەڵگاکەمان گرتوێتیە پێش و بەردەوام پرسیاری دیکە بکەین لە بابەت ئەوەی، ئایا ڕەوتێکی نوێ بۆ کۆمەڵگا چارەسەری ئەو کێشانەی کۆمەڵ دەکات، کە لە سایەی ڕەوتە کۆنەکەدا تێیکەوت یان نەء؟ دیارە هەندێ گرووپ و دەستەی کۆمەڵایەتی هەموو هەوڵێك دەدەن تاکو شێوە دێرینەکەی کۆمەڵ و پەیوەندیەکانی ناوی

بپارێزن و هەندێکی دی دەیانەوێ ڕێکخستنێکی نوێ بهێننە ئاراوە بەبێ ئەوەی ڕێککەوتنیان لە نێواندا هەبێت لەسەر چۆنێتی شێوەی ئەو ڕێکخستنە نوێیەی کۆمەڵگا. ڕێک ئالێرەدایە تێڕامانی فەلسەفیانە و پرسیار و گومانە فەلسەفییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە. ئەمەش بەوەی لایەنە بەهێزەکانی ڕەوتە کۆنەکە بەرجەستە بکەن یاخود ئەو ئیمکانیەتانە گەشە پێدەن، کە دەبنە مەرجی وێناکردن و هاتنەدیی ڕەوتێکی نوێ بۆ کۆمەڵگا و دەتوانن ڕۆڵی تاکەکەس و بەهاکان و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەرەوە پێناسە بکەن.

گوتاری سۆفیستەکان و میتۆدی گومانکارانەیان زەخیرەی تێڕامانێکی لەو بابەتەمان دەخاتە بەردەست بەبێ ئەوەی ئەم تێڕامانە بکەینە ڕێبازێکی کۆنکرێتی و بەرنامەیەکی ئایدیۆلۆژی. ئێمە لە ڕێگەی هەوڵدانمانەوە بۆ تێگەیشتن لە بیروڕاکانی ئەم گەڕیدانە، هەم بەو ڕێگاچارەسەرانە ئاشنا دەبین، کە دەستەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵگایەك، لە سەردەمێکی تایبەتدا بۆ دەرچوون لە قەیرانەکانی مرۆڤ و کۆمەڵی خۆیان پێشنیاریان کردوون، هەم بەچاوپۆشین لە تێپەڕینی سەدەکان و جیاوازیی قەیرانەکان و کۆمەڵگای ئەوان و خۆمان، خاڵی لێکچوون و جیاوازی دەستنیشاندەکەین و هەم جۆرێ لە بەرگریش لە ئاست ئەو دەسەڵاتەی مێژوودا پیشاندەدەین، کە بە پەراوێزکردنی وزەی کەمایەتیە فەلسەفیە جیاوازەکان و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان، یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی.

# ١. دەروازەیەکی گشتی

*(فەلسەفە لەبەر ئەوە سەریهەڵدا، چونکە مرۆڤ نەیدەتوانی بیر لە گەردوون نەکاتەوە)*، ئەریستۆ: میتافیزیك.

- **(مێژووی فەلسەفە) بەچ مانایەك؟**

هەر کات چەمکی (مێژووی فەلسەفە) دێتە ئاراوە، یەکسەر ئەو فەلسەفەیەمان بیردەکەوێتەوە، کە بۆ یەکەمجار ئەریستۆتالیس لە کتێبی (میتافیزیك) دا نەخشەی بۆ کێشاوە و تیایدا تالیسی مالتایی کردۆتە بناخەدارێژ و دەستپێکەری یەکەم[١] ئەم سەرەتا دەستنیشانکردنە بۆتە هۆی ئەوەی نەوە لە دوای نەوەی مێژوونووسانی فەلسەفە، یۆنان بکەنە سەرەتاگە و لانکی یەکەمی سەرهەڵدانی ئەو بیرکردنەوەیەی ئێمە ئەمرۆ بە (بیرکردنەوەی فەلسەفی) ناویدەبەین. بەڵام لە ڕاستیا دەستنیشانکردنێکی ئەوتۆ لە هەمان کاتیشدا، جۆرێکە لە سەپاندن و دروستکردنی دۆگمێك لە بواری مێژووی ئەو فەلسەفەیەدا.. چونکە پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی فەلسەفە بەدرێژایی چاخەکان لەسەر هەمان نەخشە هاتۆتە ئەنجام، کە ئەریستۆ بناخەی بۆ داڕشت و مێژووی فەلسەفە یەکسان کرا بە ئەو مێژووەی لە یۆنانەوە دەستپێدەکا.

١ Aristoteles: **Metafysik,** in: De store tenkere, Kopenhavn, Gyldendal, Denmark, s. ١٠٦- ١٥٦



بەڵام بە چ حەقێك سەرەتای دەستپێکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و مەبەست لەو بیرکردنەوە فەلسەفیە چییە، کە یۆنانیەکان دەکرێنە یەکەمین بەدیهێنەری؟ ئایا بەڕاستی پێش یۆنانەکان بیرکردنەوەی فەلسەفیی لە ئارادا نەبووە و ئەگەر هەبووە جیاوازیی چییە لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیەدا، کە بەهۆیەوە یۆنانیەکان سەرەتاگەیەکی دیکەیان دامەزراند؟

کاتێ نەمانەوێت ببینە کۆیلەی دۆگمەکانی مێژووی فەلسەفە و کەمێ بەگومانەوە بڕوانینە ئەو مێژووە، ئەوە هەموو ئەو پرسیارانەی سەرەوە پرسیاری ڕەوا و شیاون.. لە ڕاستییشدا گومانکردن لەو سەرەتایەی بۆ مێژووی فەلسەفە دەستنیشانکراوە و یۆنانیەکانی تیادا کراوەتە هەوارگەی یەکەم، گومانێکی دێرینەیە. هەر لە ڕۆژگاری کۆنەوە بیروڕای جیاواز هەبووە لەسەر ڕۆڵی یۆنانیەکان لە مێژووی فەلسەفەدا و گفتوگۆ کراوە لەسەر ئەوەی، ئایا بەڕاستی فەلسەفە داهێنانێکی یۆنانیە، یاخود یۆنانیەکان تەنیا کۆکەرەوە و پارێزەری ئەو بیروڕایانە بوون، کە لە (بەربەریەکان)ەوە، واتە لە بێگانە و غەیرە یۆنانیەکانەوە، بۆیان مابۆوە؟ شێوەیەکی دیکەی ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە بگوترێت: ئایا ئەوە یۆنانیەکان بوون ئەو دیسیپلینەیان داهێنا، کە ئەمرۆ ئێمە پێی دەڵێین (فەلسەفە)؟، یاخود ئەم فەلسەفەیە پێش لێخوردبوونەوەکانی تالیس لە (سەرەتای گەردوون)، لە شوێنەکانی تری جیهانی ئەو دەمەدا سەریهەڵدابوو؟

ئەم گومانەش گومانێك نییە لەسەر ئاستی پەرچەکردارێکی سایکۆلۆژییەوە دروستبووبێت، چونکە ئیدی گەلێك بەڵگە لە ئارادان، کە ڕوونیدەکەنەوە بەشێکی زۆری ئەو بیرۆکە فەلسەفیانەی لە لای یۆنانیەکان دەیانبینینەوە، یا لە خۆرهەڵاتی دێریندا باوبوون، یاخود هاوشان بە سەرهەڵدانیان لە لای یۆنانیەکان، لە مەڵبەندەکانی خۆرهەڵاتیشدا (لە لای هیندی، چینی، میسری، یەهودی و بابلی و ئێرانییەکان) سەریانهەڵداوە. بەمانایەکی دی، ئەگەر *تالیس* (ساڵی ٥٨٥ پ. ز) سەرەتاگەی بیرکردنەوەی فەلسەفی بێت لە یۆناندا، ئەوە *بودا* (ساڵی ٥٠٠ پ. ز) و *کۆنفۆسیۆس* (ساڵی ٥٥٠ پ. ز) و زەردەشت (ساڵی ٥٥٠ پ. ز) هەر یەکەیان سەرەتاگەیەکی بیرکردنەوەن لە مەڵبەندەکانی خۆیاندا[1]

بەڵام لەگەڵ ئەو بەڵگانەشدا، هێشتا کاتێك سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفە دەبرێتەوە بۆ یۆنان و تالیسی مالێتاییش دەکرێتە یەکەم فەیلەسووف، ئەوە بەو مانایەیە، کە بیری فەلسەفی لە لای یۆنانیەکان ئاراستەیەکی جیاوازتری وەرگرت لەو ئاراستەیەی لە لای هەریەك لە هیندی و چینی، یەهودی و ئێرانی و هتد وەریگرتبوو.. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵەی، کە دەریدەخات، بیرکردنەوە و لێخوردبوونەوەی فەلسەفی لە لای هەریەکێك لەو نەتەوانە لەدوا ئەنجامدا بەرەو سەرهەڵدانی دۆگم و یەقینە ئایینییەکان ڕێچکەی دەبەست و لەو چوارچێوەیەدا سەقامگیر دەبوو. هەرئەمەشە

[1] Arne Ness: **Filosofiens historie**, I, Hans Reitzels Forlag, Kopenhaven, s. ٢٧- ٢٨



وادەکات، کە ئەمڕۆ ئێمە باس لە ئایینی بودایی، ئایینی کۆنفۆسیۆسی و زەردەشتی و هتد دەکەین، نەك شتێکی تر، بەڵام ئەوەی لای یۆنانیەکان ڕوودەدات ئەوەیە، کە هۆشمەندیی و توانایی مرۆڤ بۆ پێناسەکردنی جیهان، دەخرێتە شوێنی وەحی و شهوود و هزری ئەفسانەیی. واتە دانایی مرۆڤ جێگەی حیکمەتی یەزدان دەگرێتەوە و لێرەیشەوە بەمانایەك کاراکتەری پێغەمبەر لە کاراکتەری فەیلەسووفدا بەرجەستە دەبێت، کە دەیەوێت بەهۆی ئەقڵ و لەسەر شێوەیەکی ئەقڵانیی دیاردەکانی جیهان و چالاکییە بەشەرییەکان لێکبداتەوە. کەواتە بەکارهێنانی چەمکی (مێژووی فەلسەفە) و گێڕانەوەی سەرەتای ئەو مێژووە بۆ یۆنانیەکان، تەنیا ئەوکاتە گرنگی و قوورسایی خۆی وەردەگرێت، کە (ڕەهەندی ئەقڵانی) ئەو مێژووەمان لەپێشچاو گرتبێت، کە بمانەوێت جەخت لەسەر چالاکییەك بکەین کە هزری مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕێ..

بۆیە لەگەڵ باسکردنی یۆنانییەکاندا باس لە (سەرەتای بیرکردنەوەی فەلسەفی) بەشێوەیەکی (گشتی) ناکەین، بەڵکو باس لەو گۆڕانە دەکەین، کە (بەتایبەتی) لەلای یۆنانیەکان بەسەر ئەو بیرکردنەوەیەدا هات. لێرەیشەوە، چەمکی (مێژووی فەلسەفە) لە چوارچێوەی ئەو مانایەدا بەکاردەهێنرێت، کە یۆنانیەکان پێیان بەخشی و تالیسی مالێتایی بە سەرەتاگەی دادەنرێت.

لە پێش بیرکردنەوەی (فەلسەفی)ەوە، بەو مانایەی لێرەدا بۆ ووشەکە لەپێشچاو دەگیرێت، لای یۆنانیەکان بیرکردنەوەیەکی دیکە هەبوو، کە زیاتر

شاعیرانە، ئەفسانەیی و دینی بوو. قۆناغی یەکەمی فەلسەفە تێکەڵێکە لە شیعر و ئەفسانە و دین، تەنانەت لە گفتوگۆکانی ئەفلاتوونیشدا، کە بەرجەستەکەری ئەقڵانیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤە، ڕەگەزی میتۆلۆژی بەشێوەیەکی دیار ئامادەیە و سەرچاوەیەکی نموونەییە بۆ دەستپێکردنی باسێك، یان بۆ سەلماندنی بابەتێك یاخود بۆ ڕەوایەتیپێدان بە بۆچوونێك. زمانی فەلسەفیی ئەفلاتوون پڕە لەو دەربڕینانەی لە زمانی داستان و ئەفسانە دێرینەکاندا وەسفی خواوەندەکان و بەسەرهاتەکانیان پێدەکرێت. بۆیە دابڕانی فەلسەفە لە ئەفسانە و ئاین و شیعر شتێ نییە لە ڕۆژێکەوە بۆ یەکێکی دیکە ڕوویدابێ و بە هەنگاوی یەك فەیلەسووف و بەرنامەی قوتابخانەیەکی فەلسەفیی جێبەجێکرابێت. کاتێ لە مێژووەکانی فەلسەفەدا (تالیس)ی مالێتایی بەیەکەم فەیلەسووف دادەنرێت، مەبەست لە جەختکردنەوە نییە لەسەر ڕەگەزیی (یۆنانیبوون)ی ئەم کابرایە، (ئەگەرچی هەندێ لە مێژوونووسان ئەم لایەنەشیان مەبەستە)، بەڵکو زیاتر جەختکردنەوەیە لە شێوەیەکی تازەی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە سرووشت و جیهان و دەوروبەر. تازەیی ئەم بیرکردنەوەیە لەوەدا بوو، کە چیدی بۆ نمونە، سرووشت، وەك ئەوەی لە میتۆلۆژیادا وەکو بوویەکی زیندوو ئامادەیی هەبوو، لەم بیرکردنەوە نوێیەدا ئامادەیی نەبوو. لە میتۆلۆژیادا دەشیا درەخت و ڕووبار لەپڕ ڕابن و لە دژی مرۆڤ بجەنگن، هەورەتریشقە تووڕەیی خواوەندەکان بوو، مرۆڤ دەبووە ئاژەڵ و ئاژەڵ دەبووە مرۆڤ. هۆمێر یەکێکە لەو شاعیرانەی لە داستانەکانیدا (بەتایبەتی ئۆدیسە) ئەم جیهانە



میتۆلۆژیەمان پێدەناسێنێ، کە تیایدا خواوەندەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ دەست بخەنە کاروبار و ژیانی مرۆڤەوە. بەڵام لە لای فەیلەسووفانی پێش سوکرات، کە تالیس یەکەمینیانە، شتەکان و دیاردەکان لێکدانەوەی دیکەیان بۆ دەکرا و لە خانەی دیکەدا ڕیز دەکران. لێرەوە شووناسکردنی سرووشتییانەی شتەکان و بارودۆخەکانیان بووە جێگەی سەرنج: هەورەتریشقە تووڕەیی خواکان نەبوو، بەڵکو سرووشتی هەورەکان و ئەنجامی بەریەککەوتنیان بوو، کە دەبووە هۆی دروستبوونی، کە شێکی تایبەتیی ئاسمانیی و دەشیا لەڕێگەی ڕامانی وردەوە لێکدانەوەی ئاوەزمەندانەی بۆ بکرێ..

بەم پێیەش دەتوانین بڵێین: یەکەمین قۆناغی بیرکرنەوەی فەلسەفی، قۆناغێکی گەشبینانەی بیرکرنەوەیە، چونکە لەسەر ئەو بڕوایەوە ئیشدەکات، کە دەشێت مرۆڤ لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە، لە دنیا و دیاردەکانی (تێبگات) و لێکیان بداتەوە. سرووشت یەکەیەکە دەکرێ لە ئەنجامی تێڕامانی وردەوە تێیبگەین، گەردوون(Kosmos) جێگەیەك نییە بۆ نیشتەجێبوونی خواوەندەکان و ئارامبوونەوەی میزاجی هەمیشە تووڕەیان، وەکو میتۆلۆژیا و ئایینەکان پێماندەڵێن، بەڵکو میکانیزمێکی ئاڵۆزە کە لەسەر بنچینەی هەندێ یاسای ناوەکی و هەمیشەیی خۆی ئیشدەکات و هزری مرۆڤ ئەگەر نەشتوانێت ڕاستەو خۆ لەمە تێبگات، ئەوە دەتوانێت پەی بەو یاسایانە و پرنسیپەکانیان بەرێت و لە بارەیانەوە ڕابمێنێ. ئەم قۆناغە لە مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوادا بە قۆناغی (فەلسەفەی

سرووشت) دادەنرێت و لە ساڵانی (٦٠٠پ.ز. بۆ ٤٥٠پ.ز.) دەخایەنێت. ئەمە قۆناغێکە لە مێژووی هزردا، کە چەندین دەنگی جیاواز و لێکدانەوەی هەمەڕەنگ لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، لە ململانێی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتردا و هەر یەکەیان لێکدانەوەی خۆی لەسەر (بوون) و (سەرهەڵدانی سرووشت) و (سەرەتای گەردوون) بە تاکە ڕاستیی دەزانێت. بەڵام هەروەکو چۆن دەبوو قۆناغی یەکەمی هزری فەلسەفی لە میتۆلۆژیا دابڕێت و زمانێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دروستبکات، ئەوە لەم بارودۆخە تازەیەشدا، کە گەڕان و ململانێ بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی ڕاستەقینە لەسەر پەیدابوونی گەردوون ببووە درووشمی هەرەسەرەکی، دەبوو بیرکردنەوەیەکی گومانکارانە سەرهەڵدات تا بتوانێ ئاراستەی بیرکردنەوە لە بوونناسییەوە (ontologi) بگۆڕێ بەرەو مەعریفە (epistemologi) و شووناسی مەعریفیانەی مرۆڤ بۆ دیاردەکان و ژیانی دەوروبەری خۆی. بەم پێیەش ئاراستەی بیرکردنەوە پەرچ بۆوە بۆ سەر مرۆڤ خۆی، واتە مرۆڤ وەکو بووێکی چالاك و خاوەن هەڵسوکەوت بووە بابەتی تێفکرین و ڕامان. لێرەوە ڕۆڵی سۆفیستەکان لە ساڵانی (٤٥٠ی پ. ز.)وە گرنگیی خۆی وەردەگرێت و ئاسۆی تێڕامانی نوێ لە بەردەمی هزری مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ و بیرکردنەوەی فەلسەفیی تەکانێکی دیکە بەخۆی دەدات.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مێژووی فەلسەفە، سەرهەڵدانی سۆفیستەکان وەکو *پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی* ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای یۆنانی و (دەوڵەتشار Polis) دەناسێنێ، بەڵام ڕاستییەك هەیە لەو مێژووی



فەلسەفەیە جیاناکرێتەوە، کە ئەویش بریتییە لە ناکۆکی و دژایەتییەکانی ناو هەمان مێژوو. بریتییە لەو ململانێ و مشتومڕ و حوکم و ناو و ناتۆرانەی لەناو هەمان مێژوودا بەسەر ئاراستە جیاوازەکاندا دراون، کە پێموایە لە هەمووشیان توندوتیژتر ئەوەیانە یەخەی سۆفیستەکانی گرتۆتەوە. ڕاستە سۆفیستەکان هێزێکی ڕۆشنبیریی پێویست بوون بۆ ئەو قۆناغەی ژیانی کۆمەڵگا و تازەبوونەوەی هزر لە ڕامانیدا بۆ سرووشت و مرۆڤ، بەڵام ژیانی ئەوان لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا کارێکی هەروا ئاسان نەبوو.. ئەوان چ وەکو تاك و چ وەکو بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بەرەو ڕووی گەلێ ململانێی بێبەها کرانەوە، کە هیچ شایستەی نەبوون و لە ئاست وزە و پرۆژەکەشیاندا نەبوو.. لێگەڕێن با ئەمە بکەینە سەرەتایەك بۆئەوەی بەشێوەیەکی جیاوازتر، خاڵی هاوبەشیی نێوان ئەم سۆفیستانە دەستنیشان بکەین، واتە لەو بنەمایانە ڕابمێنین، کە لەسەریانەوە سۆفیستەکانمان وەك (گرووپێك) پێ دەناسێنێت و بەدرێژایی مێژوو، وەك دەستەیەك دووچاری چارەنووسێکی نارەوایان دەکات.

## • خاڵە هاوبەشەکان

مێژووی فەلسەفەی ئەورووپی سۆفیستەکانی بەوە مەحکوم کردووە، کە بەدرێژایی سەدەکان لە بەرەی (کەمایەتی) دابن. ئەم مێژووەش مێژووی فەلسەفەیەکە، بەبێ بەشداریکردنی سۆفیستەکان تیایدا، نە بە خەیاڵدا دێت و نە شیاو بوو. ڕەخنەکانی ئەفلاتوون لەناو مێژووی ئەم فەلسەفەیەدا توانیویە بەدرێژایی زیاتر لە دووهەزار و پێنجسەد ساڵ، باڵادەست بێت و

ببێتــە پێــوەایکری بــۆ تێــڕوانینی بــاوی چــاخەکان لەســەر بەرهــەمی سۆفیستەکان[1]. بەجۆرێ وردووە چەندین مێــژوونووس بەشــێوەیەکی ئاگــا، یاخود نائاگایانە، لە تێڕوانینیاندا بۆ سۆفیــستەکان خۆیــان بدەنــە دەست بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و لە حوکمدانیاندا، هەستی داوەریکردنــی خۆیــان بخەنە ژێر کاریگەریی پەلامارەکانی ئەوەوە.

بەمجۆرە سۆفیستەکانیش وەك هەموو بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی (جیــاواز و تازەگــەر)، بــەردەوام بــەر لەعنــەتی هاوچــاخەکانی خۆیــان و دواجــاریش مێژوونووسانی فەلسەفە کەوتوون. ڕەنگــە یــەکێك لــە نموونــە دیارەکــانی

---

[1] سێبەری ئەفلاتوون و ئەریستۆتالیس بەسەر فەیلەسووفانی یۆنانیی پێشخۆیانەوە دیارە. زۆربەی توێژەران و مێژوونووسانی فەلسەفەش، کاتێ باسی پێش سوکراتیەکان دەکەن، زۆرینەی کات دیدوبۆچوونی ئەو دوو فەیلەسووفە لەبارەیانەوە دووبارە دەکەنەوە. بەشێکی کتێبی میتافیزیکی ئەریستۆ بۆ هەڵسەنگاندن و چوارچێوەدارکردنی بیروڕای پێشینەکان تەرخانکراوە (بڕوانە: ئەریستۆ: مێتافیزیك، ئالفا). ئەفلاتوونیش لە زۆرینەی گفتوگۆکانیدا، ئاماژە بەو فەیلەسووفە پێش سوکراتیانە دەدات و ڕاستە و خۆ لە ڕێگەی سوکراتەکەیەوە، هێرشیان دەکاتە سەر، یان بەتەواوی لە ئاستیاندا بێدەنگ دەبێت، وەکئەوەی سەبارەت بە دیمۆکریتس کردویەتی.

بەمجۆرەش ئەوەی ئەفلاتوون و ئەریستۆتالیس لەبارەی کەسانیترەوە گوتویانە، بۆتە ماڵ بەسەر ئەو کەسانەوە، بەبێ ئەوەی ئەوە ڕوون بێت، ئایا ئەوەی ئەفلاتوون و ئەریستۆ گوتویانە بیروڕا و تێگەیشتنی خۆیانە لەسەر ئەو بیرمەند و فەیلەسووفانە، یاخود شتێکە بەناوی ئەوانەوە تۆمار کراوە. هەموو ئەم ڕاستیانە، لە لایەن کەسانیترەوە جەختیان لەسەر کراوەتەوە، بۆ نمونە بڕوانە: (*کینگزلی:* ٢٠٠٦، *ادو:* ٢٠٠٣ و *گاتلیب:* ٢٠٠٥)، لە لیستی سەرچاوەکاندا.



تیرۆری مێژوو بۆ وزە ناوەکیەکانی خۆی لە ڕۆشنبیریی خۆرهەڵاتدا، بریتی بێ لەو مامەڵەیەی لەگەڵ (موعتەزیلە)کاندا کراوە. موعتەزیلەکان ئەگەرچی لە دواجاردا خزمەت بە تیۆلۆژیای ئیسلام دەکەن، بەڵام وەك دیارترین ئاراستەی ئەقڵانی لە بیری ئیسلامدا، بەدرێژایی مێژوو لە لایەن ئاراستەی ئۆرتۆدۆکسی و دۆگمایی هەمان مێژووەوە، ناچار کراون لە کەناردا نیشتەجێ بن. واتە ناوەند جێبهێڵن و لە کەناردا ناوەندێکی تر پێکبهێنن، یان خۆیان لەژێر زەویدا بشارنەوە و شان بدەنە بەر سەفەرەکانی تاراوگە و ئاوارەیی. گرنگترین خاڵی هاوبەش لە نێوان سۆفیستەکانی یۆنان و موعتەزیلەکانی ئیسلام و هەموو ڕۆشنبیرییەکی تازەگەرانەی دیکەدا، هەر لەوەدا نیە کە بەردەوام ڕووبەڕووی پەلامار و گرتن، هەڕەشە و کوشتن بوونەتەوە، بەڵکو ئەو خاڵە هاوبەشە لە ئاستی هزرییدا، بریتیە لە بەرگریکردن لە چەمکی (ئیرادەی ئازاد)، یان ئازادی وەك بارودۆخێك بۆ ژیانی مرۆڤ. ئازادی بە هەموو مانایەکی ئەم وشەیە و ئازادی وەك کێشەیەك لە بەردەم هزردا. دیارە لە دۆخی موعتەزیلەدا، هەتا ئێستاش فەرامۆشی گرەوی بردۆتەوە و جگە لە چەند بەرهەمێکی کەم نەبێ، لە لایەن لێکۆڵەرەوانی هاوچەرخەوە بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدراوە[1]

---

[1] بۆ نمونە لە بارەی موعتەزیلەکانەوە بڕوانە: د. عادل العوا: **المعتزلة و الفكر الحر** (١٩٨٧)، د. محمد عمارة: المعتزلة ومشكلة الحرية الانسانية(١٩٨٨)

سەبارە بە موعتەزیلە بەشێوەیەکی گشتی بڕوانە:

- A. Hvidtfeldt: **Kulturens korsvej** (politikens verdnshistorie bd. ٧. Politikens forlag ١٩٨٣, s. ٢٨٤

بەڵام سەبارەت بە سۆفیستەکان ئەم دۆگمایە خەریکە تێکدەشکێ: لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا ئەم ساتەی ئێستامان دەتوانین دەستنیشانی جموجوڵێکی ڕۆشنبیریی بەرچاو بکەین، کە نیازی گێڕنەوەی بەهایە بۆ سۆفیستەکان و بایەخدان بە گرنگیی فەلسەفەکەیان[1] ڕەنگە هۆی سەرەکیی ئەم گرنگی پێدانەوەیەش هەر ئەو تووڕەییە نەبێت، کە لەلای (کارڵ پۆپەر) لە ئاست ئەفلاتووندا بەدی دەکەین و، وەك پەرچەکردارێکیش لە ئاست ڕووداوەکانی هەردوو جەنگی جیهانیدا دەردەکەوێت. بەڵکو هۆیەکە ئۆرگیناڵییەتی هزری سۆفیستەکان خۆی بێت، کە دەیەوێت هێواش هێواش سەرنجی لێکۆڵەرەوەکان ڕابکێشێتەوە.

لە ڕاستییشدا، هەڵوێستی پراکتیکیانەیان لە ژیانی مرۆڤ و پرنسیپی لێبووردەیی و سنگفراوانی، هەروەها تیۆرەی مەعریفی سۆفیستەکان بۆ ئەوە دەبێت سەرنج ڕابکێشێتەوە. هیگڵ نەك هەر سۆفیستەکانی لە مێژوودا وەك دەستەیەکی (ئاگادارکەرەوە) تەماشا کردووە، بەڵکو بە **"نوێنەری ڕاستەقینەی قۆناغێکی گرنگیشی لە مێژووی شارستانیەتدا"**، لە قەڵەمداون. ئەم ڕێنیسانسی هزرەش یەکەم خاڵی هاوبەشە لە نێوان

---

[1] سەبارەت بە مێژووی بایەخدانەوە بە سۆفیستەکان، بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

-G. B. Kerferd: **The Sophistic Movment** (١٩٨١)

-H. F. Johansen: **Fri Mands Tale** (١٩٨٤/١٩٩٧), s. ١٩١

هەروەها سەراپای ئەم دوو بەرهەمە بۆ کاری سۆفیستەکان تەرخانکراون:

-W. K. C. Guthrie: **A history of Greek philosophy**, III, Cambridge University press ١٩٦٩ (rep. ١٩٩٥(

-J. De Romilly: **The Great Sophists in Periclean Athens**, Clarendon press, Oxford, ١٩٩٨



گروپێك لە ڕۆشنبیرانی ئازادەبیردا، کە ئێمە لەژێر ناوی (سۆفیستەکانی یۆنان)دا دەیان ناسین.

گاڵتەجاڕیی مێژوو ئەوەیە هەموو بەرهەمی ئەم سۆفیستانە ونبووە و لەژێر زەبری ڕەوڕەوەی ڕۆژگاردا، تیاچووە. ئەوەی کە ماویشەتەوە لە شێوەی زنجیرەیەك گوتەدایە fragment، کە لە بەرهەمی ڕەخنەگرەکانیاندا پارێزراون، بەتایبەتیش لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون دا. ئەمەش دووەمین خاڵی هاوبەشە، کە چارەنووسی سۆفیستەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە! بەڵام خاڵێکە چەندە بۆ چارەنووسی ئەوان دەردناکە، ئەوەندەش بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵییە، چونکە لە ڕوونکردنەوەی کێشەیەکی گرنگدا یاریدەیەکی باشمان دەدات. ئەو کێشەیەش ئەوەیە پێویستە بزانین: هەموو سەرگەرمییەك بە هزری سۆفیستەکانەوە، پێش هەموو شتێ خۆخەریککردن و سەرگەرمییە بە (سەرچاوەی دەستی دووەم)ـەوە. واتە سەرگەرمیە بە هەموو ئەو بابەتانەی، کە خۆیان لەسەر بەرهەمی سۆفیستەکان قسە و ڕوونکردنەوەیان هەیە. وەك بابەك ئەحمەدی دەڵێت، بۆ ئەوەی لە سۆفیستەکان تێبگەین **"دەبێ گوتراوەکانیان لە گەرووی ڕەخنەگرەکانیان بهێنینەوە دەرێ"**. دیارە ئەمەش کێشەیەکە پێویستە وردبینی تیۆریی خۆی بۆ بکرێت.

لە ڕووی میتۆدییەوە، من ئەم کێشەیە وەك کێشەیەکی پۆزەتیڤ دەبینم، چونکە ئیمکانی ئەوەمان دەداتێ هەر تەنیا ئەو شتانە دووبارە نەکەینەوە، کە تائێستا بەناوی سۆفیستەکانەوە گوتراوە و خراوەتە ڕوو، بەڵکو

هەوڵبدەین کەمێ سەربەخۆیانەتریش بیر بکەینەوە و لە ڕاڤەکردندا زیاتر پشت بە تێگەیشتنێکی جیاواز لەو تێگەیشتنە ببەستین، کە توێژەرانی مێژووی فەلسەفە بۆ ئەم بابەتەیان هەیە و دیارە زۆربەی کاتیش بۆچوونێکی دووبارەوە بووی نغرۆیە لە بەدگومانییدا.

بەڵام بابزانین ئایا ونبوون، نەمان و لەناوچوونی بەرهەمی سۆفیستەکان چیترمان بۆ ڕووندەکاتەوە؟ یاخود ئاگایی بەرامبەر (نەمان)ی ئەو بەرهەمانە یانی چی؟ ڕەنگە بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانە لە دووخاڵدا بدەینەوە:

یەکەم، ئەم مەسەلەیە هەندێ شتمان لەسەر (بیری فەلسەفیی یۆنانی) دوای قۆناغی دیموکراسیەتی ئەسینایی بۆ ڕووندەکاتەوە، کە هێدی هێدی نەك هەر بارودۆخی سیاسی تیایدا بە ئایدیاڵ دەکرێت، بەڵکو دەستیش دەکرێت بە پاککردنەوە و سنووردانان بۆ ئەو (جیاوازی) و (هەمەڕەنگی)ـەی کە یەکێك بوو لە خاڵە درەخشانەکانی دیموکراسیەت. لەوەشدا کە سۆفیستەکان بڵندگۆی ئەو ڕێزگرتن لە جیاوازی و بەرگریکەرانی ئەو هەمەڕەنگیە بوون، ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە بەرهەمەکانیان لەوە بەدوا ئەو هەموو دژایەتیەیان لە ئاستدا بکرێت و (ئەنفال) بکرێن..

دووەم، پێمان دەڵێت، کە پرۆسەی (ئەنفالکردن!) و لەناوبردنی بەرهەمی سۆفیستەکان ڕەوەند و پرۆسیسێکی درێژخایەن بووە.. ئینکارکردنێکی بەردەوام و ڕەتکردنەوەیەکی پشوو درێژ، نەك هەر لە لایەن خودی کەڵەپیاوانی کەلتووری یۆنانیەوە، بەڵکو لە لایەن ئەو باڵەی کەلتووری



ئەورووپیشەوە، کە ڕەگوڕیشەیەکی یۆنانی- یەهوودی هەیە و لە ئایینی مەسیحیەتدا بەرجەستە بووە، درێژەی هەبووە. لە هەردوو لاوە یەك ستراتیژ لە ئاست سۆفیستەکاندا پیادە کراوە. ئەمەش بەو مانایە نیە سەرجەمی بیروڕای سۆفیستەکان، یان بەشێکی بیروڕاکانیان بەتەواوی لە بیری فەلسەفی ئەورووپی وەدەر نرابێت، بەڵکو بەمانای ئەوەیە، کە بیری فەلسەفیی ئەورووپی بۆچوونی سۆفیستەکانی (نەك میتۆدەکەیان)، لە خۆیدا تواندۆتەوە. ئەم تواندنەوەیەش بە جۆرێ، کە خزمەتی حەقیقەتی تاکڕەهەندانەی ئەو فەلسەفەیە بکات (واتە (پرنسیپی یەکەم)، یان (هۆکاری یەکەم)، کە هەموو میتافیزیکیەتی لەسەرەوە داڕێژراوە)، نەك خزمەتی هەمەڕەنگی (پلوورالیزم) و کرانەوە. بەڵام هەموو تواندنەوەیەکیش لە هەمان کاتدا بریتییە لە سەندنەوەی سەربەخۆیی و بە پەراوێزکردنی ئەو هزرە فەلسەفیەی سۆفیستەکان کاریان لەسەر دەکرد.

پرسیاری هەرەگرنگ ئەوەیە: بۆچی بەدرێژایی سەردەمەکان لە ئاستی فەلسەفییدا، لە (پەلوپۆخستن)ی سۆفیستەکان کارێکی ئاسان بووە؟ بۆچی هەر لە ئەفلاتوونەوە تا باوکانی کەنیسە و تا چاخەکانی ناوەند و تا سەدەی نۆزدەیەم کارێکی ئاسان بووە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی لە بایەخی فەلسەفیی سۆفیستەکان کەمبکرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆخۆی لە خۆیدا مەرجی سەرلەنوێ نووسینەوەی هەموو مێژووی فەلسەفە دەسەپێنێت. واتە ناچارمان دەکات بزانین سەرگەرمیی ئەو فەلسەفەیە لە

جەوهەردا چی بووە، تاکو لەو ڕێگەیەوە تێشبگەین بۆچی ئەو شتەی ڕەتکردۆتەوە، کە شوێن سەرگەرمیی سۆفیستەکان بووە؟
هەڵبەت لە نیگای یەکەمدا مێژووی فەلسەفە بەمانا نەریتییەکەی مێژووی گەڕانە بەشوێن ئەو وەڵامەدا، کە دەمانگەیەنێت بە یەقین و کەماڵ. گەڕانێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو بنەمایانەی، کە سیستەمی لێکدانەوەیەکی نەگۆڕ پێکدەهێنن و دەکرێت لە ڕێگایەوە لێکدانەوەیەکی ڕەهامان بۆ جیهان و مرۆڤ بێتە دەست، کە لە هەموو شوێن و کاتێکدا کارا بێت.. لە کاتێکدا جەوهەری بیری سۆفیستەکان گەڕانێکە بۆ دۆزینەوەی گومان و هەڵوەشاندنەوەی بەردەوامیی هەموو یەقین و لێکدانەوە جێگرتووەکان. ئەم دوو گەڕانەش هەرگیز ناتوانن لە خاڵێکی هاوبەشدا یەکبگرنەوە، چونکە یەکەمیان (نەگۆڕانی هەمیشەیی) دەکاتە ئامانجی سەرەکیی خۆی و لە دەزگا و دامەزراوەکانیدا خۆی جێگیر دەکات، لە کاتێکدا دووەمیان (گۆڕانی بەردەوام) دەکاتە درووشمی خۆی و ڕێگای سەفەر و عەودالبوون دەگرێتە بەر.. یەکەمیان مێژوویییەك دەهێنێتە بەرهەم و شکۆی خۆی لەسەرەوە بینا دەکات بۆئەوەی لە دواجاردا بیکاتە مەرجەعێکی پیرۆز، لە کاتێکدا دووەمیان بەهۆی گومانی بەردەوامەوە، پیرۆزیی هەموو یەقینێك هەڵدەوەشێنێتەوە.
هەموو ئەمەش بۆمان ڕووندەکاتەوە: ئێمە ئەو لایەنانەی بیری فەلسەفیی سۆفیستەکان دەناسین، کە (نەریتی مێژووی فەلسەفەی ئەورووپی) ڕێگەی بە ناسینیان داوە، چونکە ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە ئەو نەریتە توانیویەتی



بەچاوی ڕەخنەوە تەماشای بکات و وەڵامی بانگەوازەکانی بداتەوە. واتە لەو شوێنەدا، کە نەیتوانیبێ ڕەخنە بگرێت، بێدەنگیی لێکردووە و میکانیزمی لەبیرکردن و فەرامۆشکردنی لە دژ خستۆتەکار.. ئەمەش قسەیەکە ژمارەیەکی کەم لە مامۆستا تەقلیدیەکانی بەشی فەلسەفەی زانستگاکانی ئەورووپا دانی پێدا دەنێن و، ئەو قوتابییەی لە تاقیکردنەوەدا ئەم جۆرە بیروڕایانە دەر ببڕێت، نابێت چاوەڕێی هیچ ئافەرینێك بکات!..
بەکورتی، بەڵام شاعیرانە، دەتوانین بڵێین، بەداخەوە سۆفیستەکان چ ماڵێکی سەربەخۆیان نیە. کاتێ دەشتوانین لە ماڵی خەڵکانی تردا بیاندۆزینەوە، لەبەر ئەوەیە لە لایەن ئەفلاتوونی (باوکی فەلسەفە)وە بە (دوژمنانی ڕاستەقینەی فەلسەفە) لە قەڵەم دراون. ئەمەش وایکردووە سۆفیستەکان وەك ئەو هەتیوە دەرکراوانەی لە باوکی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە، هەمیشە لە دەرەوەی ماڵی ڕاستەقینەی خۆیان لە پەناگە و هەواری حەوانەوە بگەڕێن. لێرەشەوە دەکرێ سۆفیستەکان بە یەکەم دەستەی ڕاستەقینەی تاراوگەکراوەکانی دنیای هزر لە قەڵەم بدەین.
دیارە (بێماڵەکان) ئەوانە نین شوێنی ژیان و حەوانەوەیان نیە، بەڵکو ئەوانەن، کە لە کۆمەڵگادا خراونەتە دەرێ و ڕێگەی (بوون بە هاووڵاتی)یان لێ قەدەغەکراوە. هەر ئەم تێڕوانینەیشە بۆتە بناخەی ئەو نیگاکردنەی، کە (بێگانە) و (دووژمن) لە تای یەك تەرازوودا دەبینێت و لە ڕووخساری بێگانەدا سیمای دووژمن بەدی دەکات. وەك دەشزانین بەپێی ئەو تێڕوانینە دەبێت دوژمن شەڕی لەگەڵدا بکرێت و، ئەگەر تواناش هەبێت پێویستە

بەتەواوەتیش لەناو ببرێت.. لێرەوەیە دەتوانین بڵێین: سەرلەنوێ خوێندنەوەی بیروڕای سۆفیستەکان هەر ئامانجێکی هەبێت و هەر تێکشکانێکیش چاوەڕێی بکات، بۆ خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە ئازادی، چونکە ئازادی ئەو کۆڵەکە گرنگەیە، کە ئەوان بۆ خستنەڕووی بیروڕاکانیان بە پێویستیەکی گرنگیان دەزانی. لە هەمان کاتیشدا ئەو خوێندنەوەیە، وەستانەوەیەکی تووڕەیە لە دژی ئەو میکانیزمە تۆتالیتاریانەی، کە نەفرەتکردنی بێگانە و جیاوازیەکانیان کردۆتە پیشەی خۆیان. وەك هیگڵیش دەڵێت:

**"بێگانە هەر بەتەنیا داوای مافی یەکسان ناکات، بەڵکو ئامادەیی ئەو هاوشانیشە بە سەرهەڵدانی شتی نوێ، کە ئەمەش جۆرێکە لە داواکاری بۆ گۆڕینی هەموو ئەو یەقینانەی تا ئێستا بە شتێکی بەڵگە نەویستمان دەزانین"**[1]

خاڵی سێهەمی هاوبەش لە نێوان سۆفیستەکاندا، شێوازی ژیانیانە: سۆفیستەکان جۆرە (گەڕیدە)یەك بوون، کە بە یۆناندا ئەم شارە و شاریان دەکرد و زۆربەی هەرە زۆریشیان خەڵکی دەرەوەی (ئەسینا) بوون، بەڵام خاڵەکە لەوەدایە، کە هەرگیز وەك (گەڕیدە) تەماشایان نەکراوە، بەڵکو وەك ئەو (بێگانانە) لە قەڵەم دراون، کە هەمیشە سنووری نێوان شار و ناوچەکانیان شکاندووە. ئەفلاتوون بۆ ئەوەی لەبەر چاوی جەماوەردا ڕیسوایان بکات، بە توانجەوە دەیگوت:

[1] G. F. F. Hegel:(١٩٩٧), **Forlesninger over historiens filosofi**,: Copenhagen, Gyldendal, s.١٦٥



**"سۆفیستەکان لە هەموو کەلێنەکانی یۆنانەوە دەهاتن، جیهانگەرا بوون و وەك بازرگان بە کەلوپەلی ڕۆحی و مەعنەویەوە، ئەملاولایان دەکرد" (گفتوگۆی سۆفیست:E.٢٢٣).**

بێگومان کاتێ دەڵێم (بێگانە)، ئەم وشەیە بەمانا ئەتنیکیەکەی بەکارناهێنم، چونکە سۆفیستەکانیش بە ڕەگەز یۆنانی بوون و بە شێوەزاری ئەتیسکی (attisk) دەئاخاوتن[1]. دیارە بەم جۆرەش ناتوانین بڵێین یۆنانی دەبێتە بێگانەی یۆنانی، بەڵام هێشتا ئەوان بە بێگانە حسابیان بۆ دەکرا، چونکە وەك خەڵکی ناو ئەسینا و شارەکانی دی (نیشتەجێ) نەبوون، بەڵکو ئەو بێگانە، بێماڵ و زەوی و خەڵکە کۆچەرانە بوون،کە بەو دەرامەتە دەژیان، لە ڕێگەی دەرس گوتنەوەوە پەیدایان دەکرد. بێگانەش هەرگیز بێگوناه نیە! چونکە ئەو جیاوازە، مەبەستی جیاوازی هەیە و بە شێوازێکی جیاوازیش بیر لە شتەکان دەکاتەوە. بڕوای بەئایدیاڵ، جیهانبینی و پرنسیپی دیکەش هەیە.. ڕەنگە مرۆڤ بتوانێ بە ئاسانی لەگەڵ سەروسیمایاندا ڕابێت و ڕێگەیشی تێدەچێت بەپێی تێپەڕینی کات زۆریشی خۆشبوێن، عاشقیان ببێت و هتد.. بەڵام هێشتا بیروڕاکانیان بە ئاسانی قەبووڵ ناکرێن. ئەمەش ئەو مامەڵەکردنەیە، کە سۆفیستێکی وەك پرۆتاگۆراس لە گفتوگۆیەکی ئەفلاتووندا بە هەمان ناونیشان ڕووبەڕووی

[1] Holger F. Johansen: **Fri mands tale**, K/B: Centrum ١٩٨٤. s. ١٩٣.

دەبێتــەوە. لــە پــاش ئــەو هــەموو وەسـفی جوانكــاری و[1] دیمەنـسازییەی ئــەفلاتوون بــۆ پیــشاندانی مەجلیــسی پرۆتــاگۆراس و سۆفیــستەكانی دی زەحمەتی پێوە دەكێشێ، حوكمێكی نادیاری ڕەخنەئامێز لە قسەكانیدا خۆی شاردۆتەوە. ئەم حوكمە نادیارە نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر ئــەوەی چــۆن مرۆڤ ڕێگە بەخۆی دەدات بچێتە لای كەسێكی دانا بۆ فێربوونی حیكمەت، لە كاتێكدا نازانێت ئەو مرۆڤە دانایە (كێیە و چـۆن بیردەكاتــەوە؟)، ئــەم خاڵە بەدگوماناویەش لە سەرەتای گفتوگۆی پرۆتاگۆراسدا دەخرێتە ڕوو.

خەبەر بە شاردا بڵاو بۆتەوە، كە پرۆتاگۆراســی مەزنــە سۆفیــست هاتۆتــە ئەسینا و (هیپۆكراتیس)، كە گەنجێكە و دەیەوێت بچێتە لای پرۆتــاگۆراس بۆئــەوەی فێــری دانــایی ببێــت، بــەم هەواڵــەی زانیــوە. ســپێدەی زوو هیپۆكراتیسی لاو خۆی دەگەیەنێتــە لای ســوكرات (*لــە سەرانــسەری ئــەم كتێبەدا مەبەستم لە سوكرات ئەو سوكراتەیە ئەفلاتوون لــە گفتوگۆكانیــدا بەكاریهێناوە، نــەك ســوكراتی مێــژوویی*)، تــا لەگــەڵ خۆیـدا بیبـات بـۆ مەجلیسی پرۆتاگۆراس. سوكرات كە دەبینێ ئەم گەنجە بــەم بەیانیــە زووە هاتۆتە لای، بە هەلی دەزانێت تا هەندێ پرسیاری لێبكات. یـان ڕاسـتتر بڵێم: ئەوە ئەفلاتوونە، كە دەیەوێت لە ڕێگــەی پرســیاركردنەوە زەمینــەی

[1] **"خوێندنەوەی پرۆتاگۆراسی ئەفلاتوون لە یەك كاتدا ئەزموونێكی ئێستاتیكی و فەلسەفی بەرزە"** بڕوانە:

-J. Slok: **Platons dialog Protagoras** (١٩٦٣), Kopenhavn, Gyldendal. S: ١٧

– بۆ چەمكی (بێگانە) لەلای ئەفلاتوون بڕوانە: **كۆمار**:e٥٦٢، ل: ٤٢٣ چاپی سكەندناڤی.



ڕەخنە بەدگومانەكانی خۆشبكات. یەكێك لــە پرســیارەكانی ئەوەیــە، كــە هیپۆكراتیس چاوەڕێی بەدەســتهێنانی چ شــتێك لــە دیــداری پرۆتــاگۆراس دەكات؟ لە وەڵامی ئەم پرسـیارەدا هیپــۆكراتیس دانــی پیــا دەنێــت، كــە دەیەوێت ببێتە (سۆفیست) و ڕوونیشی دەكاتەوە، كە مەبەستی لەم وشەیە، واتە دانا و حیكمەتدۆست. سوكراتی ئەفلاتوونیش بەم وەڵامە نێوچــەوانی گرژ دەبێت و بەم جۆرە وەڵامی هیپۆكراتیس دەداتەوە:

**"بەڵێ.. بەڵێ، بەڵام توو ئاسمان هیپۆكراتیس، شەرم ناكەیت لەوەی وەك سۆفیست بە مەڵبەندی هیلیاسدا بسووڕێیتەوە"**

*(سەرەتای گفتوگۆی: پرۆتاگۆراس).*

لێرەدا ئاشكرایە بەلای ســوكراتەوە مەســەلەی (شــەرم) بەســتراوە بــەوەی (سۆفیستێكی *گەڕیدە*) بیت و مرۆڤیش نابێت ڕۆحی خۆی تەسـلیمی ئــەو جۆرە كەسانە بكات. وێڕای ئەوەی لە گفتوگۆكەدا سوكرات زۆر بەدانایی و حیكمەتی فەلـسەفیانەی پرۆتــاگۆراس هەڵــدەڵێ، بــەڵام هێــشتا ئامــانجی ئەفلاتوون لە گفتوگۆكەدا ئەوەیە، ئەو (حیكمەتە فەلسەفیە) بە (ساختە و بێنرخ) لە قەڵەم بدات و لە ڕووی كۆمەڵایەتیشەوە، ژیانی سۆفیــستانە بــە شەرمێك بقەبڵێنێ. بەمەش نەك هەر تەنیا ڕەخنە و حــوكمی پێــشوەختی ئەفلاتوونمان لە ئاست بیروڕای سۆفیستەكاندا بــۆ ئاشــكرا دەبێــت، بــەڵكو تێشدەگەین، ئەفلاتوون بەشێوەیەكی گشتی چۆن دەڕوانێتە (جیاوازیی)، یان مافی جیاوازییبوون و بۆ ئەمەش لە ڕوانگەی پێگەی خۆیەوە، وەك كەسێكی نیشتەجێ لە شوێنێكی تایبەتدا، شێوەژیانی كەســانێكیتر، كــە گەڕیــدە و كۆچەرن، بە سووڕانەوە ناو دەبات.

ئەم لێکدانەوەیەش دەمانخاتە بەردەم چوارەمین خاڵی هاوبەشی نێوان سۆفیستەکان، کە بەهۆی بەرگریکردنیان لە مافی ناوبراو لە لایەن ئەفلاتوونەوە شاڵاوی ڕەخنەیان بەسەردا باریوە. لێرەدا پێویستە پرسیار بکەین: ئایا پێشزەمینەی هزریی ئەفلاتوون بۆ ڕەتکردنەوەی مافی جیاوازی و بێگومان ڕەخنەکانیشی لەو بەشەی هزری سۆفیستەکان، کە بەرگری لەم مافە دەکات، چییە؟

دەرمانخواردکردنی سوکراتی فەیلەسووف لە ساڵی (٣٩٩ پ. ز) دا، ڕووداوێك بوو کاریگەریی خۆی لەسەر سەرتاپای ژیانی ئەفلاتوون بەجێهێشت. ئەم ڕووداوە بەناوی دیموکراسیەتەوە ئەنجام درا و هەر لەبەر ئەمەش، بوو بە بنەمایەکی واقیعی بۆ ئەفلاتوون تا بەوردی بیر لە شێوازی دەستەڵاتداریی دیموکراسی بکاتەوە. ئەنجامی ئەم بیرکردنەوەیەش ئەوەبوو بە ڕق وکینە کۆتایی پێهات و ئەفلاتوون هاتە سەر ئەو بڕوایەی، کە هەموو ئەو شێوازی حوکمڕانیانەی تا ئەو دەمە لە ئارادابوون (جگە لە ئۆرۆستۆکراتیەت، واتە دەوڵەتی هەڵبژاردەکان)، هەر لە بنەماوە لە ئاست مەسەلەی (ماف و ڕەواداری)دا خەراپ بینا کراون. وەك ئەفلاتوون دەڵێ، بۆئەوەی دەوڵەتێکی ڕەوامان هەبێ، پێویستە سود لە (فەلسەفەی ڕاستەقینە) وەربگرین. ئەمەش بەلای ئەفلاتوونەوە هیچ ناگەیەنێ جگە لەوەی، کە دەیەوێت بڵێت: فەرمانڕەوایی سیاسی یا دەبێت لە دەستی فەیلەسووفە ڕاستەقینەکاندا بێت، یاخود دەبێت سەرکردە و فەرمانڕەوا سیاسیەکان بە ڕۆحێکی فەلسەفیانە پەروەردە بکرێن. ئەم بیروڕایەش



یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی کتێبی ***کۆمار***، کە لە بەرهەمەکانی دوایی ژیانی ئەفلاتوونە. ئەگەرچی لە بەشی شەشەمدا، پتر باسی ئەم کتێبە دەکەم، بەڵام ناچارم لێرەشدا هەندێ تێبینی دەربڕم.

کتێبی کۆمار، بێجگە لەوەی بریتییە لە کۆماری ئایدیاڵیی ئەفلاتوون و خەونێکی ئەفلاتوونییە لەسەر ئەوەی دەوڵەتی ڕاستەقینە دەبێت چۆن دەوڵەتێك بێت، ئەوە دەکرێ وەك پەرچەکرداری فەیلەسووفەکەشمان لە ئاست سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەوکاتەی دەوڵەتشاری یۆناندا بخوێندرێتەوە.

ئێستا بەیارمەتی سەرچاوە مێژووییەکان دەزانین، کە دەوڵەتی یۆنانی لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە فۆرمی خۆی وەرگرتبوو. دیارە ئەمەش سەردەمێك بووە دەوڵەتی ناوبراو بەبێ کێشەو قەیرانی ناوخۆیی نەبووە. هێندە هەیە دیاردەیەکی (نوێ) بووە، هاوشان بە هەموو ئەو قەیرانگەلەی، کە دەشێت دیاردەیەکی تازە لەگەڵ خۆی پیادەیان بکات. بەڵام ئەوە تەنیا لە:

> **"کۆتایی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی چوارەمی (پ. ز)دا بوو، کە قەیران و کێشەکان بە شێوەیەکی بەربڵاوی سەرتاپاگیر لە سیستەمی دیموکراسی دەوڵەتشاردا دەرکەوتن. ئەمەش بە شەڕی ناوخۆیی (پیلۆپۆنیزی) کۆتایی پێهات. ئەم شەڕەش لە نێوان سوپای سپارتایی و دەسەڵاتی مەرکەزیی ئەسینادا ڕوویدا و لە مانگی سێی ساڵی (٤٣١ پ. ز)دا**

**دەستپێکرد و دە ساڵی ڕەبەقی خایاند، کە لە ئەنجامیشدا بەژێرکەوتنی ئەسینا تەواو بوو"[١]**

بەمانایەکی دی: دەوڵەتی (پریکلیس شا) تاوانی ئەم شەڕە و ئەنجامەکانی هاتە ئەستۆ[٢]

بێگومان سەردەمی فەرمانڕەوایی پیرکلیس بە سەردەمێکی کراوە و ڕۆشنگەر لە مێژووی یۆناندا دادەندرێت و گەلێك لە ڕاوێژکارانی سیاسی و ڕۆشنبیران بە دەوری پیریکلیس شاوە بوون، کە پرۆتاگۆراس و گۆرگیاسیش دووان لەمانە بوون. بەڵام کاتێ تووڕەیی و گرۆکفی پەلەپەل ئاسای دوای کۆتاییهاتنی شەڕ (کە بەدەگمەن بڕیاری ئەقڵی و ڕەوای تیا ئەدرێت و، هەڵچوون و دروشمخوازی دەبنە بڕیاردەر لە داوەریکردنـدا)، کەوتە خۆنواندن، ئەم دەستەیەی ڕۆشنبیرانیش وەك بەشداریکەرانی ئەو تاوانە حسابیان بۆکرا. هەر بۆیەشە لە پاشاندا کەوتنە بەر شاڵاوی ڕەخنەگران، کە ئەفلاتوون یەکێك بوو لە توندڕەوترینیان.

بەزمانێکی تر، ئەفلاتوون بە چاویلکەی دوای شەڕ و لەناو ئەو هەموو تێکشکانەدا، کە شەڕ بۆ کۆمەڵگای یۆنانی هێنان، کەوتە شاڵاوبردنە سەر ئەو

[١]- Peter P. Rohde: **Den greske kulturs historie** bd. IV, K/B: Thaning & Appel ١٩٧٩ s. ١٨٩

[٢] سڤێن–ئێریك لیدمان: **ڕێگوزەری بیری سیاسی**(١٩٩٧)، و. بۆ کوردی: ئاسۆس کەمال، ل: ٨١



ئاراستە هزریانەی تا ئەوکاتە بانگاشەیان بۆ جیاوازیی و هەمەڕەنگیی کردبوو. وەك ئاشکرایشە، هەر لەژێر سێبەری ئەم بارودۆخەشدا بوو، سۆفیستەکان داوای مافی ئازادی تاکەکەسیان دەکرد و درووشمی ڕێزدانانیان بۆ مافی جیاوازیی بەرز کردبۆوە.

ناکۆکی ئەفلاتوون لەگەڵ سۆفیستەکان و دیموکراسیەتدا، بەم ڕوونکردنەوانە تەواو نابێت. بەڵام بە گرنگم زانی ئەم خاڵە هاوبەشانە لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا بخەمە ڕوو، چونکە دەزانم تاکە بوارێ، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانم بچمە ناو دنیای فەلسەفیی سۆفیستەکانەوە، بریتیە لە سەرچاوەکانی دەستی دووەم. ئەمەش بەمانای ئەوەیە، ئێمە بەردەوام لە چاوی کەسانی دووەمەوە تەماشایان دەکەین. کەسانی دووەم دەستنیشانی دەکەن ئێمە چ وێنەیەکمان لەسەر سۆفیستەکان هەبێت و هتد. بەڵام ئێمە خۆشمان دەتوانین مەرج بۆ نیگای ئەوانیتر دابنێین و تەنیا تاکو سنوورێکی دیاریکراو بەدوای ئاسۆی بینینی سەرچاوەکانی دەستی دووەمدا بڕۆین. ئەمەش کاتێ مەیسەر دەبێت، کە بۆخۆشمان لە نیگاکردندا چالاك بین و لەبەر خاتری (نەریتێکی چەسپاو) لە مێژووی فەلسەفەدا، ئەو یاسایانە دووبارە نەکەینەوە، کە سۆفیستەکانی لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا، سەقامگیر کردووە. بەکورتیەکەی، دەبێت ئێمەش مەرجی خۆمانمان هەبێت لە ئاست سەرچاوەکاندا و بەردەوام بیریان بخەینەوە: ئەوان تەنیا سەرچاوەی دووەمن و ناتوانن تاکە تەفسیر و دوا لێکدانەوەمان پێشکەش بکەن. بەوجۆرەش بەشداری بکەین لە بەرهەمهێنانەوەی، یان

دروستکردنەوەی (حەقیقەت!)ی سۆفیستەکاندا. حەقیقەتێ، کە بتوانێت لەناو قەیرانەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا کارا بێت و بتوانێت لە ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی ئێستاشدا بەشداری بکات.

# ٢. دەروازەیەکی مێژوویی

## سۆفیستەکان[1]

### نووسینی: تیۆدۆر گومپریز

١. سەدەی پێنجەمی پێش زایین، لەگەڵ هەموو دەوڵەمەندییەکیدا لە ڕووی دەستکەوتە ئەدەبییەکانەوە، سەدەی نوسینی ڕووت نەبووە و یۆنانییەکان هێشتاش بەشێکی دیاریکراوی خۆراکی ڕۆحیی خۆیان لە ڕێگەی بیستنەوە وەردەگرت و پێدەچوو لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەسینادا سیمایەکی دی جێگەی حەکایەتبێژەکان بگرێتەوە، کە ئیدی وردە وردە خەریکبوون لەناو دەچوون. هەر بەو جۆرەی، کە پێشتر حەکایەتخوانەکان بەخۆیان و پەستەکە ئەرخەوانییەکانیانەوە لە ئاهەنگە گەورەکاندا شیعری داستانی و سەربهووردی قارەمانەکانیان دەگێڕایەوە، ئێستا سۆفیستەکان لە میانەی کێبەرکێ وەرزشییەکانی ئۆلۆمپیا و ئاهەنگەکانی دیکەدا لە بەرامبەر کۆمەڵانی خەڵکدا دەردەکەوتن و وتاری بەتام وچێژ و هەندێ جاریش تۆقێنەریان، کە بۆخۆیان دایانهێنابوون، بەگوێی ئامادەبوواندا دەدا. لە بۆنە خۆمانەییەکانیشدا پێشوازیی لەو وتارە ڕەوانبێژانەیان دەکرا، کە

[1] ئەم وتارە وەرگێڕانی سێ بەشی بەندی پێنجەمە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی (تیۆدۆر گومپرین) (١٩٢٢): **متفكران یونانی**، ت. م. حسن لطفی، تهران: خوارزمی، ١٩٩٦. جلد اول، صص: ٤٣٠–٤٤١



بەهونەرەکانی ئەدەب ڕازێنرابوونەوە و لەمەڕ کێشە زانستی و ئەخلاقیەکانەوە بوون. ئەو گۆڕانکارییەی کەمێ پێشتر لە سێهەمین چارەکی هەمان سەدە لە پەروەردەکردنی لاواندا ڕووی دا پەیوەندیی بەم دیاردەیەوە هەبوو. ئەو بابەتە دەرسییە کورتانەی لە بواری پەروەردەکردنی لاوەکاندا دەوترانەوە، واتە خوێندنەوە، نووسین، ماتماتیك، مۆسیقا، وەرزش و پاشانیش وێنەکێشان، چیدی نەیاندەتوانی ببنە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ژیانی پێشکەوتووی زەینی و سیاسی. هیچ هەوڵدانێکی هەرەوەزی یان تاکەکەسیانەش نەدرابوو بۆ دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانەی، کە بتوانن ئەو شتە پێشکەش بەلاوەکان بکەن، کە قوتابخانە ناوەندییەکان و زانکۆکانی ئێمە (جگە لە پەروەردەی تایبەت) پێیان دەبەخشن. بەڵام ئیدی سەردەمی ئەوە هاتبوو تا پیاوانی زانا و خاوەن بەهرە سەربەخۆیانە بکەونە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، ئەو فێرکارە گەڕیدانە پەیدابوون، کە لەم شارەوە دەچوونە ئەو شار و لاوەکانیان لە دەوروبەری خۆیان کۆدەکردنەوە و دەرسیان پێدەگوتنەوە. بابەتی ئەم دەرسانە بریتیبوون لە زانستە جێگرتووەکان و وانەکانی فەلسەفەی سرووشتی و لێکدانەوەی بەرهەمی شاعیرەکان و داوەریکردن لە بارەیانەوە، لەگەڵ وردەکارییەکانی ڕێزمان، کە تازە بناخەکەی داڕێژرابوو، ئەمە وێڕای بابەتی شیکردنەوە میتافیزیکیەکان. بەڵام جەوهەری سەرەکیی پەروەردە و فێرکردن، بریتیبوو لە ئامادەیی بۆ ژیانی پراکتیکی و بەتایبەتیش سیاسی، هەروەکو چۆن لە نوسراوێکی ئەفلاتووندا، پرۆتاگۆراسی ئابێدرایی، کە وەکو یەکێك لە یەکەمین و

بەتەمەنترین ئەو مامۆستایانە ناوی دەبرێت، ئامانجی بنەمایی دەرسەکانی خۆی بەمجۆرە شیدەکاتەوە: ئەو هونەرەی لاوەکان لە دەرسەکانی منەوە فێری دەبن ئەوەیە (***چۆن لە ژیانی تایبەتییاندا ماڵی خۆیان پێکەوە بنێن و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا چۆن لە ڕێگەی گوفتار و کردارەوە بەشداریی لە ئیدارەکردنی کاروبارەکانی وڵاتدا بکەن***). بەکورتی، جەوهەری ئەم وانەیە بریتیبوو لە زانستە ئەخلاقی و سیاسیەکان، یاخود بڕی ئەو زانستانەی، کە لەو سەردەمەدا هەبوون یان خەریکبوون سەرهەڵبدەن. بەڵام ڕۆحی سیاسەتی بەکردەوە، هونەری ئاخاوتن بوو، کە پێشتر لەسەر گرنگییەکەیی و ئەو هەوڵەی دەبێت بۆ بەدەستهێنانی بدرێت، دوایین (*بڕوانە: کتێبی سێهەم، بەشی چوارەم، بەندی یەکەم*). لەم ڕووەوە بێگومان ئەم پیاوانە، کە خۆیان ناونابوو سۆفیست، یان سۆفیستایی، واتە مامۆستایانی حیکمەت، یاخود فێرکارانی حیکمەت، چالاکیی خۆیان هەر بەتەنیا لە بواری دەرزگوتنەوە بەلاوەکان سنووردار نەدەکرد، بەڵکو لە ڕووناکایی ئەو بەهرە و شارەزاییەدا، کە توانای فێرکردنی پێدابوون، وتار و کتێبیشیان دەنووسی و بارودۆخی ژیانیشیان پێویستیی بەوە هەبوو، کە بەردەوام لە هەموو ئەم بەشانەدا تێبکۆشن، چونکە دەستیان بە هیچ دەرامەتێکی دەوڵەتی نەدەگەیشت و تەنیا پشتیان بەستبوو بە هێزی تایبەتیی خۆیان و زۆربەی کاتیان لە شاری بێگانەو لەناو بیانیەکاندا بەسەر دەبرد و ناچار بوون لەبەر ئەو پێگەی نالەبارەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەیانبوو، بەهاو ئیعتوباری خۆیان لە مەیدانی کێبەڕکێ لەگەڵ هەمواندا بسەلمێنن.



لە دنیای ئەمڕۆدا شتێك نیە بە سۆفیستەکانی بچوێنین. ئەوان لەگەڵ مامۆستای زانکۆکانی ئەمڕۆدا چ لە ڕووی وابەستەییان بە دەوڵەتەوە (کە لە یەك کاتدا ئەم وابەستەییە هۆی پێشکەوتن و هەم هۆکاری هەڵەوگێربوونە) و چ لە ڕووی بەرتەسکیی بواری پسپۆڕییەوە، جیاوازییان هەبوو، چونکە زۆربەی سۆفیستەکان وەکو زانا، دەسەڵاتیان هەبوو بەسەر نزیکەی هەموو زانستەکانی سەردەم و وەکو نووسەر و ئاخێوەریش، لە مەیدانی دەستوبردیان لەوەڵامدانەوە و ململانێدا شایانی بەراوردکردنن بە ڕۆژنامەنووسەکانی ئەمڕۆ. ڕەنگە باشترین وەسفێك بۆ سۆفیستەکانی سەدەی پێنجەم، وەکو ئەوەی ئێمە دەیانناسین، وەسفکردنیان بێت بە (نیمچەمامۆستا و نیمچەڕۆژنامەنوس). ئەو پێشوازییەی لە سۆفیستەکان کرا زۆر یارمەتیدەر بوو و لە ئەنجامیشدا، ئەوان لە ڕووی ئابوورییەوە سەرکەوتنێکی باشیان بەدەستهێنا و لاوانی جوانپەرست و زانستخوازی یۆنان، بەگوتەی ئەفلاتوون، سۆفیستە بەناوبانگەکانیان بەکۆڵ دەگێڕا.

پەیابوونی یەکێك لەم مامۆستا بەناوبانگانە لە شاردا، ڕووداوێکی گەورەبوو و دەستەی لاوانی ئەسینای بێ ئۆقرە دەکرد. لە یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەفلاتووندا، لاوی بنەماڵەیەکی خانەدان پێش کازیوە خۆی دەکات بە ماڵ و ژووری خەوی سوکراتدا و بە هاواری (**سوکرات، هەواڵێکی تازەم هێناوە**) بێداری دەکاتەوە. حەکیم، شپرزە بێداردەبێتەوە و دەڵێت: (**چ هەواڵێکت هێناوە؟ چیبووە کە ئاوا زوو هاتوویت؟**) لاوەکە وەڵامدەداتەوە: (**هەواڵێکی زۆر باشم هێناوە. پۆتاگۆراس هاتووە**)، و ئەمجا تکا لە سوکرات

دەکات بیبات بۆلای پرۆتاگۆراسی بەناوبانگ و داوای لێبکات بە قوتابیی خۆی قەبوولی بکا.

هەر کە دنیا ڕووناکدەبێتەوە، ئەو دووانە ڕوو دەکەنە ماڵی کەلکلیاس، کە سۆفیستی ئابێدرایی میوانێتی و لەوێ ڕووبەڕووی جموجوولێکی سەرسووڕهێنەر دەبنەوە. لە هەیوانی ماڵەکەدا، پرۆتاگۆراس پیاسە دەکات و لە هەر لایەکییەوە سێ کەس لە بەناوبانگترین هاوڕێکانی ( لەوانەش خاوەنماڵ و دوو کوڕی شا پریکلیس) لەگەڵیا دێن و دەچن و لە دواشەوە کۆمەڵەیەك لە یاران و بڕوادارەکانی دەڕۆن. ئەو سوکراتەی ئەفلاتوون لەم دیمەنەدا بەرجەستەی دەکات بە گاڵتەوە دەڵێت:

**"چێژێکی زۆرم لە تەماشاکردنی ئەم کۆمەڵەیە بینی، بەتایبەتی کە دەمدی چۆن ملکەچانە و خۆبەکەمزانانە دەڕۆن و وریای ئەوەن نەکا هەنگاوێك پێش پرۆتاگۆراس بکەون. هەرجارێ پرۆتاگۆراس دەگەیشتە کۆتایی هەیوانەکە و دەیویست بگەڕێتەوە، پەیڕەوکارەکانی بە چابووکیەکی سەرسووڕهێنەرەوە دەبوون بەدوو دەستەوە و نیوە بازنەیەکیان دروستدەکرد و ڕێگایان بۆ پرۆتاگۆراس دەکردەوە و خۆشیان بە ڕێز و ملکەچییەکی زۆرەوە بەدوایدا دەکوتنەوە ڕێ".**

لەناو ماڵەکەدا، سۆفیستەکانی دی، لە کاتێکدا کە پەیڕەوکار و یارانیان بەدەوریاندا هەڵقەیان بەستووە، لەناو ژوورە جیاوازەکانی تردا دانیشتوون. ئەفلاتوون وێنەی ئەم ڕووداوەی لەوێ ڕوویداوە بەجوانترین ڕەنگەکان



بەرجەستەکردووە و بۆ ڕوونکردنەوە گوتویێتی، کە سوکرات چۆن بەهەندێ قسەی سادە هۆی ئامادەبوونی خۆی ڕوونکردۆتەوە و چۆن ئاخێوەری گەورەش (پرۆتاگۆراس)، بە وتارێکی دوورودرێژ و گران، بە ویقارێکی تایبەتی و وشەی هەڵبژاردە، وەڵامی دەداتەوە و چۆنیش لە نێوان ئەو دوانەدا گفتوگۆی فەلسەفی دەستپێدەکات، هەموو ئامادەبووان کورسی و جێنووستنی ناو ماڵەکە کۆدەکەنەوە. مەجلیسێ دەڕازێننەوە و لە سفرەی ئەو خۆراکە ڕۆحییانەی ئەو دوانە ڕایدەخەن، بەهرەمەند دەبن، چۆن پرۆتاگۆراس لە ئامادەبووان دەپرسێ ئایا حەزدەکەن بە وتارێکی کورت یان درێژ، یاخود لە ڕێگەی گێڕانەوەی بەسەرهاتێکەوە، وەڵامی پرسیارەکانی سوکرات بداتەوە و چۆن هەرکە ئەو دەکەوێتە قسەکردن، هەموو ئامادەبووان دەبنە گوێ و چاو دەبڕنە دەمی و هەر کە لێدەبێتەوە هاواری پەسنی و چەپڵەلێدان ماڵەکە دەهێنێتە لەرزە. ئەو وەسفەی ئەفلاتوون بۆ ئەم دیمەنە دەیکات، مایەیەکی کاریکاتۆری هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا هەڵگری چەندین نیشانەی واقیعییە (***بڕوانە ئەفلاتوون: کتێبی پرۆتاگۆراس***)

٢. ئەگەر لێمان بپرسن سیمای هاوبەشیی سۆفیستە جیاوازەکان چیبوو، وەڵام دەدەینەوە: تەنیا پیشەی مامۆستایی و هەلومەرجی سەرگەرمبوون بەم پیشەیەوە، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو کاتە بوو. ئەگەر چاو لەمە بپۆشین، سیمای لێکچوونی ئەوان هەمان ئەو شتە بوو، کە ئەوانی دەبەست بەزۆربەی غەیرە سۆفیستەکانەوە: واتە بەشداریکردن لە ڕەوتە زەینی و

هزربییەکانی سەردەمدا. قسەکردن لەسەر شێوەی بیری سۆفیستی، ئەخلاقی سۆفیستی، یان گومانی سۆفیستی بێجێ و تەنانەت نارەوایشە، چونکە دەکرێت کام موعجیزەیە بوبێتە هۆی ئەوەی، کە سۆفیستەکان، واتە مامۆستا حەقدەست وەرگرەکانی شاری ئابێدرا (لە ناوچەی تراکیا) و شاری ئالیس (لە قەڵەمڕەوی پلوپۆنیز) و یۆنانی نێوەند و دوورگەی سیسیلیا، لە ڕووی ڕۆحیات و شێوەی بیرکردنەوەوە لە یەکترەوە نزیکتربن، وەکو لە نوێنەرەکانی دیکەی ژیانی سیاسی و زەینیی ئەو سەردەمە؟ هەر ئەوەندە دەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێ، کە نوسەر و فێرکارە بەناوبانگەکانی ئەم سەدەیەش زیاتر مەیلیان بەلای ئەو ڕەوتانەدا پیشاندابێت، کە لە دەمەدەمی پێشکەوتن و سەرکەوتندابوون تا گرنگیدانیان بەو ڕەوتانەی خەریکبوو بەسەر دەچوون. لە ڕاستییشدا هەروا بوو. سۆفیستەکان کە بەتوندی گرێدرابوون بە خوێنەری بەرهەم و گوێگری وتارەکانیانەوە، چارەیەکیان نەبوو جگە لەوەی ببنە ڕاگەیەنەری ڕەوتە هزربییە باوەکان، یاخود بەلای کەمەوە ئەو ڕەوتە هزریانەی لە دەمەی پەرەسەندندا بوون. لەبەر ئەمە ئەگەر ئەندامانی ئەم دەستەیە بەشێوەیەکی گشتیی بە هەڵگرانی بیری ڕۆشنگەری لە قەڵەم بدەین، ئەوە قسەیەکی هێندە بێبەڵگەمان نەکردووە.

ئەگەرچی بەهەمان شێوە ناتوانین بڵێین، کە هەموو سۆفیستەکان ڕۆشنگەر بوون، هەروەکو چۆن هەموو ڕۆشنگەرەکانیش سۆفیستایی نەبوون. وێڕای ئەوەش بۆمان دەردەکەوێ، کە زۆربەی سۆفیستەکان، هەر لەبەر هەمان



هۆی وابەستەبوونیان بە لانگرەکانیانەوە، میتۆدێکی مامناوەندییان گرتبووە پێش و تەنانەت یەك کەسیشیان بەرەو بونیادگەراییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە ئەفلاتوون و بیرمەندانی کەلبی جورئەتی ئالاّ هەڵگرییان هەبوو، هەنگاوی هەڵنەهێنایەوە.

زاراوەی (سۆفیستایی) و (سۆفیست پیشە) و (سۆفیستاییگەری) مێژوویەکی هەیە، کە دەبێت خوێنەر برێك ئاشنای بێ تاکو فریوی بەیادهێنانەوەی مانا گومڕاکەرەکانی ئەم زاراوەیە نەخوات. وشەی sophistes یان sophist، کە لە سیفەی sophos (بەمانای حەکیم) و کرداری sophizomai (تێفکرین، بیرکردنەوە) لێکدراوە، لە بنەمادا بە مانای کەسێکە، کە لە یەکێ لە بوارەکاندا گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز و کارێکی گەورە و شوێن سەرنجی ئەنجامداوە. لەم ڕووەوە شاعیرە گەورەکان و فەیلەسووفە گرنگەکان و مۆسیقادانەر و پیاوانی سیاسی و ئەو پیاوانەی بەهۆی گوتە قووڵ و پڕماناکانیانەوە ناوی (حەوت حەکیمەکان)یان پێبڕاوە، بە سۆفیست ناودەبرێن. ئەم ناوە لە سەردەمانی ڕابردووشدا سیمایەکی نەگونجاوی بەخۆیەوە گرتبوو، بەڵام هێشتاکو ئەم سیمایە لاوازبوو دەنا پڕۆتاگۆراس و شوێنپێ هەڵگرەکانی نەیاندەکردە نازناوی خۆیان. ئەو سیما نەگونجاوە، کە پاشتر زۆر بەهێزتر بوو، لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە سەریهەڵدابوو.

یەکەم: هەر هەوڵدانێ بۆ ئاشکراکردنی ڕازەکانی سرووشت دەبووە هۆی وروژاندنی بەدگومانیی ئیمانداران. فەیلەسووفانی سرووشتیی لە ڕووانگەی

فەلسەفەی خواناسییەوە (تیۆلۆژی) ببوونە جێگەی تۆمەت لێدان و ئەو نازناوانەی بەسەریاندا بڕابۆوە، بۆ نمونە (میتۆرلۆگ)، بەواتای ئاسمان ناسیی (لە بەکارهێنانی ئەمڕۆیدا واتە کەشناس، کەسێ، کە پێشبینیی گۆڕانی ئاووهەوا دەکات، مانایەکی ناخۆشیان بەخۆوە گرتبوو. لە فەرمانی دادگای میللییدا، کە بە ئاماژەی (دیوپیتس) بۆ تاوانبارکردنی (ئەناکساگۆراس) درا، هەردوو دەربڕینی (بێ ئیمانی بە یەزدان) و (فێربوونی ئاسماننناسی)ی لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکدا بەکارهێنرابوون. ***لەبەرئەمە جێگەی سەرسووڕمان نییە ئەو کەسانەی لە پەیوەندیی بە مەسەلەی ناسینەوە (مەعریفە)، کە تازە ببووە باوی ڕۆژگار، کاریاندەکرد و لەمەڕ ئەخلاق و مافەکانەوە تێدەفکرین، بە تۆمەتی ناڕەوا تاوانبار بکرێن.*** ئەم بەدگومانی و ترسەش لە مەترسییە واقیعی و مەزەندەکراوەکانی زانست بەشێوەیەکی گشتی، لەم سەردەمەدا ببووە ترسێکی زۆرتر لە دەستەیەك، کە پیشەکەی ئەوەبوو زانست پەرەپێدات و لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاوی بکاتەوە.

ئەم ترسە لە سەرچاوەیەکی دیکەی زۆر دەوڵەمەندتریشەوە ئاوی دەخواردەوە. دیدی یۆنانی لەبارەی ژیانەوە، هەردەم دیدێکی ئەشرافی بوو، یۆنانیەکان زیاتر لەو میللەتانەی دی، کە کۆیلایەتی لەنێوانیاندا ڕەواجی هەبوو، بەچاوێکی نزم دەیانڕوانییە کاری پیشەیی. هیرۆدۆتی مێژوونووس پرسیاری دەکرد، ئایا یۆنانیەکان لە میسرییەکانەوە فێری بەکەمگرتنی کاری پیشەیی ببوون؟ و دەڵێت (***خەڵکی کۆرنیت کەمتر لەوانیتر بەچاوی نزم دەیانڕوانییە کاریی پیشەیی و لاکدۆمۆنیەکانیش زیاتر لە هەمووان.)***



لە شاری تیبە یاسایەك هەبووە و بەپێی ئەو یاسایە تەنیا ئەو کەسە دەیتوانی خۆی بۆ کاروبار و پلەوپایەی دەوڵەتیی هەڵبژێرێ، کە دە ساڵ بێت پێی نەخستبێتە هیچ بازاڕێکەوە، تەنانەت ئەفلاتوون و ئەریستۆش پێیان وایە، کە پیشەیی و بازرگانەکان نابێت بەتەواوی ببنە خاوەنی مافە مەدەنییەکان. تەنیا هەندێ لە پیشەکان، لەوانەش پیشەی پزیشکی، لە رووی ڕێزی کۆمەڵایەتیەوە بەچاوی نزم تەماشای نەدەکرا. ***بەتایبەتیش کارکردنی زەینی و هزری بۆ ئەوانیتر لە بەرامبەر دەستکەوتدا، زۆر بەکارێکی ناشایستە دەژمێردرا و وەکو دژی گەورەیی مرۆڤ و لە پلەی کۆیلایەتی خۆویستدا لێکدەدرایەوە.*** پیشەی وتارنووسی و داوەریی، کاتێ بۆ یەکەمجار پەیدابوون، هەر وەکو پیشەیی سۆفیستایی ببوونە هۆی لاقرتەپێکردنی کۆمیدیزانان، کەسێکی وەکو ئیسۆکراتیس، کە ماوەیەك خۆی بەم پیشەیەوە سەرگەرم کردبوو، هەوڵیدەدا تائەو شوێنەی بۆی دەلوێ بیرەوەریی پیشەکەی لە یادوەریی خەڵکدا بسڕێتەوە. دەڵێن هەمان ئەم ئیسۆکراتیسە، کە ناچاربوو قوتابخانەیەکی ڕەوانبێژیی بکاتەوە، کاتێ یەکەم دەستخۆشانەی وەرگرت، لە شەرمان دەستی بەگریان کرد. ئەم قسەیە، ناڕەحەتیی لۆرد بایرۆن و دامەزرێنەرانی ئەشرافزادەی تری (گۆڤاری ئەدینبورگ)مان دەهێنێتەوە یاد کاتێ یەکەمین دەستخۆشانەی نووسینەکانی خۆیان وەرگرت.

سێهەمین سەرچاوەی بێزرانی سۆفیستەکان لە کۆمەڵگادا، هەستی کەسانێ بوو، کە پارەی پێویستیان نەبوو بۆ ئەوەی وەکو دەستخۆشانە بیاندەنێ و

ئەمانە بڕوایان وابوو لەبەر ئەو (دەستکورتیە)یە، کە بەمجۆرە چ لە ململانێی سیاسی و چ لە بواری دادگادا، بەو حەریفانەیان دەدۆڕاند، کە لە سۆفیستەکانەوە فێر ببوون. لەم ڕووەوە بەڕاستیی پێگەی سۆفیستەکانیان، بەتایبەتی لە شاری ئەسینا، کە تیایدا شکایەت بردنە لای دادگا بەتەواوی ڕەواجی هەبووە، بە پێگەی ئەو مامۆستا شمشێربازانەی شارێك چواندووە، کە تیایدا شەڕی دەستەویەخە بەشێکی ژیانی ڕۆژانە بێت. بڕیاری کەسایەتییەکی زۆر بەهێزیش (ئەفلاتوون) بۆ سەر هەموو ئەم هۆیانە زیادیکرد، کە بەرزترین توانای نووسینی لە بەردەمدا بوو. ئەفلاتوون بەچاوێکی نزم تەماشای سەرجەمی کۆمەڵگای دەکرد و هیچ بەهایەکیشی بۆ پیاوانی سیاسی و شاعیران و پێشەوا مەعنەویەکانی دیکەی کۆمەڵگا دانەدەنا. بە مەبەستیش دەیویست قوتابخانە و دەرسەکانی خۆی، کە بە تاقە جەوهەری ڕزگاربوونی مرۆڤەکانی ئایندەی دەزانین، جیابکاتەوە لە هەر شتێ، کە ئیمکانی هەبوو بەهەڵە تێکەڵیان بکرێن، یاخود ببنە یادهێنەرەوەیان. لەم ڕووەوە تەنانەت نزیکترین خزمەکانی ئەم فەیلەسووفە، کە بەرزترین توانایی ڕۆحییان تێکەڵ بە ئەشرافیەتی بنەماڵەیی کردبوو، لێی زویر بوون، گوایە بۆچی لە جیاتی بەکارهێنانی هێزی ژیانی خۆی لە ڕووناکایی ژیانی سیاسییدا، بەلایەوە باشترە تەمەنی خۆی لە تاریکایی کتێبخانەیەکدا لەگەڵ (کۆمەڵێ هەرزەکار بە گفتوگۆی ئارام) و یاریکردن بە وشە و شیکردنەوەی چەمکەکانەوە بباتە سەر. هەموو هەوڵدانی ئەو بۆ ئەوە بوو، کە گەورەیی کۆششی خۆی لە پێناوی هێنانەدی ئیمکانی دووبارە



لەدایکبوونەوەی ئینسانیەتدا، لە بەرامبەر نییەتی پیس و گێنگڵی هەموو ئەو کەسانە دابنێت، کە چاویان بڕیبووە ئامانجی بچووکتر و لەم ڕێگەیەشەوە دژایەتی ئەو دوو هەوڵدانە هەرچی زیاتر ئاشکرا بکا. لە بارەی ئەوەی کە ئەو چۆن توانی لە بیری نەوەکانی داهاتوودا، پێگەی تایبەت و تەواو جیاواز بۆ سوکراتی مامۆستای دابین بکا، کە هاوسەردەمەکانی بەهیچ شێوەیەك نەیاندەتوانی لە نێوان ئەو و سۆفیستەکاندا جیاوازیی بەدی بکەن، لە بوارێکی دیکەدا ڕووندەکەمەوە.

ئەفلاتوون لە کاتی بەکارهێنانی هونەری نوکتەبازییدا پەنا بۆ هەموو هۆکارێکی نەرم و بریندارکەر دەبات. هێرشەکانی ئەو بۆ سەر سۆفیستەکان، زیاتر لە ڕووی فراوانییەوە، تا توندوتیژی جێگەی سەرنجڕاکێشانن. هیچ یەکێ لەم کەسانە پێ ناخاتە ناو دیمەنی نومایشەکانی ئەوەوە بەبێ ئەوەی مۆری خەڵەفاوی و بەکەمزانیی، یاخود بەلای کەمەوە گاڵتەجاڕیی بەنێوچەوانیەوە نەنرێت. ئەم ڕێسایە تەنیا یەك ڕیزپەڕی هەیە. وەکو ئەوە وایە کە ئەفلاتوون بۆ ساتێك ئاگای لە قسەی خۆی نەماوە و لە ڕووی کەمتەرخەمی و هەڵەوە، ستایشکردنی سۆفیستێ لە نووکی قەڵەمەکەیەوە دەردەچێ: لە نامەی (لیزیس)دا ئەفلاتوون لە بارەی پیاوێکەوە بەناوی میکووس، (هاوڕێ و موریدی سوکرات)، کە ئێمە هیچ زانیاریەکمان لە بارەیەوە نییە (و ڕەنگە لەبەرئەوەی کە هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نەبووە)، لە هێرشی ئەفلاتوون ڕزگاری بووبێت)، لە زمان سوکراتەوە دەڵێت: (***پیاوێکی خراپ نییە، سۆفیستێکی لەبارە***)، (***بڕوانە گفتوگۆی لیزیس، بەندی: ٢٤٠***).

جگە لەم پیاوە، ئەفلاتوون کاتێ دەگاتە باسکردنی هەر سۆفیستێ جڵەوی تانە شلدەکات و لەو شوێنەشدا، کە چاوی تیژبینی ئەو لە ئاست تێڕوانینی سۆفیستێکدا بەهانەیەك بۆ ڕەخنە نادۆزێتەوە، بەلای کەمەوە لەوێوە گاڵتەجاڕانە دەیخاتە پێش چاو، کە ناچاری بکا بیروڕاکانی خۆی لەکاتی نەگونجاو و بە قسە پێبڕینی ئەوانیتر دەربڕێ. بۆ نمونە وەك لە گفتوگۆی پرۆتاگۆراس دا لەمەڕ هیپپیاس و پرۆدیکیۆسەوە ئەوکارە دەکا. ئەمە جگە لەوەی نەخۆشی و هۆی کەم میزاجیی پرۆدیکیۆس بەهەمان شێوە دەکاتە بەهانەی گاڵتەپێکردن، کە لە بەرامبەر لایەنەکانی توانای هیپپیاس دا دەیکات. قەدبڵندی و شەرافەت و گەورەیی کەسایەتی پرۆتاگۆراس بەبێ هیچ مەرجێ ستاییش دەکا، بەڵام شێوازی کۆن و بێڕەونەقی قسەکانی بەشێوەیەکی هونەرمەندانەی تەواو دەهێنێتە پێش چاوی خوێنەر و لاقرتێیان پێدەکات و هەموو لاوازییەکانی جۆری بیرکردنەوەی بەڕوونیی ئاشکرا دەکات.

بەڵام ئەفلاتوون لە هەمووی زیاتر خۆی بەو لایەنەی بیری سۆفیستەکانەوە خەریك دەکا، کە بۆ ڕۆحییەتی ئەشرافیانەی هاوشارییەکانی و بەتایبەتییش کەسانی بنەماڵەکەی خۆی جێی سەخڵەت بوونن. هەروەها بە گرنگی پێدانێکی تایبەتەوە ئاماژە بە پیشە و بەرپرسیاریی ئەو پیاوانە دەکات، کە بەلای خۆیەوە بێنرخ و پلە نزمن، بەو هۆیەشەوە پارە لە قوتابییەکانیان وەردەگرن لە بەهایان دەهێنێتە خوارەوە و کەمێ دەستخۆشانە دەکاتە



بەڵگەی بێنرخیی کارەکەیان و دەسخۆشانەی زۆریش بە چاوچنۆکیی ئەوان لێکدەداتەوە.

پێشتر بینیمان لەو سەردەمەدا، تەنانەت لە ڕوانگەی ئەفلاتوونیشەوە، سنگفراوانی و لێبووردەیی وەکو تواناییێ تەماشای نەدەکرا. لێرەشەوە بەتوندی گریمانەی ئەوە دەکرێ سۆفیستەکانیش، کە ناچاربوون لەناو ئەو بارودۆخە نەگونجاو و دژوارەدا بەهاو ئیعتیبارێ بۆ خۆیان بهێننە دەست، نەیان ویستبێ وەکو خەڵکانێکی سنگفراوان و لێبووردە بناسرێن. ئەمە جگە لەوەی ئیرەیی و کێبەڕکێ لەناو ئەندامانی ئەم دەستەیەشدا کەم نەبووە، هەروەکو چۆن ئەندامانی دەستەکانی دیکەش لەو بارودۆخەدا، کە هاوکارە لەژمارە نەهاتووەکانیان، مەیانی کاری یەکتریان تەسك دەکردەوە، نەیاندەتوانی بێبەش بن لەم کەموکوڕیانە. بەڵام ئەم قسەیە بەومانایە نیە، ئەفلاتوون بە وەسفکردنی تاکڕەهەندانەی لاوازییە ئینسانیەکانی ئەندامانی ئەم دەستەیە، وێنەیەکی گونجاو و ڕاستەقینەی لەسەریان بەدەستەوە دابێ. هیچ ژینگەیەك بەدەر نییە لەم کەموکوڕی و لاوازییە ئینسانیانە. لێرەشەوە ناتوانین ئەم شێوازە بۆ وەسفکردنی میراتخۆرەکانی ئەمڕۆی سۆفیستەکان، واتە مامۆستای زانکۆکان و ئەو کەسانەی بۆ عامەی جەماوەر شتگەلێ دەنووسن، یاخود ئەندامی دەستەو چینەکانی دی لەبابەتی داوەر و نوێنەرانی پەرلەمان، بەکاربهێنین. گاڵتەجاڕیی ئەفلاتوون بە سۆفیستەکان و بەکەمگرتنی (مامۆستایانی فەلسەفە) لەلایەن شۆپنهاوەر و ڕەخنەکانی ئاگۆست کۆنت لە (خوێندەواران) هەموویان لە زوومرەی یەك شتن.

وەلێ تیری ڕەخنەی ئەفلاتوون لە سۆفیستەکان خاڵێکی ڕاستەقینەی ئامانجی خۆی پێکاوە. ئەو سۆفیستەکان لە بارودۆخێکدا پیشاندەدات، کە سەرگەرمی گفتوگۆی دیالیکتیکیانەن لەگەڵ سوکراتدا و ئەم گفتوگۆیەش دەدۆڕێنن. ئەگەرچی هەموو مشتومڕەکانی ئەفلاتوون دروستکراوی هزری خۆیین، لەگەڵ ئەوەشدا ناچارین لە پێناوی ئەم لایەنەی سۆفیستەکاندا لایەنگیریی حەقیقەتی مێژوویی بکەین. دانایی سوکرات لە دیالیکتیکدا یەکێکە لە بناخەکانی ناوبانگ و کاریگەریی ئەو لە سەدەکانی پاشتردا. بەڵام سەرسووڕمان لەوەدایە لەو نوسینانەدا، کە ئەفلاتوون تەنیا بەگاڵتەپێکردنی سۆفیستەکانەوە ناوەستێ و شێلگیرانە پەلاماریان دەدات، نەك هەر تەنیا ناوی پرۆتاگۆراس و هیپییاس و پرۆدیکیۆس و کەسانی دیکەی وەك ئەمان نایەت، بەڵکو خودی سۆفیستاییگەریش بەڕووخسارێکی دیکەوە بەرجەستە دەبێ. لە گفتوگۆکانی تردا، ئەو سۆفیستە کۆن و ڕاستەقینانە لە بەرامبەر پرسیارە سەرلێشێوێنەرەکانی سوکراتدا لەپەلوپۆ دەکەون و ناتوانن بە پرسیار و پەرسڤی کورت کورتەوە لە بەرامبەریدا بوەستن. بەڵام لەم نووسینانەدا ئەو سۆفیستانە دێنە سەر شانۆ کە ڕێك لە هەمان شێوازی گفتوگۆدا مامۆستای تەواون. ئەم مەتەڵە لەمێژە لێکدراوەتەوە: نووسەریی ئەفلاتوون بەلای کەمەوە ماوەی پەنجا ساڵ بەردەوام بووە و لێرەشەوە جێگەی سەرسووڕمان نیە، کە ئەو سۆفیستانەی ئەفلاتوون لە نووسینەکانی سەردەمی پیریی خۆیدا پەلاماریان دەدا، بەتەواوی جیاوازن لەو سۆفیستانەی ئەو لە مشتومڕەکانی سەردەمی



لاوێتیدا ڕووبەڕوویان بۆتەوە. ئەو سۆفیستانەی پاشتر ناویان هات، لە سەردەمێکدا، کە ئەفلاتوون قەڵەمی گرتە دەست نەوەیەك بوون لە کۆتاییهاتندا. ئێمە دەزانین بەلای کەمەوە سێ دانە لەو کۆمیدیانەی بابەتەکانیان بریتیبوون لە چالاکیی سۆفیستەکان و ئەو تازەگەریانەی ئەوان لە بواری پەروەردەدا هێنابویانە ئاراوە، لە ماوەی ئەو دەساڵەدا نووسراون، کە ئەفلاتوونی تیا لە دایك بووە. شانۆنامەی (هاوسفرەکان)ی ئەریستۆفانیس چەند مانگێ پێش لەدایکبوونی ئەفلاتوون (لە زستانی ساڵی ٤٣٧پ.ز) لە ئەسینا نومایشکراوە و شانۆنامەی (هەورەکان)ی هەمان نوسەر لە کاتێکدا خرایە سەرشانۆ، کە ئەفلاتوون چوارساڵان بووە. هەروەها شانۆنامەکەی (ئوپۆلیس)یش بەناوی (کاسەلێسەکان)، کاتێ خرایە سەر شانۆ، کە ئەفلاتوون تەمەنی گەیشتبووە شەش ساڵان. بێگومان ئەفلاتوون لە ساڵەکانی پیریدا بەدەگمەن ئەم سۆفیستە کۆنانەی هاتوون بەبیردا و هزری ئەو بەو فەیلەسووفانەوە قاڵبووە، کە بوونەتە مایەی بێئارامی و ئەو حەزیکردووە نازناوی دزێوی (سۆفیستایی)یان بەسەرا دابڕێت.

کورتەی قسە ئەوەیە، ئەو (سۆفیستانە)ی ئەفلاتوون لەکتێبی (سۆفیست) و (*سەرجەمی ئەو کتێبانەی کە لە ڕووی ناوەڕۆك و کاتی سەرهەڵدانەوە لەم بەرهەمەوە نزیکن*) ململانێیان لەگەڵ دەکا، قوتابیەکانی سوکرات و قوتابیی ئەم قوتابیانەن. بەتایبەتیش (ئەنتیستنس) و لایەنگرەکانی، کە هەموویان دوژمنی سەرسەختی ئەفلاتوونن. هەڵبەت ئەفلاتوون هەوڵیداوە

بەیارمەتی هونەرەکەی خۆی لەنێوان ئەم (سۆفیستانە) و ئەو دەستەیەی دیکەدا، کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە سۆفیست بوون، سەرە داوێکی پەیوەندی دروستکا. بەڵام بۆ کەسێ کە گفتوگۆی (ئوتیدم) و (سۆفیست) بە وردی بخوێنێتەوە تێدەگات ئەم پەیوەندییە چەندێ دەستکردە.

هەمان شێوەی (مامەڵەکردن لەگەڵ سۆفیستەکاندا) بۆ ئەریستۆش بەمیرات ماوەتەوە و ئەویش لە هیچ کامێ لە نووسینە جیاوازەکانی خۆیدا نازناوی (سۆفیست)ی بەشێوەیەکی ڕاشکاو نەخستۆتە پاڵ هیچ یەکێ لە کەسانی نەوەی کۆن و بەلای کەمەوە یەکجاریش، لەوشوێنەدا باسی دەستخۆشانە پێدان، قسە دەکا، بەرێزەوە پرۆتاگۆراس لە بەرامبەر (سۆفیستەکان)دا دادەنێ. ئەریستۆ زاراوەی (سۆفیستایی) بە سێ مانا بەکار دەهێنێ: یەکەم بەهەمان مانای سادەی کۆن، کە نیشانەی هیچ پیاهەڵدانێکی تیا نییە و بۆنمونە حەوت حەکیمەکە (*کە بریتیبوون لە تالیس، سۆلۆن، بیاس، پیتاکۆس، کلیۆبیلۆس و پیریاندرۆس.*) بە سۆفیستایی ناو دەبات. دووەم ئەم نازناوە دەداتە پاڵ هەندێ فەیلەسووف، بەتایبەتی ئەوانەشیان، کە حەز لە چارەیان ناکا، وەکو (ئاریستیپ)، کە قوتابییەکی سوکرات بووە. سێهەم زۆر جاریش، ئەم زاراوەیە بۆ (لایەنەگرانی هەڵە) بەکاردەهێنێ، واتە ئەو مشتومڕسازانەی لە قوتابخانەی (ئەنتیستنس و ئەقلیدس)ی قوتابیی ڕاستەوخۆی سوکرات و نیشتەجێی (میگارا)وە سەریان دەرهێنابوو و ئەریستۆ بۆخۆی تەواوی تەمەنی لە بەرامبەریاندا ململانێی دەکرد. ئەم فەیلەسووفانە هەموو ژیریی و هەستەکانی خۆیان لە سازدانی بەڵگەی



فریودەردا بەکاردەهێنا و هەر لەبەر ئەمەش زاراوەکانی (سۆفیستایی)، (سۆفیستاییگەری) و (سۆفیسستایی پیشە) لە ڕەخنەکانی ئەفلاتوون و ئەریستۆدا لەسەر هەڵەکاران، مانایەکی بەخۆیەوە گرتووە، کە لەو سەردەمەدا بۆ ئەم زاراوانە لەپێش چاو دەگیرا.

تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست نازناوی سۆفیستایی بەهەمان ئەو مانایە بەکارهاتووە، کە ئەریستۆ بەکاریهێناوە. ئەگەرچی لە هەندێ چاخدا (بەتایبەتیش لە سەردەمێکی دەورەی پاشایەتی ڕۆما، کە پێی دەگوترێ سەردەمی سۆفیستاییگەری نوێ) ئەم زاراوەیە بەمانای بنەڕەتی خۆی بەکارهێنراوە، بەڵام زۆربەی کات کەم و زۆر ناوێك بووە بۆ سووکایەتی پێکردن. ئەوەش جێگەی سەرنجدانە کەسانێکی هاوسەردەمی ئەفلاتوون، کە نەیاری بوون، وەکو (لیزیاس) و (ئیسۆکراتیس)ی خۆشخوان، ئەفلاتوونیان بە سۆفیستایی ناوبردووە. هەروەها (تیمایۆس)ی مێژوونووس، ئەریستۆ، ئەسکەندەری گەورە، (کالیستنس)ی ئامۆزای تیمایۆس و (هرمپیوس)ی پەیڕەوی ئەریستۆ، (ئەناکسارخ)ی پەیڕەوی دیموکریت و ئەبیکۆر، (ئەبولیدس)ی قوتابیی سوکرات، ئیدی بەبێ بواردن هەر فەیلەسووفێ نەیارەکانی خۆیان، تەنانەت (لوکیان)یش، دامەزرێنەری ئایینی مەسیحی، بە سۆفیستایی ناوبردووە.

٣. ئەمە یەکەمینجار نییە، کە مێژووی گۆڕانی مانای زاراوەی سۆفیستایی دەنووسرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لێرەدا کەمێ بوەستین و ئەم مێژووە بەشێوەیەکی وردتر و تێروتەسەلتر شیبکەینەوە و هەوڵدەین لە

هزری خوێنەرێکی خاوەنڕادا، کە گومانیشی لە ڕاستیی قسەکانی ئێمە هەیە، جێگەی بۆ بکەینەوە، چونکە کەسانێکی زۆر هەن، کە هیچ چارەیەکیان نییە جگە لە لایەنگیرییکردن لە ڕاستیی ئەم باسە، کەچی دووبارە بەزوویی لە بیریاندەچێتەوە یاخود لە یادی دەکەن. هەندێ کەس، لە سەرەتاوە بە ڕاشکاوی دانی پیا دەنێن، کە تەمومژیی وشەی (سۆفیستایی) و بەتایبەتی شێوەی بەکارهێنانەکەی بەمانای تانەلێدان، کە پاشان ڕەواجی پەیدا کردووە، بۆتە هۆی ئەوەی زوڵم لەو کەسانە بکرێ، کە لە سەدەی پێنجەمی پێش لەدایکبووندا بەو ناوەوە بانگ دەکران و لێرەشەوە ئێمە بەرپرسیارین لە ئاست گێڕانەوەی بایەخ بۆ ئەو کەسایەتیانە.. بەڵام هێندەی پێناچێ هەر ئەو کەسانە دیسانەوە دەکەونەوە سەر هەمان ئەو ڕێچکەیەی پێشتر خوویان پێوەگرتووە و هەمان ڕەفتار لەگەڵ ئەو پیاوانەدا دەکەن وەك ئەوەی ئەوان بەڕاستیی هەڵەکاری بێویژدان، یاخود بڵاوکەرەوەی دەستووری زیانبەخش بوون بۆ کۆمەڵگا. بەمانایەکی دی، ئەم جۆرە کەسانە لەگەڵ ئەوەشدا لە ناخدا مەیلی ئەوەیان هەیە بەلای داوەریکردنێکی دروستدا بچن، بەڵام ناتوانن خۆیان لە بەرامبەر بیرکەوتنەوەی مانا ڕەگداکوتاوەکانی ئەم زاراوەیە ڕابگرن و بەرگریی بکەن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە جڵەوەی چارەنووسی سۆفیستەکان بەدەست ئەستێرەیەکی شەڕانییەوە بووە و ئەوان نرخی دەوڵەتێکی پێویستییان بە ناوبانگ زڕانی دووهەزار ساڵەی خۆیان بەخشی. دوو دووژمنی بەهێز بۆ لە پەلوپۆخستنی ئەوان دەستیان خستە ناو دەستی یەکتری: لە لایەکەوە



گۆڕانکاریی لە شێوەی بەکارهێنانی زماندا و لەولای تریشەوە پێگەیشتنی بەهێزترین نووسەر، یاخود بەلای کەمەوە یەکێ لە بەهێزترین نووسەرانی جیهان (کە ئەفلاتوونە). هەڵبەت ئەمەی دووەم کاتێ تیری گاڵتەجاڕیی و پێکەنیناوی دەهاویشت، نەیدەتوانی پێشبینیی ئەوە بکا، بەرهەمە دروستکراوەکانی هێزی خەیاڵ و پڕ وزەی لاوێتیی خۆی لە داهاتوودا وەکو گرنگترین بەڵگەنامەی مێژوویی دەبنە جێگەی پشت پێبەستن. ئەو لەگەڵ زیندووەکاندا یاریی دەکرد نەك لەگەڵ مردووەکاندا. ئەم ڕاستییەش، کە سۆفیستەکان کەوتنە بەرەی مردووەکانەوە، سێهەمین بەڵایە کە چارەنووس بۆ ئەوانی نارد. ئەم مامۆستا گەڕیدانە کە لە هیچ جێگایەك نیشتەجێ نەدەبوون، قوتابخانەیەکیان دانەمەزراند و قوتابیی بەوەفایان نەبوو تا نووسینەکانیان پارێزگاریی بکا و یادیان بەزیندوویی ڕابگرن. هێشتا چەند سەد ساڵێ تێنەپەڕیبوو، کە ئیدی جگە لە چەند بەشێکی کەم نەبێ، شتێکی ئەوتۆ لە نووسینەکانیان نەمابوون و لەم بەشە کەمانەش تەنیا چەند پارچەیەکی پچڕ پچڕ بە ئێمە گەیشتوون و لەوە دەچێ ئێمەش دەستمان بەهیچ شایەتێکی بێلایەن لە بارەی چالاکییەکانی ئەوانەوە نەگات.

## • چەمکی (سۆفیست) و
## کورتەیەکی ژیانی سۆفیستەکان

زاراوەی (سۆفیست) یان (سۆفیستایی) و (سەفستە) لەو بەکارهێنانەی ئەمڕۆیدا، بەتوندی گرێدراوە بە مانای فریودان و دووزمانییەوە و بە کەسێك دەگوترێ، کە قسەی بێسەرەوبەرە هەڵدەبەستێ و لە گوتنی حەقیقەتیشدا خۆی دەدزێتەوە.. ئەم مانایەش هەمان ناوەڕۆکە ئەفلاتوون بۆ ئەم زاراوەیەی لە پێشچاو دەگرت و نییەتی خۆیشی لە پشت ئەم کارەیەوە هەبوو، کە بێگومان ئەنجامەکانی لە مێژووی فەلسەفەی ئەوروپییدا دەرکەوتن.

هەردوو وشەی سۆفۆس (*sophos*) و سۆفیا (*sophia*)، کە بەزۆری بە (حەکیم و حیکمەت)، واتە دانا و دانایی، مانا دەکرێن، لە بەکارهێنانە یۆنانییەکەیدا پێشینەیەکی دووروودرێژیان هەیە و لەوێوە کە وەبیرخەرەوەی دانایی و هۆشمەندی و ئەقڵ بوون، هەڵگری دەلالەتی باش و پۆزەتیڤن[1]، هەر لەو پێودانگەشەوە وشەی (سۆفسیت) یان (سۆفستایی) لە چاوگی (سۆفۆس)ـەوە وەرگیراوە و مانای ئەم بەکارهێنانەی بریتیبووە لە خۆشەویستی بۆ حیکمەت و زانین، سۆفیستاییش ئەو کەسە بووە کە دانایانە و زانستخوازانە بیری لە ژیان و جیهان

[1] گاتری، دبلیو. کی. سی.: **تاریخ فلسفەی یونان**. ت: مهدی قوام صفری، تهران، انتشارات فکر روز، چاپ اول (۱۳۷٦) ۱۹۹۷، ص: ٥۹



کردۆتەوە[1]. لە سەرەتاوە وشەکە بۆ هەموو ئەو کەسانە بەکار هێنراوە، کە شارەزاییەکی تایبەت، یان توانا و لێزانینێکی دیاریکراویان لە یەکێ لە بوارەکاندا هەبووبێت، بەڵام لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی (پ. ز)وە، وشەکە بۆتە ناوێك بۆ ئەو مامۆستا شارەزایانەی، لەدەرەوەی دەوڵەتشارەوە هاتبوون و هێدی هێدی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیرییان لە شارەکانی یۆناندا، بەتایبەتییش ئەسینا، بەرپا کردبوو. ئەم ڕۆشنبیرانە کەسانێك بوون، شارەوشاریان دەکرد و هەمیشە لە سەفەردا بوون، هەر بۆیەشە لە پاشاندا وشەی (سۆفیست) بووە ناو بۆ ئەو مرۆڤە **"پسپۆڕانەی، یا مامۆستا لێزان و دانایانەی بەحەز و عەشقەوە، لە شوێنێکەوە ڕەویاندەکرد بۆ شوێنێکی تر و لە بواری جیاوازدا بەشێوەیەکی پسپۆڕانە دەرسیان بە خەڵك دەگوتەوە"**[2].

کەواتە، سۆفیستەکان دەستەیەك بوون لە ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ، کە لە دەوڵەتشاری یۆناندا دەژیان. واتە لە نزیکەی ساڵی ٤٥٠ی پێش زایینەوە بەرەو خوار، کە دەکاتە سەردەمی فەرمانڕەوایی شاپریکلیس (٤٦١ بۆ ٤٢۹ پ. ز). ئەم سەردەمەش لە مێژوودا بە سەردەمی دیموکراسیەتی ئەسینا، یاخود سەردەمی (ڕۆشنگەریی یۆنانی)، ناسراوە[3]. ئەم ڕۆشنبیرانە کەسانێکی جیاواز بوون و ئامانج و خەونی جیاوازیش پێکەوەی کۆ

[1] P. Lubecke (red.): **Politikens filosofi leksikon**, Copenhagen, Gyldendal, s. ٤٠٢

[2] J. Witt- Hansen: **Den antikke filosofis historie** bd. I, K/B. Munksgaard ١٩٧٠, s: ٣٤٢

[3] کارل پوپر: **جامعە باز و دشمنان ان** IIII. ت: عزت اللە فولادوند، تهران: خوارزمی ۱۳٦٤(۱۹۸٥)، بەشی دەیەم.

دەکردنەوە. هەروەها شێوە ژیانی جۆر بەجۆریشیان پەیڕەو دەکرد، کە هەندێ جار لەگەڵ یەکیشدا دەیخستنە ناکۆکیەوە.. بەڵام ئەو هۆیانەی وا لە لێکۆڵەرەوەکان دەکەن هەموویان لەژێر یەك سەردێڕدا بە (سۆفیستەکان) ناو بەرن، بریتین لە کۆمەڵێ خاڵی هابەشی هزریی، یاسا و شێوازی دەرسگوتنەوە، کە هەموویان لە ئیشکردندا ڕەچاویان دەکردن. هەندێ لەو خاڵە هاوبەشانەش بریتیبوون لە بەرگریکردنیان لە ئیرادە و توانایی تاکەکەس، بیروڕایان لەسەر مرۆڤ، تێگەیشتنیان لە چەمکی کۆمەڵگا، ئایین، جیاوازیی و هەروەها چۆنێتی دەستنیشانکردنی ئەرك و خواستەکانی تاکەکەس لە کۆمەڵگادا. جگە لەوەش دەکرێت شێوەی تەکنیك و چۆنێتی بەرنامەی دەرسەکانیشیان وەك خاڵی هاوبەشی نێوانیان ناو بەرین، بەتایبەتییش تێگەیشتنیان بۆ مەسەلەی شێوازی بەکارهێنانی زمان. وانیازە کەم تا زۆر لە دوو توێی لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمەدا، لەو بابەتانە بکۆڵرێتەوە.

زۆر لە مێژوونووسانی فەلسەفە کاتێ دێنە سەر باسکردنی سۆفیستەکان، ئەوە یەکسەر دابەشیاندەکەن بەسەر دوو نەوەی جیاوازدا:

**(A) نەوەی کۆن:** کە بریتیبوون لە ***پرۆتاگۆراس و گۆرگیاس***. ئەفلاتوونیش دوو بەرهەمی بەناوبانگی خۆی بەناوی ئەمانەوە ناو ناون، کە بە دوو سەرچاوەی گرنگیش لەسەر بیروڕایان دادەنرێن.

**(B) نەوەی نوێ:** کە بریتین لە ***ئەنتیفۆن، کەلیکلیس، هیپیاس، ترایسماخۆس، پرۆدیکۆس، کریتیاس*** و هەندێکی تر. یەکێ لەو هۆیانەیش



کە وادەکات سۆفیستەکان بەم جۆرە دابەش بکرێن، هەر بەتەنیا ئەو وردە گۆڕانکاریانە نین، کە ئەم دوو نەوەیە لە شێوازی دەرسگوتنەوە و بەکارهێنانی تەکنیکی پەروەردەییدا خۆیانی لەیەکتر پێ جیا دەکەنەوە، بەڵکو ئەو جیاکارەیە لەبەر تیشکی جۆرێکیش لە ڕادیکاڵیزەبوونی هەندێ لە بیروڕا هاوبەشەکانیان، لە نەوەیەکەوە بۆ ئەویتر هاتۆتە ئەنجام.. بۆ نموونە بیروڕایان لەسەر بوونی یەزدان، کە نەوەی یەکەم هەڵوێستێکی هێمنی لە ئاستدا دەربڕیوە، کەچی لە لای نەوەی دووەم ئەو هەڵوێستە ئاستێکی بنەبڕ و توندتری بەخۆیەوە گرتووە.

بێگومان وێڕای خاڵی هاوبەش لە سەرجەمی بیری سۆفیستەکاندا، ناکرێت لە پێناوی بەگرووپکردنیاندا، چاو لە ئاراستەی هزریی تایبەت بە هەریەکەیان و سیمای تاکەکەسییان، بپۆشین. ئەمەش ناچارمان دەکات کورتەیەك لە ژیان و قەڵەمڕەوی چالاکیی هەندێك لە گرنگترین ناویان بەسەر بکەینەوە[1]

**پرۆتاگۆراس:** ٤٦٠؟ بۆ ٤٢٠؟ی پ. ز لە شاری (ئەبدێرا) هاتۆتە دنیاوە و بەهۆی شارەزایی زۆری لە بواری (پەروەردە)دا، بە پیری سۆفیستەکان لە قەڵەم دراوە. هەروەها یەکێکیش بووە لەو کەسانەی لە هەموو بوارەکانی

[1] بۆ ئەم زانیارییە مێژووییانە زیاد لە سەرچاوەیەکم بەکار هێناوە، بۆ نمونە:
- G. B. Kerferd: **The Sophistic movment**. p.٤٢- ٥٣
- Haastrup & Simonsen: **Sofistikken**, sid. ١٣- ١٥
– تیودور گمپرز: **متفکران یونان**، جلد ١: ١٣٤– ٢١٥
– وارنر یایە (یگر): **پایدایا**، جلد ١: ٦٨٣– ١٤٤

مەعریفە و پرسیارە فەلسەفی و ئەخلاقیەکاندا قوولبۆتەوە. تەنانەت وەك سەرچاوەکان دەڵێن، دانایی پرۆتاگۆراس لە ساڵی (٤٤٤ی پ. ز)دا گەیشتبووە ئاستێك، کە ئەسینایییەکان داوایان لێکرد تاکو بەتەنیا یاسای مەڵبەندی (تورۆی: Thuroi) دابنێت، کە مەڵبەندێك بوو لە خوارووی ئیتالیا، داگیریان کردبوو.

بەرهەمی هزریی پرۆتاگۆراس بە شێوەیەکی گشتی زارەکی بووە، بەڵام گوایە بەرهەمی نوسراویشی بڵاوکردۆتەوە. لە کۆتایی تەمەنیدا بەرهەمێکی بەناوی (***لەمەڕ خواکانەوە***) بڵاوکردۆتەوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لە ئەسینا دادگایی بکرێت و فەرمانی مەرگی بۆ دەربکرێ، بەڵام ئەو دەتوانێ ڕابکات و لە کەشتیدا بەرەو دوورگەی سیسیلیا دەمرێت.

**گۆرگیاس** (٤٨٥ بۆ ٤٠٠ی پ. ز). لە یەکێك لە مەڵبەندە کۆلۆنیکراوەکانی سیسیلیاوە بەناوی (Leontini) هاتبوو. سەراپای توانای خۆی لە هونەری ڕەوانبێژی، یان هونەری ئاخاوتندا خستەکار و بەهۆی ئاخاوتنەکانیشی لە ناوچەکانی سیسیلیا، ئۆلۆمپیا و مەڵبەندی ئەسینادا ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێناوە. زۆر خۆی بەهونەری (بەڵگەهێنانەوە) ماندوو کردووە و لە بواری مشتومالکردنی (پەخشانی هونەری)ی گریکیشدا، بە دەستپێشخەری یەکەم دادەنرێت. گۆرگیاس زۆربەی وتارەکانی خۆی نووسیوەتەوە و بەناو قوتابییەکانیدا بڵاویکردونەتەوە. دەگوترێ لە قوتابیانی ئەمبادۆکلیس بووە، بەڵام بیروڕای مامۆستایانی قوتابخانەی (ئیلیایی)ش کاریگەریی زۆریان تێکردووە. لە بواری تیۆریی مەعریفەدا گوتەیەکی هەیە تیایدا سێ



تیۆری گرنگیی بیروڕای خۆی خستۆتە ڕوو، کە تائێستاش ڕاڤەکردنی جیاواز هەڵدەگرن:

***(١) (هیچ بووێك ناتوانێ هەبێ،***

***(٢) ئەگەر شتێکیش بوونی هەبێ ئەوە لە توانای مرۆڤدا نییە شوناسی بکا،***

***(٣) ئەگەر شتێك هەبێت و بشتوانرێ شووناس بکرێ، ئەوە لە بەیانکردن نایەت***).

**پرۆدیکۆس**: لە دەوروبەری ساڵی ٤٦٠ پ. ز هاتۆتە دنیاوە و کاتێکیش لە ساڵی ٣٩٩پ. ز دا سوکرات بە مەرگ تاوانبار دەکرێت، ئەو هێشتا لە ژیاندا بووە. ناوبانگی پرۆدیکۆس بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی: یەکەمیان گرنگیدانی بە مەسەلەی بەکارهێنانی دروستی زمان و لەم بوارەشدا نوسینێکی بە ناوی (***لە بارەی دروستیی ناوەکانەوە***)، بڵاوکردۆتەوە، کە ئەفلاتوون لە گفتوگۆی ***پرۆتاگۆراس***دا گاڵتانی پێدەکات. هۆی دووەمییشیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنە توندەکانی لە هزری میتافیزیکی و دینی. ئەگەرچی پرۆدیکۆس کابرایەکی ڕەشبین و لە مەڵبەندێکەوە هاتووە، کە ڕادەی خۆکوشتن تیایدا لە هەموو مەڵبەندەکانی دیکەی یۆنان زیاتر بووە، بەڵام لە باسی مردن دا گوتویەتی:

**"مەرگ، نە کاری هەیە بەسەر زیندووەکانەوە و نە پەیوەندیشی بە مردووەکانەوە هەیە، چونکە تا ئەوکاتەی**

**"ئێمە زیندووین مەرگ بوونی نیە، هەرکە مردیشین ئیتر خودی خۆمان لە ئارادا نین"**[1]

**هیپیاس:** ئەم سۆفیستە لە ناوچەی ئیلیس هاتۆتە دنیاوە. ئەویش وەك پرۆدیکۆس لە کاتی مردنی سوکرات دا ٣٩٩ پ. ز، لە ژیاندا بووە. ناوبانگی هیپیاس دەگەڕێتەوە بۆ توانای لەبەرکردن و لەسەرهۆشبوونەکەی، تەنانەت دەگوترێ ئەوەندە لەسەرهۆش بووە، کە توانیویەتی بە یەکجار بیستن ناوی پەنجا کەس لەبەر بکات و بیانڵێتەوە. هیپیاس لە هەموو بوارەکانی وەك ئەستێرەناسی، ماتماتیك و بوارەکانی ئەدەبدا مامۆستایەکی لێهاتوو بووە و وەکو هەموو سۆفیستەکانی دیکەیش گەڕیدەیەکی چالاك بووە. یەکێك لە کارەکانی دەبێت ئەو پێشەکیە بوبێت، کە بۆ ئەنسکلۆپیدیایەکی ئایینیی نوسیوە، لەگەڵ بەرهەمێکدا بەناوی (***هونەری بەهێزکردنی بیرەوەری***). ئەفلاتوون دوو بەرهەمی خۆی بەناوی (***هیپیاسی گەورە و هیپیاسی بچووك***)ـەوە نووسیوە. یەکێ لەو گوتانەی بەناوی هیپیاسەوە ماوەتەوە ئەمەیە کە لە هەمان کاتدا بەڵگەیەکی جوانە لەسەر کرانەوەیی و سنگفراوانی ئەو:

**"بەشێکی ئەم قسانەی لە منیان دەبیستن هی (ئۆرفۆسن)، بەشێکی دیکەیان هی (موسایۆس)ن، هەندێکیان لە بەرهەمی شاعیران و هەندێکی دیکەیان لە بەرهەمی پەخشاننووسەکانەوە وەرگیراون. لە هەرکەسێ شتێکم**

[1] تیۆدۆر گمبریز: **متفکران یونان**. سەرچاوەی پێشوو، جلد ١، ل: ٤٤٦–٤٤٧



**وەرگرتووە، بەشێ لە یۆنانیەکان و بەشێ لە بێگانان، لە هەموو ئەمانەشەوە گرنگترین شتیانم هێناوە و ئەوانەیانم ڕێکخستوونەوە، کە پەیوەندییان پێکەوە هەبووە و ئەوەتا ئێستاش دەمەوێ لە بارەی جۆربەجۆرترین شتەکانەوە قسانتان بۆ بکەم".**

**ئەنتیفۆن**: وەك مەزەندە دەکرێ لە ساڵی ٤٧٠ی پ. ز لە دایك بووە و لە ساڵی (١١٤ پ. ز)یشدا مردووە. جگە لە کایەی هونەری ئاخاوتن، ئەنتیفۆن گرنگییەکی زۆری داوە بە کێشەکانی فیزیا، ئەستێرەناسی و دەروونناسی. لە بواری تەفسیری خەونیشدا خاوەنی پرنسیپی خۆی بووە. ئەنتیفۆن لە گوتەیەکیدا دەڵێت:

***"هەندێ کەس هەن، ژیانی خۆیان ناژین، بەڵکو بە وزەیەکی زۆرەوە خۆیان ئامادە دەکەن ژیانێکی دیکەی جیاواز لەوەکەی خۆیان بژین. هەربۆیەشە ژیانیان بێکەڵك تێپەڕ دەبێت".***

هەروەها لەمەڕ پەروەردەکردنەوە گوتویە:

**"ئەو تۆوەی دەیچێنین هەرچییەك بێت، بەرهەمەکەی وەك خۆی دەبێت. ئەگەر لە ڕۆحی گەنجێکیشدا تۆوی پەروەردەیەکی باش بچێنرێت، گوڵێکی ئەوتۆی لێ**

**دەردەچێت، کە ئاکۆتایی تەمەنی بە گەشاوەیی دەمێنێتەوە، نە باران و نە وشکەساڵی نایڕاکێنن"**[1]

**کریتیاس**: ڕەنگە تەنیا دووشت چارەنووسی کریتیاسی بە چارەنووسی سۆفیستەکانەوە بەستبێتەوە: یەکەمیان بریتیە لە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی خۆی بەرامبەر بە ئایین و دووەمیشیان بریتیە لە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی ئەفلاتوون بەرامبەر بە سۆفیستەکان!

**ترایسماخۆس**: بە هەموو مانایەك سۆفیستێکی نمونەیی بووە. لە کتێبی یەکەمی گفتوگۆی کۆمار دا، هاودەمی سوکراتە و وەك مامۆستایەکی لێهاتوویش لە بواری (شێوازناسی)دا ناسراوە. ئەمە جگە لەوەی بە پەیڕەوی لە گۆرگیاس، خۆی بە نوسینەوەی دەرسەکانیەوە ماندوو کردووە. ئەم سۆفیستە یەك گوتەی کورت، بەڵام زۆرگرنگی لە پاش جێماوە، کە تیایدا دەڵێت:

**"خواکان ئاگایان لە ئاکاری مرۆڤ نیە، چونکە ئەگەر ئاگایان لێیان دەبوو، خەمیان دەخوارد، کە بۆچی مرۆڤ یەکێك لە باشترین (تواناییەکانی)خۆی بەکار ناهێنێت، کە ئەویش توانایی دادوەری"**[2]

وەك بینیمان، قەڵەمڕەوی چالاکیی سۆفیستەکان جیاواز بووە و هەر یەکەیان لەگەڵ هەموو خەسڵەتە هاوبەشەکانیشی لەگەڵ ئەوانیتردا، هێشتا

[1] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken,** K/B: Akademisk Forlag ١٩٨٤, s. ٧٧
[2] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken**, Up cit. ١٩٨٤, s: ٧٠



تایبەتمەندی بیرکردنەوەی خۆی پاراستووە. ڕەنگە ئەمەش باشترین پاڵپشت بێت بۆ ئەو تێزەیان، کە تیایدا بەرگرییان لە جیاوازی و تاکبوونی مرۆڤ دەکرد. تیۆدۆر گۆمبریز، لەو وتارەدا کە وەرگێڕانە کوردیەکەی لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:

**"ئەگەر لێمان بپرسن سیمای هاوبەشی سۆفیستە جیاوازەکان چیبوو، وەڵام دەدەینەوە: تەنیا پیشەی مامۆستایی و هەلومەرجی سەرهەڵدانی ئەو پیشەیە، کە ئەویش ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەوکاتە بوو. سیمای لێکچوونیشیان ڕێك و ڕاست هەمان خەسڵەت بوو، کە ئەوانی دەبەست بە زۆربەی غەیرە سۆفیستەکانەوە: واتە بەشداریکردن لە ڕەوتە زەینی و هزرییەکانی سەردەمدا"**[1]

هەرچەندە ئەم جیاکردنەوەیەی گومپریز گەلێك ڕاستیی تێدایە، بەڵام لەوەدا، کە دەیەوێت دەلاقەیەك بۆ تێهەڵکێشکردنی سۆفیستەکان و (غەیرە سۆفیستەکان) ئاوەڵا بکات، بەهەڵەدا چووە، چونکە وەك هەندێك لە کۆمیدییەکانی ئەریستۆفانیس (واتە: ***هاوسفرەکان، هەورەکان***)، یاخود وەك گفتوگۆکانی ئەفلاتوون شایەتی دەدەن، خەسڵەتی (غەیرە سۆفیستەکان) نەك هەر ئەوانی نەدەبەست بە سۆفیستەکانەوە، بەڵکو لە بەردەمی پرۆژە هزرییەکەیشیاندا بەربەستێکی سەرەکی بوو، چونکە غەیرە سۆفیستەکان بەهۆی سوودوەرگرتنیان لە ئاستی ساویلکەیی خەڵکی عامە، بەئاسانی

[1] تیۆدۆر گمبریز: **متفکران یونان**. سەرچاوەی پێشوو ل: ٤٣٣

سووکایەتیان پێدەکردن و لە شوێنە گشتیەکانیشدا گاڵتەیان پێدەکردن. لـە ڕاستییشدا یەکێك لەو هۆیانەی وایکرد سۆفیستەکان بـەردەوام لـە بـەرەی کەمایەتیدا بمێننەوە و تازەگەرییەکەیان هەرگیز ئاستێکی بەربلاو بەخۆیەوە نەگرێت و هەمیشە لە بەرگریکردندا بن، ڕەنگـە ئامـادەیی ئـەو تەوژمـە تەقلیدی و دۆگماییەی نێو کۆمەڵگای یۆنانی بوبێت، کە بێگومان (غەیرە سۆفیستەکان)پێکیان هێنابوو.

لە پێناوی دواندنی بیروڕای سۆفیستەکان و بۆ ئاسانکردنی کاری خوێنـەر، لێرە بەدواوە ئەو دابەشکردنە دەهێڵمەوە، کە سۆفیستەکان دەکات بـە دوو نەوەی جیاوازەوە. ئەگەرچی دەکرا بـەهۆی بەرجەسـتەکردنی زیـاتری ئـەو پرنـسیپە سـەرەکیانەوە، کـە هـەموو سۆفیـستەکان لەسـەریان دەڕۆیـشتن سنوورەکانی ئەو دابەشکردنەی سەرەوە ڕەتبکرێن. گرنگ ئەوەیە خوێنەر لە یادی بێت، کە مەبەستی هەرە سەرەکیی من بریتیە لە بەرهەمهێنانـەوەی وێنەیەکی گشتیی شیاو لەسەر بیروڕاکانیان و دووبـارە بەرهەمهێنانـەوەی گرنگترین کێشە ڕەخنەیی و فەلسەفیەکانیان. ئەمەش بەبێ ئـەوەی نیـازم هەبێ چاو لە ناکۆکی و کەموکوڕیەکانیان بپۆشم، چونکە بەڕاستی ناکرێت چاو لە گەلێك خاڵی دژ بەیـەك و لـە ڕووی فەلـسەفیەوە لاواز، لـە بـیری سۆفیستەکاندا بپۆشرێت، کە کەم تازۆر لـە شـوێنی خۆیانـدا دەستنیـشان دەکرێن.

## • لۆگۆس و میتۆس

## یان

## (ئاوەز) و (ئەفسانە) لە فەلسەفەی دێرینی یۆنان دا[1]

**نووسینی: ئێرنست کاسیرر**

تیۆرەی ئەقلانیی لەمەڕ دەولەتەوە بۆ یەکەمین جار لە فەلسەفەی دێرینی یۆناندا سەریهەڵدا. لێرەشدا، هەروەك مەیدانەکانی تر، یۆنانیەکان لە بیرکردنەوەی ئەقلانیدا پێشڕەو بوون. توسیدیدس (یان توکیدید) یەکەمین کەسێ بوو ڕەخنەی لە وێناکردنی میتۆلۆژیانە بۆ مێژوو گرت. یەکێك لە ئامانجە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی ئەو بریتیبوو لە لەناوبردنی (بیروڕا ئەفسانەییەکان).

**"بەداخەوە نەبوونی ڕووداوی سەرنجڕاکێش لە مێژووەکەی مندا لە شیرینییەکەی کەمدەکاتەوە، بەڵام هەرکاتێ ببێتە جێگەی ڕەزامەندیی لێکۆڵەرەوانێك کە چاوەڕێی زانیاری دروست لە ڕابردوو دەکەن بۆ ئەوەی لە لێکدانەوەی داهاتوودا بەکاریان بهێنن، کە ئەگەر ڕێچکەی کاروبارەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی نەبێت، ئەوە بێگومان هاوشێوەیەتی، بۆ من بەسە. من ئەم مێژووەم لەبەرئەوە داناوە تا شایستەی سەردەم بێ، نەك نموونەیەك بێ بۆ ساتێکی تێپەڕیو"**[1]

[1] ئەم باسە بریتییە لە بەندی (٥)ی بەشی دووەمی کتێبەکەی ارنست کاسیرر: **افسانەء دولت**. ت: نجف دریابندری، انتشارات خوارزمی، تهران. ص ص: ٧١–٨٠



بەڵام تێگەیشتنی یۆنانیی بۆ مێژوو هەر بەتەنیا پشتی بە واقیعگەلێکی تازە نەبەستبوو و لەسەر تێڕوانینێکی دەروونشیکارانەی زۆر قووڵتر و سەرجەمگیرتر لە بارەی ڕابردووەوە بەند نەبوو. یۆنانییەکان میتۆدێکی نوێتریشیان داهێنابوو، کە بەهۆیەوە دەیانتوانی کێشەکان لە ڕووناکییەکی تەواو جیاوازدا ببینین. لە بواری سرووشتدا دەستیان بە یەکەمین دۆزینەوە مەزنەکانی خۆیان گەیشتبوو. ئەگەر ئەم هەنگاوەیان هەڵنەهێنابا نەیاندەتوانی لەگەڵ دەسەڵاتی هزری ئەفسانەییدا بکەونە زۆرانبازییەوە. تێگەیشتنی نوێ لە سرووشت بووە زەمینەیەك بۆ تێگەیشتنێکی نوێ لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤیش.

بەدەستهێنانی سەرکەوتن بە یەك دەستوەشاندن نەدەهاتە ئەنجام. لێرەشدا ئێمە ئەو میتۆدە لەسەرخۆ و بەردەوامە دەبینینەوە، کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی زەینی یۆنانی. وەك ئەوە وایە بیرمەندانی دانسقە هەموویان نەخشەیەکی دیاریکراویان لەبەردەمدایە و لەسەری دەڕۆن. یەك لە دوای یەك بەسەر بابەتەکاندا زاڵ دەبن، بەهێزترین پشتیوانەکان دەست لێنادەن تاکو قەڵای هزری ئەفسانەیی لە بناخەوە دادەڕمێ. لەم کارە هاوبەشەدا هەموو بیرمەندانی گەورە و قوتابخانە فەلسەفییە جۆربەجۆرەکان بەشدارن.

[1] Thucydides: **The Peloponnesian War**, Bk. ١ chap. Xxii, English trans, By Richard Crawley (Evreymans Library, New York, E. P. Dutton & co. ١٩١٠), p. ١٥

ئەریستۆ یەکەمین بیرمەندانی یۆنان، واتە بیرمەندانی قوتابخانەی مالّتایی، بە (*سرووشتناسەکانی کۆن*) ناو دەبات. سرووشت (فوزیس) تەنیا شتێکە سەرنجی ئەوان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ. تێگەیشتنی ئەوان لە سرووشت ڕێك بە پێچەوانەی لێکدانەوەی تێگەیشتنی ئەفسانەییە لە دیاردە سرووشتییەکان. ئەوە ڕاستە لە فەلسەفەی دێرینی یۆناندا سنووری نێوان ئەم دوو شێوەیەی بیرکردنەوە هێشتا ڕوون نەبوو و لە هەڵچوون و داچووندا بوو. تالیس دەڵێت (*هەموو شتێ پڕە لە خواکان*) و موگناتیس بووێکی زیندووە، چونکە دەتوانێ جووڵە بە ئاسن بخا. ئەمبادۆکلیس وەسفی سرووشت وەکو شەڕێکی گەورە لەنێوان دوو هێزی دژدا دەکا ـ هێزی میهرەبانی و هێزی شەڕـ. سەردەمێ بەهۆی میهرەبانییەوە هەموو شتەکان دەبن بەیەك، و سەردەمێکیش بە کۆششی شەڕ، هەرشتەی بەلایەکدا دەپەترێ. گومانی تێدا نیە ئەمانە وێناکردنی ئەفسانەیین. تەنانەت یەکێك لە مێژوونووسە بەرجەستەکانی فەلسەفەی یۆنان کتێبێکی نووسیوە و تیایدا هەوڵدەدا بیسەلمێنێ، کە فەلسەفەی سرووشتی لە یۆنان هەر لە سەرەتاوە بە ڕۆحییەتێکی عیرفانیەوە دەستیپێکردووە، نەك بە ڕۆحێکی زانستانەوە.

بەلام بەمجۆرە تەماشاکردنی مەسەلەکە گومڕامان دەکا. ڕاستە کە نەیاندەتوانی ڕەگەزە ئەفسانەییەکان بەیەکجار تووڕ هەڵدەن، بەلام ئەو مەیلە هزرییە نوێیەی بەردەوام لە گەشەسەندندا بوو و ڕۆژانە قورساییەکی بەدەستدەهێنا، کاریگەریی ئەو ڕەگەزانەی پووچدەکردەوە. هزرمەندانی قوتابخانەی مالّتایی (تالیس، ئەناکسیمەندەر، ئاناکسیمنس) لە (سەرەتا) و



(سەرچاوە)ی کاروبارەکانیان دەکۆڵییەوە. ئەمە ڕەوتێکی تازەی هزری نییە، ئەوەی بەڕاستیی تازەبوو بریتیبوو لە پێناسەی ئەم هزرمەندانە بۆ وشەی (سەرەتا) (ئاریخە= arche).

لەهەموو جیهانناسییە ئەفسانەییەکاندا سەرچاوە بەمانای بارودۆخێکی ئەزەلییە، کە پەیوەنداره بە ڕابردووی لەبیرکراوی ئەفسانەییەوە، کە ئێستا مەحوو بۆتەوە و دیار نەماوە و شتی دیکە جێگەیان گرتۆتەوە. بەلام یەکەمین فەیلەسووفانی سرووشت لە یۆناندا بەشێوەیەکی دیکە وشەی سەرەتا پێناسە دەکەن. ئەوان بەدوای ڕووداوێکدا ناگەڕێن بەڕێکەوت ڕوویدابێ، بەڵکو عەودالّی دۆزینەوەی هۆیەکی جەوهەرین. سەرەتای ڕووت دەستپێکردنی کاتێك نیە، بەڵکو (یەکەمین پرنسیپە)، چەمکێکی لۆژیکیە نەك مێژوویی. بە ڕای تالیس، جیهان نەك هەرتەنیا ئاو بوو، بەڵکو ئاویشە: ئاو ڕەگەزی دەسەڵاتمەند و هەمیشەیی هەموو شتێکە. شتەکان لە ڕەگەزی ئاو یان هەوا، واتە لەو شتەوە، کە ئەناکسیمەندەر بە (ئاپیرۆن= apeiron) ناوی دەبات سەریان هەڵداوە، بەلام نەك بەبێ حساب و لەسەر میزاج و بەئارەزووی هۆکارە میتافیزیکیەکان، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێکخراو و لەسەر یاسای گشتی. ئەم چەمکەی یاسای (نەگۆڕ و بەردەوام)ـە کە بە لای بیری ئەفسانەییەوە شتێکی تەواو نەناسراوە.

بەلام لە هەموو بارێکدا سرووشت تەنیا پەراوێزی دنیای ئەفسانەیە، نەك چەق و ناوەڕاستی. ئاراستەکردنی پەلامار بەرەو چەقی ئەم جیهانە ـ کارێکی تابڵێی چاوەنەترسانەتر و لەخۆبووردووییەکی زۆر زیاتری پێویست

بوو. ئەو دوو هێزە دژ بەیەکەی فەلسەفەی یۆنانییان پێکهێنا ـ فەلسەفەی (بوون) و فەلسەفەی (هەبوون) ـ لەم پەلامارەدا دەستیان خستە ناو دەستی یەکترەوە. هزرمەندانی قوتابخانەی ئیلیا(Elea لە خوارووی ئیتالیا) و (هیراکلیتۆس) زنجیرەیەك بەڵگەیان لە دژی خواوەندەکانی هۆمێر خستە کار. هیراکلیتۆس نەدەترسا لەوەی کە بڵێ دەبێت هۆمێر لە ڕیزی گەورەپیاوان بکرێتە دەرێ و بەقەمچی لێی بدرێ، چونکە بەسەرهاتی خواوەندەکانی بەهەڵە لێکداوەتەوە. فەیلەسووفەکان هەوڵیاندا لە پشت ئەو پەردانەوە، کە خەیاڵی شاعیران و ئەفسانەبێژان بەدەوری ماهیەتی یەزداندا چنیبوویانن، سیمای ڕاستەقینەی ئەو بدۆزنەوە. شاعیر و ئەفسانەبێژان لە بەرامبەر دڵە ڕاوکێی گشتیی خەڵکدا چۆکیان دەدا و خواکانیان بەشێوەی خۆیان دادەتاشی. گەزنەفۆن دەڵێ:

***حەبەشیەکان خواکانی خۆیان لووتپان و ڕەش دروستدەکەن،***
***خەڵکی (تراکیە) چاوی شین و مووی سوور دەبەخشنە***
***خواوەندەکانیان، ئەگەر مانگا و ئەسپ و شێرەکانیش***
***دەستیان هەبووبا و بیانتوانیبا بەدەستی خۆیان ڕەسم بکەن،***
***خواکانیان لەسەر شێوەی مانگا و ئەسپ و شێر دەنەخشاند.***

گەزنەفۆن بە دوو هۆ ئەم وێناسازییە ئەفسانەییانە ڕەتدەکاتەوە، یەکێکیان تیۆرییە و ئەویدیکەیان ئایینی. وەکو هزرمەندێکی تیۆریزان جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە زۆریی خواکان شتێکی بەخەیاڵدا نەهاتوو و ناکۆکە. ئەریستۆ لە بەشێکی کتێبی (میتافیزیك)دا گەزنەفۆنی بە (یەکەم



لایەنگری تاکخوایی) ناوبردووە. بەپێی پرنسیپی بنەڕەتیی قوتابخانەی ئیلیاییا، وشەی (بوون) و (یەکتایی) هەمان مانایان هەیە. ئەگەر خوا خاوەنی بوونێکی ڕاستەقینەبێ، دەبێت خاوەنی یەکتاییەکی تەواویش بێت. قسەکردن لەسەر چەندین خوا، کە لەگەڵ یەکدا لە ململانێ و شەڕ و مشتومڕدان لە ڕووی تیۆرییەوە وڕێنەیە و لە ڕوانگەی ئایینی و ئەخلاقیشەوە کفرە. هۆمێر و هزیوود ئەوەی لە نێو خەڵکدا نەنگ و ڕیسواییە داویانەتە پاڵ خواکانی خۆیان: دزی، زیناکردن و یەکتری فریودان. گەزنەفۆن ئامانجی بەرزی دینیی خۆی لەبەرامبەر ئەم خواوەندە ساختانەدا دادەنێت: واتە چەمکی خوایەك، کە بەدوورە لە هەر جۆرە سنووردارییەکی بیری ئەفسانەیی و خەڵکخوا (ئەنترۆپۆمۆرفیك). یەك خودا بوونی هەیە، کە ئەویش لە هەموو خواوەندەکان و کەسەکان گەورەترە و نە لە سیما و نە لە بیرکردنەوەدا هیچ لێکچوونێکی نییە لەگەڵ بووە فەناییەکانی تردا. هەمووشتێ دەبینێ، بیر لەهەموو شتێ دەکاتەوە، هەموو شتێ دەبیستێ و تەنیا بەهزری خۆی فەرمانداریی بەسەر هەموو شتێکدا دەکا.

بەڵام ئەو بیرکردنەوە نوێیانەی، کە قوتابخانەی ماڵتایی لەبارەی سرووشتی مادیی و هەروەها هیراکلیتۆس و قوتابخانەی ئیلیایی لەمەڕ ماهیەتی خواوە خستیاننە ڕوو، جگە لە هەنگاوەکانی یەکەم، چیتر نەبوون. گرانترین و زەحمەتترین کار هێشتا بەئەنجام نەگەیەنرابوو. هزری یۆنانی (فیزیۆلۆژی)یەك (واتە سرووشتناسی)یەکی نوێ و (تیۆلۆژی)یەك (واتە خواناسی)یەکی تازەی هێنابووە ئاراوە و لەم ڕێگەیەشەوە توانیبووی

لێکدانەوە بۆ سرووشت و وێناکردنی خوا لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕێ.. بەڵام تا ئەوکاتەی ئەفسانە پتەوترین قەڵای خۆی بەدەستەوە مابوو، هەموو ئەم سەرکەوتنانەی هزری ئەقڵانی لە مەترسیدا بوون. تا ئەوکاتەی دنیای مرۆڤ و هەستیاریی مرۆڤ لەمەڕ بوون و چارەنووسی خۆیەوە لەژێر فەرمانی ئەفسانەدا بوو، ئەفسانە شتێ نەبوو تێکبشکێنرێ.

لەم کێشەیەدا ئێمە ڕووبەڕووی مەتەڵێك دەبینەوە، کە لە کێشەی ڕەخنە لە خواوەندە هۆمێرییەکاندا ڕووبەڕووی بووینەوە. دەشیا کێشەکە بەهەمان جۆری ئەو هەوڵدانە هاوبەش و توندەی بیر چارەسەر بکرێ، کە دوو هێزی هزریی تەواو جیاواز و دژبەیەکی یەکخست. لێرەش، هەروەکو لە بوارەکانی تریشدا، یەکێتی بیری یۆنانی وەکو یەکێتییەکی دیالێکتیکی سەری هەڵدا. بە زمانی هیراکلیتۆس، ئەم یەکێتییە بەدیارکەوتنی توانا ناکۆکەکانە.

لە ڕەوتی پەرەسەندنی کەلتووری هزریی یۆناندا ڕەنگە نەتوانرێت هیچ ململانێیەکی توندوتیژتر و هیچ ناکۆکیەکی قووڵتر لەوەی لەنێوان بیری سۆفیستەکان و بیری سوکراتیدا هەیە، بدۆزرێتەوە.. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم ناکۆکیەشدا، سوکرات و سۆفیستەکان لەسەر یەك گریمانەی بنەڕەتیی لەگەڵ یەکدا گەیشتبوونە ئەنجام: ***هەردوولا بڕوایان هێنابوو، کە یەکەمین داواکاریی هەرجۆرە تیۆرییەکی فەلسەفی بریتیە لە تیۆرەیەکی ئەقڵانی لەبارەی ماهیەتی مرۆڤەوە.***

هەموو ئەو کێشانەی کە لە فەلسەفەی پێش سوکراتدا ببوونە شوێنی ڕامان، وەکو کێشەی پلەدوو و ڕیزپەڕ لە قەڵەم دران. لەوە دوا چیدی



مرۆڤیان هەر وەکو بەشێ لە سرووشت نەدەزانی، بەڵکو مرۆڤ کەوتە چەقی سرووشتەوە. پرۆتاگۆراس گوتی: **مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە**. ئەم ڕایەش بەمانایەك چ بۆ سوکرات و چ بۆ سۆفیستەکانیش ڕاستە. ***ئامانجی هاوبەشی هەردوو لایان ئەوە بوو سیمایەکی (مرۆڤانە) ببەخشنە فەلسەفە***.. جیهانناسی و بوونناسیی بکەن بە مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژی). ئەمانە هەرچەندە لە ئامانجدا یەکیان دەگرتەوە، بەڵام لە هۆکار و میتۆددا بەتەواوی لەگەڵ یەکدا ناکۆك بوون. لەلای سۆفیستەکان (مرۆڤ) بەمانای تاکەمرۆڤ بوو، ئەو مرۆڤە بەناو (گشتی)یە ـ مرۆڤی فەیلەسووفەکان ـ بەلای ئەوانەوە لە خەیاڵێ زیاتر نەبوو. نومایشە ڕەنگاوڕەنگەکانی ژیانی مرۆیی سیحری لە سۆفیستەکان کردبوو، بەتایبەتیش ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

لێرەدا بوو، کە دەبوایە ئەوان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و تواناکانی خۆیان بنوێنن. کاری خێرا، دەستنیشانکراو و پراکتیکیانە چاوەڕێی دەکردن. لەم کارانەدا، تیۆرەیەکی ئەقڵی، یان ئەخلاقی لەمەڕ مرۆڤەوە (بەمانا گشتییەکەی) هیچ دەردێکی دەوا نەدەکرد. سۆفیستەکان تیۆرەیەکی ئەوتۆیان زیاتر وەکو ڕێگرێ لە بەردەم کاری خۆیاندا دەبینی تا وەك یارمەتیدەرێك. ئەوان ئیشیان بە (چییەتی) ئینسان نەبوو، بەڵکو نغرۆی ناو کێشە پراکتیکیەکانی بوون. هەمە ڕەنگی و هەمە چەشنەیی ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی مرۆڤ بوو، یەکەمجار خولیای مەعریفیی ئەوانی بزواند. دەبوو ئەوان هەموو ئەو چالاکییە جۆربەجۆر و تەواو ئاڵۆزانە

ڕێکبخەن و سەرپەرشتییان بکەن، بەئاراستەی بیرکردنەوەی دەستنیشانکراوا بیانخەنە گەڕ و یاسای ئەخلاقیی دروستیان بۆ بدۆزنەوە. ئەوەی پێش هەرشتێ خەسڵەتی فەلسەفەی سۆفیستایی و هزری فەیلەسووفانی سۆفیست پێکدەهێنێ، چەندکارەبوونی سەرسووڕهێنەریانە. ***سۆفیستەکان ئامادەی هەر کارێ بوون، و هەر کێشەیەکیان بە ڕۆحییەتێکی تازەوە لێکدەدایەوە و هەموو ڕێگرەکانی بیری کۆن و دەمارگیریی باو و پەیمانە کۆمەڵایەتیەکانیان پشتگوێ دەخست.***

کێشەی سوکراتی و جیهانبینیی سوکراتیانە بەتەواوی لەمە جیاواز بوو. ئەفلاتوون لە بەشێکی گفتوگۆی (تەیتەتۆس)دا فەلسەفەی یۆنانی بە گۆڕەپانی جەنگێك دەچوێنێ، کە تیایدا دوو سوپای گەورە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و بەردەوام شەڕیانە. لە لایەکەوە لایەنگرانی (*فرەباوەڕ*) ئامادەن و لەولای تریشەوە لایەنگرانی (*تاکباوەڕ*)، لایەك ئەوانەی (ڕێدەکەن) و لەولای تر ئەوانەی هەوڵدەدەن، کە هەموو شتەکان و بیروڕاکان سەقامگیر بکەن. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاستبێ، لەمەڕ جێگەی سوکراتەوە لە هزر و کەلتووری یۆنانیدا ناکرێ هیچ گومانێك هەبێ. هەوڵی یەکەمین و بنەڕەتیی ئەو بە ئاراستەی سەقامگیرکردندا بوو. ئەویش وەکو گەزنەفۆن و سەرجەمی فەیلەسووفانی قوتابخانەی ئیلیایی لە لایەنگرە شێلگیرەکانی تاکباوەڕی، یان (یەکتایی) بوو. بەڵام ئەو هەر هزرڤانێکی لۆژیکی و دیالێکتیکی ڕووت نەبوو، یەکێتی (بوون) و یەکێتی سیستەمی بیرکردنەوە حەزی یەکەمین و بنەڕەتی ئەویان پێکنەدەهێنا. ئەو عەوداڵی یەکێتیی ئیرادەیە.



سۆفیستەکان وێڕای هەموو قابیلیەتەکانیان و پابەندییە جۆراوجۆرەکانیشیان ـ یاخود هەر لەبەر هۆی ئەم قابیلیەت و پابەندبوونانە ـ نەیاندەتوانی ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن. ئەوان بەردەوام لە پەراوێزدا دەبزوان، هەرگیز نەدەهاتنە ناو چەقی چییەتی مرۆڤ و ڕەفتاری مرۆڤانەوە. تەنانەت نەیاندەزانی، کە چەقێکی ئەوتۆ هەیە و دەشێیێت بەهۆی هزری فەلسەفییەوە بچینە ناویەوە. ئا لێرەدایە کێشەی سوکراتیانە دەستپێدەکا. بەگوتەی سوکرات، سۆفیستەکان تەنیا پارچەی بڵاوبڵاوی ماهیەتی مرۆڤیان دەبینی. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە بەرهەمی سۆفیستە بەناوبانگەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا کێشەگەلێکی کەم هەبوون باسیان نەکرابێ. گۆرگیاس، هیپیاس، پرۆدیکۆس و ئەنتیفۆن لەمەڕ جۆرەها کێشەی جیاوازەوە قسەیان کردبوو. لەمەڕ کێشەکانی ماتماتیك و زانستەوە، لەمەڕ ئابووری و مێژووەوە، زانستی بەیان و مۆسیقا، زمانناسی، ڕێزمان و ڕیشەناسییەوە بەرهەمیان نووسیبوو. سوکرات هەموو ئەم زانیاریە کامڵ و سەرتاپاگیرانە بەلاوە دەنێت و ڕەتیاندەکاتەوە. لە ئاست ئەم لقە جۆربەجۆرانەی مەعریفەدا دان بە نەزانیی تەواوی خۆیدا دەنێ. ئەو تەنیا یەك هونەر دەزانێ: هونەری شێوازبەخشین بە ڕۆحی مرۆڤ، هونەری کەوتنە گفتۆگۆ لەگەڵ کەسدا و ناچارکردنی ئەو، کە نازانێت ژیان چییە و مانای چییە، زەمینەخۆشکردن بۆئەوەی کەس ئامانجی ڕاستەقینە ببینێت، یارمەتیدانی ئەو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

دیاره نەزانیی سوکرات ئەنجامگیرییەکی بەتەواوی نێگەتیڤ نیە. بەپێچەوانەوە، ئەم ئەنجامگیرییە نوێنەری ئامانجێکی زۆر ڕەگداکوتاو و پۆزەتیڤە لە زانین و ڕەفتاری بەشەردا. ئەو شتەی، کە دەتوانین ناوی بنێین گومانکاریی سوکرات تەنیا ڕووپۆشێکە کە لە پشتیەوە سوکرات، بەخۆی و گاڵتەجارییە ناسراوەکەی خۆیەوە، ئامانجەکەی دەشارێتەوە. مەبەست لە گومانکاریی سوکرات وێرانکردنی جیاوازییە زۆر و هەمەڕەنگەکانی مەعریفەیەکە، کە تاقە مەسەلەیەکی گرنگ، واتە خۆناسینی مرۆڤ، تاریك و بێکاریگەر دەکات. هەوڵی سوکرات لە زەمینەی تیۆرییدا هەروەکو چۆن لە زەمینەی ئەخلاقیدا، تەنێ بە ئاراستەی ڕوونکردنەوەی مەسەلەکاندا نەبوو، بەڵکو ئاراستەی خەستکردنەوە و کەڵەکەکردنی مەسەلەکانیشی دەگرتەوە. سوکرات دەڵێ کۆکردنەوەی وشەی (زانین) و توانایی (توانایی= sophia، یان arete) کارێکی هەڵەیە و جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی، کە زانین و توانایی زۆرینە و هەمەڕەنگییان نییە.

سۆفیستەکان ڕایانگەیاندبوو، کە هێندەی چینەکانی خەڵك (توانایی و توانایی) هەیە. توانایی پیاوانمان هەیە و توانایی ژنان، توانایی گەنجان و توانایی بەساڵاچووان، توانایی پیاوانی ئازاد و توانایی کۆیلەکان. سوکرات هەموو ئەمانە ڕەتدەکاتەوە. دەڵێ ئەگەر ئەم قسەیە ڕاستبێ، چییەتی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە کێشەوە، ڕەنگاوڕەنگ و پەشێو دەبێ و دەپەترێ. چۆن دەکرێ شتێکی ئاوا پەرێشان و پەراگەندە بگاتە یەکێتییەکی واقیعی؟



سوکرات لە گفتوگۆیەکی ئەفلاتووندا بەناوی (***پرۆتاگۆراس***) دەپرسێ: ئایا تواناییش پارچە و بەشی خۆی هەیە، بەهەمان شێوەی، کە شتە مادییەکان پارچەی خۆیان هەیە ـ بۆنمونە دەم و لووت و چاو و گوێ، کە بەشەکانی ڕووخساری مرۆڤن؟ ئایا تاك دەتوانێ خاوەنی تواناییەك بێ ـ ئازایی، دادوەری، هاوسەنگی، یاخود پیرۆزیی ـ بەبێ ئەوەی خاوەنی (هەموو توانایی) بێت؟ زانین و توانایی بەش و پارچەیان نییە. ئەگەر پارچەپارچەیان بکەین، جەوهەرەکەیان لەناو دەبەین. پێویستە توانایی و زانین وەکو گشتێکی دابەش نەبوو شوناس بکەین و پێناسەیان بکەین.

جیاوازیی سەرەکی لەنێوان سوکرات و سۆفیستەکاندا لە تێگەیشتنی ئەواندا بۆ ئەفسانەش دەردەکەوێ. ئەگەر کاروبارەکان بەپێی نرخی ڕواڵەتییان بهێنینە پێشچاو، وادەردەکەوێ کە سەرەنجام لێرەدا لەنێوان بیری سوکراتی و سۆفیستاییدا هەڵقەی پەیوەندیمان دۆزیبێتەوە. ئەم دوانە هەرچەندێ لەگەڵ یەکدا ناکۆك بوون، بەڵام بۆ یەك کاری هاوبەش دەجەنگین: ***دەبوو هەردوو لایان ڕەخنە لە جیهانبینیی کۆنی ئایینی خەڵکی یۆنان بگرن و خاوێنی بکەنەوە***. لەگەڵ ئەوەشدا نەخشەی ئەوان بۆ ئەم جەنگە لەگەڵ یەکدا زۆر ناکۆك بوو. سۆفیستەکان میتۆدێکی نوێیان داهێنا، کە مژدەی ڕوونکردنەوەی (ئەقڵانیانە)ی بەسەرهاتە ئەفسانەییەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لەم زەمینەیەشدا جارێکی دی لێوەشاوەیی و گونجاویی هزری خۆیانیان پیشاندایەوە و لە هونەری نوێی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەفسانەدا بوونە مامۆستا. بەم هونەرەوە

دەیانتوانی هەر ئەفسانەیەك، هەرچەندێ سەرسووڕهێنەریش بوایە لە پڕێکا بکەنە (ڕاستی) ـ ڕاستییەکی مادیی یان مەعنەوی.. بەڵام سوکرات ئەم فێڵبازییە ڕەتدەکاتەوە و گاڵتەی پێدەکا. کێشەی ئەو جیاوازە و کارێکی زۆر شێلگیرترە. لە سەرەتای گفتوگۆی (فایدەرۆس)ی ئەفلاتووندا دەخوێنینەوە، کە سوکرات و فایدەرۆس بەدەم پیاسەوە دەگەنە شوێنێکی قەشەنگ لە کەنار ڕووباری (ئیلیسوس). فایدەرۆس لە سوکرات دەپرسێ ئایا ئێرە هەمان ئەو شوێنە نیە کە بەپێی ئەفسانە کۆنەکان (بووراس)، (ئەوریتا) دەدزێت و هەڵدێ، ئایا سوکرات ئەم بەسەرهاتە باوەڕ دەکا؟. سوکرات لە وەڵامدا دەڵێ، کاتێ منیش وەکو زانستگەراکان (سۆفیستەکان) شەرم ناکەم لەوەی ئەم بەسەرهاتە بڕوا نەکەم، دەتوانم بەئاسانی ڕوونکردنەوەیەکی زیرەکانەی لەسەر بدەم و بڵێم: بووراس، واتە بای باکوور، ئەوریتای، لە کاتێکدا لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خەریکی یارییکردن بووە، لەسەر بەردەکەوە فڕێداوەتە خوارێ و کاتێ ئەوریتا بەوجۆرە دەمرێ، خەڵك دەڵێن گوایە بووراس ئەوی ڕفاندووە:

**"بەڵام ئەی فایدەرۆس، بەتێگەیشتنی من ئەم ڕوونکردنەوانە بەگشتی جوانن، وەلێ دروستکراو و چنراوی مرۆڤێکی یەکجار بەهەوڵن، کە نابێت زۆریش بکەوینە داویەوە، هۆکەیشی ئەوەیە، کە پاش ئەم کێشەیە ئەو مرۆڤە دەبێت شێوەی (زیندەوەرە ئەفسانەییەکانی وەکو) (سەنتوورCentaures) و پاشان شێوەی (شیمرەکان Chimere)یش ڕوونبکاتەوە. لەم جۆرە بوونەوەرانە**



**زۆرن، کە یەخەی دەگرن: (گوورگون)ـەکان (سێ خوشکە خواوەندە چاو پیسەکە) و (پەگاکان Pegase) (ئەسپەباڵدارەکان)، و جۆرەها شێوەی پەیکەرە سەرسووڕهێنەرە نامۆکانی دیکە. ئەگەر کەسێ بڕوای بەمانە نەبێ و بیەوێ بە جۆرێ لە حیکمەتی گوندییانە هەر یەکەیان بەپێی گریمانە ڕوونبکاتەوە، ئەوە ئەم کەسە پێویستی بە فرسەتێکی زۆر هەیە، بەڵام من هەرگیز کاتی ئەم جۆرە شتانەم نیە و هۆکەیشی، هاوڕێکەم، ئەمەیە: من هێشتا نەمتوانیوە بە گوتەی پەرستگای (دلفی): خۆم بناسم، لەبەرئەوە گاڵتەجاڕییە، منێك، کە هێشتا خۆم ناناسم بکەومە لێکدانەوەی شتە بێ پەیوەندییەکان. هەر بۆیەشە من ئەم جۆرە بابەتانە وەلا دەخەم و بە قەبوولکردنی بڕوای باو لەسەریان، هەروەکو لە پێشاندا گوتم، لەم بابەتانە ناکۆڵمەوە. بەڵکو خەریکی خۆم دەبم، تابزانم ئایا هەیولایەکی ئاڵۆزتر و دڕندەترین لە (تیفۆن)، یاخود بوونێکی ئارامتر و سادەترم ، کە سرووشت بەشی یەزادنی و ئارامیی بەنسیب کردووم".**

ئەمە بوو میتۆدیی سوکرات بەوجۆرەی، کە گەورەترین قوتابیی ئەو (ئەفلاتوون) تێیگەیشتووە و ڕایگواستووە. ئێمە ناتوانین بەوە ئومێدەوار بین، کە بە گۆڕینی خۆویستانە و ڕاڤەکردنی بەسەرهاتە کۆنەکانی خواکان و پاڵەوانەکان، ئەفسانەکان (ئەقڵانی) بکەین. ئەم کارە کارێکی بێهوودە دەبێت. بۆ سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتی ئەفسانەدا، پێویستە دەسەڵاتی نوێ

و جێگیریی (خۆناسین) بهێنینە دەست. پێویـستە فێـر بـبین، کـە هـەموو ماهیەتی مرۆڤ نەك لەبەر ڕووناکایی ئەفسانەدا، بەڵکو لە بـەر ڕۆشـنایی ئەخلاقدا ببینین. دەشییێت ئەفسانە زۆر شت فێری مرۆڤ بکا، بەڵام بۆ تاکە مەسەلەیەك، کە بە گوتـەی سـوکرات، بەڕاسـتیی پەیوەنـدیی هەیـە بـە مرۆڤەوە، واتە مەسەلەی چـاکە و خراپـە، وەڵامێکـی پێنیـە. تـەنیا بـە (لۆگۆس)ی سوکراتیی، تەنیا بەهۆی میتـۆدی لێکۆڵینـەوەی خـودەوە کـە سوکرات پێشنیاری دەکا، دەکـرێ بـە چارەسـەری ئـەم کێـشە سـەرەکییە بگەین.

## ٣. مرۆڤ: یەکێ لە کێشەکانی خواوەند..

ئەگەر ڕەگەزی مرۆڤمان بەدروستکراوی خوایەك زانی، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئەبێ ئەو خواوەندە چۆن خواوەندێك بووبێت؟ چ خوایەك بوویەکی سەرقاڵکەری وەك مرۆڤی دروستکردووە؟ توانای پێبەخشیوە و چ نەخشەیەکی بۆ ئەم کارەی لەبەر دەستدا بووە؟! ئایا دەکرێت دوودڵی و لاوازی و ئاژاوەکانی ناو سەری ئەم مرۆڤە بەئاژاوە و لەق و لۆقبوونی بەرنامەی ئەو خواوەندە دابنێین؟ ئایا دەکرێت لە هەڵسوکەوت و تەنیاییەکانی ئەم دروستکراوەدا، ڕەفتار و تەنیایی دروستکەرەکەیان بدۆزینەوە؟

بەپێی ئەفسانەیەك، کە پرۆتاگۆراسی سۆفیست لەسەر چۆنێتی کردەی دروستکردنی گیانەوەرەکان، لەوانەش مرۆڤ، دەیگێڕێتەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە بەم جۆرەی خوارەوەیە: کاتێ ساتەوەختی خوڵقاندن وادەی دێت، ئەوە "خالقی گەورە فەرمان بەخواوەندەکان دەدات تا لە ئاگر و خاك و هەر شتێکی تر کەتێکەڵ بە ئاگر و خاك دەبێت، بکەونە دروستکردنی هەموو ڕەگەزێکی گیانداران... کاتێکیش خواکان ئەم فەرمانەیان بەجێگەیاند، داوایان لە ئیپیمیتیۆس Epimethus و پرۆمیسیۆس کرد، تا بەهاوکاریی یەکتر، توانا و خەسڵەت و قابیلیەت بەسەر دروستکراوەکانیاندا دابەش بکەن. کاتێ کارەکە گەیشتە ئێرە، ئیپیمیتیۆس وای لە پرۆمیسیۆس گەیاند، کە ئەو حەز دەکات بۆ خۆی (بەتەنیا) هەستێ بەم کارە و تواناو



قابیلیەتەکان ببەشێتەوە. پرۆمیسیۆس بەمە ڕازی بوو.. خۆی کشاندەوە و بەبڕوای تەواوەوە هاوڕێ خواوەندەکەی بەجێهێشت. ئەمجا ئیپیمیتیۆس کەوتە ئیش و بەهەر چوار لادا دەستیکرد بە بەشینەوەی هەرچی توانا و خەسڵەتێکە بەسەر گیاندارەکاندا. لە دواجاردا، تەنیا ڕەگەزی مرۆڤ مابوو، کە هیچ سیفەتێك و تواناییەکی بەرنەکەوتبوو. بەو جۆرەش، تا گەڕانەوەی پرۆمیسیۆس و بیرکردنەوەی لە چارەیەك، ئیپیمیتیۆس دەستەوەستان نەیدەزانی چی بکات!

ئایا ئەم (ئیپیمیتیۆس)ـە کێیە، کە ئاوا بەدەست ئەنجامی کاری خۆیەوە دۆش دادەمێنێت و دەستەوەستانە لە ئاست تەواوکردنی ئەرکەکەیدا؟

لە ئەفسانەکەی پرۆتاگۆراسدا، ئیپیمیتیۆس ناوە بۆ ئەو خواوەندەی، کە هەمیشە (لە دوای کردارەکانی خۆیەوە بیردەکاتەوە)! خواوەندێکی بێپلان و بەرنامەیە و بەر لەوەی حساباتی وردی ئەنجامی کردەوەکانی بکات، دەستبەکار دەبێ.. پەلە دەکات و بەوردی پلانێکی داڕێژراو بۆ خۆی دانانێت! بەمانایەکی تر، ئەم خواوەندە دەبێ خواوەندێکی گێژۆکە و نەزان بووبێت و لە پێشبینیکردنی داهاتووشدا: کۆڵ و پەککەوتە (***پرۆتاگۆراس***: ٣٢٠.B,E).

ڕەنگە یەکێك لەو ئەنجامانەی پرۆتاگۆراس دەیەوێت بەهۆی خوێندنەوەکەیەوە بۆ (ساتەوەختی خوڵقاندن)، پێمان بڵێ، ئەوەبێت، کە تێڕوانین لەسەر مرۆڤ و تێگەیشتن لێی لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕەگ و ڕیشەی ئاسمانیدا، هەوڵدان و تێڕوانینێکی بێ سەرەنجامە، چونکە ئەمە کارێکە

هێندەی بە سرووشتی خواوەندەکانمان دەگەیەنێ، هێندەش لە مرۆڤمان دوور دەخاتەوە. هێندەی بێبەرنامەیی و پەلەپەلیی ئیپیمیتیۆس دەناسین هێندە لە ماهییەتی مرۆڤ شارەزا نابین.. پێموایە هەر ئەم ئەنجامگیرییەش بێت، کە پێناسە و تێگەیشتنی سۆفیستەکان بۆ مرۆڤ، دەکاتە پێناسە و تێگەیشتنێکی دژە ئاسمانی و، لە دواجاردا وەك پرۆژەیەکی ڕیالیستانەی دنیایی خۆی دەخاتە ڕوو. لێرەشەوە، دیارترین پێناسە لەسەر بیروڕای سۆفیستەکان لە بارەی مرۆڤەوە، دەبێتە ئەو پێناسەیەی، مرۆڤ تیایدا وەك کەسێکی (***سەربەخۆی بێ سەرگەورە***) دەخرێتە ڕوو، کە توانای هەیە بەشێوەیەکی (سەربەخۆ)یانە جیهانی دەوروبەری خۆی بناسێت. هێندە هەیە دەبێت ئەم مرۆڤە ئیمکانیەتی بۆ برەخسێت تا تواناکانی خۆی گەشە پێبدات و بەهۆیانەوە لە چالاکیەکانی کۆمەڵگادا بەشدار بێت. واتە ببێتە (هاوولاتییەکی بەرپرسیار). ئەمە بناخەی بیروڕایەکی سەرەکیی سۆفیستەکانە لەسەر مرۆڤ..، نەك ئەو مرۆڤە گشتییەی فەیلەسوفەکانی دیکە لە پەیوەندیی لەگەڵ هێزێکی ڕەهادا باسیاندەکرد، بەڵکو مرۆڤ وەك تاکێکی سەربەخۆی خاوەن ئیرادە و هۆشمەندی لەسەر زەوی و لەناو واقیعێکی دیاریکراوی مێژووییدا.

ئەگەر لەبیرمان بێ ئێرنست کاسیرر لەبەشی پێشوودا نووسیبووی:

**"ئامانجی سۆفیستەکان ئەوەبوو ڕووخسارێکی ئینسانی ببەخشنە فەلسەفە .. لەلای سۆفیستەکان (مرۆڤ) بەمانای تاکە مرۆڤ بوو، ئەو مرۆڤە بەناو (گشتی)یە ـ مرۆڤی فەیلەسووفەکان ـ بەلای**



**ئەوانەوە لە خەیاڵێ زیاتر نەبوو. نومایشە ڕەنگاوڕەنگەکانی ژیانی بەشەری تەلیسمی لە سۆفیستەکان کردبوو.. ئەوان ئیشیان بە (ماهیەت)ی ئینسان نەبوو، بەڵکو نغرۆی ناو کێشە پراکتیکیەکانی بوون. هەمەڕەنگی و هەمەچەشنەیی ژیانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی مرۆڤ بوو کە یەکەمجار دوودڵیی مەعریفی ئەوانی بزواند"**[1]

بەلای سۆفیستەکانەوە ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤ بە هێزێکی باڵای ئاسمانییەوە نەبەستراوە، کە لە دەرەوەی جیهان بێت، هێزێکی میتافیزیکی، بەڵکو مرۆڤ پێش هەموو شتێك ڕەگ و ڕیشەیەکی دنیایی هەیە و هەر لەبەرئەوەش ئەو ڕەگە، ڕەگێکی ئینسانیە. ئێمە ناتوانین بزانین ئاخۆ هێزێکی بێگانە لە دەرەوەی جیهان بوونی هەیە یان نە؟! هەر بۆیەشە مرۆڤ ناچارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دنیادا، بڕوای بەخۆی هەبێت، چونکە تاکە دەسەڵاتێ لە جیهاندا دەستەڵاتی مرۆڤ خۆیەتی. لەبەر ئەم هۆیەشە دەتوانین بڵێین، دیدی سۆفیستەکان لەسەر مرۆڤ، دیدێکی ڕیالیستانەیە نەك ئایدیالیستانە. چونکە لە لای ئەوان مرۆڤ لەسەر دوو پایە وەستاوە: لە لایکەوە، بوویەکی سرووشتیە و خاوەنی هەموو ئەو توانا و ئیمکانیەتانەیە، کە سرووشت پێی بەخشیوە. لە لایەکی تریشەوە، مرۆڤ بوویەکی کەلتووریە. واتە توانای هەیە بە ئەقڵ خۆی یاسا و نۆرمە پێویستەکانی

[1] ارنست کاسیرر: **افسانهء دولت**. ت: نجف دریابندری، تهران: انتشارات خوارزمی، ص: ٧٥-٧٦

ژیانی خۆی دابمەزرێنێت و پێویستی بە هێزێکی دەرەکی نەبێت بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئینسانی خۆی لەسەر زەوی.

بەپێی هەمان ئەو ئەفسانەیەی، کە پرۆتاگۆراس دەیگێڕێتەوە و پێشتر هێمام بۆکرد، ئێمەی مرۆڤ خاوەنی سروشتێکی بایۆلۆژیین، کە ناتوانین دەستکاریی بکەین و گۆڕانی بەسەردا بهێنین، بەڵام **"هەمووشمان خاوەنی هەستی دادوەری و تەبایی کۆمەڵایەتیشین"** (*پرۆتاگۆراس:D۳۲۲*). بەهۆی ئەو هەستانەوە، ژیانی خۆمان بەپێی ئەو یاسایانە ڕێکدەخەین، کە پێمان وایە لە خزمەتماندان و باشترین یاسان بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی کۆمەڵایەتییمان. بەڵام دەکرێت ئەو نۆرم و یاسایانە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕانکاریان بەسەردا بهێنرێت و هەمیشە بەو جۆرە ڕێکبخرێنەوە، کە بەباشترین شێوە سوودمان پێدەبەخشن[1]. ئەوەی وا دەکات ئێمە گەشە بکەین و شارەزایی پتر لە ئەزموونەکانمانەوە بۆ باشکردنی گوزەرانی ژیانمان پەیدا بکەین، بریتیە لە هەبوونی قابیلیەتێکی سرووشتی و توانایەکی ناوەکی، کە پێی دەگوترێ توانایی، یان(aret ئاریتە).

- **توانایی**

توانایی وەك پرۆتاگۆراس دەڵێت: ***توانابییەکە هەموو کەسێ خاوەنیەتی و بەشی تیا هەیە*** (پرۆتاگۆراس:d۲۲۳). مافێکە لە لایەن سرووشتەوە

[1] ورنر يگر (وارنەر يايە): **پايديا**. III، ت: محمد حسن لطفى، تهران: خوارزمى، ١٩٩٧ ل: ٤٠٩



بەخشراوە و گشت مرۆڤایەتییش تیایدا بەشدارە. ڕەنگە سۆفیستێکی وەکو (هیپپیاس)ی هۆشمەند بە جوانترین شێوە ئەو مەبەستەی لە گوتەیەکیدا دەربڕی بێت، کە دەڵێت:

**"هەموومان سەر بەیەك ڕەگەزین و بەپێی پلانی سرووشت خۆی، هاوولاتی یەك مەملەکەتین"، (*پرۆتاگۆراس:۳۳۷b*).**

یەکێك لە خەسڵەتەکانی توانایی ئەوەیە، ئیمکان دەداتە مرۆڤ تا گوزەرانی ژیانی خۆی چاك بکات. ئەمەش بەوەی پرسیاری ڕەخنەگرانە لە ئاست هەلومەرجە هەنووکەییەکاندا بەرز بکاتەوە و لە بەرامبەر بارودۆخە سەپاوەکاندا بێدەنگ نەبێت. بەهۆی تواناییەوەیە، کە دەتوانین لە دەربڕینی مەبەستەکانماندا بۆ هاوولاتیانی تر، سەلمێنەر و شوێن متمانە بین. بەڵام لە هەمان کاتدا، توانایی ئیمکانیەتێکیشە، وادەکات مرۆڤ وەك بوویەکی چاکەخواز خاوەنی خودی خۆی بێت، بوویەك: لە ڕێگەی هەڵسوکەوتە نیەتمەندەکانیەوە مانای ڕاست و سوودبەخش بۆ ژیان بەرهەم دەهێنێ. کەواتە توانایی سەرمایەیەکە، یان خەسڵەتێکی سوودمەندە و بەشێکی پێکهێنەر و جیانەکراوەیە لە چۆنایەتی ئەو کردەوە و مامەڵانەی لە بەرامبەر یەکتردا پێیان هەڵدەستین و بەرەو ژیانێکی ئاسوودە و باشمان دەبەن، یاخود دەبێت ببەن.

لێرەیشەوە توانایی وەك ئەنجامی (زانین و هۆشمەندی) تاکە مرۆڤ لێکدەدرایەوە، زانینیش نرخی خۆی لە گەشەپێدانی توانایی و سەربەخۆکردنی تاکەکاندا بەدەست دەهێنا:

**"بۆ یەکەمجار سۆفیستەکان بوون ڕەواجیان دایە ئەو بیروڕایەی کە دەیگوت، پێویستە توانایی لەسەر بنەمای زانین و هۆشمەندییەوە گەشەی پێبدرێت"[١] .**

دەتوانین بڵێین، توانایی بریتیە لەو ***هۆشمەندیەی، یان سەرمایە مەعریفییەی تاکەکەس، کە وادەکات بە شێوەیەکی ئەوتۆ هەڵسوکەوت بکا، بەجۆرێ، کە ئەنجامی هەڵسوکەوتەکانی بچنە خزمەتی مەبەستی ژیانی هاوبەشیی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا***. لە سێبەری ئەم ڕۆحی ژیاندۆستی و بڕوابوون بەم سەرمایە تاکەکەسیەشدایە، بیروڕا مرۆڤدۆستییەکەی پرۆتاگۆراس سەرهەڵدەدات. پرۆتاگۆراس توانیویە بیروڕای خۆی و سەرجەمی سۆفیستەکانی تریش لەسەر مرۆڤ، لە یەك ڕستەی بەناوبانگدا دابڕێژێت، کە دەشێت بە ڕادیکاڵترین بیری مرۆڤدۆستی لە مێژووی هزری بەشەریدا، دابنرێت. پرۆتاگۆراس دەڵێت:

**"مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، پێوەری هەبوونی ئەو شتانەی کە هەن و چۆن بوونیان هەیە، هەروەها پێوەری نەبوونی ئەو شتانەیش، کە نین و چۆن نین"[٢]**

[١] ورنر یگر (وارنەر یایە): **پایدیا**. III، ت: محمد حسن لطفی، تهران: انتشارات خوارزمی، ١٩٩٧، ص: ٣٩٠

[٢] ئەم گوتەیە لە گفتوگۆی تەیتەتۆس: a٢٥١ وەرگیراوە. چەندین وەرگێڕانی جۆربەجۆر لەبەردەستان. من ئەم وەرگێڕانەم لە:
P. Rohde: ***Den greske kul turs historie***, ٤, s. ١٥٢ وەرگرتووە.



لەسەر ئەم وتەیەی پرۆتاگۆراس چەندین لێکدانەوەی جۆربەجۆر لەبەر دەستماندان. ڕەنگە هۆی ئەوەش، وێڕای پڕمانایی وتەکە سەبارەت بە پێشزەمینە فەلسەفیەکەی خۆی، تاریکیی مانای چەمکی(مرۆڤ) بێت. ئایا ئەم وشەیە بە مانای تاکەمرۆڤ هاتووە، یان بە مانای مرۆڤایەتی؟ سوکراتی ئەفلاتوون لە زمان پرۆتاگۆراس خۆیەوە دەڵێت:

**"هەرشتێ بەو جۆرەی دێتە پێش چاوی من، بەو جۆرە ئەو شتە بۆ من بوونی هەیە، هەروەها بەو جۆرەش، کە دێتە پێش چاوی تۆ، بە هەمان جۆریش بۆ تۆ بوونی هەیە" (تەیتەتۆس:١٥٢a).**

لێرەشدا بە ئاشکرا دیارە ئەفلاتوون لێکدانەوەیەکی تاکگەرایانە بۆ وتەکەی پرۆتاگۆراس هەڵدەبژێرێ، واتە ماناکەی لە چوارچێوەیەی زانین و هۆشمەندیی تاکە مرۆڤدا لێکدەداتەوە. بە پێی ئەم لێکدانەوەیەش بێت، دەکرێت ئاوا لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەین: هەر *تاکەکەسێ حەقیقەتی ڕاستەقینەی خۆی هەیە و خاڵێکی هاوبەش نیە تا مرۆڤەکان لە دەوری کۆببنەوە*. بوونی هەر شتێ بۆ هەر تاکەکەسێك، بریتیە لە حەقیقەتی ئەو شتە لای ئەو کەسە و بەس. مانایەکی دیکەمان کاتێ دێتە دەست، کە وشەی (مرۆڤ) بە مانای (***مرۆڤایەتی***) لێکبدەینەوە. یەکێکیش لەو بەڵگانەی ئەو بۆچوونە پتەو دەکەن ئەوەیە پرۆتاگۆراس لە گوتەکەیدا ویستویە (پێوەرێك) بدۆزێتەوە، کە شایانی بەراوردکردن بە (هەموو شتێك) بێت. ئەو گوتویە (***مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە***)، واتە ڕەگەزی مرۆڤی لە بەرامبەر هەموو شتەکانی دیکە

داناوە، نەك تاكەكەسێك. بەڵام بە تێگەیشتنێكی سادەتر دەتوانین بڵێین، دەشییێت مانای ڕستەكە بەم جۆرەش بێت: هەر كەسێ خاوەنی حەقیقەتی خۆیەتی، بەبێ ئەوەی هیچ حەقیقەتێك تاكە حەقیقەتی ڕاستەقینە و نموونەیی بێت. چونكە وەك هیپپیاسی سۆفیست گوتویە، **پێویستە بەهۆی گفتوگۆوە لە خاڵێكی (هاوبەش)دا یەكبگرینەوە"** *(پرۆتاگۆراس: d٣٣٧)*.

واتە هەرچەندێ وەك تاكەكەس خاوەنی ڕاستیی خۆمان بین، هێشتا دەبێ لەوە تێبگەین، كە خاوەنی (تاكە ڕاستی) نین. هەندێك لە توێژەران پێیانوایە لێرەدا خاڵێكی نوێ سەرهەڵدەدات و زیرەكانە دەنووسن:

> **بۆ گەیشتن لە ڕوانگەی تاكەكەسییەوە بە ڕوانگەی بەكۆمەڵی، جگە لە بیروڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆ هیچ ڕێگایەكی دی لە ئارادا نییە"**[1]

بەلای هیگڵەوە، ئەم تێزەی پرۆتاگۆراس هەڵگری ئەركێكی مێژوویییە لەو كاتەوە كە خود، یان سۆبژە بە ئازادی خۆی دەگات و **"بیركردنەوەی ئازاد دەبێتە چالاكیەكی ناو هۆشمەندی، تێزێكە سۆبژێكت تێكەڵ بە فەلسەفە دەكات و شوێنێ دەداتە بیركردنەوە بۆئەوەی بوونی خۆی تیا تەحقیق بكات"**[2] ئەمەش بەمانای ئەوە نیە، كە سۆبژێكت، یان تاك لە دنیای ژوورە خۆپەرستانەكەی خۆیدا دەرگا لەسەر خۆی دادەخات. چونكە هەروەك

[1] بابك أحمدی: **كتاب تردید**، نشر مركز، تهران: (١٩٩٥)، ص: ١١٧–١١٨

[2] G. W. Hegel: **Forlesninger over historiens filosofi**, K/B: Gyldendal ١٩٩٧, p: ٢٠٨

هەروەها بڕوانە:

- Olsen: **Platons apfattelse af sproget**, Op cit. s: ١٤



ئەحمەدی لە زمان هیگڵەوە دەڵێ، ***بەلای سۆفیستەكانەوە بەرژەوەندیەكانی تاك لە هەمان كاتیشدا بەرژەوەندیی ئەو ژینگە هاوبەشەیشە، كە ئەوی تیا دەژی***[1].

بەواتایەكی تر، ئەوەی بۆ تاك بەسوودە، بۆ كۆمەڵیش سوود بەخشە. هەڵبەت لێرەدا نابێت لە چەمكی (هاوبەش)، تەنیا وەك هاوبەشیی نێوان ئەندامانی كۆمەڵێكی ئەتنیكی و هاوڕەگەز و خوێن تێبگەین، بەڵكو لێرەدا مەبەست لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتیە بە مانا فراوانەكەی ئەم وشەیە. بەڵگەی ئەم پێناسەیەش لەلای سۆفیستێكی دیكە دەدۆزینەوە، كە گەرەكیە لە پێناوی درێژەدان بە نەریتی مرۆڤدۆستانەی پرۆتاگۆراس و سۆفیستەكانی دیكەی هاوڕێیدا، ڕێگای بیركردنەوەیەكی كۆسمۆپۆلیتی خۆش بكات. بەپێی ئەو جۆرە بیركردنەوەیەش، چەمكی مرۆڤ لەودیوی تێگەیشتنی سنووردارانەی چەمكە ئەتنیكیەكانەوە، بیری لێكراوەتەوە. ئەنتیفۆن دەڵێت:

> **"ئێمە چ یۆنانی بین، یان بەربەری (غەیرە یۆنانی)، گشتمان بەیەكسانی لە لایەن سرووشتەوە تەییار كراوین. هەموو لە دەسەڵاتماندا هەیە پێویستیە سرووشتیەكان بەدەست بهێنین، چ یۆنانیەكان و چ غەیرە یۆنانیەكان، چونكە هەموومان بەدەم و كەپوو هەناسە وەردەگرین و هەمووشمان بە دەست نان دەخۆین"**[2]

[1] بابك أحمدی: **كتاب تردید**، سەرچاوەی پێشووتر، (١٩٩٥)، ص: ١١٧

[2] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken**, K/B: Akademisk Forlag ١٩٨٤, p: ٨٢.

ئەم گوتەیە لەگەڵ سادەییەکەشیدا، هەر بەتەنیا سەرەڕۆییەکی سۆفیستانە نیە، بەڵکو وەك پاشان دەردەکەوێت، مەزنترین شۆڕشی هزریی لە خۆیدا هەڵگرتووە. چونکە، کاتێ ئەنتیفۆن باسی بەدەستهێنانی پێویستیە سرووشتیەکان دەکات، لەو بڕوایەوە قسان دەکات، کە فەزیلەت و توانایی خەسڵەتی هاوبەشی ڕەگەزی گشت مرۆڤە، نەك گرووپێك لە مرۆڤەکان، کە لە ساتێك لە ساتەکانی مێژوودا دەسەڵاتیان دەکەوێتە دەست.

بەڵام ئەگەر توانایی خەسڵەتێکی هاوبەشە و لە لایەن سرووشتەوە بە مرۆڤ بەخشراوە و ئەگەر بە هۆی تواناییەکەمانەوەیە دەتوانین لە هەڵسوکەوت و ئاخاوتنماندا سەلمێنەر بین و بە مانای خۆمانەوە ڕووبەڕووی جیهان ببینەوە، دەشێت بپرسین: ئایا چی لەمەدا ڕێگیریمان لێدەکات؟ ئەو هەلومەرجە پێویستانە چین، کە یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆئەوەی توانایی خۆی گەشە پێبدات؟ یاخود کامە عەرد و پانتاییە کە مرۆڤ کەسێتیی خۆی لەسەر تەحبەدەست دەهێنێ؟

- **کۆمەڵگا:**

کاتێ کتێبەکانی مێژووی فەلسەفە دەخوێنینەوە، بەسەر هەندێ ناووناتۆرەدا دەکەوین، کە گوایە نیازیان ئەوەیە ڕاستییەکانمان لەسەر جەوهەری گوتاری سۆفیستەکان پێبڵێن، بەڵام کاتێ وردتر تەماشایان

- Karsten F. Johansen: **Den europeiske filosofis historie**, bd I **antikken**, K/B: Nyt Nordisk forlag Arnold Busk ١٩٩١, p: ١٤٩.



دەکەین، ئەنجامی نائومێدکەرمان دێتە دەست. لەناو ئەو چەمکانەشدا بەزوویی چاومان بە وشەگەلێك دەکەوێت، کە هەموویان بەناوەڕۆکێکی نێگەتیڤ بارگاوی کراون: تاکگەرایی ((Individualisme))، خۆپەرستی (Egoisme)، پووچگەرایی، عەدەمیەت (Nihilisme)، یاخود نیسبیگەرایی ڕەها (Relatavisme).

ئەم چەمکانە هەر بە تەنیا وشەگەلێك نین بۆمان ڕووندەکەنەوە سۆفیستەکان (*چۆن بیریان دەکردەوە*)، بەڵکو لەوەدا کە هەوڵدانن بۆ ناولێنانی سۆفیستەکان، ئەوە بڕیاریش دەدەن ئێمە (*چۆن و بە چ شێوەیەك لە بیروڕایان تێبگەین*)، یاخود ناڕاستەوخۆ ڕێنوێنیمان دەکەن لە چ دەلاقەیەکەوە تەماشایان بکەین. هەر لەبەر ئەم خاڵەیەشە، کە ئەو چەمکانەم بە ناووناتۆرە ناو بردن.

یەکێك لە نموونە بەرجەستەکان و بگرە لە نموونە زۆر بەربڵاوەکانیش (بەتایبەتی لە کاری بەشێکی زۆر لە مێژوونووسە ئەسکەندناڤیەکاندا)، بریتیە لە لێکدانەوەی گوتەکەی پرۆتاگۆراس (***مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە***)، بە دەربڕی (***ڕێژەگەراییەکی بێهەڵوێست***)، کە یان بە مەعریفەیەکی چەوسێنەرانەمان دەگەیەنێت، یاخود لەناو پووچگەراییدا نغرۆمان دەکات[1]

[1] Peter Thielst: **Man bor tvivle om alt og tro pa meget**. s. ٥٣, ٥٥.

بێجگە لەوەی ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە بەباشی مەرجەکانی تێگەیشتنی ئەفلاتوونیی لەمەڕ سۆفیستەکانەوە تێدایە و بگرە دووبارەیش بەرهەمیان دەهێنێتەوە، (بەتایبەتی ئەو ڕاڤەکردنەی ئەفلاتوون لە گفتوگۆی ***تەیتەتۆس***دا بۆ وتەکەی پرۆتاگۆراسی دەکات و بە وتەیەکی تاکڕەوانەی لە قەڵەم دەدات، ئەوا هێشتاکە ئەم جۆرە ڕاڤەکارییە ناتوانێت وەڵامی پرسیارێکی گرنگ بداتەوە، کە ناوەڕۆکەکەی چەندین جار لە لایەن ئەفلاتوون خۆیەوە دانی پیانراوە. بەڵام با جاری بۆ ماوەیەك ئەم لێکدانەوەیە قەبووڵ بکەین و لە وتەکەی پرۆتاگۆراس بەوجۆرە تێبگەین، کە ئەفلاتوون و پێڕەوکەرە هاوچەرخەکانی لێکی دەدەنەوە. با وەك سوکراتی ئەفلاتوون دەڵێت، ئێمەش مەبەستی سۆفیستەکان لەوەدا کۆبکەینەوە، کە تەنیا هەر چاویان لە تاکەکەس بوو، تەنیا حەقیقەتی تاکەکەسیان بە پێوەری هەموو شتێ دەزانی و بەمەش دەرگای ڕێگا چارەسەری هاوبەشیان کلۆم دەدا. ئەمجا ئەمەش بەبێ هەڵوێستیی سۆفیستەکان لە ئاست کۆمەڵدا لێکبدەینەوە.. بەڵام ئەی چ بکەین لەو ڕاستیەی پێمان دەڵێت، کە سۆفیستەکان پێش هەموو شتێ گەڕیدەبوون و ئەمشارەوشاریان دەکرد؟ هەر ئەفلاتوون بۆخۆی چەندین جار دانی بەوەدا ناوە، کە چۆن سۆفیستەکان وزەیەکی زۆریان تەرخاندەکرد تا بە دەوڵەتشارەکانی یۆناندا بگەڕێن و بیروڕاکانیان بۆ خەڵکی باس بکەن؟ یان وەك بابەك ئەحمەدی دەڵێت: **ئەگەر ئەوان بڕیاری تاکڕەوانەی خۆیان دابوو، بۆچی دەگەڕان تا لەناو خەڵکدا بئاخڤن و لە هەوڵی سازدانی ژینگەی هاوبەشدا بوون بۆ گفتوگۆی**



**هەمەلایەنی؟**[1] ئایا هەر تەنیا بوونی ئەوان لە گۆڕەپانەکانی دەوڵەتشار، نیشانەی ئەوە نەبوو، کە ڕێزیان بۆ گفتوگۆی زیندوو دادەنا و ئامادەیی بەرامبەرەکانیان بەجیدی دەگرت؟

دەشیێت وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە لە چەندین ڕوانگەوە بدرێنەوە، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، وەڵامەکان هەرچییەك بن، هێشتا ناتوانین لەو ڕاستیە دەرباز بین، کە پێمان دەڵێت: سۆفیستەکانیش لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش و لەناو مرۆڤەکانی تردا دەژیان و ئاگاداری نەریت و ئاستەکانی پەیوەندیکردنی خەڵك لەگەڵ یەکتر و لە کۆمەڵگاشدا بوون. هێندە هەیە ئەوان پاسیڤ و کوێرانە ملکەچ نەبوون لە ئاست یاسا و نەریتە چەسپاوەکاندا.. مەرجیان هەبوو بۆ چۆنێتی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگا و داخوازییان هەبوو لەسەر ئەوەی دەبێت کۆمەڵگا چۆن ئیمکانیەت بۆ تاکەکەس برەخسێنێ تا قابیلیەت و تواناو بەهرەکانی خۆی گەشە پێبدات. ئەمەش بەمانای ئەوەیە، بڕوای سۆفیستەکان بە مافەکانی تاك و، گرنگیدانیان بە ڕوانگە و مانا و مەبەستەکانی تاك، بۆ ئەوە نەبوو ڕێگایەك بۆ خۆدزینەوەی تاکەکەس بدۆزنەوە. یان هەلی بخەنە بەردەم بۆئەوەی تەنیا خەریکی گوزەراندنی ژیانی خۆپەرستانەی خۆی بێت. بەڵکو بەرگریی ئەوان لە تاکەکەس سەرچاوەیەکی قوڵتری هەبوو: *جۆرێ بوو لە بەرگریکردن لەو بەها و نرخانەی، کە پێویستن بۆئەوەی مرۆڤ لە لایەکەوە، هەست بکات ژیانێکی بەهادار و پڕمانا دەژی* (چونکە دەتوانێت تێگەیشتنی سەربەخۆی

[1] بابك أحمدی: **کتاب تردید**، مرکز، سەرچاوەی پێشووتر، (۱۹۹۵)، ص: ۱۲۸

*لەسەر واقیعی دەوروبەر هەبێت) و، لە لایەکی تریشەوە: لەبەرئەوەی، کە ئەوان باوەڕیان وابوو دەشێت تێگەیشتنی سەربەخۆیانەی تاکەکان ببێتە تێگەیشتنی گشتیی ئەندامانی کۆمەڵگا لەناو خۆیاندا (ئەمەش بەو هۆیەوە، کە دەیانتوانی سەربەستانە قسانیان لە بارەوە بکەن و لە میانەی گفتوگۆدا بیانسەلمێنن).*

بەمانایەکی دیکە، بەرگریکردنی سۆفیستەکان لە تاکبوونی تاك، لە هەمان کاتدا سنوور دانانێکیش بوو بۆ هەموو ئەو یاسا و نەریتانەی تاکەکەسیان لەناو خۆیاندا دەتواندەوە و مافی قسەکردنیان لێ زەوت دەکرد. (وارنەر یگر) کە شارەزایەکی ئەڵمانیە لە هزری یۆنانییدا و کتێبە سێ بەرگیەکەی (پایدایا) یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان، لەمبارەیەوە دەڵێت:

**"سۆفیستەکان مرۆڤیان وەك (بوویەکی تەنیا و کۆنکرێتی (ئەبستراکت) تەماشا نەدەکرد، بەڵکو وەك کەسێك دەیانبینی کە ئەندامی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی هاوبەشە. بەم جۆرەش لە نێوان تاکەکەس و جیهانی نرخ و بەهاکاندا پەیوەندیەکی نەپساویان دروست دەکرد."[1]**

بەم مانایەش دەکرێ بڵێین، سەرجەمی بەرنامەی سۆفیستەکان بۆ ئەوە بوو لە ڕێگەی دەرسەکانیان و شێوازی گفتوگۆکانیانەوە پردێك لە نێوان خەونەکانی تاك و نرخە کۆمەڵایەتیەکاندا دروست بکەن. هەروەك دەشزانین

[1] ورنر یگر (وارنەر یایە): **پایدیا**. III، ت: محمد حسن لطفی، تهران: خوارزمی ۱۹۹۷، جلد ۱، ص: ۳۹٤



نرخە کۆمەڵاتیەکان بەلای ئەوانەوە شتێکی نەگۆڕ و پیرۆز نەبوون، بەڵکو داهێنراوی ئەقڵی مرۆڤ خۆی بوون و لە هەموو کاتێکدا بۆیان هەبوو لابرێن و هی دیکەیان لە جێگە دابنرێت.

لە ئاستەنگی ئەم پەیوەندیەوەیە، کە تێدەگەین بۆچی سۆفیستەکان بەرگریان لە دیموکراسییەت دەکرد؟ بۆچی هێندەش ڕێزیان بۆ بەرنامە پەروەردەییەکەی خۆیان دادەنا و شەڕیان لەسەر دەکرد؟ خاڵی بڕیاردەر بۆ گەشەسەندنی توانایی مرۆڤ، بەلای ئەوانەوە لەوەدا بوو، کە جەخت بکەنەوە لەسەر بە پایەدارمانەوەی کۆمەڵگا لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیانەدا، ئەمەش بۆ ئەوەی تاکەکەس بتوانێت لەو چوارچێوەیەدا بەشێوەیەکی دروست خۆی پەروەردە بکات. واتە گەشە بە لایەنە ئینسانییە باش و توانا داهێنەرەکانی خۆی بدات و، بتوانێت مەبەست و نیەتپاکیی خۆی لە بەرامبەر دەوروبەرەکەیدا ئاشکرا بکات. ئا لێرەدایە، کە نرخی کۆمەڵگا لە لای سۆفیستەکان چەندین جار دەبێتە شوێن بایەخ و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە لانکی بیروڕا ئەخلاقیەکانیشیان.

بەڵام بەرلەوەی لە بیروڕا ئەخلاقیەکانیان بدوێم، بەباشی دەزانم جارێکی دیکە کەمێ لەسەر گرنگیی چەمکی توانایی بوەستم و زیاتر ڕوونی بکەمەوە، کە بۆچی سۆفیستەکان لە بەرنامەی دەرسەکانیاندا هێندە گرنگییان بەم چەمکە دەدا. بۆ ئەمەش وا چاکە لە پرسیارێکەوە دەستپێبکەین:

## • ئایا توانایی شتێکە فێری دەبین؟

ئامانجی سۆفیستەکان ئەوەبوو، هەم تاکەکەس پەروەردە بکەن تا بتوانێت مشووری خۆی و خواستەکانی خۆی بخوات و، هەم بشتوانێت مەبەستەکانی خۆی لەگەڵ ئامانجی شتێکی گەورەتریشدا تێهەڵکێش بکات، واتە ئامانجی کۆمەڵگا. ئەم ئامانجەی سۆفیستەکان هەر تەنیا هاندەرێکی پەروەردەیی لە پشتەوە نەبوو، واتە هەر تەنیا بۆ *پیادەکردنی پرنسیپێکی پەروەردەیی ڕووت نەبوو، بەڵکو هاندەرە سەرەکیەکەی بریتیبوو لە پیادەکردنی بۆچوون و پرنسیپێکی سیاسی.* بەلای ئەوانەوە مافی (بوون بەهاوولاتی) بە پلەی یەکەم، مافی بەشداریکردنی هاوولاتی بوو لە کاروباری سیاسیی کۆمەڵگادا. بەشداریکردنی دیار و کاریگەربەخش، نەك لە دوورەوە و بێ شوێن پەنجە جێهێشتن لەسەر ئەوکێشانەی لە بونیادە کۆمەلایەتیەکاندا ئامادەبوون. تاکەکەس دەیتوانی لە ڕێگەی تواناییەکەیەوە ببێتە هاوولاتیەکی هووشیار و بەهۆی بەکارهێنانی ئەقلانیەتەکەیشیەوە بەشداری لە ڕاپەڕاندنی کاروباری سیاسەت و ئیدارەکردندا بکات. لێرەشەوە سۆفیستەکان ناچاربوون لە چوارچێوەی بەرنامەکەیاندا پێناسەیەکی ڕوون بۆ چەمکی توانایی دابڕێژن، کە ئەو پێناسەیەش لە دارشتنە پرۆتاگۆراسیەکەیدا بەم جۆرە بوو:

**"توانایی ئەو زانینەیە، کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی ورد لە کاروباری تایبەتیی (تاکەکەس) و دیققەتدان لە کاروباری گشتی و فەرمانداریدا، بەدەست دێت. واتە جەوهەری توانایی وەلامدانەوەی**



**ئەو پرسیارەیە، کە دەڵێت: چۆن مرۆڤ بەباشترین شێوە بتوانێت ببێتە خاوەنماڵی خۆی و ئیدارەی بکات و، چۆنیش بتوانێت بەرپرسیاری (بە قسە و کردار)، لە ئاست شار و دەوڵەتدا، بگرێتە ئەستۆی خۆی؟"** (*پرۆتاگۆراس: بەندی ٣١٨*).

بەمانایەکی تر، مەبەست ئەوەیە چۆن ژیانی تایبەتی و ژیانی هاوبەش لە پەیوەندیەکی دیالیکتیکیانەدا، بەئاستێکی تەبایی بگەن. ئەوەش بەجۆرێك، نە بەرژەوەندیەکانی تاك ببنە هۆی شێواندنی گوزەرانی سەرجەمی کۆمەڵگا، نە یاساکانی کۆمەڵگاش ببنە هۆی نائارامی و تەسککردنەوەی بواری چالاکیی ئەندامەکانی ناوی. خاڵی هەرە سەرەکی ئەوەیە چۆن ببینە کەسانێکی خاوەن مەبەست و مانا لەسەر ژیان و لە هەمان کاتیشدا ئاگاداری ئەوە بین، ئەو مانا و مەبەستە تایبەتیانە تەنیا ئەو کاتە دەتوانن بەسوودبن، کە مرۆڤ بتوانێت بەشێوەیەکی سەلمێنەرانە بۆ خەڵکانی تریان ڕوونبکاتەوە و ڕەوایەتیان بداتێ، چونکە لە هەناوی وتەکەی پرۆتاگۆراسدا کە دەڵێت (چۆن مرۆڤ دەتوانێت ببێتە خاوەنماڵی خۆی)، لایەنێکی شاراوەش هەیە کە دەڵێت: ***هۆشیاری و ئەقڵی مرۆڤ خۆی ئەو پرنسیپ و بونیادانە دادەهێنێت، کە بۆ کۆمەڵگاکەی دەگونجێن و پایەی ماڵەکەی ڕادەگرن***[1]، ئەمەش لەبەرئەوەی بوون بە خاوەنماڵ، هاوشانیشە بە سەرەتای بەکارهێنانی وشیاریی مرۆڤ لەمەڕ گوزەرانی خۆیەوە.

[1] Karsten F. Johansen: **Den europeiske filosofis historie**, bd I **antikken**, K/B: Nyt Nordisk forlag Arnold Busk ١٩٩١, p: ١٣٩.

بەکورتیەکەی: توانایی، هونەری ژیانە لە ئاستێکی بەهادار و بەنرخدا. ***هونەرێکی هاوبەشە، کە دەبێت هەموو هاوولاتیانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، وەك یەك مافی بەشداربوونیان لە گەشەپێدان و بەکارهێنانیدا پێبدرێت*** (***پرۆتاگۆراس: ٤٢٣***). هەر لەبەر ئامادەبوونی یەکسانانەی ئەم توانایەشە، کە هەموو کەسێك بۆی هەیە گەشە بەتوانایی خۆی بدات و پتر فێری بەکارهێنانەکەی ببێت. واتە لە سیاسەت و بڕیارداندا لێهاتوویی خۆی بخاتە کار. بەڵام ئەو مەرجە چیە کە وادەکات هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایەك بتوانن بە یەکسانی لە ڕووی سیاسیەوە (واتە لە ڕووی ئیدارەکردنی کۆمەڵگا و ژیانی تایبەتیەوە)، لێهاتوویی خۆیان بنوێنن؟ یان دەتوانین بپرسین: ئەو ژینگەیە کامەیە، کە وادەکات مرۆڤ فێری بەکارهێنانی ئەو توانایە ببێت، کە سرووشت پێی بەخشیوە؟

### • ئازادی و توانایی سیاسی:

سۆفیستەکان تیۆرەیەکی سەربەخۆیان لە بارەی ئازادییەوە نەخستۆتە ڕوو، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە، کە بەردەوام جەختیان لەسەر دیموکراسیەت دەکرد و بەرگریی پڕ گڕوتینی خۆیان بۆ نرخە دیموکراسیەکان پیشان دەدا، دەشێت بەهێمنی بگوترێ: هۆی نەبوونی تیۆرییەك لای ئەوان لەسەر ئازادی، ناگەڕێتەوە بۆ فەرامۆشکردنی ئەم چەمکە، چونکە سەرجەمی بزوتنەوە ڕۆشنبیرییە سەربەخۆکەی ئەوان لەسەر بڕوایەکی بەڵگەنەویست بە ئازادی، دروست ببوو. بڕوایەکی ئەوتۆ، کە هەم لە ژیانی تایبەتی و هەم لە بیرکردنەوەیاندا بەجۆرێ ڕەنگی دابۆوە، ئیدی پێویستی بە لێکدانەوەیەکی



تایبەت نەدەکرد. زۆر کەمن ئەو بزوتنەوە تازەگەرانەی ناو هزری بەشەرییەت، کە ئازادییان وەك درووشمێکی سەرەکی خۆیان بەرز نەکردبێتەوە. سەبارەت بە سۆفیستەکان دەکرێ بڵێین، ئەم درووشمە ببووە ناچارییەکی هزری و پەروەردەیی بەڵگەنەویست. ناچارییەك، هەم وەکو پشتیوانیکەر و پەرەپێدەری توانایی و فەزیلەتی تاکەکەس خۆی ئاشکرا دەکرد، هەم وەکو گەشەپێدەری مەبەستەکانی دەوڵەت و نیازە خاوێنەکانی کۆمەڵگاش دەردەکەوت. ئا لێرەشدا پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوان دوو بابەت دا دەردەکەوێت: لە لایەکەوە، پەیوەندی ئازادی بە بیروڕای کۆمەڵایەتی سۆفیستەکانەوە، واتە ئەو کۆمەڵگایەی بەپێی ئەو یاسا و نۆرمانە دەچێت بەڕێوە، کە تاکەکانی هەمان کۆمەڵگا لەسەر خواستی ئازادانەی خۆیان دایانمەزراندوون. لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی هەیە بەو ڕەخنەیەی سۆفیستەکان ئاراستەی (ئایین)یان دەکرد و بە ئاشکرا ئەوەیان ڕەتدەکردەوە، کە مرۆڤ خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی یاسا ئاسمانیەکانەوە.

بەمانایەکی ڕوونتر: لە لای سۆفیستەکان ئازادی ئەو ناچارییەیە، کە دەبێت هەبێت بۆ ئەوەی تاکەکەسەکان بتوانن لەسەر خواستی خۆیان یاسای کۆمەڵگاکەیان دابمەزرێنن. هەروەها ئەو ناچارییەشە، کە مرۆڤ لە یاسا ئاسمانی و هێزە دەرەکیەکان ڕزگار دەکات. لێرەدا تەنیا بەم ئاماژەکردنە کۆتایی بە ڕەخنەی سۆفیستەکان لە ئایین دەهێنم و لە بەشی داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەری. بەڵام با ئێستا بزانین ئازادی چ ڕۆڵێکی هەیە لە

بەشداریکردنی سیاسیانەی هاووڵاتیان و لە گەشەکردنی (توانایی سیاسی)یاندا.

کاتێك سۆفیستەکان دەڵێن (***توانایی سیاسی شتێکە مرۆڤ دەتوانێ فێری ببێت و گەشەی پێبدات***)، مەبەستێکی گرنگ لەو گوتەیەدا خۆی شاردۆتەوە. ئەو مەبەستەش هەر تەنیا لە بەردەم تێڕوانینی ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گرنگ نییە، بەڵکو بەلای هاووڵاتیانی ئەو دەمەی ناو دەوڵەتشاری یۆنانیشەوە هەر گرنگ بوو، چونکە بەرگریکردن لە مافی چالاکبوونی سیاسیی تاکەکەس، جگە لەوەی تابۆیەکی ترسناك بوو بۆ قسە لەسەرکردن، (سۆفیستەکانیش باکیان لەو ترسە نەبوو)، لە هەمان کاتیشدا ئەو قسەکردنە هەوڵدانێکی فەلسەفی بوو بۆ خۆڕزگارکردن لە شێوازێکی زۆر کۆنی دەسەڵات.. ئەمەش خاڵێکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی مێژوویی زیاتر هەیە.

پرۆفیسۆر هۆڵگا یۆهانسن لە کتێبە بەنرخەکەیدا: (***گوتەی مرۆڤی ئازاد:١٩٤٨***)، بەشێوەیەکی کورت و پوختە تیشك دەخاتە سەر ئەو کێشەیە و دەڵێت:

**"لە سەرجەمی دنیای یۆنانیدا، تاساڵی ٤٠٠ی (پ. ز) سەروەریی سیاسی شتێ بوو لەناو بنەماڵە خانەدانەکاندا بە میرات بۆ ئەندامەکانیان دەمایەوە، ئەمانەش کەسانێ بوون، کە توانایی**



**سیاسییان لە ڕوانگەی خەڵکی سادەوە بە توندی بەسترابوو بە پێگەی بنەماڵەیی و پلەی کۆمەڵایەتییانەوە"**[1]

بەمانایەکی دیکە، توانایی سیاسی شتێ بوو تەنیا لەو کەسانە چاوڕێ دەکرا، کە خاوەنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بوون و بەم جۆرەش دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگا شتێ بوو لەژێر کۆنترۆڵی وەچە لە دوای وەچەی بنەماڵە بەناوبانگەکاندا بە میرات دەمایەوە. ئەم نەریتەش لە جیهانی یۆناندا ئەوەندە ڕەگ داکوتاو بوو، کە مرۆڤی سادە هەرگیز بە خەیاڵیشیدا نەدەهات بیر لە بەشداریکردن لە کاری سیاسی و ئیدارەکردنی کۆمەڵگا، بکاتەوە. تەنانەت ڕەنگە دابەشکردنی ئەفلاتوون بۆ خەڵکی ناو کۆمارەکەی بەسەر (*خزمەتکارەکان، سەربازەکان و سەردارەکان*)دا، لە بنەمادا جەختکردنەوەیەك بێت بۆ پاراستنی هەمان تێگەیشتن لە دەسەڵات.

بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو پێناسەیەی سۆفیستەکان بۆ توانایی کردیان، ڕوونیش بۆوە، ئەوەی بڕیاری دەدا تاکەکەسەکان لە ئیدارەکردن و سیاسەتدا بەشداری بکەن، پەیوەندیی بە ناوبانگی بنەماڵە و میراتەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیی بە زیرەکی و پلەی توانایی و تواناکانی تاکە مرۆڤەوە هەیە.

[1] Holger F. Johansen: **Fri mands tale**, K/B: Centrum ١٩٩٧, s: ١٩٤

هەروەها بڕوانە:

- ورنر یگر (وارنەر یایە): **پایدیا**. III، ت: محمد حسن لطفی، تهران: خوارزمی ١٩٩٧، جلد ١، ص: ٣٨٧-٣٨٨

دیاره ئەم لێکدانەوەیەش بۆمبایەك بوو، لەژێر بینای ئەو (لەخۆتێگەیشتن)ەی چینی دەسەڵاتداردا تەقیەوە، کە هەمان چین بەدرێژایی سەدەکان لەسەر خۆی دروستی کردبوو. سەیر نیە مەبەستی سۆفیستەکان لە وتارە بەناوبانگەکەی (شاپریکلیس)یشدا ڕەنگی داوەتەوە. وتارێ، کە بە (*وتاری سەرگۆڕستان*) بەناوبانگە و، دەبێت پریکلیس لە سەر گۆڕی ئەو شەهیدانە دابێتی، کە لە شەڕی نێوان ئێرانی و یۆنانیەکاندا کوژرا بوون.

پریکلیس، وەك سەردارێکی سیاسیی واقیعی، کە زیرەکی و جورئەتی ئەوەی هەبوو خۆی بخاتە بەر تەوژمی کاریگەریی ڕۆشنبیرانی سەردەمەکەی خۆی، بەپێچەوانەی زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆوە، مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی بەجۆرێك ڕووندەکاتەوە، کە شایانی ئەوەیە لە ڕۆژگاری ئێستاشدا بە وردبینییەوە گوێی بۆ بگرین، بەتایبەتی کە لەلای ئێمە هەمیشە ڕۆشنبیریی لەو شوێنەدا کۆتایی پێدێت کە سیاسەت دەستپێدەکات و مەیدانی سیاسی دەبێتە مەیدانێ بۆ ڕاکردن لە ڕۆشنبیریی. پریکلیس لەو وتارەیدا، لەبەرامبەر هاوڵاتیانی ئەسینادا، دەڵێت:

**"شێوەی دەوڵەتی ئێمە لاساییکردنەوەی شێوەی یاسای دەوڵەتانی هاوسێمان نیە، هەرگیز. شێوازی دەوڵەتی ئێمە بۆ خۆی نمونەیەکە لە بەردەم هاوسێکانماندا، زیاتر لەوەی ئەوان بۆ ئێمە سەرمەشق بن. دەوڵەتی ئێمە دەوڵەتێکی دیموکراسیە، چونکە دەسەڵات هەرتەنیا لە لای دەستەیەکی هەڵبژاردە چڕ نەبۆتەوە، بەڵکو لە**



**دەستی زۆربەدایە. یاساکانی ئێمە لە مەسەلەی دادوەری دا بە یەکچاو سەیری هەمووان دەکەن، بەڵام خافڵیش نابین لە ئاست مافێکدا، کە بەهۆی توانا و ماندووبوونەوە بەدەست هێنرابێت. کاتێ هاووڵاتییەك لێوەشاوەیی خۆی بەدیار دەخات، پاداشتی دەدرێتەوە. ئەمەش نەك لەبەرئەوەی ماف و ئیمتیازێکی زیاتری پێبدرێ، بەڵکو شایستەییەکەی وا دەکات دەوڵەت ئەرکی بدات بەسەر شاندا و، لەمەشدا هەرگیز هەژاریی ئەو کەسە نابێتە ڕێگر. ئازادیەکەشمان تا دێ پتر بەسەر ژیانی ئاساییدا سێبەر دەکات: ئێمە گومانمان لە یەکتر نییە و ئەگەر هاوسێکەمان بیەوێت بە ڕێگای خۆیدا بڕوات، لۆمەی ناکەین. بەڵام ئەم ئازادییە هانمان نادات بۆ شکاندنی یاسا، چونکە ئێمە فێرکراوین ڕێز لە داوەر و یاساکان بگرین و هەرگیز لە یادمان نەچێت، کە دەبێت پشتیوانی لە چەوسێنراوە و ئازاردراوەکان بکەین. هەروەها فێریش کراوین ئاگاداری ئەو یاسا نەنووسراوانەش بین، کە تەنیا ڕەچاوکردنیان دەریدەخات جەماوەر چۆن لە حەق تێدەگەن"**[١]

---

[١] Mogens H. Hansen: **Kilder til demokratiet i Athen**, Denmark, Kopenhagen: ١٩٩٦, s: ٧٩-٨٠

هەروەها بڕوانە:

- کارل پوپر: **جامعه باز و دشمنان ان** IIII. ت: عزت الله فولادوند، تهران: خوارزمی ١٣٤٦(١٩٨٥)، ص: ٣٩٨

ئەگەر ئەم بەشەی گوتارەکەی پریکلیس بەجۆرێ لە بەرنامەی ***سیاسەتی ناوخۆی*** دەوڵەتشار لە قەڵەم بدەین، یاخود بە ئاگایی مەعریفەی دیموکراسیانە لەسەر دیموکراسیەت خۆی، لێکی بدەینەوە، ئەوە لە بەشی دواتردا جەخت لەسەر سیاسەتێك دەکرێتەوە، کە پەیوەندیی دەوڵەتشار و دنیای دەرەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات. وەك ئەوەی شاپریکلیس بیەوێت ئاستێکی کۆنکرێتی بەقسەکانی بدات و دیموکراسیەتیش وەك ڕووبەرێکی هاوبەش پیشان بدات، کە جیهانی دەرەوە و ناوەوە، بێگانە و خۆ، تیایدا دەتوانن بەیەك بگەن:

**"بەهۆی قەبارەی دەوڵەتشارەکەمانەوە، دەبینین لە هەر چوارلاوە خەڵك ڕووی تێدەکەن و کەلوپەلی گشت وڵاتانمان بۆ دەهێننە ئێرە. بەو جۆرەش ئێمە چێژێکی زۆر لە بەرهەمی خەڵکانی تر وەردەگرین، چونکە بەرهەمی ئەوانیش هیچی لەوە کەمتر نیە، کە بۆ خۆمان لە ناوەوە بەرهەمی دەهێنین.. ئێمە هەرگیز بێگانان وەدەر نانێین، جوانیمان خۆشدەوێت بەبێ ئەوەی خۆمان بدەینە دەست وەهم، هەوڵدەدەین کار لە ئەقڵ و بیرکردنەوەماندا بکەین، ئەمەش نابێتە هۆی سستبوونی ئیرادەمان. لای ئێمە نەنگی نیە دان بە هەژاریماندا بنێین، نەنگی ئەوەیە هیچ کەس بۆ ڕزگاربوون لە هەژاری هەوڵێك نەدات.. هاووڵاتیەکی ئەسینایی لە هەمان کاتدا بە کاروبارە تایبەتیەکانی خۆیەوە سەرگەرم دەبێت، خافڵیش نابێت لە فەرمانەکانی دەوڵەت، لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەو کەسەی**



**هیچ مەیلێکی بەلای نیشتیمانەکەیدا نەبێت، بێ ئازار نییە، بەڵکو بێ سوودە. ئەگەرچی بۆی هەیە تەنیا ژمارەیەکی کەم بینە داهێنەری سیاسەتێك، بەڵام هەموومان دەتوانین لە بارەیەوە داوەریی بکەین. ئێمە گفتوگۆ و پرس و ڕا وەك ڕێگرێك لە بەردەم کاری سیاسیدا تەماشا ناکەین، بەڵکو وەك پێشەکییەکی پێویست و کارێکی ئاقڵانە حسابی بۆ دەکەین"**[١]

بۆیە ئاوا بەدوور و درێژی چەند بەشێکی وتارەکەی پریکلیسم نووسییەوە، تا پیشانی بدەم هەمان ڕۆحی مرۆڤدۆستیی سۆفیستەکان چۆن لە ئەقڵی سیاسەتمەدارێکیشدا ڕەنگیداوەتەوە. بەڵام سیاسەتمەدارێکی کراوە لە ئاست لێکدانەوەی هزربییدا، نموونەی کارێك کە لە دنیای ئێمەدا دەگمەنە.. بۆ ئەوەش زۆر لە مەبەستە سەرەکیەکەمان دوور نەکەومەوە، کە مەسەلەی بەشداریکردنی تاکەکەسە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و کاری سیاسیدا (وەك ئەوەی سۆفیستەکان دەیانویست)، دەبێت چەند ڕوونکردنەوەیەکی ترمان لە بەردەستدا بێت تاکو بتوانین جارێکی دیکە بچینەوە سەرباسی توانایی.

لە دیموکراسیەتی یۆنانی دێریندا، ئازادی شتێ نەبوو تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ ئینسانی یۆنانیدا بیری لێکرابێتەوە، بەڵکو شتێ بوو لە پەیوەندیی لەگەڵ خودی مرۆڤدا، بەمانا فراوانەکەی ئەم وشەیە بیری لێکرابۆوە. ئازادیی دیموکراسی ئازادیەك بوو، نەك هەر تەنیا شوێنی مرۆڤی ناو

[١] Mogens H. Hansen: **Kilder til demokratiet i Athen**, Up cit. ١٩٩٦, s: ٨١

هەروەها: - کارل پوپر: **جامعه باز و دشمنان ان** IIII، پێشوو، خوارزمی ١٣٤٦(١٩٨٥)، ص: ٣٩٩

دەوڵەتشاری تیا دەبۆوە، بەڵکو شوێنی خەڵکانی بێگانە و سەر بە مەملەکەتانی تریشی تێدا دەبۆوە. دیموکریتۆس گوتبوی: "***هەر کەسێك بۆ خۆی جیهانێکی بچکۆلەیە.. بناخەی تواناییش زیاتر لە هەر شتێکی دی، بریتیە لە ڕێزدانان بۆ خەڵکانی تر***". هەر وەك مێژوونووس و فەیلەسووف، (کاستن فریس یۆهانسن)یش دەڵێت، وتارەکەی پریکلیس ئاماژە بۆ کۆمەڵگایەکی کراوە دەکات، کە تیایدا **"هەمووکەس مافی هەیە لە بەکارهێنانی ئیمکانیەتە هاوبەشەکاندا و دەرگاکانی دەوڵەتشار بەبێ هیچ گومانکردنێ بەڕووی بێگانەکاندا ئاوەڵا دەکرێن"**[١].

لە ڕاستیشدا، سیاسەتی دەوڵەتشار لەو سەردەمەدا، کە بە قۆناغی ڕۆشنگەریی یۆنانی ناوبراوە، یان وەك پۆپەر دەڵێت: قۆناغی ***نەوەی مەزن***، پێش هەمووشتێك سیاسەتێك بوو بۆ ئامادەکردنی تاك و بەجیدیی گرتنی تواناکانی وەك توانای بکەرێکی پشت بەخۆبەستوو. لە واقیعیشدا، دەوڵەتشار دەیویست ئەندامەکانی بە ڕۆحێکی (***فرە ڕەهەند و کراوە پەروەردە بکات***) و هەستی بڕوا بەخۆبوونیان تێدا بچەسپێنێ. کارڵ پۆپەر لە نرخاندنی گوتارەکەی پریکلیس شادا دەڵێت، ئەو قسانە:

> **"قسەی پیاوێکی دیموکراسین، کە بە باشی تێدەگات دیموکراسیەت هەر تەنیا بە پرنسیپێکی (یان درووشمێکی) بێمانای وەك (*پێویستە جەماوەر حوکم بکەن*) تەواو نابێت،**

[١] Karsten F. Johansen: **Den europeiske filosofis historie**, bd I **antikken**, Denmark, Copenahagen: Nyt Nordisk forlag Arnold Busk ١٩٩١, p: ١١٣.



**بەڵکو دەبێت دیموکراسیەت لەسەر بڕوابوون بە ئەقڵ و مرۆڤدۆستییەوە دابڕێژرێت"**[١]

ئامادەیی دیار و ئاشکرای ئەم دوو پرنسیپەش بوو: (ئەقڵ و مرۆڤدۆستی)، کە چیدی ڕێگای نەدەدا دەسەڵاتی سیاسی وەك ئامرازێکی پاسیفکراو لەژێر کۆنترۆڵی بنەماڵەکاندا بمێنێتەوە. ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی چیدی نەدەبوو بکرێتە سەلماندنی مێژووی دێرینەی فلان هۆز و فیسارە خێڵی یۆنانی.. دەبوو دەسەڵات ڕەهەندێکی پۆزەتیڤانەش وەربگرێت، واتە دەبوو ئەرکی پاراستنی دیموکراسیەت و گەشەپێدانی بخاتە ئەستۆی خۆی.. لێرەشدا سۆفیستەکان قسەیان زۆر بوو، کە بێدەنگکردنیان لەو کاتەدا لە لایەن ئەقڵی نەریتگەرا و خێڵەکیەوە، کارێکی ئاسان نەبوو.

بەوەی کە سۆفیستەکان دەیانگوت تواناییەکانی ژیان (لەناو ئەوانەشدا توانایی سیاسی) شتێکە مرۆڤ فێری دەبێت و شتێ نیە بە میرات بۆی مابێتەوە، ڕێگاشیان خۆشکرد، کە هاووڵاتیان بە چاوێکی تر تەماشای ژیان و پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا بکەن. بڕوایەکی زیاتریان بە خۆیان هەبێت و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەش بڕواننە واقیعی کۆمەڵگا و، لە پاشانیشدا زیاتر ئەرکی بەرپرسیاری لە ئاست کێشە گشتی و تاکەکەسیەکاندا بگرنە ئەستۆیان. ئەم بیرکردنەوە نوێیە هاندەرێکی سەرەکی بوو لە پشت سەرهەڵدانی ئەو دەستە نوێیانەی لە تەکنیکار، فرۆشیار و پیشەییەکان پێکهاتبوون و لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایینیدا،

[١] کارل پوپر: **جامعه باز و دشمنان ان** IIII، پێشووتر، خوارزمی ١٣٤٦(١٩٨٥)، ص: ٣٩٩-٤٠٠

بەشێوەیەکی پراکتیکی کەوتنە بەشداریکردن لە چالاکیی سیاسیدا. ئەمەش نمونەیەکی بەرجەستەیە لە سەرئەوەی، کە دیموکراسیەتی ڕاستەقینە ئاسۆکانی ژیان و وزە و توانای مرۆڤ فراوان دەکات، هەموو ژیانی بۆ دەکاتە پانتاییەکی ئامادەبوونی پڕ بەها و قەڵەمڕەوی خۆ سەلماندنێکی فراوان و هەمە ڕەنگ، بەبێ ئەوەی پلەی کۆمەڵایەتی و پسپۆڕیی ئەو مرۆڤە ببێتە پێوەر. ئەمەش بە پێچەوانەی دیموکراسیەتی لیبرالیەوەیە، کە تاکەکەس ناچارە سەرجەمی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی لەو تاکە پیشە و بواری شارەزایی و خوێندنەدا سەقامگیر بکات، کە وەك پیشە و خوێندنی (دانپیانراو) پێناسە کراون. یاخود هەلومەرجەکانی کارکردن ناهێڵن تاك تێڕوانینێکی هەمەلایەنی لەسەر ژیان هەبێت و بەمەش هەمیشە ئیمکانیەتێك بۆ لایەنە بەرژەوەندخوازەکان دەمێنێتەوە تا یاری بە تواناییەکانی تاکەکەس بکەن. یاخود لە ڕێگەی مۆنۆپۆڵەکردنیانەوە، ئایدیۆلۆژیای سیاسی خۆیان گەشە پێبدەن و بەشداری بکەن لە گەشەپێدانی فەندەمەنتالێزمدا.

بەڵام کاری سۆفیستەکان تەنیا بە سەندنەوەی مافی توانایی سیاسی بۆ تاکەکەس کۆتایی نەدەهات.. شەڕی ئەوان تەنیا لەگەڵ هێزەکانی سەرزەوی نەبوو، بەڵکو ئەوان هێزە ئاسمانیەکانیشیان دەبینی و خۆرزگارکردن لەوانیشیان بە بەشێکی گرنگ لە بەرنامەکەیاندا، تەماشا دەکرد. ئەگەرچی ئەوان لە شەڕەکانیاندا تەنیا یەك ئامرازیان بەکار دەهێنا: ئامرازی ڕەخنەگرتن و گفتوگۆ، چونکە ئەوان بەچاکی لە گرنگی کارەکەیان



تێگەیشتبوون و بەباشیش دەیانزانی، کە دەبێت مەعریفە لەمەودا بەرتەسکەکان بکرێتە دەرەوە و، لە ڕێگەی گفتوگۆی زیندووەوە، ڕاستەوخۆ بکرێتە بەشێك لە پێکهاتەی بیرکردنەوە و وزەی داهێنەرانەی تاکەکەسەکان. لێرەشەوە دەبوو مەعریفە شووناسێکی دیکە و تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی تر بۆ سیستەمی لێکدانەوەی ئایینی بکات، چونکە ئایینیش بەشێك بوو لە سیستەمێکی سەراپاگیری سەپاندنی ئەو بیروڕایانەی کە خزمەتیان بە دۆخی مانەوەی ئەو فۆرمە سیاسیە دەکرد، کە دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو.

# ٤. ڕەخنە لە ئایین

- **گوماندارییی پرۆتاگۆراس:**

ئەو نرخ و پێگەیەی سۆفیستەکان بۆ تاکەکەسیان لەپێش چاو دەگرت و ئەوەی، کە بەبوویەکی چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لە قەڵەم دەدا، لە هەمان کاتیشدا خۆبەدوورگرتنی ئەوانی لە بیرکردنەوەی ئایینی و غەیبیانیەت دەردەخست. ئەم خۆبەدوورگرتنەش، شتێ نەبوو نەوەی دوایی سۆفیستەکان دایانهێنابێ، بەڵکو هەر خودی پرۆتاگۆراسی پیری نەوەی یەکەم، هەنگاوی پڕبایەخی بۆ هەڵهێنایەوە. ئەمەش نەك هەر لە ڕستەی (***مرۆڤ پێوەری هەمووشتێکە***)دا، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بەڵکو لە ڕەخنەی ڕاستەوخۆشدا، کە لە خواوەندەکانی دەگرت، ڕەنگیدابۆوە.. لە ڕستەی (مرۆڤ پێوەرە)دا، وەك بینیمان پرۆتاگۆراس مرۆڤی وەك پێوەری هەموو شتێ لە جیهاندا تەماشا دەکرد و ئەمەش بەمانای ئەوە بوو، کە ئەو هەموو پێوەرە و پارادیمێکی دیکەی وەك هۆکاری دەستنیشانکەر بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ و گوزەرانەکەی ڕەتدەکردەوە. مرۆڤ بوویەکی دنیایی و خاکیە و لێرە دەژی، هەر بۆیەشە هیچ شتێ نیە لە خۆی زیاتر یارمەتیمان بدات بۆ توێژینەوە لە توانا و هەڵسوکەوت و جیهانبینیەکەی.

ئەم تێڕوانینەیش ئیمکانیەتی ئەوە دەدات بەدەستەوە و دەبێتە خاڵی سەرەتای تێگەیشتنێکی دیکە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان تاك و دەزگای



سیاسی، هاووڵاتی و دەوڵەت، کە یاسا بەکار دەهێنێت بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵات بەسەر تاکەکەندا. چونکە کاتێ مرۆڤ وەك بوویەکی سەربەخۆ تەماشا دەکەین، کە جەوهەری خۆی لە خودی خۆیدایە (ئەمەش بەو هۆیەوە کە خاوەنی ئۆرگینالێیەت و دانسقەییە)، یاخود کاتێ جەوهەری مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا نابینین، کە دەشێت ئەو مرۆڤەی خستبێتە ژێر زەبری خۆیەوە، ئەوە بەپێی ڕستەکەی پرۆتاگۆراس پەیوەندیی نێوان تاکەکەس و دەسەڵات کاراکتەر و خەسڵەتە ئایینیەکانی وندەکات.. واتە بەوەی پرۆتاگۆراس پێوەری هەموو شتێ لە (مرۆڤ خۆی)دا دەبینێ، نەك لە شتێکی دیکەدا و لە شوێنێکی تردا، سنوورێکی بنەبڕیش بۆ ئەو یاسایە دادەنێت، کە ڕەگ و ڕیشەیەکی ئایینی هەیە و لە پێوەرێکی باڵاوە ڕەوایەتی بە کردارەکانی دەبەخشێ.

بە زمانێکی دیکە دەشێت بڵێین: لەو کاتەوە مرۆڤ دەکرێتە پێوەر، چیدی یاسا ناتوانێت بەهۆی ئاماژەکردنی بۆ هێزێکی میتافیزیکی و تۆقاندنی مرۆڤ بەهۆی دەسەڵاتێکی ئایینیەوە، ئەو مرۆڤە بەرپرسیار و ملکەچی نیازەکانی خۆی بکات. هەر بەهەمان تێگەیشتنیش، پەیوەندیی دەستوورە ئەخلاقیەکانیش بە حوکمەکانی ئایینەوە دەپچڕێت و چیدی ئایین وەك دامەزرێنەر و دەستنیشانکەری شێوازی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی جیهانی دەوروبەریدا، حسابی بۆ ناکرێت. ئەمە جگە لەوەی، چیدی حوکمەکان و یاساکانی دەوڵەتیش وەك سێبەر و ڕەنگدانەوەی یاساکان و فەرمانە ئاسمانی و گەردوونیەکانی خواوەند و یەزدان تەماشایان ناکرێت.

لەودیو ئەم تێگەیشتنەوەیە لە ئایین، کە بیروڕای پرۆتاگۆراس لەمەڕ خواکانەوە دەخەملێت. بیروڕایەك، تیایدا ئاگایی ئەقڵیی خۆی بەباشترین شێوە دەکاتە پێوەر و بەمجۆرە مەبەستەکەی دادەڕێژێ:

**"ئەوی ڕاستی بێت لەمەڕ خواکانەوە و ئەوەی کە هەن، یا نین و ئەگەر هەن چۆنن، ناتوانم هیچ شتێ بزانم. بێگومان ئەوەش لەبەرئەوەی زۆر شت هەن ڕێگەمان لێدەگرن لەوبارەیەوە زانیاریمان هەبێ: لە لایەکەوە خودی بابەتەکە بابەتێکی تەمومژاویە و لە لایەکی تریشەوە تەمەن کورتیی مرۆڤ"**[1]

دەکرێ خێرا بە ڕستەیەك بڵێین: ڕەخنەکەی پرۆتاگۆراس لە ئایین ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵانە (بنەبڕ) و توندڕەوانە نیە، بەڵام دەترسم ئەمە تەنیا دڵخۆشکردنێکی کاتی بێت و پاش ڕۆچوونێکی قووڵتر بە ناوەڕۆکی گوتەکەدا، بگەینە ئەنجامی دیکە.. وەك دەبینین پرۆتاگۆراس لە قسەکەیدا، بوونی خواکان ڕەتناکاتەوە، بەڵکو تەنیا ئاماژە دەکات بۆ (زانین)ی خۆی، لە بارەیانەوە. دیارە ئەمەش ئاماژەکردنێکی کەمبایەخ نییە ئەگەر هات و بەبیری خۆمانمان هێنایەوە، لە لای سۆفیستەکەمان مرۆڤ و زانینەکەی پێوەری هەموو شتێکن. دواجار ئەوە هۆشمەندیی مرۆڤە جیهان ڕێکدەخات و بەڕێوەی دەبات، ئەگەرچی دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە ئەم هۆشمەندییە

[1] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken**, Denmark, Kopenhavn: Akademisk Forlag ١٩٨٤, s: ٧٩



هەمیشە بێ کەموکوڕی نییە و لاوازیی خۆی هەیە. ئەمەش ئەو ڕاستییەیە پرۆتاگۆراس لەم گوتەیەیدا ئاشکرای دەکات، بەوەی ئەو زانینەمان بۆ پێناسە بکات و سنووری تواناکانی دەستنیشان بکات. پرۆتاگۆراس دەڵێت: ئەو زانینەی، کە مرۆڤ بەهۆیەوە جیهان و دیاردە گەردوونیەکانی پێ لێکدەداتەوە، لەبەر گەلێ هۆ، زانینێکی سنوورداره.. هەر بۆ خۆیشی ناوی دوو دانە لەو هۆیانەش دەهێنێ:

یەکەم: خودی ئەوەی لەمەڕ بوون و نەبوونی خواکانەوە بدوێین بابەتێکی (تەمومژاویە)، چونکە زانین تەنیا لە سنوورێکدا دەتوانێت گەردی ئەو تەمومژە بڕەوێنێتەوە و لە دوا ئەنجامیشدا توانای نییە بە(دڵنیایی و یەقین)مان بگەیەنێت. ئەمەش لەبەرئەوەی بۆ گەیشتن بە هەر ئەنجامگیرییەکی زانستانەی دڵنیاکەر، پێویستە پێشزەمینەیەکی واقیعیمان بۆ دەستپێکردن هەبێ. خواکانیش لە واقیعدا نین تابتوانین پەیوەندیی خۆمانیان پێوە دەستنیشان بکەین. کەواتە زانین لەم بارەیەوە ناتوانێت ئەنجامەکانی خۆی بسەلمێنێ و لە بوون و نەبوونیان دڵنیامان بکاتەوە.

دووەمین سنوور کە پرۆتاگۆراس ناوی دەبات، (*تەمەنکورتی*)ی تاکە مرۆڤ خۆیەتی. تەمەنی تاکە مرۆڤێ کورتترە لەوەی بتوانێت لە میانەیدا بزانێت، ئاخۆ خواکان هەن، یان نین و ئەگەر هەن، لە چ شێوەیەکدا هەن؟ پرۆتاگۆراس ناشیەوێت خۆی بدات بەدەست خەیاڵێکەوە تا لەسەریەوە تەمەنی مرۆڤ درێژبکاتەوە و لەوێشەوە ئیمکانی گەیشتن بە زانینێکی دڵنیاتر لەمەڕ بوون و نەبوونی خواکانەوە بخاتە پێش چاو. ڕاستە

دڕێژبوونەوەی تەمەنی مرۆڤ سەرمایەیەکی زانیاریی زۆرتری تیا بەدەست دێت و بۆی هەیە مرۆڤ بە پیری ژیرانەتر لە شتەکان بنۆڕێ، بەڵام ئەنجامی کێشەکە هەر وەك خۆی بە تاریکی دەمێنێتەوە، چونکە کاتێ جەوهەری بابەتەکە خۆی تەمومژاوی بێت، کاتێ تاریکی بەشێکی جیانەکراوەی ئەو بابەتە بێت، کە قسانی لە بارەوە دەکەین، ئەوە ئەم تەمومژە دەشبێتە بەشێ لەو ئەنجامە پێشبینیکراوانەی دەشییێت بەهۆی تەمەندرێژیی مرۆڤەوە بێنە دەستمان.

تیۆدۆر گومپریز، لە لێکدانەوەی ئەم بەشەی وتەکەی پرۆتاگۆراس دا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بڵێت:

**"بابەتی ئەو وتەیە بڕوابوون بە خوداکان نیە، بەڵکو ناسینی زانستانەیە، یاخود زانینێکی پشتبەستووە بە ئەقڵ لەسەر هەبوونی خواکان"**[1]، لێرەشەوە ناوبراو پێی وایە، وشەی (تەمومژ) لە ڕستەکەی پرۆتاگۆراس دا هێمایە بۆئەوەی تێبگەین، کە خواکان بابەتێك نین ئێمە لە ڕووی دەرككردنی ڕاستەوخۆی هەستەکانەوە، شوناسیان دیاری بکەین. هەستەکان لە ئاست ناسینی بابەتێکدا، کە ناچێتە ژێر هیچ پۆلێنکردنێکی ئەزموونکراوەوە، بێدەسەڵاتن.. کاتێکیش هەستەکان یارمەتیمان نەدەن لەو ناسینەدا، ئەوە ناتوانین کەلووپەلێکی ئەزموونکراوی ئەوتۆمان لەبەر

[1] تئودور (تیودۆر) گمپرتس: **متفکران یونان**. III، ت: محمد حسن لطفی، تهران: خوارزمی ۱۹۹۶، ص: ٤٦٦-٤٦٧.



دەستدا بێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانمان لە ناسیندا. گومپریز مانای وتەکە لەوەدا کۆ دەکاتەوە، کە بڵێت:

> **"تەمەنکورتیی مرۆڤ مۆڵەتێکی پێویستمان ناخاتە بەردەم تائەو کەلووپەلە ئەزموونکراوانەمان بێتە دەست و بە هۆیانەوە بگەینە ئەنجامی پێویست لەسەر بوون و نەبوونی خوداکان"**[1].

ئەوەی کە پێشتر گوتم ڕەخنەکەی پرۆتاگۆراس لە ئایین ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵانە نیە، لەو ئەفسانەیەشدا دەبینینەوە، کە ئەفلاتوون لە گفتوگۆی (*پرۆتاگۆراس: ٣٢٠b*)دا، لە زمان پرۆتاگۆراس خۆیەوە، دەیگێڕێتەوە. ئەفسانەکە باسی گەشەی پەیوەندیی نێوان بەرەی مرۆڤمان لە قۆناغێکەوە بۆ دەکات، کە (دڕندەیی) حوکمی تیا دەکرد بۆ قۆناغێکی تر، کە تیایدا (کەلتوور) بۆتە فەرمانڕەوا. لە سەردەمێکەوە، کە یاسای تەور لە ئارادا بووە بۆ سەردەمێ یاسای کەلتوور هاتۆتە ئاراوە. پرۆتاگۆراس بۆمان دەگێڕێتەوە، کە ڕۆژێك (زیۆس-Zeus)ی خواوەند لەتاو ڕەگەزی مرۆڤ، مەراق دایدەگرێت، چونکە شەڕ و ناکۆکی نێوانیان گەیشتبووە ئاستێ، کە ئیدی زیۆس ترسا لەوەی بەرەی مرۆڤ بۆ یەکجارەکی پاك بێتەوە و قڕیان تێکەوێت. هەر لەبەر ئەمەش فەرمانی دەرکرد، کە (هیرمس-Hermes) هەستی (دادوەری) و (ژیری)یان بەسەردا دابەشکات، بەشکم بەخۆیاندا بێنەوە و لە ئاست یەکتردا هێمن و میهرەبانتربن.

[1] تئودور (تیودۆر) گمپرتس: **متفکران یونان**. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

هەندێك لە توێژەران ئا لێرەدا یەخەی پرۆتاگۆراس دەگرن و لەسەر ئەوەی ناوی (زیۆس) وەك (خەمخۆری مرۆڤ) دەبات، لێی دەكەونە تەقە.. ئەوان دەڵێن ئەم ناوهێنانەی زیۆس لە لایەن پرۆتاگۆراسەوە، بەسە بۆئەوەی (دژایەتییەك لە بیركردنەوەی (ئەگنۆستۆس ـ agnostos)یانەی پرۆتاگۆراسدا دەستنیشانبكرێت[1]. بیركردنەوەی ئەگنۆستۆسیش، كە بەشێكە لە بیركردنەوەیەكی گومانباوەڕانە، واتە ئەو بیركردنەوەیەی، كە دەڵێت: هووشیاریی مرۆڤ ناتوانێت لەمەڕ دروستبوونی گەردوون و هەبوونی دروستكەرەوە هیچ شتێك بەدڵنیاییەوە بزانێت، یاخود شوناسی بكات. پرۆتاگۆراس بۆخۆشی پێشتر لەوە دڵنیای كردبووینەوە، كە هیچ شتێ لەمەڕ بوون و نەبوونی خواكانەوە نازانێت.. ئەدی چۆن لێرەدا ڕێگەی بدەین بە دڵنیاییەوە ناوی زیۆس بەرێت، كە لە ڕاستیدا دانپیانانێكە بە بوونی ئەودا وەك خوایەكی میهرەبان و خەمخۆری بەرەی مرۆڤ؟ تۆ بڵێی هەر بەڕاستی ئەو دژایەتیە خەسڵەتێكی لێكدانەوەكەی پرۆتاگۆراس نەبێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەهەر شێوەیەك بدرێتەوە نابێت هێماكردنەكەی پرۆتاگۆراس بەو ئەفسانەیە وەك جەختكردنەوەی ئەو لەسەر باڵادەستیی زیۆسی خواوەند و جەختكردنەوە لەسەر حەقیقەتی ئەفسانەیی ڕووداوێ لێك بدەینەوە، بەڵكو مەبەستی سەرەكیی پرۆتاگۆراس لە ئاماژەكردنیدا بەو ئەفسانەیە، دەشێت زیتر بۆ ئەوە بوبێت، كە (ڕۆڵی دادوەری لە ژیانی مرۆڤدا) ڕوونبكاتەوە. واتە دادوەری وەك پێویستییەك و وەك ڕاگر و

[1] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken**, Akademisk Forlag ١٩٨٤, s: ٢١-٢٢



میزانكەری سەرەكیی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان. یان وەك ***بەرهەمێكی كولتووری بەرز، كە ئەنجام و بەرهەمی هووشیاریی مرۆڤ خۆیەتی***[1]. لە ئەفسانەكەدا، ڕۆڵی زیۆس تەنیا وەك فەرماندەرێك خراوەتە بەرچاو، لە كاتێكدا دادوەری و ژیریی دەكرێنە بەشێك لە پێكهاتەی بوونناسیانەی مرۆڤ و تەنیا بە بەكارهێنانی ئەم پێكهاتەیەشە، كە نەوەكانی مرۆڤ دەتوانن لەگەڵ یەكتردا میهرەبان بن، نەك لەبەرئەوەی خوایەك ئەو فەرمانەی دەركردووە.. واتە ئەوەی دەشێت لە دوا ئەنجامدا بەكرۆكی گوتەكەی لێكبدەینەوە ئەوەیە، كە پرۆتاگۆراس جارێكی دی مرۆڤمان وەك ناوەندی بڕیاردەر بەسەر ژیانی خۆیەوە، بەبیر دەهێنێتەوە. ئەمەش بەوەی ئاماژە بكات بۆ یەكێك لە خەسڵەتە ئۆنتۆلۆژیەكانی. بەڵگەی ئەم لێكدانەوەیەش لە گوتەكەی ترایسماخۆسەوە دەهێنین كە تیایدا ڕاستەوخۆ، خواكانی تاوانباركردووە بەوەی ئاگادارییان لە ئاكاری مرۆڤ نییە، چونكە ئەگەر خواكان ئاگاداری مرۆڤ بوونایە مەراق دایدەگرتن، كە بۆچی مرۆڤ یەكێ لە باشترین تواناییەكانی خۆی، واتە دادوەری بەكار ناهێنێت.

### • ڕادیكاڵیەتی پرۆدیكۆس و كریتیاس:

وەلێ، ڕەخنەی ڕادیكاڵتر لە ئایین، لە لای دوو سۆفیستی دیكە تێبینی دەكەین: پرۆدیكۆس و كریتیاس. لە لای ئەم دووانە جارێكی دیكە ئەو پرنسیپی بڕواهێنانە بە(جیاوازیی) دەبینینەوە، كە لە بیروڕای هەر یەك لە

[1] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken**, Akademisk Forlag ١٩٨٤, s: ٢١

سۆفیستەکاندا ئامادەیی هەبووە. دیارە ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر تاکباوەڕیی ئەوان و ڕێزدانیان بۆ پرانسیپی پاراستنی سەربەخۆیی لە بیرکردنەوەدا.

هەرچی سەبارەت بە ئایینە، ئەوە توێژەران بیروڕای پرۆدیکۆس بە بیروڕایەکی (ئاتەیستی atheos) لێکدەدەنەوە، کە چەمکی ئاتەییسم بەمانای (بێخودایی) دێت. بەلای پرۆدیکۆسەوە، خواکان ئەو دەسەڵاتە سرووشتیانەن، کە (*مرۆڤ خۆی دایهێناون و پەرستوونی*). باوەڕهێنان بەم خوایانە ئەنجامی تێڕوانینێك بوو کاتێك مرۆڤ پێی گەیشت، کە بۆی دەرکەوت لە نێوان خۆی و سرووشتدا جۆرێ لە پەیوەندیی پێکەوەبەستراو، یاخود بە شێوەیەکی مەجازی دەشێیێت بڵێم: جۆرێ لە پەیوەندیی وەك ئەوەی نێوان منداڵ و دایك لە ئارادایە. بە مانایەکی تر، ئەم جۆری خواپەرستیە هەوڵدانی مرۆڤ بوو بۆ هێشتنەوەی ئەو پەیوەندییە، نەك بڕواهێنان بە هەبوونی خوایەك وەك دروستکەری گەردوون. بەڵگەی ئەو توێژەرانەی، کە دەڵێن بیروڕای پرۆدیکۆس بیروڕایەکی بێخوداییە، ئەوەیە کە ناوبراو خۆی بەوەوە خەریك ناکات، ئاخۆ خواکان هەن یان نین، بەڵکو تەنیا دەیەوێت بزانێت چۆن مرۆڤ گەیشتە سەر ئەو بڕوایەی باوەڕ بەبوونی خوا بهێنێت؟

فەیلەسووفی نەرویجی ئارنە نێس، لە (***مێژووی فەلسەفە***)کەیدا (چاپی یەکەم: ١٩٦٣)، پێیوایە پرۆدیکۆس لە ڕوانگەی **"زانستی ئایینناسییەوە قسان دەکات و لە هەوڵی دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئایینندایە لە ژیانی**



**مرۆڤدا"**[١]. دیارە ئەمەش بۆچون و لێکدانەوەیەکی قووڵە، چونکە ئەگەر وەك ناوبراو دەڵێت، ڕوانگەی پرۆدیکۆس بەڕوانگەیەکی زانستیی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئاییندا لێکبدەینەوە، ئەوە دەکرێت هێماکردنەکەی بۆ چۆنێتی پەرستنی ڕووباری (نیل) لە لایەن میسرییە کۆنەکانەوە، وەك بەڵگەیەکی سەلمێنەر بۆ ئەو مەبەستەی تەماشا بکەین. پرۆدیکۆس گوتویە:

> **"خۆر، مانگ، ڕووبارەکان، کانییەکان و سەرجەمی ئەو شتانەی خزمەت بە ژیانمان دەکەن، بە لای مرۆڤی دێرینەوە وەك خوا تەماشایان دەکرا، چونکە بەسوود بوون. هەر وەك چۆن میسرییەکان ڕووباری نیلیان وەك خواوەندێ تەماشا دەکرد"**[٢]

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، پرۆدیکۆس لە وتەکەیدا وشەی (سوود) دەکاتە بەڵگەی ئەوەی، بۆچی مرۆڤ وەك (خواوەند) تەماشای خۆر و مانگ و ڕووبارەکانی دەکرد. ئەمە جگە لەوەی لە وتەکەدا وشەی (باوەڕ)، کە پەیوەندیی نێوان خواوەند و باوەڕدار دەستنیشاندەکات و پرۆسەیەکیشە مرۆڤ خۆی لە هەڵبژاردنیدا ئازاد نییە، بەکار نەهاتووە. بەڵکو لەجیاتی ئەمە پرۆدیکۆس دەڵێت مرۆڤ (تەماشا)ی دەکرد. لە ڕاستییشدا

[١] A. Ness: **Filosofiens historie** bd: I, Danmark, Copenhagen: H. R. Forlag ١٩٩١, ١١٩
هەروەها تەماشای: گۆمبریتس، ل: ٤٤٨ و ٤٤٩ بکە. پێویستە بڵێم، کە ناوبراو پرۆدیکۆس وەك ئاتەئیست تەفسیر ناکات.

[٢] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken**, Akademisk Forlag ١٩٨٤, s: ٧٩

جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی (بڕوا) بە شتێ بکەین و لە ڕێگەی دیققەتەوە خۆمان (نرخ) بۆ شتێ دابنێین، لەگەڵ ئەوەی نرخی شتێ وەك (بەڵگەنەویستێ) قەبووڵ بکەین. چونکە ئەگەر باوەڕهێنان کردەیەکی پاسیڤی مرۆڤ بێت، ئەوە تەماشاکردن کردەیەکی چالاکی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لە بەرامبەر دنیای دەوروبەری خۆیدا. گوتەی سۆفیستەکەشمان جەخت لەسەر ئەو چالاکبوونە دەکاتەوە.

لە لای کریتیاس ئایین دەبێتە (ئامرازێ)، کە لە لایەن دەسەڵاتدارە بەهێزەکانەوە دروستکراوە تا لە کاتی سەرپێچییدا هاووڵاتیانی پێ بتۆقێنن و بەهۆی ئاماژەکردن بۆ (عەزابی خوایی) و لێپرسینەوەی دواڕۆژەوە، ترس بخەنە دڵیانەوە و بەربەست بخەنە بەردەمیان تا نەتوانن ژیانی خۆیان بژین. بەمانایەکی دیکە، لە لای ئەم سۆفیستەمان، ئایین (داهێنراوێکە) و بەرهەمێکە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی خاوەنهێزەکان. هەروەها بۆ ڕاهێنانی خەڵك لەسەر ئەوەی بە شێوەیەکی (پەسەندکراو)، (دانپیانراو) مامەڵە و هەڵسوکەوت بکەن. لێرەیشەوە ئایین دەبێتە ئامرازێکی دیسیپلینکردنی خەڵك بەپێی مەرجەکانی خاوەن دەسەڵات. لە ڕاستییدا ئەمە بیروڕای مرۆڤێکە زیاتر لە دووهەزار ساڵ پێش ئێستا ژیاوە!

کریتیاس بۆمان دەگێڕێتەوە، کە چۆن (پیاوێکی زیرەك و فێڵباز) خەیاڵی داهێنانی یاسایەکی ئاسمانی کەوتە سەر، چونکە:

**"دەیویست ترسی خوا بخاتە دڵی مرۆڤەکانەوەوە و کارێ بکات بەردەوام بترسن. تەنانەت ئەگەر لە تەنیاییدا و بە نهێنییش**



**خراپەیان کرد، بیریان لێکردەوە یاخود خراپەیان لە دەم هاتە دەر. ئەمجا ئەو پیاوە مەکربازە، ئەو یەکەمین بەدیهێنەری ترسە لە خواکان.. هات و حەکایەتێکی دروستکرد، ئامۆژگارییەکی تابلێی فریودەر و دڵگیر.. دوای ئەوەش بەئارەزووی خۆی حەقیقەتی لە پشت پەردەی ڕیوایەتە درۆزنانەکەیەوە شاردەوە"**[1]

دوای ئەوەی کریتیاس لە ڕێگەی باسکردنی نموونەی تۆقێنەرەوە، لە بابەت ئەوەی خەڵك چۆن سزا دەدرێن و هتد، لێکدانەوەکەی پتەو دەکات، دەگاتە ئەوەی ئەنجامگیریی بکات و بڵێت:

**"بە بڕوای من، ئا بەو جۆرە بوو، کە بۆ یەکەمجار پیاوێ مرۆڤی هێنایە سەر ئەوەی بڕوا بەڕەگەزی خواکان بهێنێ"**[2]

گرنگیی ئەم لێکدانەوەیەی کریتیاس هەر لەوەدا نییە کە ڕەهەندی خەڵەتێنەرانە و سەرگەرمیکەرانەی حەکایەتەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات و ئاماژە بە (نییەتی مرۆڤی پشت حەکایەتەکان) دەکات، کە ئەمە بۆخۆی بانگهێشتنە بۆ تێڕوانینێکی جیاواز لە سیحرەکانی ڕیوایەت، بەڵکو گرنگیەکەی لەوەدایە، کە خەسڵەتێك لە لای مرۆڤ بەکار دەهێنێ بۆ سەلماندنی هەبوونی (باوەڕ) و دەیکاتە هۆی ملکەچبوونی مرۆڤ لە ئاست نادیارێکدا، کە سەرچاوەکەی پێش هەموو شتێك لە دەروونی خۆیدایە و ئەو خەسڵەتەیش (ترس)ـە.

---

[1] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken,** Akademisk Forlag ١٩٨٤, s: ٢١

[2] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken**, Up cit., s: ٢١-٢٢

ترس وەك پەناگەیەك بۆ خۆ دەربازكردن لە زانین و بیركردنەوەی سەربەخۆ، ترس وەك سەرچاوەیەكی هاندەر بۆ تەسلیمبوون بە باوەڕ و زۆرجاریش وەكو ڕێگایەكی ئاسان بۆ هەڵاتن لەدەست واقیعێكی دیاریكراو و ملكەچیی بۆ هەلومەرجەكانی. میكانیزمێ كە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لە ئاستی جیاوازدا خۆی دووبارە دەكاتەوە.

دەكرێت ڕەخنەی سۆفیستەكان لە ئایین وەك نمونەیەكی دیار و بەرجەستە بەكار بهێنرێت، كە پێشانمان دەدات، پێناسە و تێگەیشتنی ئەوان بۆ مرۆڤ هەرگیز لە ئاستێكی ڕواڵەتسازدا نەبووە، بەڵكو ئەنجامی توێژینەوەیەكی قووڵ بووە لە بوونی مرۆڤ وەك بوویەكی سەربەخۆی دروستكەر و بیركەرەوە. ***دەتوانم بڵێم، لە دوا ئەنجامدا ڕەخنەی ئەوان لە ئایین، دەشێت بەمەبەستی ئەوە بوبێت، ئەو لایەن و دەسەڵاتانە ئاشكرا بكەن، كە وزەی داهێنەرانەی مرۆڤ بۆ خۆیان دەگووشن، تا لەو ڕێگەیەشەوە ببنە ڕێگر لە بەردەم گەشەكردنی ئیرادەیدا بۆ ئەنجامدانی كاری سەربەخۆ***.. ئەمەش بەمانای ئەوەیە بڵێین، پێویستە ڕەخنەی سۆفیستەكان لە ئایین، وەك هەڵقەیەك لەو پرۆسێسە گەورەیە تێبگەین، كە ئەوان دەیانویست بەهۆیەوە لەو وەهمە كەم بكەنەوە، كە (تێگەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدیالیستانە)ی مرۆڤ لەگەڵ ژیاندا، دەیهێنایە دی. بەبڕوای ئەوان ئیدی كاتی ئەوە هاتبوو مرۆڤ بەخۆیەوە خەریك بێت و لە پێناوی پێویستییەكانی ژیان و بۆ بەدیهێنانی هەلومەرجەكانی ئاسوودەیی خۆیدا، بكەوێتە بەرهەمهێنانی یاسا و



نۆرمەكانی ژیان، نەك لەبەر ترسی لە خواوەندەكان و هەر دەسەڵاتێكی دیكەی باڵا.

هەروەها دەشێت ڕەخنەكەشیان وەك بەرپەرچدانەوەیەك لە ئاست ڕۆڵی بڕیاردەری تێگەیشتنی (فەلسەفەی سرووشت) لێكبدەینەوە، كە تا ئەو كاتە بەگەرمی لە كۆمەڵگای دەوڵەتشاری یۆنانیدا ئامادە بوو، چونكە بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفەی سرووشت، وەڵامی هەموو پرسیارێك و هۆی هەموو شتێكیان دەگێڕایەوە بۆ یەك بووی كامڵ، كە ئەویش بوونی بڕیاردەری خواوەند بوو.

سۆفیستەكانیش دەستەیەكی دادوەركار بوون و وەڵامی ئامادەیان پێ قووت نەدەچوو. ئەمە جگە لەوەی ئەوان هێندەی گرنگییان بە مرۆڤ و ژیانی دنیایی دەدا، هێندە خۆیان سەرگەرمی مەسەلە ئاسمانیەكان نەدەكرد. ئەگەر ئەم تێگەیشتنە ڕاستییەكی تێدابێت، ئەوە دەبێ ئەوەش بڵێم، كە بەرپەرچدانەوەی سۆفیستەكان لە ئاست لێكدانەوە میتافیزیكیەكانی ئەو سەردەمەدا، بەرپەرچدانەوە بوون لە ئاستێكی پسپۆڕانەی فەلسەفییدا، نەك وەكو ئەوەی هەندێ لە توێژەران بەردەوام دووبارەی دەكەنەوە، كە گۆیا بەرنامەی سۆفیستەكان بەرنامەیەكی ناپیشەیی (ئاماتۆرانە)ی نافەلسەفیی بووە[١] بێگومان ئەم بۆچوونە بۆچوونێكی هەڵەیە، وەك نمونەش بۆ فەلسەفیبوونی كاری سۆفیستەكان، دەتوانین ئاماژە بكەین بۆ ئەوەی، ئەوان

[١] A.H. Armstrong: **An introducition to Ancient philosophy**, (١٩٤٧) ١٩٨١, p. ٢٣

چۆن چەمکی (تاکە ڕاستی)یان ڕەتدەکردەوە، کە لە (تالیسی مالّتایی)ـەوە تا فەیلەسووفێکی ناوداری وەك پەرمەنیدس، ئیشیان لەسەر کردبوو. حەقیقەتێ، کە بە تاکە هۆی سەرەکی و ڕاستەقینەی واقیعی هەستپێکراویان لە قەڵەم دەدا و بەهۆیەوە ناڕاستەوخۆ ڕێگری کرابوو لەبەردەم هەموو لێکدانەوەیەکی جیاواز بۆ ژیان و مرۆڤ.

سۆفیستەکان ئەم تەفسیرەیان بەئەنجامی بیرکردنەوەیەکی ڕووت (speculation)و بە نەرێتیبوو دادەنا و هەوڵی خۆشیان بۆ ئەوە تەرخان کرد تا بە بیرکردنەوەیەکی (***پراکتیکی***)جێگەی بگرنەوە. واتە بیرکردنەوەیەك لەسەر چاوگێڕانەوەی بەردەوامی مرۆڤ بە بارودۆخ و هەلومەرجەکانی ژیانی هەنووکەیی خۆی و کۆمەڵگاکەی، دامەزرا بێت. ئالێرەشدا ئەوان چاویان لە هەموو ڕاستیەکی گشتی و ڕەها دەپۆشی، چونکە بڕوایان وابوو ڕاستی شتێکی ڕێژەییە. لە هەر سەردەمێکدا ڕێککەوتنێك لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبێت لەسەر ئەوەی، چ شتێ وەك ڕاستیەکی شیاو بۆ ئەو سەردەمە لەناو خۆیاندا پەسەند بکەن. ئەم لێکدانەوەیەش (گومانی فەلسەفی)ی سۆفیستەکانی پێکدەهێنا.

لە بەشی پێنجەمدا، کاتێ قسەمان لەسەر گوتەکەی پرۆتاگۆراس (مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە) دەکرد، ئاماژەم بەوە کرد، کە سوکراتی ئەفلاتوون چۆن ئەو گوتەیەی لێکدەدایەوە. ئەو ئەنجامەی لەوێدا پێی گەیشتین ئەوە بوو گوتم: دەکرێ مانای گوتەکە بەوە لێکبدەینەوە، کە هەر کەسێ خاوەنی حەقیقەتی خۆیەتی، بەبێ ئەوەی هیچ حەقیقەتێك تاکە حەقیقەتی



ڕاستەقینە و نموونەیی بێت، چونکە وەك هیپپیاسی سۆفیست گوتویەتی، دەبێت بەهۆی (*گفتوگۆ*)وە لە خاڵێکی (*هاوبەش*)دا یەکبگرینەوە. واتە هەرچەندێ وەك تاکەکەس خاوەنی ڕاستیی خۆمان بین، هێشتا دەبێ لەوە تێبگەین کە خاوەنی تاکە ڕاستی نین. کەواتە گوماندارییی سۆفیستەکان گومانێکە ئاراستەی بوونی حەقیقەتی ڕەها کراوە. واتە ئەو حەقیقەتە ڕەهایەی، یان ئەو (بزوێنەرە بێ بزوێنەرەی) لە نەرێتی میتافیزیکای خۆرئاوادا بەردەوام ئامادە بووە و وەك تاکە هۆی هەموو جووڵەیەك پێناسەکراوە. لێرەیشەوە ڕەنگە زۆر لە ڕاستی دوور نەکەوینەوە ئەگەر سۆفیستەکان بە یەکەم دەستەی ڕۆشنبیرە ئەقلانیەکانی جیهانی کۆن دابنێین.

مانایەکی دیکەی ڕستەی (***مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە***)، بریتییە لە ئاماژەکردن بە نیسبییەتی ڕاستیی شتەکان، کە ئەمەش ئەنجامی ڕەتکردنەوەی تێزی ڕەهایی بەخشینە بە هەموو شتێك، ئەمەش لەبەرئەوەی بوونی شتەکان بە لای سۆفیستەکانەوە، هەبوونیانە لە پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤدا و لە ناو بارودۆخێکی تایبەتدا. هەر بۆیەشە بێمانایە بپرسین، شتەکان لە خۆیاندا چین؟ چونکە شتەکان بەو جۆرەی خۆیان بۆ مرۆڤ دەنوێنن ئاواش بوونیان هەیە. بە هەمان شێوە حیکمەت و مەعریفەش لە لای پرۆتاگۆراس، شتگەلێکی ڕێژەیین، چونکە مەعریفە ئەوە نیە، کە

دەمانگەیەنێ بە ڕاستی و کوشتنی گفتوگۆ، بەڵکو توانای گەیشتنمان دەداتێ بە بەڵگەوە شتەکان ڕوون بکەینەوە و هەلومەرجەکان بناسین[1] هەر توانای خستنەڕووی بەڵگە و سەلماندنیشە، کە بۆتە خاڵی سەرەکیی بەرنامەی ڕەوانبێژیی، یان بەرنامەی (***هونەری ئاخاوتنی دروست***) لە پرۆژەی سۆفیستەکاندا. ئەمەش بابەتێکە لە بەشی داهاتوودا دەیخەمە بەر باس. بەرنامەیەکی ئەوتۆ، کە ئەوان بەکاریان دەهێنا بۆ گەیاندنی بیروڕاکانیان و خەڵکیان داوەت دەکرد بۆ بەشداربوون تیایدا، تابتوانن بە پەیسەر کێشەی خۆیاندا بڕۆن و لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئیمکانیەتەکانی زمانیشەوە ڕەهەندێکی دیکە بە بوونی ئینسانی خۆیان ببەخشن. ئەو کاتەی لە گرنگیی بەکارهێنانی زمانیش لە لای سۆفیستەکان دەدوێین، تێدەگەین کە ئەوان ڕەهەندی ڕۆحیی مرۆڤیان بەرز دەگرت. مەعنەویەتی ژیانیان لەبەر چاو بوو و هەروەها ڕێزیان لە هەستیاریی و دەروونی مرۆڤیش دەگرت. هەربۆیەشە نابێت یەکلابینانە بیروڕای سۆفیستەکان لەسەر ئایین لێکبدەینەوە. ***نەدەکرا ئەوان بەو هەموو گوماندارییەی خۆیانەوە لەبارەی ڕاستیی شتەکانەوە، لە ڕەخنەکانی خۆیاندا لەسەر ئایین هێندە دڵنیاو ڕەهاخواز بن و خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر ئەو ڕاستییە ڕێژەییەدا بهێنن کە دەشێت لەپشت ڕەهەندی ڕۆحیانەی ئایینەوە بۆ مرۆڤ، هەبێت.*** ئەوەی ئەوانی پەست دەکرد و لەئاستیا هەڵوێستی توندیان وەردەگرت، ئەو هێزە

[1] Karsten F. Johansen: **Den europeiske filosofis historie**, bd I **antikken**, Denmark, Copenahagen: Nyt Nordisk forlag Arnold Busk ١٩٩١, p: ١٤١-١٤٢



بوو کە *پێیوابوو نابێت گفتوگۆ لەسەر ئایین بکرێ*. بۆیە دەشێت بڵێین ڕەخنەی ئەوان لە ئایین، لە پێناوی ڕەتکردنەوەی کوێرانەی (ڕەهەندی ڕۆحیی لە ژیانی مرۆڤدا نەبوو، بەڵکو ئەوان ڕەخنەکەیان ئاراستەی دین (وەك دەزگایەك) و وەك هێزێکی داسەپێنراو دەکرد کە هیچ مافێ بۆ کەسەکان ناهێڵێتەوە جگە لەو مافانەی خۆی دەستنیشانیان دەکات. بەڕاستی هەر ئایینێکیش لە تەفسیرکردنێکی ئیشراقیانەی گەردوونەوە دەبێتە دەزگایەك بۆ دارشتن و چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان، ڕەهەندە ڕۆحییەکەیشی لە دەست دەدات و ناتوانێت بۆ ناخی مرۆڤەکان ئارامبەخش بێت. ناتوانێت جیهان و ژیان لەهەمەڕەنگیی و دینامیەتی گۆڕانکاریی بەردەوامی خۆیدا ببینێت و لێکدانەوەی بۆ بکات. لەجیاتی ئەوەی پابەندی واقیعی ژیانی مرۆڤ بێت، خۆی دەکاتە کۆیلەی چەند تەفسیرێکی داخراو بۆ کتێب و سەرچاوە ئایینیەکان و هەموو وزەیەکی زیندوویان لێدەگوشێت تا لە شێوەی بەرنامەیەکی حیزبیدا سادەیان بکاتەوە. ئەوکاتەش بۆ پاراستنی خۆی، نەك هەر ناتوانێ سۆفی و ڕۆحانی و عاشقی گەورە پەروەردەبکات، بەڵکو ئیدارەکردنیشی دەکەوێتە دەست کۆمەڵە کەسانێك، کە لە هەژاریی ڕۆحییاندا، پەنا دەبەنە بەر چەك و تیرۆریزم و خوێنڕشتن وتۆڵەکردنەوە. بەخۆڕایی نییە لەدنیای ئەمڕۆی ئێمەدا پتر لەهەر کاتێ ئایین وەکو بەرنامەی حیزبی و خواستی دەسەڵات ئامادەیە و ئاینگەراکانیش وەکو چەکبەدەست و خوتبەبێژ و فەرمانبەر ئامادەن، بەڵام ئایین وەکو سەرچاوەیەکی ڕۆحیی بۆ ژیان، کە مرۆڤ بتوانێ

بەشێوەیەکی ئازاد پەیوەندی خۆی پێوە ببەستێ، لەهەموو سەردەمێ هەژارترە و ئاینگەراکانیش لەگەڵ زۆریی ئاخاوتنیاندا لەهەموو مینبەرەکانەوە، هیچ نالێن.

## ٥. ڕۆڵی ئاخاوتن لەبەرنامەی سۆفیستەکاندا

- **مرۆڤی قسەکەر و ئەخلاقی ئاخاوتن:**

ئاخاوتن دیسیپلینێك نیە سۆفیستەکان دایانهێنابێ، بەڵکو لە ئەدەبیاتی گریکیدا ڕابردوویەکی دێرینەی هەیە و سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هۆمێری شاعیر. ئاساییترین و بەربلاوترین پێناسەی ئاخاوتن ئەوە بووە، کە گوتویانە: بریتییە لە (***زانستی قسەکردنی جوان***، یان بەلاتینی: (scientia/ars bene dicendi)[١]، لەم ڕووەیشەوە، وشەی (***جوان***) چەندین لایەن دەگرێتەوە:

یەکەم، پێویستە (***چێژ بەخش***) بێت(pleasant)،

دووەم: پێویستە هەڵگری (***حەقیقەتێك***) بێت،

سێهەم: لە ڕووی ئەخلاقییەوە (**دروست**) بێت و

چوارەم و کۆتایی: دەبێت (**کاریگەر**)بەخش بێت.

---

[١] J. Lindhardt: **Retorik**. Munksgaard, Copenhagen, Denmark, ١٩٩٣, s: ٧

لەمەڕ مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕەوانبێژییەوە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- J. Fafner: **Retorik "Klassisk & moderne**": Akademisk forlag ١٩٩٥.

- J. Fafner: **Retorikkens historie**: Copenhagen, Danmark, Gyldendal ١٩٨٢

-T. Hastrup: **Gresk og Romersk talekunst**, Cpoenhagen, Denmark, Berlingske forlag ١٩٧٦.



لەناو قوتابخانە جۆربەجۆرەکانی هونەری ئاخاوتندا، کە لە یۆنانی دێریندا، وەك نوسینگەی کۆمپیوتەر و کۆرسەکانی ئیستای ناو وڵاتی خۆمان، ژمارەیان یەکجار زۆر بووە، بەدەگمەن ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی نرخی کام یەکێك لەم لایەنانە زیاتر بەرجەستە بکرێت.. بەتایبەتی ناکۆکییەکی زۆر هەبووە لەسەر ئەوەی مەبەست لە (*کاریگەرییبەخشین*) چییە و چی دەگرێتەوە؟ ڕاستە هەر ئاخاوتنێك پێویستە کاریگەریی خۆی جێبهێڵێ، بەڵام پرسیار نەدەکرا ئەو کاریگەرییە بە چ مەبەستێك بێت؟

سۆفیستەکان یەکەمین دەستەی ئەو مامۆستایانە بوون، کە ئەو پرسیارەیان هەژاند و بە وردیش گفتوگۆیان لە بارەوە دەکرد. بەلای ئەوانەوە، مەبەستی هەرەسەرەکی لە فێرکردنی هونەری ئاخاوتن بە خەڵك، وەك گۆرگیاس گوتویە، ئەوەیە، کە بتوانرێت:

> **"تاکەکەس ڕابهێنرێت لەسەر ئەوەی بۆ خۆی بە پەیسەر کێشەکانی خۆیدا بڕوات، لە چارەسەرکردنیاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ) و بەهۆیەوە (بتوانێت لەگەڵ هەموو کەسێکدا و لەسەر هەموو شتێك گفتوگۆ بکات" (گۆرگیاس:٤٥٢e، ٤٥٧a).**

ئەم ئامانجە یەکێك بوو لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی سۆفیستەکان، کە نیازیان وابوو دیموکراسیەت بکەنە زەمینەیەکی گرنگ بۆ دروستبوونی تاکەکەس و هاندانی بۆ سەپاندنی ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگادا. بەمانایەکی تر، دەیانویست تۆوی دیموکراسیەت لە هۆشیاریی تاکەکاندا بچێنن و ڕۆحی

دیموكراسیانە بكەنە بەشێ لە جموجووڵ و هەڵسوكەوتی تاكەكان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا. ئەمەش بەو مەبەستەی هاووڵاتیان بتوانن وەك (ناچارییەك/ زەرورەتێك) بۆ بەپایەدار مانەوەی ئازادیەكەیان، بیر لە دیموكراسیەت بكەنەوە. چونكە تەنیا پێویستیی ناچاریانەیان بە ئازادی، گەرانتیی ئاستی بەشداربوونیانی لە كێشە سیاسییە گشتیەكاندا، دەكرد. بەبێ ئازادی، دیموكراسیەت ئیفلیج دەبوو. بۆیە ئەم بەشداربوونەی هاوڵاتیانیش كاتێ مەیسەر دەبوو، كە تاكەكەس لە چۆنێتیی بەكارهێنانی زماندا، *وەك تاكە هۆیەكی شیاوی ئاڵوگۆڕكردنی زیندوو لەگەڵ مرۆڤەكانی تردا*، شارەزا بێت. بەواتایەكی دی، تاكەكەس لای سۆفیستەكان تاكێكی قسەكەرە، خاوەن دەنگە و ئیرادەیشی هەیە دەنگی خۆی بە خەڵكانی دیكەش بگەیەنێت. واتە دەبوو تاك بیتوانیبا لە كۆبوونەوە و جڤاتە گشتیە ئازادەكاندا بێتە قسە و بیروڕاكانی خۆی بەشێوەیەكی ئازاد دەربڕێت. ڕۆڵان بارت، ئەگەرچی لەم بارەیەوە هەڵوێستێكی ئەفلاتوونیی لە ئاست سۆفیستەكاندا هەیە و بەرنامەی ئاخاوتنی ئەوان بە (شێوێنەری یاسا) ناو دەبات، بەڵام ئەمە ڕێگەی لێ ناگرێت، كە بڵێت: "توانای بیركردنەوەی هاوبەش ئامانجی هەموو دیالێكتیكە، توانای ئاخاوتنیش ئامانجی گفتوگۆی عەشق"[1] بەڕاستی سۆفیستەكانیش دەیانویست زمان بكەنە گفتوگۆی عەشق و لەژێر دەستی چینەكانی سەرەوە ڕزگاری بكەن، تا هاووڵاتی ئاسایی بتوانێت لە

١ R. Barthes: **Den gamle retorik** (١٩٦٤-٦٥), in **K&K** nr ٨٤, rg. ١٩٩٧, s. ٢٧



ڕێگەیەوە توانایی (aret)ی خۆی دەربڕێ، چونكە ئێمە پێشتر ڕوونمان كردەوە، كە یەكێك لە ماناكانی توانایی، واتە ئامادەیی تاك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا. ئا لێرەشەوە پەیوەندییەكی بەتین هەیە لە نێوان دوو لایەندا. لە لایەكەوە: بیروڕای سۆفیستەكان لەسەر مرۆڤ و تێزەكەیان، كە دەڵێت توانایی شتێكە هەموو كەس خاوەنێتی و فێری دەبێت. واتە شەڕی ئەوان بۆ پووچكردنەوەی ئەو ئەفسانەیەی، كە دەیگوت، توانایی بەستراوە بە پێگەی كۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی تاكەكانەوە. لە لایەكی تریشەوە، پەیوەندیی هەیە لە نێوان بیروڕاكانیان لەسەر زمان و ڕەخنەگرتنیان لە ئایین، كە لە دوا شیكردنەوەدا پێیان وابوو، زمانی دینی و چەمكەكانی خواناسی، ناهێڵن تاكەكەس بە شێوەیەكی ئازاد خۆی دەربڕێت و كێشەكانی بخاتە ڕوو.

لە ڕەخنەی یەكەمیاندا، سۆفیستەكان هەوڵیان داوە سنوورێ بۆ دەسەڵاتی دنیایی پاشا و میر و بنەماڵە دابنێن. ئەمەش بەو هۆیەوە، كە بیسەلمێنن، نەك خاوەن پلەوپایەكان، بەڵكو هەموو هاووڵاتیان لە لایەن سرووشتەوە بە یەكسانی تواناییان بەسەرا دابەشكراوە. هەر لەبەرئەوەش پێگەی تایبەتیی كەسێك ناتوانێ بەڵگە بێت بۆ لێهاتوویی و زیرەكیی ئەو كەسە. یان بەزمانی ئیمانۆیل كانت، كە یەكێك بوو لەو فەیلەسووفانەی هەرگیز ڕێزی سۆفیستەكانی لەیاد نەكرد: **"هەموو توانا سرووشتیەكانی مرۆڤ بە ئاراستەی گەشەكردنێكی بەردەوام و بەرەو ئامانجێكی تایبەت ڕێدەكەن"**[1].

١ Immanuel Kant: **Oplysning, historie, fremskridt**: Aahus, Danmark, Slagmark ١٩٩٣, s: ٥٢.

ئەمەش بە مانای ئەوەیە گەشەکردن بەشێکە لە پێکهاتەی هەبوونی هەر بوویەکی زیندوو لە هەموو کاتێك و بارودۆخێکی ژیانی ئەو بووەدا، بۆیە ناتوانین گەشەی مرۆڤیٚ لە پەیوەندیی بە میراتی بایۆلۆجیانەی ئەو مرۆڤە بە بنەماڵە و شوێنی ئیش و شتی لەو بابەتەوە لێکبدەینەوە.

لە ڕەخنەی دووەمدا، سۆفیستەکان هەنگاوێکی تر هەڵدەهێنن و ڕاستەوخۆ ئایدیای هەبوونی تاکە دەستەڵاتدار، یان خواکان ڕەتدەکەنەوە، کە لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەیەکە بۆ ڕەوایی پێدان بە دەسەڵاتی دنیایی. لێرەوەیە دەشێێت ئەنجامگیریی بکەین و بڵێین، سۆفیستەکان لە قۆناغێکی هزرییاندا هەر بەوەوە ناوەستن ئاماژە بۆ هەر دوو دەسەڵاتی دنیایی و ئاسمانی بکەن و، وەك دوو سەرچاوەی گوشارخستنەسەر ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤ پێناسەیان بکەن، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا دەیانخەنە بەر تێڕوانینێکی ڕەخنەیی و ڕەوایەتیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ڕەخنەیەکی ئەوتۆش پێش هەموو شتێك دەیەوێت سەربەخۆیی مرۆڤ بەدەست بهێنێتەوە و هۆشیاریەکەی بکاتە پێوەری هەموو شتێك. واتە تێڕوانینێکی بێ سەلماندن توورِ دەدەن و جیهانبینیەکی واقیعانەتر لە جێگەی دادەنێن، کە ئەنجامی وردبوونەوەیە لە گوزەرانی واقیعی مرۆڤ لە ژیاندا. ئەفسانە دەگۆڕنەوە بە ئەقڵ، مەعریفە دەخەنە جێگەی باوەڕ و هتد. بێگومان ئەم هەڵوێستەش بێموبالاتی نیە لە ئاست سیاسەت و ئاییندا، بگرە هەستیاریی سۆفیستەکانمان لە ئاست سەردەمێکی تازە و داواکاریەکانی ئەو سەردەمەدا



پیشاندەدات، کە خوازیاری چەمك و پێناسە و تێگەیشتنێکی دیکە بوو لەسەر دنیای نوێ و پێویستیی مرۆڤ بە جیهانبینیەکی هاوچەرخانەتر لەسەر واقیعی خۆی.

تازەگەریی بزووتنەوەی سۆفیستەکان لە هەستیاریی دەرکی ئەواندایە بەرامبەر پرسیارەکانی سەردەم و دادوەری بۆ ڕێگاچارەی نوێ، نەك بە پیرۆزکردنی تەقلید و نەرێتە سەپاوەکان لە ڕووی خوو پێوەگرتنەوە. ئەوان پرسیارکردن و لێکدانەوەی هۆشمەندانەیان پێش فۆلکلۆر و کەلەپووری ڕابردوو خست و ئا لێرەشدا بوو، تێڕوانینیان لەسەر ئەرکی زمانیش گۆڕا.

بەپێچەوانەی ئەو پێناسەیەی ئەفلاتوون بۆ سۆفیستەکانی دەکات و بە پارە پەرست و ڕەووشت نزمیان ناودەبات، چونکە لە **"حەقدەستی دەرسەکانیاندا پارەیان وەرگرتووە"** (کۆمار:٤٩٣a، هەروەها پرۆتاگۆراس:٣١٠d)، جیهانبینیی نوێی سۆفیستەکان، هەڵگری ڕەهەندێکی ئەخلاقیشە. ئەم ڕەهەندە ئەخلاقییەش، بەناوەڕۆکێکی سیاسیی ڕوون و دەوڵەمەند بارگاوی بووە. بابزانین بە چ مانایەك؟

ئەخلاق، وێڕای هەموو پێناسەیەکی تر، کە دەشێێت بۆی بکرێت، بریتیە لە خستنەڕووی بەرنامەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە پێناوی سازدانی کۆمەڵگایەکی تەندروستدا، کە پرنسیپی (یەکسانی) وەك دەستوورێك دانی پیا نرابێ، چونکە تەنیا لەو بارەدایە ئەو کۆمەڵگایە دەبێتە کۆمەڵگایەکی کراوەی دیموکراسی بەڕووی هەمواندا. یان وەك سۆفیستەکان چەندین جار دووبارەیان کردۆتەوە، خواستی ئەوان ئەوە بوو

کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ بێتە دی، کە هەموو بتوانن (مافی بوون بەهاوولاتی)ی تیادا بەدەست بهێنن و ئیمکانیەتی گەشەپێدانی ئەو خەسڵەتانەی، کە (***دۆستی و ئاشتی و ڕێزگرتنی جیاوازیەکان***) پێشدەخەن، هێندە بەربلاو بێت، چیدی بوار نەبێت هێزە شەڕانیەکانی وەك ڕەگەز پەرستی، چەوساندنەوە و ڕق لە بێگانە بوونەوە، تیایدا جێگەیان ببێتەوە. ڕێك ئا لێرەشدایە، کە پێناسەی سۆفیستەکان لەسەر ئاخاوتن (کە زمان ڕەگەزی هەرە سەرەکییەتی)، وەك سەرمەشقێك و پێشنموونەیەکی ئاڵوگۆڕکردن، یان پەیوەندیکردن (communication) سەر هەڵدەدات. ئەم مۆدێلی ئاڵوگۆڕکردنەش بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، گفتوگۆی زیندوو دەکاتە خاڵی سەرەکیی دەستپێکردنی خۆی. دیارە مۆدێلێکی ئەوتۆش بەپێچەوانەی ئەو مۆدێلی (سزابڕینەوە)یە لەسەر جەستەی مرۆڤ، کە ئەفلاتوون لە کتێبگەلی وەك: (***پرۆتاگۆراس:a۳۲٥، گۆرگیاس:d٤٧٨و b٥٢٥، و کتێبی کۆمار:a٦١٦***)،دا خستویێتیە بەردەمان[1]. مۆدێلی سۆفیستەکان لە هەمان کاتیشدا هەڵقەیەك بوو لەو بەرنامە پەروەردەییەی ئەوان خەڵکیان فێر دەکرد. بۆنموونە، بە لای گۆرگیاسەوە ئاخاوتن دوو لایەنی گرنگی هەیە: لایەنێکی تەکنیکی و جوانکاری، کە تیایدا قوورسایی دەخرێتە سەر بونیادی (***دەرەوە***)ی ئاخاوتنەکە، واتە ئەوەی کە ئاخاوتنەکە چ سیمایەك بەخۆیەوە بگرێت. لەگەڵ لایەنێ، کە زیاتر قورسایی دەخرایە سەر ئەو

[1] "***سزا دەمانخاتەوە سەرهۆش، دادوەرمان دەکات و وەك دەرمان کاریگەریی هەیە بۆسەر بەدخووییەکانمان***" بڕوانە: (گۆرگیاس:d٤٧٨).



بەهاو نرخەی لە (***ناوەڕۆك***)ی ئاخاوتنەکەدا جێگەی بۆ دەکرایەوە. بەمجۆرەش شێواز و ناوەڕۆك لە ئاخاوتنی مرۆییدا و لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیانەی خۆیدا دەبێتە هەڵگری ڕاڤەیەکی قووڵ، ئەمەش ئەو لایەنەیە، کە من پێم وایە سەرنجڕاکێشە و گەرەکمە لێرە بەدواوە لە ڕێگەی بەنموونەکردنی گۆرگیاسەوە، پتر لێی بدوێم.

## • گۆرگیاس و هونەری ئاخاوتن:

یەکەمین کەس، کە توانی مرۆڤدۆستیی سۆفیستەکان بە مەسەلەی چالاکیی زمانییەوە ببەستێتەوە، گۆرگیاس بوو. ئامانجی گۆرگیاس ئەوەبوو، زمان لە هەموو توندوتیژییەك پاك بکاتەوە و، وەك تەکنیکێکی هونەری باس لە ئاخاوتن بکات، کە گفتوگۆی نێوان مرۆڤەکان و کەلتوورەکانمان بۆ ئاسان دەکات. بە زمانێکی دی، گۆرگیاس، پێشبینیی ئەوەی دەکرد، بەکارهێنانی دروستی زمان بتوانێت هۆکارێکی باش بێت بۆ تاکەکەس، تا لە ڕێگەیەوە ڕووخسارێکی هەمەلایەنی بداتە مەبەستە تاکایەتیەکانی خۆی. سەرچاوەی ئەم تێزەیش لەو بڕوایەوە هاتبوو، کە دەیگوت: ئەگەر مرۆڤ لە گفتوگۆی هەمە لایەنی ئەوتۆدا بەشدار بێت، کە ئامانجی بەشداربووەکان پێش هەرشتێکی دیکە لە یەکتر (تێگەیشتن) بێت (بەبێ ئەوەی مەرج بۆ یەکتر دابنێن و توندوتیژی لەگەڵ یەکتردا بەکار بهێنن)، ئەوە گفتوگۆکە بەروبوومێکی باشیشی دەبێت و هەمیشە دەمانگەیەنێ بە شوێنێکی جیاوازتر لەوەی لێوەی دەستمانپێکردووە. چونکە بەپێچەوانەی ئەمەوە، بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکدا، کە پڕبێت لە بەدگوومانیی بەشدار بووەکان لە ئاست یەکتریدا و

به ئامادەیی حوکمە پێشینەکان بارگاوی بوبێت، ئەوە هیچ ئامانجێك نادات بەدەستەوە جگە لە کارکردن و بەرهەمهێنانەوەی میکانیزمەکانی دەسەڵات. دیارە گفتوگۆیەکی ئەوتۆش بە ناکۆکیەکی بەرفراوانتر کۆتایی پێدێت و کاراکتەری گفتوگۆبوونیشی نامێنێ. لە ڕاستییشدا، تەنیا ئەوکاتەی لەسەر کەمترین شت یەکدەگرینەوە، دەشتوانین بەدوور لە بەدگومانی گفتوگۆ بکەین، (لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا، جیاوازیی نێوان گوماندارییی و بەدگومانی ڕووندەکەمەوە).

گۆرگیاس مەسەلەی ئاخاوتن وەك هۆکارێکی هەستیاری ئاڵوگۆڕکردن دەبینێ، کە تیایدا وشە دەبێتە (دەسەڵاتدارێکی مەزن). بۆئەوەی دەسەڵاتی وشە نەبێتە دەسەڵاتێکی وێرانکەر و بۆئەوەی ئاخاوتنەکان خەسڵەتی جوانیی بۆ خۆیان بەدەست بهێنن، پێویستە ئاخێوەر، یان ئەو کەسەی قسان دەکا هەمیشە لە یادی بێت، ئەوانەی ئەو قسانیان بۆ دەکات مرۆڤن و هەموو قسەکردنێکیش بۆی هەیە لەسەر ناوەوەیان کاریگەر بێت:

> **"وشە دەسەڵاتدارێکی مەزنە، کە بەیارمەتی پلێ گۆشت (زمان)، دەتوانێت گەورەترین چاکە بهێنێتە بەرهەم. واتە هەم دەتوانێت ترس و مەراق نەهێڵێت و دەرد و ئازار دوورخاتەوە، هەم لە توانایشیدایە شادی و هەستی هاودەمی بهێنێتە ئاراوە"**[1]

[1] G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken**, Akademisk Forlag ١٩٨٤, s: ٢١



لەگەڵ ئەوەشدا لە لای گۆرگیاس هونەری ئاخاوتن بەتوندی بەستراوە بە کێشەی (ڕەوا و ناڕەوا)وە (گۆرگیاس:b٤٥٤)، ئەوە هیچ گەرانتییەك نیە ڕێ بگرێ لەوەی، نابێت کەس ئەو هونەرە بەخراپە بەکار بهێنێ.. هەمیشە و لە هەر سەردەمێکدا، مەترسی ئەوە لە ئارادایە کەسانێکی نییەت خراپ بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان سوود لە هونەری ئاخاوتن وەربگرن. هەر بۆیەشە گۆرگیاس جیاوازیی دەکات لە نێوان دوو جۆر هونەری ئاخاوتندا. یەکەمیان ئەو جۆرە ئاخاوتنەیە، کە *بیر لە کاریگەریی خۆی لەسەر گوێگرەکان ناکاتەوە*، و، باکی نیە لەوەی ئەوان لە پاشاندا چۆن مانای وشەکان لێکدەدەنەوە. یان لەئەنجامی گوێگرتنەوە چ بارودۆخێکی دەروونییان بۆ پێشدێت. ئەمەش ئەو جۆرەیە لە ئاخاوتن، کە نە شادیهێنەرە و نە بەدیهێنەری هەستی هاودەردیشە. هەر لەبەرئەوەش خزمەتی پەرەپێدان بە ***ناڕەوایی*** دەکات (دەتوانین وتاری زۆربەی سیاسیەکان و ئایدۆلۆژیستەکان بەم جۆرەی ئاخاوتن لە قەڵەم بدەین). جۆری دووەمی ئاخاوتن ئەوەیانە، کە ***ئامادەیی جەماوەر، یان ئامادەبووان، وەك بارودۆخێکی پڕبایەخ دەبینێ***. واتە ڕێز لەو کۆمەڵە خەڵکە دەگرێت، کە لە سەکۆی ئاخاوتنەکەدا بەنیازی (بەشداریکردن) کۆبوونەتەوە. ئەم کۆمەڵە خەڵکە پاسیڤ نین، بەڵکو بە لای کەمەوە لە دەروونی خۆیاندا چەندین (چاوەڕوانی و ئومێد)یان هەیە لەسەر ئەوەی، کە دەشیێ گفتوگۆکە و ئەو خاڵانەی تیایدا دەخرێنە پێش چاو، بیانگەیەنێت بە ئاستێکی لێکدانەوەی ئەقڵانیتر.

گۆرگیاس هەر لە سەرەتاوە پێماندەڵێت، کەسێکی شارەزا و پەروەردەکراو لە هونەری ئاخاوتندا، دەتوانێت: (**لەسەر هەموو شتێك و لەگەڵ هەموو کەسێکدا گفتوگۆ بکات و لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر سەلمێنەر و شوێن بڕوا بێت**). بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەڵێت، ئەو کەسە لەبەر هۆی شارەزاییەکەی نابێتە خاوەنی (**مافیێکی زیاتر لە خەڵکانی دیکەی ناو کۆمەڵگاکەی**).

هونەری ئاخاوتن هۆیەك نیە بۆ چەوساندنەوە و زۆرهێنان بۆ خەڵك تابێنە سەر قسەی ئێمە، بەڵکو شێوازێکی تەکنیکی سەلمێنەرە، کە دەتوانین بەهۆیەوە ڕەوایی و ناڕوایی کێشەکانمان لە کۆمەڵگادا بۆ ڕوون ببێتەوە. ئەمەش بەوەی، کە ئیمکانمان دەداتێ گفتوگۆیان لە بارەوە بکەین. بۆیە تەکنیکێکی ئەوتۆ (**پێویستە هەمیشە بە شێوەیەکی ڕەوا بەکار بهێنرێت**). یەکێك لەو ئەنجامانەی دەکرێت لێرەدا بەدەستی بهێنین، ئەوەیە بڵێین: گۆرگیاس تەنیا ئەوکاتە (*جوانی*) لە ئاخاوتندا بەدی دەکات و ئاستێکی هونەری بۆ لە پێش چاو دەگرێت، کە ئاخاوتنێکی ***سەلمێنەر*** بێت. بەڵام مرۆڤ ناتوانێت بگاتە ئاستێکی سەلماندن ئەگەر هاتوو دەربڕینە زمانیەکان بەشێوەیەکی ڕەوا بەکار نەهێنرابن. ئەمەش بەمانای ئەوەیە پێویستە قسەکەر بزانێت ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی ئەو لە کاتێکی دیاریکراودا و لەسەر بابەتێکی تایبەت گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات، چی بەڕەوا و ناڕەوا دەزانن و هتد. لە بیرکردنی ئەم مەرجەش وا دەکات، ئاخاوتنەکە نەبێتە ئاخاوتنێکی هونەری و، نەیشتوانێ هیچمان بۆ بسەلمێنێ!



ڕەخنەگری فەرەنسی (ڕۆلان بارت) کاتێ لە ئەفسانەکانی دنیای ئەمڕۆی جیهانی سەرمایەداری دەکۆڵێتەوە، بە ئەنجامێکی وەك ئەوەی گۆرگیاس دەگات. بارت بڕوای وایە، کە بۆرجوازیەتی خاوەندەسەڵات بە یارمەتیی چەمکە ئەخلاقیەکانی هەمیشە لە هەوڵی سازدانی ئەو ئەفسانانەدایە، کە لە ڕێگەیانەوە ڕەوایەتی دەداتە مەبەستە تایبەتیەکانی خۆی. (ئەفسانە) لە لای بارت جۆرێکە لە ئاخاوتن کە مانایەکی تایبەت بە ئاراستەیەکی تایبەتدا دەهێنێتە بەرهەم. بەڵام ئەو مانایەی ئەفسانەکان بەرهەمی دەهێن، هەمیشە لەبەرژەوەندی ئەو هێزەی ئەفسانەکان بەرهەمدەهێنێ، واقیع دەشێوێنێت و واقیعێکی درۆی لە جێگە دادەنێت کە خزمەتی هەمان هێز بکات. لێرەوە بارتیش وەك گۆرگیاس هەموو هەوڵدانێك مەحکووم دەکات، کە چوارچێوەیەکی (قسەشیرین و زمان لووسانە) بۆ ناڕەوایەتی دەدۆزێتەوە[١].

جیاوازیی نێوان بارت و گۆرگیاس لەوەدایە، کە یەکەمیان ستراتیژی ئاشکراکردن و پەردەهەڵدانەوە لەسەر ئەو هێزانە هەڵدەداتەوە، کە پەرە بە ناڕەوایەتی دەدەن، (بۆیە بارت داوامان لێدەکات بە وریایی و چاوکراوەییەوە بڕوانینە دەوروبەری خۆمان و هەرگیز دیدی ڕەخنەمان لە بیر نەکەین)، لە کاتێکدا گۆرگیاس، ستراتیژی سزا هەڵدەبژێرێت و داوا دەکات، ئەو کەسەی

[١] R. Barthes: **Mytologier**, Copenhagen, Denmark: Rhodos ١٩٦٦, s: ١٧٦

هونەرەکەی بۆ پەرەپێدانی ناڕەوایەتی بەکار دەهێنێ، دەبێت لە وڵات بکرێتە دەرێ (گۆرگیاس:٤٥٧b+c).

خاڵی سەرەکی ئەوە نییە بیروڕای سۆفیستی لە هزری ڕەخنەیی مۆدێرندا بدۆزینەوە، بەڵکو ئەوەیە خەت بەژێر هەندێ خەسڵەتدا بهێنین، کە (وێڕای جیاوازیی قۆناغەکان، کەلتوورەکان و مەودا زەمەنیەکانیان) لە هەڵوێستی هزریی مرۆییدا بەردەوام دووبارە بوونەتەوە). لە دۆخی بارت دا، ڕەخنە ئاراستەی چینی خاوەندەسەڵات دەکرێت، کە بەهۆی بە(سرووشتیکردن)ی دەستوور و (نۆرمەکانیەوە) و، لە ڕێگەی (شێواندنی واقیع)ـەوە، پەرە بە دەسەڵاتی خۆی لە کۆمەڵگادا دەدات. بەڵام لە دۆخی گۆرگیاس دا، ئێمە لە بەردەم هزرێکداین، کە جەخت دەکاتەوە سەر چۆنێتیی دەربڕینی زمان، لە لای تاکەکەس. بە مانایەکی دیکە: گۆرگیاس تاکە هاوولاتی لە ئاست بەکارهێنانی دروستی زماندا بەرپرسیار دەکات و، دەیکات بەهۆی گەشە پێدانی ڕەوایی و دادوەری لە کۆمەڵگادا. ئەمەش بەبێ ئەوەی شێوازی تاکەکەسیی، دەوڵەمەندی ئەو کەسە لە وشەدا و لایەنی تەکنیکی تر، کە دەشیێت لەبەردەستیدا بن، بکاتە مەرجی (هونەریبوون)ی ئاخاوتنەکەی، ***چونکە لایەنی تەکنیکی و پرۆفێشناڵی ناتوانن ببنە گەرانت بۆ ڕەوایەتیدان بەو شتەی، کە لە ئاخاوتنەکەدا دەگوترێت، ئەگەر بێت و ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکە لەگەڵ ئەو شتەدا تەبا نەبێت، کە کۆمەڵگا وەك ڕەوایەتی پێناسەی کردووە.***



بەزمانێکی دیکە دەتوانم بڵێم: ئەگەرچی بەلای گۆرگیاسەوە تاکەکەس بۆی هەیە بەهۆی شارەزاییەکەیەوە مرۆڤێکی ڕەوانبێژ و (قسەڕەوان)بێت، وەك دەشزانین هەموو سۆفیستەکان بڕوایان بە پرنسیپی ئازادیی ڕادەربڕین هەبوو، بەڵام هێشتا پرنسیپێکی باڵاتریان داناوە تا شێوەی قسەکردنەکەی پێ کۆنترۆڵ بکەن: تاکەکەس چۆن ڕشتەی قسانی دادەمەزرێنێ و چۆن ڕستەکانی دەسازێنێ، چ وشەیەکی گونجاو، ڕەوان و هتد. بەکار دەهێنێ، ئازادە، بەڵام نابێ لە بیری بچێت، کە ئەو **هەرچەندە ئازادیش بێت، هێشتا لە چوارچێوەیەکی هاوبەشی بەکارهێنانی زماندا قسان دەکات و ئەو چوارچێوەیەش چوارچێوەی سیستەمی ئاڵوگۆڕی مرۆڤەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەیە**. لەبەر ئەم هۆیە، تاکەکەس نابێت هەست بکات، کە ئەو بەهۆی شارەزایی و پلەی خوێندنەکەیەوە ئاستێکی بەرزتری ڕەوایەتی لە خەڵکانی تر هەیە. چونکە پلەی بەرزی خوێندن و پسپۆڕییەکەی، بەرپرسیاریی ئەوەی لەسەر کەم ناکاتەوە کە: ئەو وەك تاکە هاوولاتی لە ئاست هێشتنەوەی دۆخی ئارامیی و تەبایی کۆمەڵگاکەیدا کەوتۆتە سەرشانی و شێوەی بەکارهێنانی زمانیش یەکێکە لەو هۆیانەی ئەو دۆخە ئارامە دەپارێزێ، یاخود ئەو تەباییە هەڵدەوەشێنێتەوە.

لێرەوە دەکرێت پرۆژەی ئاخاوتن وەك ئەو کەپرە تەماشا بکەین، کە لە ژێر سێبەرەکەیدا ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤەکان بەبێ هیچ بەدگومانییەك لە ئاست یەکتردا، دێتە ئەنجام.. دیارە ئەمەش هیچ شتێ نیە بێجگە لە ڕەچاوکردنی پرنسیپی متمانە کردن بە یەکدی و قەبووڵکردنی سەربەخۆیی

یەکتری.. ئەم خاڵەش ئەو شتە بوو، کە بە (مەرجی ئەخلاقی)م لە قوتابخانەی ئاخاوتنی گۆرگیاسیدا ناوبرد. دیارە ئەمەش نەك هەر بۆ بەرگریکردن لە فەزای دیموکراسیەتی ئەو دەمەی ئەسینا پێویست بوو، بەڵکو بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆکەیش بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە. گرنگیشە ئەم تیۆرەیە لە هەردوو زەمینەکەدا ببینین، هەم لە زەمینەی دیموکراسیەتی ئێستادا و هەم لەو زەمینە دیموکراسیەتەشدا، کە سۆفیستەکان بڕوایان پێی هەبوو. دیموکراسیەتێك، کە ئەوان بە کەشێکی ئازادیان دەزانی بۆ ئەوەی هاوولاتیان بەباشترین شێوە بۆیان بلوێ ئاگاداری بارودۆخی خۆیان بن و ئیمکانیان بۆ بڕەخسێ تا بتوانن لە ڕێگەی بەکارهێنانی تواناییەکانیانەوە، هەم لە دەزگا گشتیەکاندا بەشدار بن و هەم لە بڕیارەکانی دەوڵەتدا دەستیان هەبێ، چونکە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانرا کارکردی وێرانکەری دەسەڵات بگۆڕنە سەر کارکردە ئاوەدانکارییەکەی[١] ئەم دواکارییەش وەکو بەشێکی سەرچاوە هاوچەرخەکان پێمان دەڵێن، بەرەو (بێهەڵوێستی) و (پووچگەرایی) و (ڕێژەگەریی ڕەها) نەدەڕۆیشت، بەڵکو جۆرێ لە هۆشیاریی دەهێنایە گۆڕێ بۆئەوەی تاکەکەس بەهێز بکات و ڕاییبهێنێت لەسەر ئەوەی چۆن لە ڕێکخستنی دیموکراسیانەی کۆمەڵگادا چالاك بێت.

بەمجۆرە، سۆفیستەکان سەرگەرمی بەرگریکردن بوون لە دیموکراسییەت و بە مەرجی دابینکردنی ئازادیی مرۆڤیان دەزانی، بۆیە بناخەی تیۆرییەکی ئالوگۆڕکردنیان دامەزراند کە تا ئەمڕۆش، وێڕای ڕەخنە توندەکانی

[١] J. Witt- Hansen: **Den antikke filosofis historie** bd. I, Copenhagen, Munksgaard ١٩٧٠, s: ١١١



ئەفلاتوون و ئەریستۆ، بایەخی خۆی نەدۆڕاندووە. سۆفیستەکان یەکەمین گرووپی ئەو فەیلەسووفە گەڕیدانە بوون کە لە دەوڵەتشاری ئەو دەمەی یۆناندا، بەتایبەتی سەردەمی فەرمانڕەوایی (پیریکلیس شا) دا، گرنگییەکی زۆریان بۆ ئازادیی تاك دادەنا. ئەوان بڕوایان وابوو بەرلەوەی تاك لە کۆمەڵگادا هیچ ئەرکێکی بخرێتە سەرشان و چاوەڕێی هیچی لێبکرێت، پێویستە بواری بۆ بڕەخسێنرێت تا خۆی بە دروستی پەروەردە بکا. (*Paideia*) پایدیا، یان پەروەردە ئەو زانستە بوو کە سۆفیستەکان بەدەرس دەیانگوتەوە و پێیان وابوو ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ئامادەکردنی تاك تا بتوانێت بەرگریی لە تێڕوانینەکانی بکات و بەهۆی ئاشکراکردنیان لەناو خەڵکدا، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەم کارەش وەك سۆفیستەکان دەیانگوت، تەنیا ئەوکاتە مەیسەر دەبوو کە تاك ***ئازادیی قسەکردنی*** هەبێت و بتوانێت بە شێوەیەکی ئازاد بیروڕاکانی خۆی لە *بەرژەوەندی گشتدا*، بخاتە ڕوو. بەڵام تەنیا ئازادیی ڕا دەربڕین بەس نەبوو بۆ ئەوەی تاك بە ئەرکی خۆی هەستێت، بەڵکە دەبوو شارەزاییش پەیدا بکات لە **چۆنێتی** دەربڕینی بیروڕاکانیدا. بەمانایەکی تر دەبوو شارەزای هونەری بەکارهێنانی زمان بێت، هونەری ئاخاوتن (*Retorik*).

لە کۆتایی ئەم بەشەدا، پێویستە بگوترێ: هۆی ئەوەی پێناسەی سۆفیستەکانم لەسەر هونەری ئاخاوتن، ئامانجەکانی و ڕۆڵی ئەو هونەرە، بەو جۆرەی سەرەوە و بەبێ چوونە ناو وردەکارییە تەکنیکیەکان خستە ڕوو، ئەوەبوو تا دووشت ڕوونبکەمەوە: یەکەم، پیشانی بدەم، کە بیری مرۆڤدۆستی بابەتێکی سەرەکییە لە بیرکردنەوەیاندا و، تێزەکەی پرۆتاگۆراس لەسەر پێوەرە مرۆڤ لە بەرامبەر هەموو شتێکی دیکەدا، وەك لێدانی دڵی بزوتنەوەکەیان کاریگەر بووە.. دووەم: ویستومە پیشانی بدەم،

که پەیوەندیەك هەیە لە نێوان تێڕوانینی ڕەخنەگرانەیان لە بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان و بەرنامەی دەرسەکانیاندا، کە لە هەمان کاتیشدا هەڵگری دیدێکی سیاسی/ئەخلاقیش بوو بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست.

لەو کۆمەڵگایەدا، دەبا مرۆڤ ئیمکانیەتی بۆ بڕەخسێت تا توانایی خۆی بە ئاراستەیەکی پۆسەتیڤدا گەشەپێبدات و هونەری ئاخاوتنیش لە خستنەڕووی بەڵگەی سەلمێنەر و باوەڕ پێکراودا، یارمەتیدەری بێت. ئەمە بوو پەیامی سەرەکی پرۆژەی سۆفیستەکان، نەك ئەو تۆمەتانەی ئەفلاتوون لە گفتوگۆی (فایدرۆس)دا دەیداتە پاڵیان، بە (ڕەوانبێژە درۆزنەکان)یان ناو دەبات و دەڵێت: **"ئەو دەستەیە (مەبەستی سۆفیستەکانە) هێشتا قسەیەکی ڕاستیان لە دەم نەهاتۆتە دەر، بەڵام ئێوە لە منەوە سەرجەمی حەقیقەت دەبیستن.."**[1]

کەوتن بوو بەسەر چەندین ڕستەی لەمجۆرەی ئەفلاتووندا، کە هانیدام بەرەو بەرهەمهێنانەوەی وێنایەکی دیکە لەسەر سۆفیستەکان هەنگاو بنێم. بڕیاری سەرکەوتن لەمەدا بۆ داهاتوو جێدەهێڵم، بەڵام دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە ستراتیژی من ئەوە بووە لەودیو شەڕ و تەشەرەکانی ئەفلاتوونەوە بیر لە جیهانبینیی سۆفیستەکان بکەمەوە. دیارە ئەمەش هێندە کارێکی ئاسان نیە. بەتایبەتی کاتێ مرۆڤ باش بزانێت، تاکە سەرچاوە لەسەر ئەو جیهابینیە هەر گفتوگۆکانی ئەفلاتوون خۆیەتی! بێگومان دەشیا بابەتی

[1] Hartvig: **Sokrates Forsvarstale**, Copenhagen, Gyldendal, s. ٢٦



هزریی سۆفیستەکانم بەوجۆرە لێکدابایەوە، کە ئەفلاتوون پێشنیاری کردووە، واتە ئەو خاڵانەم بەرجەستە کردبان، کە ئەو ڕەخنەی لێگرتوون و ئەمجا لە ڕوانگەی سۆفیستەکانەوە بەرپەرچم بدابانەوە، بەڵام ئەم شێوازە سەرنجی ڕانەکێشام، چونکە لە لایەکەوە ئەمە شێوازێکە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی باسی ناکۆکی ئەفلاتوون و سۆفیستەکانیان کردووە و من بەرچاوم کەوتوون، پەیڕەویان لێکردووە و، لە لایەکی تریشەوە: ئامانجی من ئەوە نەبووە بەرپەرچی ئەفلاتوون بدەمەوە و بەرگری لە سۆفیستەکان بکەم. بەڵکو ئامانجم ئەوە بوو بتوانم لە دەرەوەی حوکمەکانی ئەفلاتوونەوە، لە هزری سۆفیستەکان تێبگەم.

بێگومان خستنەڕووی بیروڕای سۆفیستەکان بەم جۆرەی، کە من کردوومە و بەرهەمم هێناوەتەوە، هاوشانیشە بە لەبیرکردن و چاوپۆشین لە گەلێك لایەن، کە دەشیا سەرەتایەکی باش بوونایە بۆ ڕەخنەگرتن لە سۆفیستەکان. بۆنمونە، هەڵوێستی ئەوان لە ئاست ئافرەتان، کۆیلەکان و منداڵاندا، یاخود بیروڕایان لەسەر (سزا و کوشتن) وەك ڕێگا چارەیەك بۆ ڕزگار بوون لە کێشەکان.. بێگومان هەموو ئەمانە لە بەهای فەلسەفیی کاری سۆفیستەکان و مرۆڤدۆستیەکەیان کەمدەکاتەوە... بەڵام هەر ئەم لایەنانەشن، کە بەدرێژایی مێژوو ئاوڕیان لێدراوەتەوە و وەك سەنگەرێك بۆ هێرشکردنە سەر ئەوان بەکار هێنراون. لە هەمان کاتیشدا ئەم جۆرە لاوازیانە لە بیری سۆفیستەکاندا هێندە ئاشکرا و دیارن، کە هەر کەسێ خۆی بە هزری ئەوانەوە خەریك بکات بەر چاوی دەکەون و پێویست ناکات

شیکردنەوەی قووڵیان لەسەر ئەنجام بدەین و خێرا خێرا بیروڕاکانی ئەفلاتوون وەك بەڵگە بۆ هەبوونی لاوازی لە بیری سۆفیستەکاندا بهێنینەوە.
بەڵام خۆ ناکۆکیەکانی ئەفلاتوون لەگەڵ ئەواندا هەر لەوەوە نەهاتبوو، کە سۆفیستەکان لە حەقدەستی دەرسەکانیاندا (پارەیان وەردەگرت) و (حەقیقەتیان هەڵدەگێڕایەوە) و هتد.. بەڵکو سەرچاوەی ئەو ناکۆکیانە لە جێگەیەکی قووڵتردابوو، جێگەیەك، کە ئەفلاتوون نەیدەتوانی بیشارێتەوە و بەهانەی بۆ بدۆزێتەوە. ئەمەش بابەتی بەشی داهاتووی باسەکەمانە.

# ٦. سۆفیستەکان و ئەوانیتر
# (بەتایبەتی ئەفلاتوون)

دەکرا ئەم بەشە بە پەیڕەویی لە میتۆدی نووسینەوەی مێژوو ناوبنێم: (سۆفیستەکان لە مێژووی فەلسەفەدا).. چونکە لەم ڕێگایەوە دەمتوانی بەدوور و درێژی بیروڕاکانی ئیسۆکراتیس(٤٣٦-٣٣٨.پ ز) کە قوتابیی گۆرگیاس بووە، بەباسەکە تێهەڵکێش بکەم و، لەمەڕ مەبەستەکانی ئەریستۆیشەوە (٣٨٤-٣٢٢ پ. ز)، کە نەوەیەك پاش ئەوان ژیاوە، کەمێ قووڵ ببمەوە. بەڵام ئەم دوو لایەنەی لێدوانەکەمان لەبەر ئەو هۆیانەی پاشتر ناویان دەبەم، چوارچێوەیەکی خێرا وکورت بە خۆیەوە دەگرێت و لێرەشەوە، داوا لە خوێنەر دەکەم پێش خوێندنەوەی ئەم باسە، با پاشکۆکانی ئەم کتیبە بخوێنێتەوە، کە ڕاستەوخۆ بریتین لە وەرگێڕانی کۆی گرنگترین بیروڕاکانی ئەفلاتوون و ئەریستۆتالیس و ئەوانیتر لەبارەی سۆفیستەکانەوە. لێرەدا پتر گەرەکمە ڕووبەرێکی بەرفراوانتر بۆ لێدوان لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەفلاتوون و سۆفیستەکان تەرخان بکەم، چونکە تا ئێستا هەر بەشێوەیەکی گشتی هێمام بۆ ڕەخنەکانی ئەفلاتوون کردووە، بەبێ ئەوەی باس لەو هاندەرانە بکەم کە لە پشت دیدی ئەو ڕەخنانەوەن، بەڵام جارێ بەر لە هەر شتێ دەمەوێت باسێکی کورتی هەر یەك لە ئیسۆکراتیس و ئەریستۆ لە پەیوەندییان لەگەڵ سۆفیستەکاندا بێنمە ئاراوە.



## • ئیسۆکراتیس و ئەریستۆ

ئیسۆکراتیس، کە بۆ خۆی مامۆستایەکی هونەری ئاخاوتن بووە، لە دوو بەرهەمیدا باسی سۆفیستەکان دەکات و ڕەخنەیان لێ دەگرێت. یەکێك لەو دوو بەرهەمە ڕاستەوخۆ بەناوی (***لە دژی سۆفیستەکان***)ـەو دووەمیشیان لەژێر ناوی (*ئەنتی دۆسیس*، یاخود ئاڵوگۆڕی دارایی)دایە. لەم بەرهەمەی دواییاندا، ئیسۆکراتیس لە بەشەکانی (١٩٥ و ١٩٦ وە بۆ ٢٠٤) بەتایبەتی باسی سۆفیستەکان دەکات[١]

بەشێوەیەکی گشتی و وەك سەرەتایەك دەبێ بگوترێ، ئەم دوو نووسینە لە چوارچێوەیەکی قەشەنگدا داڕێژراون و بەهایەکی ئەدەبیی بەرزیشیان هەیە، کە خوێندنەوەکەیان چەندین جار چێژبەخشتر دەکات، بەڵام بەبۆچوونی من شتێکی تازەمان لەسەر چۆنێتی بیرکردنەوەی سۆفیستەکان بۆ ڕوون ناکەنەوە. ئەوەی کە تازەبێ، ئەوەیە لەو سەردەمەدا ئیسۆکراتیس خەریکی کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەربەخۆی خۆیەتی بۆ دەرسگوتنەوە لە بواری هونەری ئاخاوتندا. بەم بۆنەیەشەوە نامیلکەی (لە دژی سۆفیستەکان) بڵاو دەکاتەوە تاکو جیاوازیی میتۆدی قوتابخانەکەی خۆی لەگەڵ قوتابخانەکانی دیکەدا، بەتایبەتییش سۆفیستەکان ئاشکرا بکات. (لێرەدا پێویستە

---

[١] Isokrates: **Fire Tale**, Copenhagen, Museum T. Forlag. ١٩٨٦, stykke ٥٣-٦٠ og fra stykke ٧٤

لەمەڕ بیروڕای ڕەوانبێژانەی ئیسۆکراتیسەوە بڕوانە:

– ورنر یگر (وارنەر یایە): **پایدیا**. III، ت: محمد حسن لطفی، تهران: خوارزمی،جلد ٣، لە بەشی ١١وە بۆ بەشی ١٥

ئەوەش بگوترێ کە بە لای ئیسۆکراتیسەوە، سوکرات و ئەفلاتوونیش هەر بە سۆفیست حسێبن، چونکە وشەی سۆفیست تا سەردەمی ئەویش هەر بە واتای پیاوی دانا دێت و هێشتا ئەو مانا نێگەتیڤەی پێنەبەخشراوە، کە ئەفلاتوون پاشتر پێی بەخشی).. هەروەك باویش بووە ئەو جۆرە بەرهەمانە بۆ ئەوە بوون تا قوتابخانە تازەکان سنووری خۆیان لەگەڵ قوتابخانەکانی پێشتردا دەستنیشان بکەن و ئەمەش وەك هێمایەك وابووە بۆ قوتابیان و سەرنجڕاکێشانیان بەلای قوتابخانە تازەکاندا. دیارە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی باوی ئەو سەردەمە بووە و دەکرێ بە هەوڵدانێکی سەرەتایی دابنێین بۆ دەستبەسەراگرتنی، یاخود بەمولکایەتیکردنی زانین لە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا.

هەرچی ناوەڕۆکی نامیلکەی (لە دژی سۆفیستەکان)ـە، ئەوە پێویستە بڵێم، ناوەڕۆکێکی میتافیزیکیانەی هەیە و لە بڕوابوون بەهێزێکی غەیبانی و ئاسمانیەوە سەرچاوەی گرتووە و بە ڕۆحێکی پێش سوکراتیانە نووسراوە، چونکە ئیسۆکراتیس بەهۆی ئاماژەکردنی بۆ هۆمێر، کە پێی وایە (***گەردوون بەئیرادەی دروستکراوێك دەگەڕێ***)، گەشبینیی سۆفیستەکان لە بارەی سرووشتی داهێنەرانەی مرۆڤەوە ڕەتدەکاتەوە و پێی وانیە (***مرۆڤ بتوانێت پلانی سەربەخۆی بۆ داوڕۆژ هەبێت***). واتە ئیسۆکراتیس دێت سەرجەمی ئەوەی لە لای سۆفیستەکان پەیوەندیی هەیە بە فێربوون، گەشەدان بە توانایی مرۆڤ و بەکارهێنانی لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵدا، بەهۆی ئەم گوتەیەوە ڕەتدەکاتەوە و سیمای مامۆستایەکی نەریتخواز و



تەقلیدی لەسەر خۆی بەرجەستە دەکات.. ئیسۆکراتیس لەو مامۆستایانەیە، کە پێی وایە: (***هەندێ کێشە هەن چارەسەرکردنیان لە توانای مرۆڤ بەدەرە و پێویستە بدرێنە دەست خواوەند***). دیارە ئابەم قسەیەش خۆی لەو ڕەوتی مرۆڤدۆستیە جیادەکاتەوە، کە سۆفیستەکان شەڕیان بۆ دەکرد و لەسەر پرنسیپی بڕوابوون بە هۆشمەندی و ئەوەی، کە مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، دامەزرابوو.

بەڵام ڕەخنەی ئیسۆکراتیس لە سۆفیستەکان مانایەکی دیکەیشی هەیە و پێمان دەڵێت، ئەفلاتوون یەکەمین فەیلەسووفی مەزن نەبووە ڕەخنەی لە سۆفیستەکان گرتبێ، بەڵکو کاری ئەفلاتوون جۆرێکە لە ڕێکخستن و سیستەماتیزەکردنی زنجیرەی ئەو هەڵوێستە ڕەخنەییانەی، کە پێشتر لە دژی سۆفیستەکان لە ئارادا بوون. بە زمانێکی دیکە، کاتێ ئەفلاتوون لە کۆتایی کتێبی (یاساکان، بەشی: ٧١٦) دا، دەڵێت: "***یەزدان پێوەری هەموو شتێکە***" و، بەمەش تێزەکەی پرۆتاگۆراس ڕەتدەکاتەوە، هیچ شتێك ناکات بێجگە لە جەختکردنەوە لەسەر ئەو پرۆسە ئایدیالییەی، کە پێش خۆی دەستپێکردبوو. پرۆسەیەك، کە چیدی بڕوای بە هێزی داهێنەرانەی مرۆڤ نەمابوو، چیدی کێشەکانی جیهانی بینراو شوێن مەبەستی نەبوون و ئەرکی دیکەی بۆ بیری فەلسەفی لە پێش چاو گرتبوو. ڕاستە ئیسۆکراتیس بۆ خۆی قوتابییەکی گۆرگیاس بووە و لە گەلێك شوێنیشدا بەرگریی لە بیروڕای مامۆستاکەی دەکات، بەڵام هیچ شتێ ڕێگای لێ نەگرت، کە هەڵوێستێکی ئایدیالیستیی و نەریتگەرایانە لە ئاست پرۆژەی

سۆفیستەکاندا وەرنەگرێت. هەر ئەمەشە وا دەکات نەمەوێت زیاتر لەسەر ئەم لایەنە بڕۆم، چونکە لێدوانی زیاتر لەم بارەیەوە دەبێتە شێوەیەك لە دووبارەکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی، کە دەشێیت لەمەڕ هەڵسەنگانی سۆفیستەکان لە لایەن ئەفلاتوونەوە بگوترێت[1]

هەرچی سەبارەت بە ئەریستۆیە، کێشەکە بڕێك جیاوازە: پێش هەموو شتێك ماوەیەکی زەمەنیی دوور و درێژ لە نێوان ئەریستۆ و سۆفیستەکاندا هەیە. ئەمەش پێمان دەڵێت، ئێمە لە بەردەم دوو نەوەی جیاوازداین، کە دوو جیهانبینیی جیاواز، دوو جۆر پێناسەکردن و دوو شێوە تێگەیشتنی جیاوازیشیان لەسەر چەمکەکانی بۆ نموونە وەك: هونەری ئاخاوتن و ڕۆڵی ئاخاوتن، هەیە. بێگومان نابێ ئەو ڕاستیە تاڵەش لە بیر بکەین، کە دەریدەخات، ئەریستۆیش لە کاریگەریی ڕەخنەکانی ئەفلاتوون ڕزگاری نەبووە. هێندە هەیە ئەریستۆ بۆخۆی لەسەر هونەری ئاخاوتن خاوەنی تیۆریەکی سەربەخۆیە و ئەمەش پشتیوانمان دەکات تا ڕێگە بە خۆمان بدەین و بڵێین: لە دوا ئەنجامدا، هەڵوێستی ئەو لە ئاست سۆفیستەکاندا ئاستێکی پسپۆڕانەی بەخۆیەوە گرتووە. واتە ئەریستۆ وەك سەرچاوە

---

[1] لەمەڕ کاریگەریی گۆرگیاس بۆ سەر ئیسۆکراتیس بڕوانە ئەو سەرچاوانەی لە لاپەڕە (١٥٧)ی ئەم کتێبەدا، ئاماژەیان پێدراوە. ئەمجا پێویستە بڵێم مەبەستم لە ئاماژەکردن بە هاوشێوەیی بیروڕای ئەفلاتوون و ئیسۆکراتیس ئەوە نیە بڵێم، ئەم دوانە لە دژی سۆفیستەکان هاوڕا بوون. یاخود پیشانی بدەم سۆفیستەکان و ئیسۆکراتیس خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا نەبووە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەفلاتوون و ئیسۆکراتیس هەردووکیان هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەیان لە ئاست سۆفیستەکاندا هەبووە و ئەمەش خاڵی هاوبەشی ئەو دوانەیە.



تەماشای بەرهەمی سۆفیستەکان دەکات، کە دەبێت بۆ تێگەیشتنمان لە هونەری ئاخاوتن و ڕۆڵی ئەم هونەرە لە ژیانی مرۆڤدا بۆیان بگەڕێینەوە. بەمەش چ ڕەخنەکانی ئەریستۆ و (چ پیاهەڵگوتنەکانیشی)، خۆیان لە ڕەخنەی ئەوانیتر جیادەکەنەوە، کە بنەمای ناکۆکیی ڕۆژانە و جیاوازیی سەلیقەشیان لەگەڵ سۆفیستەکاندا، ڕۆڵی خۆی تیا دەگێڕا و هەموو ئەمەش بەدوور نەبوو لەو داوەرییانەی کە بنەماکەیان لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی و ململانێی چینایەتیەوە دامەزراندبوو.

دەمەوێ دووبارەی بکەمەوە و بڵێم: هۆی خۆبەدوورگرتنم لە باسکردنی هەڵوێستی ئەریستۆ، هەم دەگەڕێتەوە بۆ بەرفراوانی ئەم بابەتە و نەبوونی توانای من لەم بارەیەوە، هەم دەشگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیی تێڕوانینە فەلسەفی و تەکنیکیەی لە نێوان ئەو دوو بەرنامە و بۆچوونەشدا ئامادەیە. بەڵام ناشمەوێت لە بابەتی سەرەکیی خۆم، کە تێگەیشتنە لە ناکۆکیی ئەفلاتوون لەگەڵ سۆفیستەکاندا دوور بکەومەوە. ئەمەش شتێکە لێرە بەدواوە قسانی لەسەر دەکەم و دیسانەوە سەرنجی خوێنەر بۆ پاشکۆی ئەم کتێبە ڕادەکێشم، کە بەشێکی تایبەت کراوە بۆ دەقەکانی ئەریستۆتالیس لەبارەی سۆفیستەکانەوە.

## • ئەفلاتوون و سۆفیستەکان

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا و لەژێر سەردێڕی (خاڵە هاوبەشەکان)دا، باسی ئەو پێشزەمینە مێژووییەم کردووە، کە ئەفلاتوون لێوەی دەیڕوانیە سۆفیستەکان. بەو جۆرەش خۆم بە دوور گرتووە لە ئاماژەکردن و سەرلەنوێ

نوسینەوەی گوتە بەناوبانگەکانی ئەفلاتوون لەسەریان، کە لە زۆربەی گفتوگۆکانیدا دووبارەیان دەکاتەوە و لە مێژووەکانی فەلسەفە و سەرچاوەکانیشدا بەردەوام دەخرێنەوە پێشچاو. دەمەوێت لە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژەدا (واتە ئەوەی کە نامەوێت ڕەخنە بوختانئامێزەکانی ئەفلاتوون بهێنمەوە پێش چاو، بەردەوام بم، چونکە لەو بڕوایەدا نیم بە هێنانەوەپێشەوەی بوختانەکانی ئەفلاتوون لە دژی سۆفیستەکان، بە ئاستی زانینێکی زیاتر بگەم. هەڵوێستی ئەفلاتوون لەو بارەیەوە ڕوونە و هەر کەسێ گفتوگۆکانی بخوێنێتەوە، بەئاسانی شارەزایان دەبێت. بە مانایەکی تر، ڕەخنەکانی ئەفلاتوون لەسەر ئاستی ڕواڵەتانەی گفتوگۆکانیدان و بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا و قابیلی تێگەیشتنن.. پێویست ناکات مرۆڤ میتۆدێکی تایبەتی شیکردنەوە شارەزا بێت تا لەو بەشەی هزری ئەفلاتوون تێبگات. پێویست ناکات مرۆڤ شارەزای دەروونناسی بێت تاکو بۆی ڕوون ببێتەوە ئەفلاتوون چەندە تووڕەیە؟ بە چ وزەیەکەوە تێڕوانینی سۆفیستەکان ڕەتدەکاتەوە و کەمبایەخ پیشانیان دەدات، هەروەك چۆن مەرجیش نیە مرۆڤ قوتابیی بەشی فەلسەفە بێت بۆئەوەی لە بوختانەکانی ئەفلاتوون تێبگات. گرنگترین شت ڕەنگە ئەوەبێت، مرۆڤ بتوانێت ئاستی ڕووکەشانەی ئەم ناکۆکیانە جێبهێڵێت و لە ئاستێکی قووڵتردا بۆ هۆکارەکانی بگەڕێت. واتە پرسیار بکات: بۆچی ئەفلاتوون سۆفیستەکانی پێ قووت ناچێت؟ سۆفیستەکان نوێنەرایەتی چی دەکەن، کە ئەفلاتوون نەتوانێت ڕێزی بۆ



دابنێت؟ یاخود بەشێوەیەکی گشتی پرسیار بکات: هۆی سەرەکی و سەرچاوەی ئەم ناکۆکیە لە چییەوە هاتووە؟

لەبەشەکانی ڕابردوودا هەوڵم دا بیروڕای سۆفیستەکان بەسەر بکەمەوە و ویستوومە پیشانی بدەم، کە تێڕوانینی ئەوان لەسەر مرۆڤ، کۆمەڵگا، هونەری ئاخاوتن (زمان) و ئەخلاق، بەتوندی بەسترابوو بە هەلومەرجەکانی کۆمەڵگای دیموکراسیەتی ئەسینابییەوە. واتە ئەو شێوازە دیموکراسیەتەی بە لای هاووڵاتیانەوە (دادوەری) تیایدا پرنسیپێکی ئاشنا و ناسراو بوو. دەمەوێ ئەوەش بەیادی خوێنەر بهێنمەوە، کە لە سەرەتای ئەم بەرهەمەوە مەسەلەی بەکارهێنانی دروستی زمان لە لای سۆفیستەکان، وەك مەرجێکی بنەڕەتی بۆ مانەوەی دیموکراسی و گفتوگۆی دیموکراسیانە خستە ڕوو. پێموایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەهۆی پرسیارێکەوە، وردتر لەم قسەیە بکۆڵینەوە. گرنگیی ئەم پرسیارە لەوەدایە، کە سەرجەمی هەڵوێستی ئەفلاتوونمان، نەك هەر لەسەر ڕۆشنبیریی سۆفیستەکان، بەڵکو لەسەر بارودۆخی گشتیی ئەو دەمەی دەوڵەتشاریش، بەشێوەیەکی دیکە دەخاتە پێش چاو، چونکە من پێشتر ئاماژەم کردووە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە دژایەتی ئەفلاتوون لەگەڵ سۆفیستەکاندا، تەنیا دژایەتی نیە لەگەڵ دەستەیەك مرۆڤدا، بەڵکو لە هەمان کاتدا دژایەتیشە لەگەڵ ئەو نۆرم و سیستەمە سیاسی ــ کۆمەڵایەتیەشدا، کە سۆفیستەکانی پێگەیاندبوو. بێگومان ئەو سیستەمەش سیستەمی دیموکراسی بوو بەهەموو نۆرم و خەسڵەتەکانیەوە. بۆیە دەکرێ بەشێوەیەکی سادە پرسیارەکەمان بەم جۆرە دابڕێژین: **ئایا**

***ئەفلاتوون چۆن لە دیموکراسیەت تێدەگات و بە چ شێوەیەك پێناسەی دەکات؟***

- **کتێبی کۆمار**

دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارە لە کتێبی هەشتەمی گفتوگۆی کۆماردا (بەتایبەتی لە بەشی ٥٥٦)و بەرەو دوا بدۆزرێتەوە[1]، واتە بۆئەوەی لە پێناسەکەی ئەفلاتوون بۆ سیستەمی دیموکراسی تێبگەین و پەیوەندیی ئەمەمان بە ڕەخنەکانی لەسەر سۆفیستەکان بۆ دەربکەوێت، دەمەوێت وەڵامی پرسیارەکەی سەرێ لەو بەشەی کتێبی ناوبراوەوە دەربهێنم. لەم ڕێگەیەشەوە ئەو بونیادانە بدۆزمەوە، کە وایانکرد هێرشەکانی ئەفلاتوون بەدرێژایی چەندین سەدە سەربگرن. دیارە ئەم خاڵەم بەلاوە گرنگە، چونکە هەر وەك چەند جارێك دووبارەمان کردۆتەوە: پەرچەکرداری ئەفلاتوون لە دژی دیموکراسیەتی ئەسینایی، هەر بەتەنیا پەرچەکردارێ نەبوو لە دژی سیستەمێکی سیاسیی تایبەت، بەڵکو پەرچەکردارێکی توندڕەوانەش بوو لە دژی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی تایبەتیشدا، کە ڕەوایەتی بەو دیموکراسیەتە دەبەخشی و خەسڵەتەکانی پێناسە دەکردن.

[1]- Platon: **Sammlede skrifter**, (سەرجەمی بەرهەمەکان)bd، VI & VII. Kobenhavn: C. A. Reitzels Forlag ١٩٩٥.
- Platon: **Staten**, HANS Reder, Copenhagen: Hans Reitzel, ١٩٧٥, Fra p: ٣١٥



دیارە لە بەشەکانی پێشوودا تا ئەندازەیەك لەسەر ئەو بیرکردنەوە فەلسەفییە شارەزاییمان پەیدا کرد. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە پێناسەکەی ئەفلاتوون بەهەمان شێوە بەجیدی وەربگرین و پیشانی بدەین، ئاخۆ ئەفلاتوون چ لەناو سیستەمەکانی ئیدارەکردندا چ شوێنێ بۆ دیموکراسیەت قاییل دەبێت؟ نابێ ئەم بەشەی باسەکە وەك شیکردنەوەی سەرجەمی کتێبی *کۆمار* تەماشای بکرێت، بەڵکو پێویستە وەك هەوڵدانێك سەیری بکرێت، کە بەشی هەشتەمی ئەو بەرهەمە دەکاتە خاڵی سەرەتا، ئەمەش بەو نیازەی پێمان بڵێت: ئەفلاتوون چۆن لە دیموکراسیەت تێدەگەیشت؟

ئەگەر ئەو پرسیارەی سەرەوە لە سوکراتی ئەفلاتوون بکەین، ئەوە سوکرات وەڵامەکەی بەوە دەستپێدەکات، کە بڵێت: مادام پێنج جۆر دەوڵەت لە ئارادان، واتە: ئەریستۆکراتی (دەوڵەتی باشترینەکان)، تیمۆکراتی (دەوڵەتی ئەشرافەکان)، ئۆلیگاریشی (دەڵەتی پارەدارەکان)، دیموکراسی (دەوڵەتی زۆربە) و دیکتاتۆریەت (دەوڵەتی جەللاد)، ئەوە دەبێت: **"ڕۆحی هەر تاکەکەسێکیش بە پێنج شێوەی جیاواز ئۆرگانیزە کرابێت"** (کۆمار:٥٤٤e). بەم پێیەش ئەفلاتوون ناخی مرۆڤ دەکاتە ئاوێنەیەك بۆ ئەو شێوە دەوڵەتەی بەسەر ئەو مرۆڤەدا فەرمانڕەوایی دەکات. ئەوەی بە پلەی یەکەم دەبێتە شوێن سەرگەرمیی سوکراتی ئەفلاتوون شێوەی بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتەکان نیە، بەڵکو سرووشتی ناوەوە، خەسڵەتەکانیان و ئەو ئامانجەیە، کە هەر دەوڵەتە بۆخۆی لە پێش چاوی گرتووە. بۆ نمونە لە دەوڵەتی ئۆلیگاریشیدا کەسانێکی دەوڵەمەند

فەرمانڕەوایی دەکەن. هەر لەبەرئەوەش شتێکی ئاساییە لە سەراپای قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتەدا بە چاکە باسی دارایی بکرێت و پارەداران وەك نمونەی مرۆڤی کردە و لێهاتوو تەماشایان بکرێت.

ئەفلاتوون لە درێژەی باسەکەیدا لە زمان سوکراتەوە، سەرەتا وەسفی یەك بە یەکی جۆری دەوڵەتەکان دەکات و ئەمجا گفتوگۆ لەسەر شێوەی ڕۆحییەتی ئەندامەکانی ناویان دەکات (من لێرەدا بۆ ئاسانکردنی کاری خوێنەر وشەی ڕۆحیەت بەکار دەهێنم). بەمجۆرەش بە لای ئەفلاتوونەوە سەرهەڵدانی هەر دەوڵەتێك و شێوەی ڕۆحیەتی مرۆڤەکانی ناوی، وەك ئەوەی ڕەسەنی دەوڵەت و شێوە ڕۆحیەتی پێشتری خۆی حسابی بۆ دەکرێت (کۆمار:٥٤٣d).

کەواتە لەسەر نەخشەکەی سوکراتەوە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە، سەرلەنوێ جۆری دەوڵەتەکان و هۆی سەرهەڵدانیان بنووسینەوە: تیمۆکراتی لە ئەریستۆکراتیەتەوە پەیدابووە (کۆمار:٥٤٥a)، ئۆلیگاریشی لە تیمۆکراتیەوە سەریهەڵداوە (٥٥٠b)، دیموکراسی ئەوەی ئۆلیگاریشییە (٥٥٦e) و دیکتاتۆریەتیش منداڵی بە حەقی دیموکراسیەتە (٥٦١b)

هەڵبەت نیەتی ئەفلاتوون لەم شێوەی دابەشکردنە و کردنی ئەو جۆرەی دەوڵەت بەهۆی سەرهەڵدانی ئەویتر، تەنیا ئەوکاتە بەباشی ڕوون دەبێتەوە، کە بزانین خودی ئەفلاتوون سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتیە و لەژێر کام شێوازی پەروەردەیی گۆشکراوە. واتە لە ژیانی تایبەتیی فەیلەسووفەکەمان بکۆڵینەوە. دیارە ئەمەش شتێکە من خۆمی لێ بە دوور دەگرم و نامەوێت



ژیاننامەی ئەفلاتوون بنووسم، چونکە پێموایە بۆ تێگەیشتنێکی وردتر لە پۆلێنکردنەکەی ئەفلاتوون، هێندە بەسە لە بیرمان بێت، ئەو قۆناغەی ئەفلاتوون ئەو دێڕانەی تیادا نووسیون، سەردەمێکە دیموکراسیەتی یۆنانی و کەلتووری سەردەمی ڕۆشنگەریی ئەسینایی، ببووە کەلتوورێکی بێزراو. جەنگ و کوشتار و هەژاری، وردە وردە خەریکبوون ڕۆژگاری سەروەری و بڕوابوون بە مرۆڤ و دادوەرییان لە بیری خەڵك دەبردەوە. دیموکراسیەت بە سیستەمێکی نالەباری سیاسی ناوبانگی ڕۆیشتبوو و خوێنی جەنگەکانی ناوخۆش لە نێوان سپارتە و ئەسینادا، هێشتا لە پانتایی مەیدانی گشتیی شار وشك نەببۆوە و هتد. (لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ بەشی یەکەم).

هەروەك پێشتر نووسیم، بە لای ئەفلاتوونەوە دیموکراسیەت لە ئۆلیگاریشییەوە سەرهەڵدەدات، بەڵام دەکرێ پرسیار بکەین: ئۆلیگاریشی (دەوڵەتی پارەدارەکان) بۆ خۆی چ جۆرە دەوڵەتێکە؟

ئەفلاتوون دەڵێت:

> **"ئۆلیگاریشی ئەو شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەیە، کە لەسەر بناخەی داراییەوە دامەزراوە و تیایدا دەوڵەمەندەکان سەردارن و هەژارانیش هیچ حوکمێکیان لە دەستدا نیە" (کۆمار:٥٥٠b).**

لە درێژەی لێکدانەوەکانی ئەفلاتووندا بۆمان دەردەکەوێت، کە پیاوی ئۆلگاریشی دەتوانێت هەموو خواست و ئارەزووەکانی بهێنێتە دی، جگە لە (خواست و ئارەزووی بۆ پارە) و دارایی زۆرتر. هەر بۆیەشە هەموو کاتی

ئەو بەوەوە دەڕوات چۆن و بە چ ڕێگایەك دەوڵەمەند ببێت؟ کە ئەمەش ڕێگەی لێ دەگرێت بەشێوەیەکی باش و هەمەلایەن خۆی پەروەردە بکات. تەنیا شتێك ئەو بەشایانی پەروەردەیەکی ڕاستەقینەی بزانێت (دوورکەوتنەوەیە لە هونەری مۆسیقا و بەهێزکردنی ماسوولکەکانێتی (کۆمار:٥٤٦). ئەم شێوەی حوکمڕانیە مافی ئەوە دەدات بە ئەندامەکانی، تا بەئارەزووی خۆیان و بەبێ هیچ سنوورێك، دارایی خۆیان بەکار بهێنن. جا بەو هۆیەوە، کە پیاوی پارەدار: (**لە ئاست هەموو شتێکدا بێموبالاتە بێجگە لە پارە پەیداکردن**) و ئەمەش دەیخاتە بەردەم جۆرەها مەترسیی چاوەڕواننەکراو، ئەوە بۆیشی زەحمەتە بتوانێت بەرگریی لە سەرهەڵدانی جۆرێ (بێکاری) لە ڕیزەکانی خۆیدا بکات. بەو مانایەی لەناو ئەندامانی دەوڵەتدا کەسانێك پەیدا دەبن، کە هەموو دارایی خۆیان لە دەست دەدەن و لە دەسەڵات دەکرێنە دەرێ و بێکار دەکرێن، بەڵام چونکە هێشتا حەزی بەدەستهێنانەوەی پارەکانیان هەر لە سەردایە، ئەوە هەموو هەوڵێك دەدەن تاکو بەم ئامانجە بگەن، تەنانەت ئەگەر بە هەوڵدانیشیان بێت بۆ ڕوخاندنی دەوڵەتیش. کار بەمەیشەوە ناوەستێت، چونکە ئەمانە کاتێ لە دەوڵەت دەردەکرێن و لە دەسەڵات بێ بەری دەبن، ئەوە بە ناچاری تێکەڵ بە خەڵکی سادە و ڕەشۆك ئەبنەوە.. بەو بۆنەیەشەوە، کە ناتوانن ڕابردووی خۆیان بشارنەوە، ئەوە لە لایەن خەڵکی هەژارەوە وەکو (لێکەوتە) حسابیان بۆ دەکرێت، بە چاوی نزم سەیریان دەکرێت و لەملاو ئەولایشەوە گوێیان لە وردە تانە و تەشەرانیش دەبێت. بە مانایەکی دیکە، خەڵکە ڕەشۆکەکە



داخی دڵی خۆیان پێ دەڕێژن و بە چاوێکی ئەوتۆش تەماشایان دەکەن، کە لە دەروونەدا هەست بکەن ئەوان: "هیچ نرخ و بەهایەکیان نییە" (کۆمار:٥٥٦e).

ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرێ لە بڕوابەخۆبوون و شێوەیەك لە (هۆشیاری) بداتە جەماوەری بێدەرەتان.. ئەم هۆشیارییەش جۆرێك لە پشتبەخۆبەستن دروست دەکات و ئەمەش دەبێتە هەنگاوی یەکەم بەرەو سەرهەڵدانی دەوڵەتی دیموکراسی. ئەفلاتوون دەڵێت:

> **"دیموکراسییەت، بە بڕوای من لەو کاتەوە سەرهەڵدەدات، کە هەژارەکان دەستی خۆیان دەوەشێنن، هەندێ لە دووژمنەکانیان دەکوژن و هەندێکیشیان لە وڵات دەکەنە دەرەوە. ئەمجا بەشێوەیەکی یەکسان دەسەڵات و ئەرك بەسەر هەموو ئەوانەدا دابەش دەکەن، کە دەمێننەوە. لە ڕاستییشدا ئەرکەکان بەهۆی دەنگدانەوە دابەشدەکرێن" (کۆمار: ٥٥٧a).**

ئەگەرچی ئەفلاتوون بەهۆی ئەو وتەیەی سەرەوە پێماندەڵێت، دیموکراسیەت بەرهەمی زەبروزەنگ و توندوتیژیە، بەڵام جێگەی سەرنجە، کە لە ئەنجامدا یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەو دیموکراسیەتە (ئازادی)ە. ئازادیی دەنگدان! ڕەنگە ئەمەش واقیعیبوونی ئەفلاتوون بێت لە وەسفکردنەکەیدا. بەڵام با بزانین لە لێکدانەوەکەیدا بۆ چەمکی ئازادی دەڵێت چی؟

پێش هەموو شتێك، بە لای ئەفلاتوونەوە ئەم ئازادییە ئەوە دەگرێتەوە، کە هەموو مرۆڤێك دەتوانێ و مافی ئەوەی هەیە  ئەو شتە بکات، کە بۆ خۆی حەزی لێدەکات و بەو جۆرەش خۆی دەر ببڕێت، کە دەیەوێت. یان بە قسەی ئەفلاتوون خۆی: **"هەر کەسێ بەرنامەی ژیانی خۆی بەو جۆرە دادەڕێژێت، کە پێی وایە بۆ ژیانی ئەو چاکە"** (کۆمار:٥٥٦e). هەڵبەت لە درێژەی وەسفەکانی ئەفلاتووندا، ئەم ئازادیە دەبێتە بێموبالاتیی هاووڵاتیان لە ئاست یەکتر و لە ئاست کۆمەڵگاشدا. واتە تۆنێکی زۆر نێگەتیڤانە وەردەگرێت، بەجۆرێ کە ڕۆحییەتی مرۆڤی دیموکراسی لە لای ئەفلاتوون دەبێتە ڕۆحیەتێك: **"خۆی دەداتە دەست هەموو حەز و خواستێکی ناپێویست و بەکەڵك نەهاتووی بێمانا"** (کۆمار:٥٦٠c)

لێرەشەوە، ئەفلاتوون بە دوورودرێژی دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە تاکەکەس. بە بوویەکی (بێ دیسیپلین) تاوانباری دەکات و پێی وایە، تاکەکەس تەنیا بۆ ساتەکان دەژێت و ناشییێت پشتی پێ ببەسرێت. هەروەها بە لایەوە بێمانایە مافی یەکسانی بدرێتە هەموو هاووڵاتیانی کۆمەڵگا، چونکە هەمووان نازانن چ  شتێ بۆ کۆمەڵ باشە و بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی خۆیان و کۆمەڵگا لە چیدایە.. هەر بۆیەشە ئازادی لە دیموکراسیەتدا دەبێ سنووردار و کۆنترۆڵکراو بێت، چونکە (ئازادی)، کۆمەڵگا بەرەو بارودۆخی (بێیاسایی) دەبات و ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بەرەو هاتنە سەرتەختی دیکتاتۆریەتی تاکەکەسی و دەوڵەتی جەللاد.



بەلای ئەفلاتوونەوە، جەللاد کوڕپەی پەروەردەبووی ناو باوەشی ئازادییە بێسنوورەکەی دیموکراسیەتە. چونکە کاتێ جەللاد دەسەڵات ئەگرێتە دەست، ئیدی هەموو هۆکارێکی دڕندانە بەکار دەهێنێت بۆئەوەی ئەو دەسەڵاتە لە دەستی دەرنەچێت. هەر بۆیەشە

**"بەلای ئەفلاتوونەوە، تۆتالیتاریزمی دەوڵەتی جەللاد، هەمان ئەو ڕۆحە تاکەکەسی و سەرچڵەیە، کە لە سیستەمی دیموکراسیەتدا  خەریکی ئاژاوەنانەوە و بێسەرەوبەرەیەیی بوو"** (کۆمار:٥٧٦)[1]

ئەوەی سەرەوە بریتی بوو لە گەشتێکی خێرا و کورتەیەك لە تێگەیشتنی ئەفلاتوون بوو لەسەر سەرهەڵدانی چەمکی دیموکراسیەت. ئەمەش نەك هەر تەنیا نیەتی گشتیی ئەفلاتوونمان لە کۆماردا، کە کۆمارێکی ئایدیاڵیە پێ دەڵێت، بەڵکو پیشانیشی دەدات، ئەو چۆن ئەو واقیعەی ناو دیموکراسیەتی ئەسینایی هەڵدەسەنگاند، کە بۆ خۆی تیایدا پەروەردە کرابوو. واتە پێماندەڵێت ئەو لە چ چوارچێوەیەکدا دیموکراسیەتی دەوڵەتشاری دەبینی و چ ڕابردوویەکیشی دەدایە پاڵ..

هەموو ئەمەش دەریدەخات ئەفلاتوون بەناوی ئەریستۆکراتیەتی سەردەمەکەیەوە، چ شەڕێکی ئایدیۆلۆژی لە دژی دیموکراسیەت و بەهاکانی بەرپا کردبوو[2]، چۆن کەوتبووە ڕەتکردنەوەی هەموو بیرکردنەوەیەکی

[1] کارل بوپر: **جامعه باز و دشمنان ان**. ت: عزت اللە فولادوند ١٩٨٥، ص: ٨١ ، ٨٢ و بەرەو دوا.

[2] کارل بوپر: **جامعه باز و دشمنان ان**. هەمان سەرچاوە، ص: ٨٩

ڕیالیستی و پراکتیکانەی پشتبەستوو بە هۆشمەندیی مرۆڤ بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی یەکسان و هەمەڕەنگ. بەهەمان شێوەش کەوتە ڕەتکردنەوەی پرنسیپی (ئازادیی تاکەکەسیی) و سنووری بنەبڕی بۆ بەشداربوونی تاکەکەس لە کاروباری سیاسییدا، دانا. هەموو ئەمەش لە پێناوی مەبەستێکدا بوو، کە دەریدەخست، دەبا دەسەڵاتی سیاسی لەژێر چاودێری (***دەستێکی دڵنیا***)دا بێت. واتە پێویستە دەستەیەکی هەڵبژاردە، کە بەهۆی ئاستی زانینی گشتیانەوە لە سیاسەت تێدەگەن، ببنە ڕێگەپیشاندەر و پێشەوای سیاسیی هەموو کۆمەڵ. ئەو دەستەیەش بە زاراوەی ئەفلاتوون: فەیلەسووفەکانن. فەیلەسووفیش لای ئەفلاتوون بەمانای کەسانێکی هەڵبژاردە دێت، کە مێژوویەکی دوور و درێژی فێربوون و خۆپێگەیاندنیان لە پشتەوەیە. کەسانێکی خۆڕزگارکردوون لە تەماعی دەسەڵات و بەهۆی تواناییەکانیانەوە، توانای دیتنی (جیهانی باڵا) و نموونە ئایدیاڵیەکانیان هەیە و دادوەرترین کەسانێکن، کە دەشێت فەرمانڕەوایی دەوڵەتیان بدرێتە دەست، چونکە ئەوان تاکە کەسانێکن دەتوانن (ڕاستیی ڕەها) دەرك پێبکەن.

شەڕی ئەفلاتوون لە دژی ئەو تیۆری ئازادییەی، کە سۆفیستەکان دەیانویست گەشەی پێبدەن و، خاڵی هەرە سەرەکییشی بریتی بوو لە ڕێزدانان بۆ جیاوازی و هەمەڕەنگی، شەڕی تاکە پیاوێك نەبوو لەگەڵ دیموکراسیەتدا. بەڵکو بەو هۆیەوە ئەفلاتوون نوێنەرایەتیی دیدێکی ئەریستۆکراتی و دەستەیەکی هەڵبژاردەی دەکرد، ئەوە دەکرێت



فەلسەفەکەیشی بە جیهانبینیی دەستەیەکی تایبەت و تێگەیشتنی چینێکی دەستنیشانکراو لە بارودۆخەکان، لە قەڵەم بدەین. لێرەشەوە،

**"ئەفلاتوون یەکەم فەیلەسووفێکی مەزنە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی، فەلسەفە ملکەچی دەسەڵات دەکات و ئامانجیشی دەکاتە خزمەتکردن بە بەرژەوەندیەکانی چینێکی تایبەت"**[١]

بەڵام بەیارمەتی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا لەمەڕ بەرگریکردنی سۆفیستەکان لە دیموکراسیەت دەیانزانین و (بەپلەی یەکەمیش گفتوگۆکانی ئەفلاتوون سەرچاوەی ئەم زانینەمانن!)، هەروەها بەیارمەتی هەموو ئەو سەرچاوە مێژووییانەی لەسەر دیموکراسیەتی یۆنانی و ڕۆڵی سۆفیستەکان تیایدا، لەبەر دەستماندان، دەتوانین جەخت لەسەر خاڵێکی گرنگ بکەینەوە. ئەو خاڵەش بریتیە لە ڕاستییەك، کە پێمان دەڵێت: چ تێگەیشتنی ئەفلاتوون لە دیموکراسیەت و چ حوکمەکانیشی لە بارەی هزری سۆفیستەکانەوە، ناواقیعین و پڕیشن لە پەرچەکرداری نافەلسەفی. بەڕاستییش وزە فەلسەفییە گەورەکەی ئەفلاتوون لە وەسفەکانیدا نییە بۆ چەمکەکانی وەك ئازادی، دیموکراسیەت و مافی تاکەکان. ئەو لە هەر شوێنێکدا ئەم مەسەلانەی هێناونەتە پێشەوە، هێندەش زیاتر خۆی وەکو

[١] M. Larsen, O. Tyssen: **Den frie tanke**: Copenhagen, gyldendal ١٩٩٢, s: ٢١-٢٢.

کۆنەپەرستێك ئاشکرا دەکات و لە دژی هەوڵدانە نوێکان دەوەستێتەوە. وەك نووسەری ئێرانی بابك ئەحمەدییش دەڵێت:

**"ئەفلاتوون هەرگیز، لە وەخت و بێ وەختدا، ماندوو نەبوو لەوەی تیری ڕەخنەی ئاراستەی سۆفیستەکان بکات و تێڕوانینەکانیان ڕەوانەی کەشکۆڵی لەبیرچوونەوە بکات. دەبوو چەندین ساڵ تێپەڕێت تا مرۆڤ بۆی دەرکەوێت، کە بەشێکی زۆری ئەو ڕەخنانە لە زۆربەی خاڵی گرنگدا بەهەڵە پێکاویانە"**[1]

لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە پشتیوانیی ئەو ڕەخنانەیە، کە ئەمڕۆ لە هزری فەلسەفیی ئەورووپییدا باس لە (ڕێزلێنانەوە) لە پڕۆژەی سۆفیستەکان دەکرێت. بەبڕوای من ئەم سەرلەنوێ ڕێزلێنانەوەیە، هەر بەتەنیا ددان پیانانێك نیە بە نرخ و بەهایەکدا، کە (ڕۆژگارێ *لە ئارادا* بووە و *بەدرێژایی سەدەکان لەبیرکراوە*). بەڵکو نیشانەی هەبوونی قەیرانێکی هەمەلایەنەی بارودۆخی ئێستای ژیانی مرۆڤیشە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، چونکە ئەوە هەر لەژێر گوشاری قەیرانە دەستنیشانکەرەکاندایە، کە مرۆڤایەتی سەر لەنوێ مێژووی خۆی دەخوێنێتەوە و ڕاڤەی دەکاتەوە.. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئەم قەیرانە قەیرانی فەلسەفەیشە.. فەلسەفە وەك شێوازێکی پرسیارکردنی مرۆڤ لە شتەکان و وەك شێوازێکی مرۆڤ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی

[1] بابك أحمدی: **كتاب ترديد** نشر مرکز، تهران: (١٩٩٥)، ص: ١٠٨ و دواتر



ڕەخنەگرانەی لەگەڵ بارودۆخەکانی جیهان و تێگەیشتنی سەربەخۆ لەو جیهانە..

سۆفیستەکان پێش دوو هەزار و پێنسەدساڵ توانیان بەهۆی پرسیارەکانیانەوە چارەسەری پراکتیکیانە بۆ گەلێ لەکێشەی کۆمەڵگاکەیان بدۆزنەوە و ئاستێکی واقیعی بدەنە هزری فەلسەفی. ئایا بەڕاستی ئەو پرسیارانە کۆن بوون و چیدی ناتوانین بەپێی هەلومەرجەکانی ئەمڕۆ چالاکیان بکەینەوە؟ یاخود دەکرێ بڕوا بکەین کە تێپەڕینی ساڵەکان نەیانتوانیوە وزەی هزرە فەلسەفییەکەیان بەتەواوی بکوژێت؟

## ٧. بایەخی سۆفیستەکان بۆ ئەمڕۆ..
## (بەرەو تێگەیشتنی دیکە)

*(فەلسەفە نە قوولبوونەوەیە، نە بیرکردنەوە، نە ئالوگۆڕیی و پەیوەندییەستن، بەلکو کردەی خولقاندنی چەمکەکانە)*

ژیل دۆلۆز (ما هی الفلسفه؟)

ئەگەرچی ئەم کتێبە هەڵگری تێزێکی فەلسەفی نیە، بەڵام لەسەرانسەری بەرهەمەکەدا، وەك پڕۆژەیەکی فەلسەفی مامەڵەم لەگەڵ بیرکردنەوەی سۆفیستەکاندا کردووە. ڕەنگە یەکێك لەو بەڵگانەش بۆ ئەم جەختکردنەوەیەم ئەوەبێت، کە وەك لە شوێنێکی دیکەدا گوتم، گەلێك مێژوونووس پڕۆژەی سۆفیستەکان وەك پڕۆژەیەکی فەلسەفی تەماشا ناکەن و پتر وەك پڕۆژەیەکی پەروەردەیی ڕەوانبێژانە دەیخەنە ڕوو.. لێرەیشەوە، دەمەوێت سەرەتای ئەم بەشە بە پرسیارێك سەبارەت بە گرنگیی فەلسەفە بۆ ژیانی مرۆڤ، دەستپێبکەم. پرسیارێکی ئەوتۆش هەرگیز پرسیارێکی تازە نییە و سەدان جار ئەم پرسیارە کراوە و بەجۆرەها شێواز و ئاستیش وەڵامی دراوەتەوە، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك بەمانای ئەوە نیە، کە پرسیارەکە کۆنبووە و دووبارەکردنەوەی بێمانایە. ڕەنگە تەنیا لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ هزری سۆفیستەکان، دووبارەکردنەوەی ئەو



پرسیارەش لێرەدا ڕەوابێت، بەڵام ڕێك لەبەر ئامادەیی سۆفیستەکانیش و بەیادی فەلسەفە پراکتیکییەکەی ئەوانەوە، دەکرێت پرسیارەکە بەجۆرێکی تریش دابڕێژرێتەوە.. ئەگەرچی بەرلەوەی پرسیار لە گرنگیی فەلسەفە بۆ ژیانی مرۆڤ بکەین، پێویستە بزانین فەلسەفە لە کوێی ژیانی مرۆڤدایە؟ یاخود لەچ کاتێکدا فەلسەفە لە ژیانی مرۆڤێکدا سەرهەڵدەدات و بەهۆی ئەم پرسیارەشەوە جەخت لەسەر لایەنی پراکتیکیی فەلسەفە بکەینەوە.

ڕەنگە بەشێکی زۆری وەڵامی ئەم پرسیارە بەسرابێت بەوەی چۆن پێناسەی فەلسەفە دەکەین. بێگومان بەر لەهەرشتێ فەلسەفە بابەتێکە لە زانستگاکاندا بەپێی پلانێکی دیاریکراو دەخوێندرێت. مامۆستای تایبەت بەخۆی هەیە و قوتابییش تیایدا تاقیدەکرێتەوە و شتێکیش هەیە بەناوی (بڕوانامەی بەشی فەلسەفە) و هتد.. بەڵام ئەمە ئەو لایەنەی پێناسەی فەلسەفە نیە، کە لێرەدا سەرنجڕاکێش بێت. ئێمە پرسیار لە شوێنی فەلسەفە دەکەین لە ژیانی کۆنکرێتی و تایبەتی مرۆڤدا، کە لە واقیعێکی دیاریکراودا دەژی و لە ڕێگەی کۆمەڵێ پەیوەندییەوە شوێنێ بۆخۆی لەو واقیعەدا دەکاتەوە. بەواتایەکی دیکە دەپرسین چۆن فەلسەفە دەستپێدەکات و لە چ ئاستێکدا بۆ ژیانی مرۆڤ مانایەکی دەبێت؟

فەلسەفە بە شێوەیەکی بەربڵاو و بەمانا گشتیەکەی (هەڵبەت زۆر گرنگە مانایەکی گشتیشمان لەسەر فەلسەفە هەبێت)، هیچ شتێ نیە بێجگە لە

دووباره بیرکردنەوە[1]، سەرلەنوێ بیرکردنەوەیەکی تر لەوەی، کە پێشتر بیری لێکراوەتەوە و لەو شتەی، کە بۆتە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە. هەر مرۆڤێ کاتێ لەسەر ئەو شتە دەوەستێ، کە خەریکیەتی، هەڵوێستەی لە ئاستا دەکات و دەکەوێتە تێفکرین لەسەر ئەوەی دەیکات، یان لە خۆی دەپرسێت: (***بۆچی من ئەوە دەکەم کە دەیکەم؟***)، (***بۆچی من وا بیردەکەمەوە کە دەیکەمەوە؟***) و پرسیاری لەم جۆرە.. ئەوە فەلسەفیانە بیر دەکاتەوە. یان ڕاستره بڵێم، بەشێوەیەکی فەلسەفی هەڵوێستە لە ئاست بارودۆخی خۆیدا وەردەگرێت. لێرەشەوە، فەلسەفە شتێ نیە تایبەت بێ بە کۆمەڵێ مرۆڤی هەڵبژاردە: (فەیلەسوفەکان)، بەڵکو بارودۆخێکە جاروبار لە ژیانی هەر کەسێکی خاوەن هزر و خاوەن هەستیاریدا سەر هەڵدەدات. ئەو کەسە لەسەر ئەوکارە ڕادەگرێت، کە لەو کاتەدا خەریکیەتی و ناچار بە پرسیارکردنی دەکات لەسەر هەمان شت، کە کاری لەسەر دەکات: (***ئایا ناکرێت بەجۆرێکی دیکە ئەوکارە ئەنجام بدەم؟***).. (***ئایا میتۆدێکی دیکە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە نییە؟***).. (***ئایا من نەمدەتوانی ئەم دێڕەی ئێستا خەریکی نووسینیم و خوێنەرێك لە کاتێکی دیکەدا دەیخوێنێتەوە، بەشێوەیەکی دیکە بنووسم؟***) و دەیان پرسیاری تری لەوبابەتە.

بە مانایەکی دیکە، فەلسەفە هەبوونی ئیرادەیەکە بۆ دووبارە بیرکردنەوە و ئامادەیی خواستێکە لای مرۆڤ بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە. بارودۆخێکە

[1] بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی (ئێستایی بوونی فەلسەفە) بڕوانە:مێشێل فۆکۆ: **کانت و شۆڕش**، لە: گۆڤاری دەروازە، ژمارە: ٢/١٩٩٤. ل: ٩٥ و ٩٦



تیایدا مرۆڤ ئامادەیە دەستبەرداری ئەو ئەنجامانە ببێت، کە تائێستا بەهۆی بیرکردنەوەیەوە پێیان گەیشتبوو، ئەگەر هات و بۆی دەرکەوت شێوازی دیکەی باشتر هەن بۆ بیرکردنەوە. کەواتە فەلسەفە (بیرکردنەوەی پاش بیرکردنەوەیە، یان بیرکردنەوەیە لە ئاستی دووەم)دا. ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆئەوەی تێبگەین بیرکردنەوەی فەلسەفی هەرگیز (یەکەمین) ئاستی بیرکردنەوە نیە و دەبێ پێشتر بیرکردنەوەیەکی دیکە هەبێت.. چونکە مرۆڤ لەگەڵ دەستپێکردنی بە فەلسەفاندن، دەست بەبیرکردنەوە ناکات، بەڵکو لە پێشاندا بیردەکاتەوە و ئەمجا لەناو ئەو بیرکردنەوەیەیدا، لە چوارچێوەی هەمان بیرکردنەوەدا، ساتێکی پێویست پەیدا دەبێت، کە ئاراستەی بیرکردنەوە، بەلای بیرکردنەوەکە خۆیدا، دەگۆڕێت و لەو چوارچێوەیە دەچێتە دەرەوە، کە تا ئەو کاتە بیری تیا دەکردەوە. واتە بابەتی بیرکردنەوەکە دەبێتە بیرکردنەوە لە خۆی. پەیوەندیی تێفکرین دەبێتە پەیوەندیەك لەگەڵ تێفکرین خۆیدا.

ئەم بیرکردنەوەیەی دووەم، کە پاش بیرکردنەوەی یەکەم دروست دەبێت، هەمیشە بیرکردنەوەیەکی (ڕەخنەگرانەیە) و دەکرێت بە سەرەتای دەستپێکردنی فەلسەفەی دابنێین لە ژیانی مرۆڤدا.. ڕەخنەگرانەیە، چونکە ئاوڕدانەوەیەکە لە ساتی ئێستای بیرکردنەوە لە خۆی و وەستانە لەسەر هەمان پرۆسەی بیرکردنەوە. کەواتە، هەمیشە پێش دەستپێکردنی فەلسەفە شتێکی دیکە دەستی پێکردووە.. شتێ هەیە دەستیپێکردووە بۆئەوەی فەلسەفەش بتوانێت دەستپێبکات. ***بەم پێیەش فەلسەفە خودی سەرەتا نیە،***

***خودی دەستپێکردن نیە، بەڵکو پرسیارکردنە لەوەی پێشتر بۆتە سەرەتا و پێشتر هەیە و پێشتر دەستی پێکردووە.*** *بەمانایەکی تر، دەبێت شتێکمان هەبێت بۆئەوەی پرسیاری لەسەر بکەین و لێی بکۆڵینەوە، تابشتوانین (فەلسەفیانە) بیربکەینەوە.*

بەڵام بیرکردنەوەی فەلسەفی خۆیشی دوا بیرکردنەوە نیە، خاڵی کۆتایی نیە لە بیرکردنەوەدا، هەر وەکو چۆن خاڵی سەرەتایی بیرکردنەوەش نیە. بەم جۆرەش فەلسەفە ئەو جۆرەی بیرکردنەوەیە، کە هەرگیز ئارام ناگرێت و ڕاناوەستێ و حەجمینی بۆ نیە. بەم پێیەش فەلسەفە شوێنی پراکتیزەکردنی ئازادییە، چونکە لە هەموو کاتێکدا، کە دەبێتە بیرکردنەوەی پاش بیرکردنەوە، لە هەموو ساتێکدا، کە دەبێتە بیرکردنەوە لە شتێ، کە پێشتر دەستی پێکردووە و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکدایە، لە هەر بارودۆخێکدا، کە دەبێتە بیرکردنەوە لەسەر ئاستی دووەم، ئەوە خۆشی سەرلەنوێ دەبێتە بابەتێك بۆ *بیرلێکردنەوە*. دەبێتە سەرەتایەك، خاڵێك، کە دەبێت دووبارە بیری لێبکرێتەوە و پرسیاری لێبکرێت و هەڵوێستەی ڕەخنەگرانەی لە ئاستا وەربگیرێت و خۆمان لەدەست ئەو یەقینانە ڕزگار بکەین کە تا ئەو ساتە چاوبەستیان کردبووین و لەوێشەوە *ئازادانە دەستبکەینەوە بە بیرکردنەوە.*

بەم پێیەش، فەلسەفە شێوازێکی چالاکبوونی بەردەوامە، کە بەهۆیەوە تێگەیشتنی مرۆڤ لە شتەکان و بارودۆخەکانی ژیان ئاسۆیەکی دیکە وەردەگرێت. بەواتایەکی تر، فەلسەفە شتێ نیە لە دەرەوەی بوونی مرۆڤ،



بەڵکو لەناوجەرگەی ئەو بوونەدایە و لەگەڵیدایە.. پرێسپێکتیڤەکردنی ژیانە، یان چوارچێوە بەخشینە بە ژیان بەهۆی پرسیارکردنی بەردەوامەوە. ئێمە ناتوانین قۆناغێك لە مێژووی ژیانی مرۆڤ بهێنینە پێش چاوی خۆمان بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی لێکدانەوەیەکی فەلسەفیانەی مرۆڤ ببینەوە لەسەر چۆنێتی بارودۆخی شتەکان و پەیوەندییەکان لەو قۆناغەدا. ئەمەش لەبەرئەوەی فەلسەفە بەشێوەیەکی قووڵ، (ژیان)ی کردۆتە شوێن سەرگەرمیی خۆی و بوونی مرۆڤ لە جیهاندا وەك یەکێ لە هەرێمە سەرەکیەکانی خۆی دەبینێ، یاخود دەبێت ببینێ. لە هەمان کاتیشدا، خوێندنەوەی فەلسەفیانەی شتەکان، خوێندنی فەلسەفە، بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکانی دەرسی فەلسەفەدا و نووسین لەوبارەیەوە، چ بایەخێکی نیە ئەگەر بێت و هانمان نەدات بەرەو دەروەستییەکی (ئیلتیزامێکی) زیاتر بەژیان و خۆ سەرگەرمکردنمان بە ئاستەکانی پێکەوەبوونی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا، چونکە تەنیا بە خۆتەرخانکردن و دەروەستبوون بە ژیانەوەیە لە وزەی ترس کەمدەکرێتەوە، خەون دەبێتە واقیع و یۆتۆپیای مرۆڤ لەسەر ئاینده، سەوز دەبێت.. سۆفیستەکانیش خاوەنی یۆتۆپیایەکی لەو بابەتە بوون، چونکە ئەوانیش بەشێوەیەکی قووڵ خۆیان سەرگەرم کردبوو بە بارودۆخی ژیانی مرۆڤەوە و فەلسەفەشیان وەك شێوازێکی ئیلتیزامکردن دەبینی، کە **"بواری بە مرۆڤ دەدا تا زیاتر سوور بێت لەسەر مرۆڤبوونی خۆی"**[١]

[١] P. Kemp: **Engagementets Poetik**: I (١٩٧٣-٧٤), Copenhagen, St. s. ٢١

ئەوەی پەیوەندی بەقسەکردنی، یان ئاخاوتنی فەلسەفیانەوە هەبێت لەسەر مرۆڤ، ئەوا سۆفیستەکان خاڵی کۆتایی ئەو ئاخاوتنە فەلسەفیە نین، بەڵکو تەنیا یەکێکن لە خاڵەکانی (دەستپێکردن) بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان ژیانی مرۆڤ و ڕۆڵی چالاکیی فەلسەفی لەو ژیانەدا. بێگومان ئەم خاڵی دەستپێکردنە دەشێت سەرلەنوێ ئاکتیڤ بکرێتەوە و دووبارە بخوێندرێتەوە. ئەمەش نەك بە نیازی پەیڕەویکردن و گواستنەوەی میکانیکیانەی بیروڕاکانیان، بەڵکو لە پێناوی ناسینی ئەو هەوڵدان و مۆدێلی چارەسازیانەی لە هزری مەعنەوی مرۆڤدا بەرهەمدار و بیناکەر بوون. پێموایە یەکێك لەو شێوازانەش، کە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆیەوە بیرکردنەوەیەکی تایبەتی وەك ئەوەی سۆفیستەکان چالاك بکاتەوە ئەوەیە، خۆی بەدوور بگرێت لە شێوازی نەریتگەرایانە و چەسپاوی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، کە زیاتر ناچارمان دەکات خۆمان خەریك بکەین بە قاڵبوونەوە لە زنجیرەیەك *(خوازەی سواو)، کە بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە، سۆفیستەکانی کردۆتە قوربانی و بە گوتەی نیتشە، هێندە لە مێژووی فەلسەفەدا دووبارە کراونەتەوە، کە ئیدی لێمان بوونەتە ڕاستی*[1]. بەڵام ڕاستییەك، کە بۆ خۆی بەرهەمی نەریتگەرایی و ئولفەت پێوەگرتن بێت، بۆی هەیە ڕاستیەکی کوشندە بێت. بۆئەوەی ڕاستیی کوشندەش نەبێتە

[1] فريدريك نيتشه: "**در باب حقيقت و دروغ به مفهومی غير اخلاقی**"، له: ارغنون،٣، ل: ١٢٦



هێزێکی بڕیاردەر لە لێکۆڵینەوەدا، پێویستە مرۆڤ خۆی لە دووبارەکردنەوەی ئەو گفتوگۆیانە بە دوور بگرێت، کە لە خانەیەکی مێژووی فەلسەفەدا، هەموو بیروڕای سۆفیستەکانی لە چەند چەمکێکی سنووردارد سەقامگیر کردووە. بێگومان ئاراستەی بیری سۆفیستەکانیش بێخەوش نیە و لاوازیی خۆی هەیە، بەڵام لاوازییەکان نابێت ببنە ڕێگر لەوەدا، کە ئەمڕۆ ئێمە بیروڕاکانیان بە چاوێکی تر بخوێنینەوە و لە پرسیارکردنماندا لەسەر کێشەکانی ئێستا، سوودیان لێوەر نەگرین.

لەگەڵ سۆفیستەکاندا، خۆمان لە بەردەم ئەو کێشە بنەماییانەدا دەبینینەوە، کە نەك هەر شوێنی گرنگپێدانی هاوڵاتیانی ئەودەمەی ئەسینا بوون، بەڵکو لە بەردەم ئەو کێشانەشدا، کە ئێستا خۆمان تیایاندا ئەژین. دەتوانین بڵێین: ئەو مەودایەی کەوتۆتە نێوان ئێمە و یۆنانیەکانەوە، نەبۆتە هۆی ئەوەی لە گرنگیی دیموکراسیەت وەك بەهایەك، کەم ببێتەوە. تێزەکانی وەك: مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە و سەربەخۆیی تاکەکەس، هێشتاش مانای فەلسەفیی و کاریگەرانەی خۆیان لە دەست نەداوە. هەروەها مەسەلەی بەکارهێنانی دروستی زمان و گفتوگۆی زیندووی ئازاد کەمتر سوودبەخش نین، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ هۆکاری دیکەی پەیوەندیکردنمان لەبەر دەستان و هتد. کاتێکیش بەتەواوی دەزانین بیروڕای سۆفیستەکان بۆ ئەمڕۆکەش سوودبەخشن، کە تێگەیشتبین، لەناو سیستەمە دیموکراسیەکانی جیهانی ئەمڕۆشدا هێشتا نایەکسانی، چەوساندنەوە و جیاکردنەوەی ڕەگەزپەرستانەی خەڵکانی جیاواز، بەتوندی لە ئارادایە. ئەمە جگە لەوەی

لەمێژە تەکنیك و سەرمایە بوونەتە پێوەری هەموو شتێك و خودی زمانیش کراوەتە ئامرازێکی کۆنترۆڵکەر و چەوسانەوە و سەرکوتکردن. بۆ ڕاستیی ئەم قسانەش هێندە بەسە بڕوانینە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، زەخیرەی زمانی هەندێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسەکا و سیاسییەکان و ئاخاوتنی ناسیۆنالیستەکان و فەندەمەنتالیستەکانی جیهان.

بێگومان ئەم بارودۆخەش هەر بەتەنیا ناماخاتە بەردەم جۆرێ لە خەسان و پاسییڤ بوون، بەڵکو دەشمانخاتە بەردەم شێوازێکی ژیان: شێوازی پۆست مۆدێرنی ژیان، کە وەك دوا دیاردەی دنیای سەرمایەدارییەتی هاوچەرخ خۆیمان پێدەناسێنێت و تاکە ناواخنێکیش، کە بۆ ئازادی لەبەر چاوی دەگرێت، بریتییە لە بێموبالاتی و پوچگەرایی. ئەمەش نەك بێ موبالاتییەك لە ئەنجامی تێفکرینی قووڵ و فەلسەفیانەوە هاتبێ، بەڵکو بێموبالاتییەکی کوشندە، کە بەناوی (ئازادی)ەوە لە ڕەفتاری ڕۆژانەی تاکەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و هیچ بیرکردنەوەیەکیشی لە پشتەوە نییە. ئەم ڕەفتار و مامەڵە ڕۆژانەییانە بەهۆی گەلێك دەستەواژەی کلێشەییەوە دەردەبڕدرێن و ڕەوایەتییان دەدرێتێ. بۆ نمونە ڕۆژانە گوێمان لە ڕستەی لەم بابەتە دەبێت: (گرنگ ئەوەیە من لەسەر هەقم!)، (من، ئەرکی خۆم جێبەجێ دەکەم)، (ئەمە ئیشمە..) یاخود دەگوترێ: (من ڕەگەزپەرست نیم، بەڵام..) ئەمەش بەمانای ئەوەیە مرۆڤ بەبیانووی ئەرکێکی تایبەتەوە، لە پاڵ ئیش و شارەزاییەکەیدا، لە سێبەری پلەی ئیداریی و بەرنامەی حیزب و کارگەکەیدا و هتد، ڕێگە بە خۆی دەدات جۆرەها ڕەفتاری زەبروزەنگاوی لە کۆمەڵگادا



و لە دژی مرۆڤەکانی دیکە پیادە بکات و لە پاشانیشدا، بەوەی ئەو هەستاوە بە ***ئەرکی خۆی*** یان ئەرکی خۆی جێبەجێکردووە، ڕەوایەتی بۆ ڕەفتارە توندڕەوانەکەی بدۆزێتەوە.

لەم جیهانەدا تۆ بۆت هەیە بە بیانووی جێبەجێکردنی ئەرك و کارەکەی خۆتەوە، لە هەموو ساتەوەختێکدا مافی ئەویتر پێشێل بکەیت. چەند ئاسانە بۆ پۆلیسێك کردەوەیەکی نائەخلاقی و هەڵسوکەوتێکی چەوسێنەرانەی لە ئاست دیلەکەیدا بەوە پاساو بداتەوە، کە ئەو: (وەك پۆلیسێك هەستاوە بە ئەرکی خۆی). وەك ئەوەی لەو ساتەوەختەوە، کە مرۆڤ دەگیرێت و دیل دەکرێت، ئیدی هیچ نرخ و بەها و مافێکی نامێنێت و بۆمان هەیە هەموو شتێکی لە بەرامبەردا بکەین.. ئەم میکانیزمانەش لە هەموو بوارەکانی ژیانی هاوچەرخدا ئامادەییان هەیە و ئێمە هەموومان بوینەتە بارمتەی حەز و خواست و ئەرکەکانی یەکتر. بەم جۆرەش بەردەوام ئێمە لەگەڵ یەکتردا لە پێشبڕکێداین و، دەشبێت هەمیشە تواناکانی خۆمان بەو جۆرە بخەینە کار، تابردنەوە و زاڵبوونمان بەسەر بەرامبەردا بۆ مسۆگەر بکەن.

لێرەوەیە تێدەگەین دیموکراسیەت چیدی پێوەرە نییە بۆ هەبوونی هەستیاریی ڕەوایەتی و پێکهێنەری هەستی دادوەری مرۆڤەکانیش نییە لە ئاست یەکتردا. بەڵکو دیموکراسیەت بۆ خۆی قوربانییەکی ئەو ڕەوتە شەڕانی و خۆپەرستییە بەربڵاوەی ناوکۆمەڵگایە، کە تا دێت هەڵوێستە ئینسانییەکانی مرۆڤ توندڕەوانەتر دەکات و لێکدانەوەکانیشی سادەتر و سنووردارتر.. مرۆڤ چیدی ناتوانێت لە (سەرجەمیەت)ی کێشەکان تێبگات

و دیدێکی ڕەخنەیی لە ئاست هۆکاری ڕووداوەکانی دەوروبەریدا هەبێت، چونکە تا دێت هەڵەوگێر دەکرێت بەشتە وەردەکانەوە و لە تاکڕەهەندییدا، نغرۆ دەبێت. ڕووداوەکان بە خێرایی تێدەپەڕن و ڕۆحی سەردەمیش بەجۆرێکە ڕێگەمان پێنادات بەقووڵی تێبگەین و لە کردەوە و هەڵسوکەوتەکانمان ورد ببینەوە. گرنگترین شت ئەوەیە بتوانیت حەکایەتە بچووکەکەی خۆت (کە زۆربەی کات لەبەر نیەتە خۆپەرستەکانی، حەکایەتێکی بەتاڵیشە)، لەسەر ئاوازی سەردەم بەگەڕخەیت و گوێ نەدەیتە ئەوەی ئەنجامی کردەوە و هەڵسوکەوتەکانت بۆ ژیانی ئەویتر چۆن دەکەونەوە. شەپۆلێ دەڕوات بەبێ ئەوەی ئێمە هیچ کاریگەریەکمان لەسەر ڕەوتەکەی هەبێ و بزانین بەرەو کوێ دەڕوات. خۆمان دەدەینە دەستی بەبێ ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێت بەچ خاڵێکی *نەزانراوی* دیکەمان دەگەیەنێ، کە لەوانەیە خاڵی نائومێدیەکی تریش بێت. سەردەمی ئێستا سەردەمی تێپەڕبوونە بەخێرایی و لەم سەردەمەشدا لە هەر کاتێ زیاتر بەتیژی بەلای یەکتردا ڕادەبوورین، لە نێو پاس و شەمەنەفەر و شەقامەکان، زۆرترین شوێن داگیر دەکەین و ئەگەر بۆمان بلوێ ناهێڵین کەس لەملاوئەولامانەوە دابنیشێ و تێپەڕ ببێت.

ئایا ئەمە چ ڕووداوێکە؟ ڕەنگە ئەمە نیشانەی کەڵەکەبوونی دڵگەرمی و برینداری و تێکشکانە تایبەتیەکانی ناوەوەی مرۆڤ بێت، کە ئێستا بەشێوەی (ڕق) لە بەرامبەر ئەویتردا خۆی دەردەبڕێت. لەوانەیشە نیشانەی ئەوە بێت، کە توندوتیژی و زەبروزەنگ چیدی لە شوێنێك، یان پانتاییەکی



تایبەتدا نین، یاخود شەڕانییەت هەر کاراکتەری گرووپێکی دەستنیشانکراو نەبێت، بەڵکو زەبروزەنگ بووبێتە بەشێ لە کاراکتەری هەموومان، لە ناوماندا توابێتەوە و ئێمەی کردبێتە سەکۆی تەراتێن و مانەوەی خۆی!. بێگومان مەبەستم لە زەبروزەنگ هەر بەتەنیا ئەو زەبروزەنگە نیە، کە لە ڕێگەی قوربانیەکان و ڕژانی خوێن و شکانی جامخانە و پەنجەرەکانەوە دەیناسینەوە، بەڵکو مەبەستم ئەو زەبروزەنگەیشە، کە لە پانتۆمیم و جووڵە و نیگای بەدگومانی ئێمەشدا بەرامبەر یەکتر، بەڕاشکاوی خۆی دەردەبڕێت.

کاتێك پەروەردەبوون و دروستبوونی مرۆڤ، چیدی یەکسان نەبێت بە خۆدروستکردن و خۆپەروەردەکردن، کاتێ هەموو هەڵوێستە ناوەکیەکانی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەت و دەزگاکانی حیزبەوە دەستنیشان بکرێن و سنووریان بۆ دابنرێت، ئەوە دیموکراسیەتیش وەك ڕەوەندێکی دەروونی و ناوەکی مرۆڤ فڕێدراوەتە کەنارەوە و، هیچ بایەخێکیش بۆ پرنسیپی توانایی تاکەکەس نەماوەتەوە. مەبەست لە پرنسیپی ناوبراو هەمان شتە، کە گۆرگیاس ئەو هەمووە جەختی لەسەر دەکرد و بە دیاریی سرووشتی دەزانی بۆ مرۆڤ، تا لە ڕێگەیەوە خۆی پەروەردە بکات و بەهۆیەوە نیەتی چاکەخوازانەی خۆی لە بەرامبەر گشتدا، دەرببڕێت. دیارە ئامانجیش لەمە بریتیبوو لە هێنانەدی ئایدیای تەبایی و هاودەردی. ئایدیای هاودەردی و برایەتی مرۆڤ شتێ نییە بەکەمی بگرین، چونکە ئەمە بیرێکە گەشە بە تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی نێوان ئینسانەکان دەدات. بەڵام ئەگەر بڕوا بەوە

بکەین، کە برایەتی و تەبایی لە ڕێگەی دەزگاکان و یاساکانیانەوە، یاخود بەهۆی تەکنەلۆژیای بەکۆمەڵایەتیکردنەوە تەئمین دەکرێت، ئەوە ڕێك لە بەردەم تێگەیشتنێکی تۆتالیتاریانەداین بۆ چەمکی کۆمەڵگا، چونکە برایەتی و تەبایی بەهۆی گوشارخستنەسەر و بەدەزگاییکردنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، لە ئەنجامدا کۆمەڵگا دەکاتە ئۆردووگایەکی زۆرەملێ.. ئەمەش ئەو میکانیزمە بوو، کە لە پشت کابووسی کۆمۆنیزمەوە ئیشیدەکرد. بەڵام بۆ وەدیهاتنی ئەو ئایدیایە و بیناکردنی تەبایی و گونجان لە کۆمەڵگادا، ڕەنگە هیچ بنەمایەکی گرنگتر لە بڕوا و پشتبەستنی مرۆڤەکان بەیەکتری لەناو خۆیاندا، نەبێت. ئەمەش شتێکە لەسەر ئەو ئیمکانیەت و بەرنامە ڕۆشنبیری و پەروەردەییانەوە دێتە دی، کە یارمەتیی ئەندامانی کۆمەڵگایەك دەدەن بۆ خۆدروستکردن و خۆ پەروەردەکردنی زیاتر.. گرنگ ئەوەیە بەیادمان بێتەوە، کە سۆفیستەکان هەرگیز لە ڕوانگەی پلەوپایەی دەسەڵاتەوە پێناسەی دیموکراسیەتیان نەدەکرد، بەڵکو بەپێی ئاستی ئەو ئازادییە پێناسەیان بۆ دەکرد، کە دەبوو هاووڵاتیان هەیانبێت بۆ بەشداریکردن لە دواییهێنان بە کێشەکانی ناو کۆمەڵگا. هەر بۆیەشە دەتوانین بڵێین: بەلای ئەوانەوە دەسەڵات نەیدەتوانی نرخێکی گشتی و هەمەلایەنی بداتە دیموکراسیەت، یاخود مەشروعیەتی پێ نەدەبەخشی.. چونکە دەسەڵات ناتوانێت سنووری ئەو ئامانجە بشکێنێت، کە بۆ مەبەستەکانی خۆی لەبەرچاوی گرتوون، (واتە ئامانجی مانەوەی خۆی). ئەمەش بەمانای ئەوەیە دەسەڵات مەرجی بەربڵاوبوون و گەشەکردنی



شعووری دیموکراسیانە لە ویژدانی خەڵکدا نیە. دەسەڵات بەر لە هەموو شتێك کۆیلەی مەبەستەکان و ئامانجەکانی خۆیەتی. لەبەرئەوەیش کە ناتوانێت دەست لە ئامانجەکانی خۆی هەڵگرێت، ئەوە ناشتوانین هەبوونی دیموکراسیەت لە کۆمەڵگایەکدا بەوە بپێوین، کە ئاخۆ لەوکۆمەڵگایەدا: چەند کەس پارەی بێئیشیی وەردەگرن، چەند کەس یارمەتیی کۆمەڵایەتی و تەندروستی وەردەگرن، چەند پیرو پەککەوتە خزمەتیان دەکرێت، یاخود ئەو کۆمەڵگایە لە ساڵێکدا مافی پەنابەریی دەداتە چەند کەس و چەند لێقەوماو داڵدەیان دەدرێت..؟

**پایەکانی دیموکراسیەت لەسەر ئەو دڵنیایی و ڕۆحی لێبووردن و هەستی یەکسانییەوە ڕادەوەستن، کە هەر تاکێ لە ناخی خۆیدا و لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیەوە لەگەڵ کەسانی تر، لای دروست دەبن.** ئەوە تەنیا ئارامی و هاوسەنگیی تایبەتی ناوەوەمانە، کە دەبێتە خاڵی سەرەتا بۆ بەشداربوون لە بەدیهێنانی هارمۆنیەت لە ژیانی هاوبەشی ڕۆژانەشماندا. بۆ ئەوەیش، کە وەك تاکەکەس لە ناخی خۆماندا هەست بە ئارامی بکەین، پێویستە خاوەنی مافە ئینسانیە بنەمایی و سەرەتاییەکان بین. دەبێت من لە ناوەوەی خۆمدا هەستبکەم، کە خاوەنی (سەرەتاییترین) مافەکانم، تا بشتوانم ژیانی ڕۆژانەی خۆم وەك (بیرەوەریی جوان) بەبیری خۆم بهێنمەوە.. کەی توانیم نرخ و بەها لە ژیان و ئەزموونەکانمدا بدۆزمەوە، ئەمجا تواناشم دەبێت لە جوانکردنی دنیای دەوروبەرمدا بەشداربم. بەڵام ئەگەر بیرەوەریەکانی ژیانی ڕۆژانەم پڕبن لەو ئازارانەی ڕۆژانە بەدەست نەبوونی

بەهاداریی ئینسانیمەوە، بەدەست هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانی تر و دەوڵەت و سیاسەت و دەزگاکانەوە دەیانچێژم، ئەگەر (گۆران) وتەنی، هەر (دەرد بدا پاچی لە بونیانی خەرابم)، ئەوە لە ناخیشەوە بێدەستەڵات ئەبم و دەستەوەستاو.. لەبەرئەوەیش کە مرۆڤ بەپێی سرووشتی خۆی، بوویەکی بکەر و بەرهەمهێنەرە، ئەوە ڕەنگە هیچ سزایەك بەلایەوە هێندەی سزای پاسیڤکردن و ڕێگرتن لەبەردەم تواناکانیدا، بەگران تەواو نەبێت.

پێویستە دیموکراسیەت ئەو بوارە ئازادە بخولقێنێ، کە من تیایدا هەست نەکەم، ئینسانیەتەکەم بەهۆی ئایین و شێوەی ڕووخسار و پاشخانی کەلتووریمەوە، پێشێل دەکرێت. ئەمەش شتێ نیە بەوە تەئمین بکرێ، کە بەناوی دیموکراسیەتەوە مانگانە برێ پارەم بدرێتێ. نابێت یارمەتیی کۆمەڵایەتیم بدرێتێ لەبەرئەوەی خراپەکاری ناکەم و کریمینال نیم.. بەڵکو هەر یارمەتیەك دەدرێم پێویستە بەهۆی ئەو بەڵگەیەوە بسەلمێنرێت، کە منیش وەك تاکێك لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا، خاوەنی مافە ئینسانیەکانی خۆمم. بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەبەرئەوەی ئیلتیزامی بەرپرسیاری لە ئاست ژیانی هاوبەشدا دەگرمە ئەستۆم، ئەمەش بەوەی کە خۆم لە توندوتیژی و زەبروزەنگ بەدوور دەگرم و فەندەمەنتالیزم مەحکوم دەکەم. هەموو ئەمانەش لە پێناوی ئەوەدا نا کەڕووخسارێکی شارستانیانە بۆ خۆم دروستبکەم و دەوروبەرەکەم لە خۆم ڕازیبکەم، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەو هۆیە سادەیەی، کە وام لێدەکات خۆم بە بەرپرسیار بزانم لە ئاست ئەو کەسانەی لە ژیانی ڕۆژانەمدا ڕووبەڕوویان دەبمەوە. نابێت ئەوە لە بیربکرێت، کە من



لە هەر کوێییەکەوە هاتبم، ئەوە هێشتا لە کۆمەڵگایەکی بەشەرییەوە هاتووم، کە شێوازێك لە شێوازەکانی پێکەوەبوونی ئینسانی و جۆرێ لە ئەخلاقی هەڵسوکەوتکردنی مرۆڤەکانی لەگەڵ یەکتر، تێدا ئامادەیە. ئەو شێوازی هەڵسوکەوتە، لەم کۆمەڵگا تازەیەشدا دەبێتە پێوەری هەڵسوکەوتم لەگەڵ مرۆڤەکاندا. هەر بۆیەشە ئەو یاسایەی، کە نەیەوێت ئەم خەسڵەتەم ببینێ، یاسایەکە مافێکی ئینسانیم پێشێل دەکات. لەبەر هەمان هۆیش یاسایەکە ڕەوایەتی خۆی دۆڕاندووە.

هەر لێرەشەوەیە کە ڕێگە بەخۆم دەدەم شەڕ بکەم لەسەر ئەوەی، بەچاوێکی یەکسان مامەڵەم لەگەڵدا بکرێت و لە هەمان کاتیشدا ئازادیم هەبێ بۆ پاراستنی ئەو خەسڵەتانەی تایبەتن بە خۆم. شەڕی من بۆ وەرگرتنی مافی یەکسانیی، لەبەرئەوە نییە خاوەنی ئیشێکی سەربەخۆم یان خاوەنی بەڵگەنامەی خوێندنێکی بەرزم، یان پێگەی ئیداریی بەرچاوم هەیە.. چونکە وەك لەلای گۆرگیاس بینیمان، هیچ کاتێك لەبەر ئەو هۆیانە ناتوانم مافێکی زیاترم لە کەسانی تری ناوکۆمەڵگا هەبێت. بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوە شەڕ بۆ بەدەستهێنانی مافی ناوبراو دەکەم، چونکە وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە خاوەنی توانایی خۆمم و دەمەوێت دان بە تواناکانمدا بنرێت..

ئەندامانی کۆمەڵگایەك بەو هۆیەوە، کە بەڵگەنامەیەکی خوێندنی باڵا و ئەرکێکی ئیداریی بەرزیان هەیە، نابنە خەڵکانێکی زیاتر دیموکراتخواز. بەڵکو تەنیا بەو هۆیەوە دەبن بە مرۆڤی دیموکراسی، کە مامەڵەی

ئینسانییان لێبوەشێتەوە. **لە کۆمەڵگایەکیشدا، کە ڕەفتاری مرۆڤەکانی لەسەر پرنسیپی دادوەری دانەمەزرابێت، هەموو کاتێك ئەگەری ئەوە هەیە جەنگی هەمووان لە دژی هەمووان بەرپابێت.** ئەگەرچی ئەو کۆمەڵگایە تا کاتی بەرپابوونی ئەو جەنگەش لەژێر چەمکی (دیموکراسی)بووندا خۆی شاردبێتەوە..

هەندێ کەس هەوڵیانداوە، پرنسیپی دادوەری لە لای سۆفیستەکان وەك قەیرانێکی هزری بەرجەستە بکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانن مەشرووعیەتێکی پتەو بە کارەکەیان ببەخشن.. بێگومان ئێمە دەزانین، کە هەڵوێستی سۆفیستەکان لە ئاست ئافرەتان، کۆیلە و منداڵاندا، هەڵوێستێکی لاواز بووە (ئەگەرچی دەشزانین ئەنتیفۆن و هاوڕێکانی دەستێکی دیاریان هەبوو لە هەوڵداندا بۆ لەناوبردنی کۆیلایەتی)[1]. بەڵام کاتێك لە سەرجەمی بیروڕاکانیان لەمەڕ مرۆڤەوە ورد ئەبینەوە، ئەنجامێکی دیکەمان دەست ئەکەوێت، کە لە مێژووی فەلسەفەدا بایەخی پێنەدراوە. بۆ نموونە چ مانایەك هەیە لە پشت ئەو تێزەیانەوە، کە دەیانگوت: توانایی شتێکە هەمووکەس فێری ئەبێت؟ یاخود چ ڕازێك لە

---

[1] کارل بوپر: **جامعه باز و دشمنان ان**. ت: عزت الله فولادوند ١٩٨٥، جلد أول، ص: ٨٢:
**"ئەوەی تا هەتایە وەك یەکێ لە سەرکەوتنەکانی دیموکراتیەتی ئەسینایی دەمێنێتەوە، ئەوەیە کە ڕەفتارێکی مرۆڤانە و میهرەبانی لەگەڵ کۆیلەکاندا هەبوو، وە لەگەڵ هەموو ئیدیعایە نا ئینسانیەکانی فەیلەسووفانی وەك ئەفلاتوون و ئەرستۆشدا، ( هەروەك چۆن ئەفلاتوون خۆی بەڵگەی ئەمەیە)، کۆمەڵگای ئەسینایی لە بڕیاری یاساخکردنی کۆیلایەتی زۆر نزیك کەوتەوە"**.
– هەروەها بڕوانە پۆپەر، بەرگی ٢، ل: ٢٦٧ و گەلێ شوێنی تریش..



پشت ئەو دەرسەیانەوەیە، کە دەیانگوت، پەروەردەبوونی هەمەلایەنەی تاکەکان و گەیشتنیان بەپلەی ئاگایی بەرز، مەرجی پێویستن بۆ پایەداریی هەر کۆمەڵگایەك، کە بیەوێت بەشێوەیەکی تەندروستانە بمێنێتەوە؟ ئەگەر هەموو مرۆڤەکان لە لایەن سرووشتەوە ڕێژەیەك هەستی یەکسانی و دادوەری پێبەخشراوە و، توانایان هەیە بەرپرسیاریی لە ئاست خۆیان و هاووڵاتیانی تردا بگرنە ئەستۆیان، ئایا دەکرێت بڵێین: لەگەڵ ئەوەشدا، سۆفیستەکان چاویان دەپۆشی لە هەبوونی هەمان توانا و هەستیاریی و ئیلتیزام لە لای ئافرەتان و کۆیلە و منداڵان؟

لێرەدا پێویستە پرسیار بکەین، ئایا بەچ مانایەك دەگوترێ: لە لای سۆفیستەکان هەموو مرۆڤێك هەڵگری هەستی دادوەری وەك بەشێ لە ئینسانیەتی خۆی، بەڵام ئەوان خۆیان لە ئاست هەندێ گرووپدا نادادوەرن؟ ڕاستیەکەی ئەوەیە، سۆفیستەکان بەشێوەیەکی تیۆری ڕوونیان کردۆتەوە، کە هەموو مرۆڤێك لە توانا و خەسڵەتدا یەکسانن و هیچ ڕەگەزێك، یان چینێك لە ڕەگەز و چینەکانی دیکە باشتر نیە. ئەوەی ئەم یەکسانیەش دەسەلمێنێ تەنیا هاوبەشیی ئەوانە لە ئینسانیەتی خۆیاندا. بەڵام ئەوەی بوار بۆ تاکەکان دەسازێنێ تا گەشە بە تواناکانیان بدەن، بریتیە لەو ئازادیە (ناچارییە)ی تەنیا لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا دێتە بەرهەم و گەشە دەکات. تەنانەت ئەنتیفۆن کاتێ لە مرۆڤ ورد دەبۆوە و بۆی دەردەکەوت چ دژایەتیەك لە ڕەفتاری مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا هەیە، دەیگوت:

**"ئێمەی مرۆڤ لە بەرامبەر ئەشرافەکاندا سەر دادەخەین و ڕێزیان لێدەگرین، کەچی لەگەڵ هەژاراندا وەها ڕەفتار ناکەین"** ئەمجا ئەنجامگیریی دەکرد و دەیگوت: **"ئەمەش نەریتی دڕندەکانە!"**[1]

سۆفیستەکان کاتێ لە ژیانی ڕۆژانە ورد دەبوونەوە و دەیانبینی چ تاوانێك بەناوی یاسا و نەریتەوە لە بەرامبەر بەهاداریی مرۆڤدا دەکرێت، نەیاندەتوانی چاوی خۆیان دابخەن. یاخود بە ئومێدی ئاخیرەت و وادەی دنیایەکی دیکە دڵی خۆیان خۆش بکەن، بەڵکو خێرا عەودالی دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی و هەنووکەیی دەبوون. دیموکراسیەتیان فراوانتر دەکرد و تاکەکەسیان ئامادە دەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەلومەرجەکانی ژیانی خۆیدا.

ڕێك و ڕاست دەبێت ئا لێرەوە تێبگەین، کە بۆچی ئەفلاتوون ئەم تێڕوانینە پراکتیکیەی لەسەر دیموکراسیەت، بەشێوەیەکی ڕەها ڕەتکردەوە. بۆچی ڕۆحە ئەریستۆکراتیەکەی بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی برد، کە نەك هەر تاکەکەسی تیا دەکردە کۆیلەی ڕابەر و فەرمانبەران، بەڵکو وایشی لێدەکرد هیچ بایەخێکیش بە ئێستا و کێشەکانی ژیانی خۆی نەدا. کارڵ پۆپەر، لەگەڵ ئەوەشدا پەرتووکی (*کۆمەڵگای کراوە و دووژمنەکانی*) لەژێر گوشاری جەنگی دووەمی جیهانیدا نووسی و، لێرەیشەوە دەکرێ وەك پەرچەکردارێکی ئەو لە ئاست نازییەکاندا سەیری بەرهەمەکەی بکرێت، بەڵام لەو ڕایەیدا، کە ئەفلاتوون بە (***باوکی کۆمەڵگای داخراو***)ناو دەبات

[1] کارل بوپر: **جامعه باز و دشمنان ان**. ت: عزت الله فولادوند ۱۹۸۵، جلد أول، ص: ۱۱۹



جوانی پێکاوە[1]، چونکە لە ئەفلاتوونەوە، سەرەتای بیرکردنەوەیەکی سیاسی دەستپێکرد، کە دنیای (واقیع)ی لە پێناوی جیهانی (ئایدیاڵ) دا، تووڕدا. بێگومان زۆر گرنگە لە ڕووی فەلسەفییەوە چەمکی ئایدیاڵ لە چەمکی یۆتۆپیا جیا بکەینەوە. لە ئێستاشدا هەموو پڕۆژە سیاسیەکان دەیانەوێت بەوە مەشرووعیەت بدەنە دیموکراسیەتی بەرنامەکانیان، کە ئاماژە بکەن بۆ ئەو خەسڵەتانەی، کە دەشێت لە (دواڕۆژ)دا ببنە خەسڵەتی دیموکراسی ئەو بەرنامانەیان. بەمەش هەموو هەنگاونانێکی ئێستایی بۆ بەرفراوانکردنی بەها دیموکراسیەکان، بۆ داهاتوویەکی نادیار دوادەخەن.. ڕەنگە ئەم خاڵەش بەئاشکراترین شێوە لە ڕێکەوتننامەکانی وەك ماستریخت، ئەمستردام یان ڕێککەوتننامەی (یەکێتی ئەورووپا)دا، ببینینەوە، کە لەگەڵ هەموو ئەو گرنگییەی بەلایەنی جوانکاری داڕشتنی ئەم پڕۆژە زەبەللاحانە دەدرێت، هێشتا ناتوانین چاو لەو نیەتە بپۆشین، کە نیازی بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی داخراوی لە خۆیدا شاردۆتەوە و، مافی هاوولاتی تیایدا دادەبەزێتە سەر مافی کۆیلەیەك، کە لەژێر بڕیاری (دەستەی هەڵبژاردە)دا، بواری هیچ هەڵبژاردنێکی بۆ نامێنێتەوە. بەڵام چ سوودێك لەوەدا هەیە ڕێککەوتننامەکان ناویان چیی دەبێت، لە کاتێکدا جەریمەکان بەردەوامن و تاوانبارانیش ئازاد؟ چ قازانجێکی هەیە بەکام شێوەی (هونەری ئاخاوتن) لە باشترین دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانیەوە بارودۆخی کۆمەڵگاکانی پاشەڕۆژ

[1] لەڕاستییدا پۆپەر بەزۆر شێوەی جیاواز وەسفی ئەفلاتوون و پڕۆژەکەی دەکات، واچاکە خوێنەر خۆی بگەڕێتەوە بۆ بەرگی یەکەم و بەتایبەتیش دووەمی ئەو سەرچاوەیەی سەرەوە.

دەخرێنە ڕوو، لە کاتێکدا لە ئێستای ئەمسەراوسەری دنیادا مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن، فەندەمەنتالیزم، ڕەگەزپەرستی، فاشیزمی مۆدێرن و هەژاریی زیاتر و زیاتر گەشە دەکەن؟ یاخود لە کاتێکدا سەوداوماملەی بازرگانیی لەگەڵ ڕژێمە چەوسێنەرەکاندا بەردەوامە؟ چ سوودێکی هەیە دائیرەکان پڕکەین لە کۆمپیوتەر، کەناڵیی سەتەلایتی جیهانی بکەینەوەو ئاهەنگی چەندین ساڵەی دامەزراندنی حیزب بگێڕین، لەکاتێکدا کوشتنی ژنان و برسێتی و ئاوارەیی هەزاران کەس واقیعێکی هەمە ڕۆژەیە..

یەکێك لە ڕووخسارەکانی دیموکراسیەت بریتیە لە پێکەوەژیانی هەمەڕەنگی کەلتوورەکان. بەڵام لە ئێستادا، خودی ئەم لایەنە بۆتە هۆی بەرپاکردنی ئاژاوەیەك و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش لە بەهێزکردنی باڵی ڕاستڕەودا ڕۆڵێکی نێگەتیڤی بینیوە. بۆ نمونە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا، هەتا ئێستاش سیاسەتێکی گونجاندنی خاوەن ستراتیژ لە ئارادا نیە، کە ئەرکی یەکەمی ئەوەبێت توانا تازەکان و ئەزموونە نوێیەکان بەئاراستەی بەرژەوەندیی گشتیدا بەکار بهێنێت. لەجیاتی ئەمە، هەمیشە ئەوانەی لە دەرەوە هاتوون لە خانەی مرۆڤی سەرەتایی، ناسەربەخۆ، یان کەمتواناتردا پۆلێن کراون و دەکرێن. هەر لەبەر ئەوەش سیاسەتی گونجاندن وەك ڕەوەندێك و پرۆسەیەك پێناسە کراوە، کە: دەبێت ***خەڵکانی سەرەتایی و ناسەربەخۆ و کەمتوانا، دیموکراسیزە بکات***. بێگومان ئەنجامی ئەم سیاسەتە ئەوەیە، کە کۆمەڵگا ببێتە شوێنی دەیان ناکۆکی لەسەر ئاستی کەلتوورییەوە. لەبری ئەوەی سیاسەتێك بێتە ئاراوە گرووپەکان هانبدات



بەرەو پێکهێنان و دامەزراندنی مەیدانێکی گشتیی هاوبەش، سیاسەتێك هەیە بۆ هاندانییان تا خۆیان لەناو کەلتووره لۆکاڵیەکان و ناوچەگەرێتی و پیاهەڵدانی شار و مەڵبەندی خۆیاندا نغرۆ بکەن، کە زۆربەی کات هیچ شتێ نیە بێجگە لە ناسیۆنالیزمێکی سەرەڕۆیانە یاخود گەڕانەوە بۆ دین و ئایدیۆلۆژیا، کە خاڵی یەکەم تیایاندا (ونبوونی تاکەکەس)ـە.

لێرەشەوە هێزێك هەیە بەردەوام دەیەوێت قەیرانەکانی دیموکراسیەت بگێڕێتەوە بۆ هەبوونی (ژمارەیەکی زۆر لە بێگانان) و (غەیرە ئەوروپاییەکان) و، وایان پیشان بدات، کە هەڕەشەیەکی بەردەوامن لەسەر کۆمەڵگای دیموکراسی ئەوروپی.

بێگومان زۆربوونی ژمارەی بێگانان لە وڵاتانی ئەوروپیدا، قەیرانی خۆشی دەخوڵقێنێ. بەڵام ئەمە ئەو شتە نیە، کە بەشێوەیەکی بنەبڕ بۆتە هۆی قەیرانەکانی دیموکراسیەت. بەڵکو کێشەکە لەوەدایە، کە دیموکراسیەت خەریکە ڕەهەندە شارستانیەکەی لە دەست بدات. مەبەستیشم لە ڕەهەندی شارستانی هەر بە تەنیا ڕێزدانان نیە بۆ ئامادەیی ئەویتر، بەڵکو مەبەستم لەو پرۆسێسە دەروونیەشە، کە تاکەکانی ناو کەلتووری میواندار ڕادەهێنێ لەسەر ئەوەی، کە هەمەڕەنگیی کەلتوورەکان وەك واقیعێکی نوێ ژیان قەبووڵ بکەن. واتە واقیعێکی جیهانی. ئەوەی کە پێکەوەژیانی کەلتوورەکان ئاسان دەکات، مەرج نیە یاسا کۆنکرێتیەکانی وڵات بن. ناشێت یاسا بەکار بهێنرێت بۆ ناچارکردنی خەڵك بەوەی لە ساتێك لەساتەکاندا هەڵوێستێکی تایبەتیان هەبێ: (جل و بەرگ و لێفە و پەتوو

بنێرن بۆ ناوچەکانی جەنگ!)، یان ئەرکێکی تایبەت بگرنە ئەستۆیان، یاخود لایەنگری بۆ دەستەیەك لە خەڵکی لێقەوماو پیشان بدەن. چونکە هەڵوێستی مرۆڤ لە(دەروون)ـەوە سەر هەڵدەدات و ئەو هەڵوێستەش تەنیا لەناو کەش و هەوایەکی شارستانیدا خۆی دەردەبڕێت. واتە لە ئەتمۆسفێرێکی ئەوتۆدا، کە بارودۆخی جیهان، تیایدا بۆ ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە ئاشکراو ناسراو بێت. پێویستە خەڵکانی کۆمەڵگایەك بزانن لە جیهانی (دەرەوە)دا چی ڕوو دەدات بۆ ئەوەی بتوانن لە(ناوەوە)ش ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی و لۆژیکی ناسیۆنالیزمی سەرەڕۆیانە بوەستنەوە، چونکە هەتا هێزی شەڕانیەت پەرە بستێنێ، کۆمەڵگاش زیاتر بەرەو ناشارستانیەتی خۆی دەڕوات و زیاتریش لە جیهانیبوون دادەبڕێت.

ئا لێرەشدایە، کە پەیوەندیی دیموکراسیەت و پەروەردەکردن دێتە ئاراوە. چونکە ئەگەر دیموکراسیەت وەك دەزگایەکی گەورەی پەروەردەکردنی هاوولاتیان ئیش نەکات، ئەوە ناشتوانێت گەرانتی پایەداریی خۆی بەدەست بهێنێ. کۆمەڵگای دیموکراسی بە پێویست (کۆمەڵگایەکی ڕۆشنگەر و بیرکەرەوەیە) و یەکێ لە ئەرکەکانی سیستەمی پەروەردە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش لەم کۆمەڵگایەدا، پێویستە هەمیشە هاندانی هاوولاتیان بێت بۆ بیرکردنەوەی بەردەوام،. چونکە تەنیا لەم ڕێگەیەوە، لە مەترسی بوون بە (کۆمەڵگای ئێکسپێرت و سیاسەتمەدارە پیشەیی و ڕۆژنامەنووس و گۆییندەکانی تەلەفزیۆن) ڕزگاری دەبێت[1]. ئامادەنەبوونی سیستەمێکی

[1] کاستۆریادیس (گفتوگۆ) لە: رامین جهانبگلو: **نقد عقل مدرن**. مرکز، تهران، ص: ١٧١



پەروەردەیی و ڕاگەیاندنی ڕۆشنگەرانە، کۆمەڵگا بە گەلێك ئەنجامی مەترسیدار دەگەیەنێت، کە ڕەنگە ئەو بزووتنەوە توندڕەوانەیەی ئەمڕۆی ناو شارەکانی ئەورووپا باشترین نمونەی بێت، یان بە زۆرناردنەوەی پەنابەران یەکێ بێت لە دەرکەوتە ترسناکەکانی.

لە ئێستاشدا ئەو بزووتنەوە توندڕەوانەیە توانیویەتی ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگای فرەکەلتووری (Multicultural Society)، کە سیاسەتی بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەورووپای ناوەند، بانگەشەی بۆ دەکەن، بە قازانجی خۆی بەکار بهێنێت، چونکە باڵی ڕاستڕەو بەئاسانی دەتوانێت بەهۆی بەرجەستەکردنی (ژمارە)ی بێگانان و شێواندنی وێنەیان، بەهۆی گەورەکردنی سەرژمێریەکانی تاوان، جیاوازییە کەلتووری و ئایینیەکانەوە، حەز و فزوولیەتی خەڵك بۆ قسە و گفتوگۆ بتەقێنێتەوە و کارێ بکات (دڕندە بچووکەکەی ناوەوەیان) مەترسیدارتر ببێت. (ئەمەش شتێکە پێش هەموو هەڵبژاردنێك لە وڵاتانی ئەورووپادا ڕوو دەدات). بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانی سۆفیستەکانەوە، باڵی ڕاستڕەو ناتوانێت بەجۆرێ چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە، کە لە ئەنجامدا ڕەهەندی شارستانیانەی کۆمەڵگا زیانی پێنەگات. بەمانایەکی دیکە، باڵی ناوبراو کێشەکان بەشێوەیەکی (نابەرپرسیارانە) دەخاتە ڕوو، چونکە توانای نیە بەئاراستەی دیموکراتیزەبوونی زیاتری کۆمەڵگادا بیانبات. بەڵکە بەئاراستەیەکدا دەیانبات، کە توندوتیژی و ناڕەوایەتی ناوکۆمەڵگا، زیاتر بەربڵاو بێت. هێزێکیش کە ناڕەوایەتی گەشە پێدەدات و هیچ بەرپرسیاریەکیش لە

ئاست ژیانی هاوبەشدا ناگرێتە ئەستۆی خۆی، ناشتوانێت بەرنامە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی داهاتوو دابڕێژێت. لەبەرئەوەی کاتێك سەردەمی ئێستا بە بەدگومانی و کینە ژەهراویی دەکەین، دوارۆژیشمان وێرانکردووە و ئیمکانی سازدانی یۆتۆپی و بینینی خەونی ئینسانیشمان بەلاوە ناوە. کێشەکەش هەر لێرەدا ناوەستێ، چونکە ئەوانەی، کە خۆیان ناتوانن خەونی ئینسانی ببینن، هەموو شتێکیش دەکەن تا خەونی ئەوانیتریش بزڕێنن. گاهێ فەتواکان دەردەکەن و بەناوی شەریعەتەکانەوە ئازادیی قسەکردن سەرکوت دەکەن، گاهێکیش لە پێناوی شەرەفی ناسیۆنالیزم و کۆمەڵگای داخراودا، دژ بە هەمەڕەنگیی کەلتووری دیموکراسیەت و ئازادیی ڕادەربڕین دەوەستنەوە. ڕێك و ڕاست ئەم دوو هێزەش گەورەترین مەترسیان لەسەر ئێستا و دوارۆژی کۆمەڵگای مرۆیی دروستکردووە. پێویستیش ناکات چیدی لە بارودۆخی کۆمەڵگاکانی بەناو جیهانی سێهەم ورد ببینەوە، تا زەبروزەنگی ناسیۆنالیزم بناسین، یان تەنیا وەك دیاردەیەکی ئیسلامی تەماشای فەندەمەنتالیزم بکەین، چونکە ئەم دووانە لەناو دڵی دیموکراسیەکانیشدا هاوشانی یەکتر ڕێدەکەن.

کاتێ دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێهەم دەیانەوێت پیشانی جیهانی بدەن، کە چەندە لە لایەن خەڵکی وڵاتەکانیانەوە خۆشەویستن ، نومایشنامەی تەلەفزیۆنیی ساز دەکەن، کە تیایاندا هونەرمەند و کەسانی ناسراو ناچار دەکرێن بەناوی خەڵکەوە بە دیکتاتۆر هەڵبڵێن. هەموومان نومایشەکانی جەللادی عێراق دەناسین. کەچی لە خۆرئاواوە بینەران سەریان دەسووڕما



لەوەی چۆن ئەو خەڵکە ڕۆژانە دەچەوسێنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا سەما بۆ دیکتاتۆر دەکەن؟، بێگومان زەحمەت بوو لەم نومایشانە تێبگەین، چونکە ئەزموونکردنی تۆتالیتاریزم (لەسەر جەستە) و (بینین)ی نومایشە تەلەفزیۆنیەکان دوو شتی جیاوازن. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ، کە هەڵوێست لە ئاست بزووتنەوە ڕەگەزپەرستەکانی ئێستادا هێندە لاواز بێت، چونکە خەیاڵێك نیە توانای تەسەووركردنی داهاتوویەك بهێنێتە ئاراوە، کە تیایدا بزووتنەوە ڕەگەزپەرستەکانی ئەوروپا گەیشتبن بە دەستەڵات و پیشانی بدات، ئەو کاتە چۆن وێرانکردنی (ئینسانیەت لە ئینساندا) دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە ئەزموونی واقیعی ڕۆژانە. ئەوانەی لە نزیکەوە بە زەبری ناسیۆنالیزم و ڕەگەزپەرستی مۆدێرن ئاشنان، کە نمونە هەرە زیندووەکەی تورکیای هاوچەرخ و لۆپێن و نمونەکانی تر لەسەرانسەری جیهاندا، باشتر لە هەر کەسێ لە مانای تراژیدیی ئەو دیمەنانە تێدەگەن، کە تیایاندا، هونەرمەندانی بەناوبانگی ناو پایتەختەکانی ئەوروپا بە کەسایەتی و پرۆگرامی پارتە ڕەگەزپەرستەکان هەڵدەڵێن.. بەتایبەتی کاتێ هەر ئەو کەسانە و ڕێکخراوەکانیان بەشێوەیەکی ئاگایانە ئاسۆکانی ناسیۆنالیزم و فەندەمەنتالیزم فراوانتر دەکەن.

بەپێچەوانەی قسەی ڕۆشنبیرە چەپە شەرمن و هیومانیستە خۆبەکەمزانەکانەوە، کە هەردەم دەیانەوێت بڵێن: تەنیا خەڵکی سادە و نەزان و جوتیارەکانی ئەوروپا دەنگ بۆ ڕەگەزپەرستەکان دەدەن، ئەوە ئەزموونی چەندین ساڵەی سارمۆنیاکانی دەنگدان ئەوەی دەرخستووە، کە

دەنگدەرەکان سەر بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگان و لە پاشخانی هزری و ڕۆشنبیریی و سیاسیی جیاوازیشەوە هاتوون... دیارە ئەوەی نەتوانێت بە چاوی قوربانیی ئەم دیاردەیە ببینێ ناشتوانێت لە مەترسیی گەشەی ڕەگەزپەرستی لەم کۆمەڵگایانەدا تێبگات و لە ئەنجامیشدا دڵی خۆی بەوە خۆشدەکات، کە گوایە (خەڵکی نەزان) دەنگ بۆ فاشیزم دەدەن.. هەموو ئەم دیاردە و نمونانە پێمان دەڵێن، کە پرۆسەی دیموکراسیەت لە قەیرانێکی گەورەدایە و بەرەو شوێنێکیش ڕێدەکات، تیایدا ڕەفتاری دڵڕەقانەی مرۆڤ زیاتر بایەخی هەیە وەك لە هەڵسوکەوتکردنی بە ڕۆحێکی شارستانیانەوە.

لەم بارودۆخەشدایە، کە گرنگیی پرنسیپە دیموکراسیەکان چەندین جار گەورەتر دەبن، چونکە دیموکراسیەت کەلتورێکە هەستی داوەریکردن بەهێز دەکات، وادەکات ئەویتر پێگەی شیاوی خۆی لە کۆمەڵگادا وەربگرێت. هەروەها دیموکراسیەت هەستی بەرپرسیاریی مرۆڤ لە ئاست ئەویتردا پتەو دەکات و هانیدەدات خۆی تێکەڵ بە کێشەکان بکات، بەشداریی بکات لە بەکارهێنان و بەرفراوانکردنی یاساکانی دیموکراسیەت بە ئاراستەی ڕێزگرتن لە بەهادارییی مرۆڤدا، ***چونکە دیموکراتبوون بەر لەوەی پرۆسەیەك بێت لە دەرەوە سەرنجمان ڕابکێشێت، پرۆسەیەکی ناوەکی و فەردیە لە دەروونەدا. ئێمە تەنیا ئەوکاتەی لە ناوەوەی خۆماندا بوینەتە خاوەنی هۆشمەندیی و ڕۆحێکی دیموکراسیخواز، تەنیا ئەو کاتەش دەتوانین یاساکانی دیموکراسیەت بخەینە کار.*** خستنەکاری ئەو یاسایانەش هەر بەمانای ئەوە نیە، بتوانین



(بدوێین)، بەڵکو بشتوانین (گفتوگۆ) بکەین. پێشمەرجی گفتوگۆکردنیش هەستکردنە بەوەی خۆمان بە هاوولاتیی کۆمەڵگایەك بزانین، کە ئێمە و ئەندامەکانی تری ئەو کۆمەڵگایە، شت و خەونی هاوبەشمان لە نێواندایە. دیارە ئەمەش لە ئاستە ئایدیالیەکەیدا دەبێتە بنەمایەك بۆ ڕاهاتن لەسەر بە جیهانیکردنی هەمان هەست لەگەڵ کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی تریشدا.

لێرەوە دیموکراسیەت شێوازێك لە پەیوەندیی ئەقڵانی دەسەپێنێت، چونکە لە گفتوگۆدا پێویستمان بە خستنەڕووی بەڵگە و سەلماندن هەیە، پێویستمان بە هەدادان و گوێگرتن هەیە لە بەڵگە و سەلماندنی بەرامبەرەکەشمان. لە هەمووشی گرنگتر، پێویستمان بە ڕەچاوکردنی ئەو ئەنجامانە هەیە، کە دەکەونە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتییەوە.

کەلتووری دیموکراسی گرنگە، چونکە تاکە ئامرازێکە لە دژی جیاکردنەوە و هەڵاواردن، دەستەبژێری، خانەبەندیکردن و پێناسەی داسەپاو. ئەم کەلتوورە لە هەمان کاتدا لە دژی ئەو ڕۆحییەتە تۆتالیتاریەشە، کە لە پێناوی ئامانجەکانی خۆیدا سڵ لە نەکردنی هیچ شتێ ناکاتەوە. دەکرێت نیشانەکانی ئەم ڕۆحییەتە تۆتالیتاریەش لەو گۆڕانکارییە گەورانەدا ببینینەوە، کە ئەمڕۆ لەژێر چەندین ناودا پڕۆژە دەکرێن: بە جیهانیکردن، سیستەمی نوێی جیهانی، بە گوندبوونی جیهان و هتد.

بێگومان ئەو گۆڕانکارییە گەورانە هێندەش خێرا تێپەڕ دەبن، کە چیدی ناکرێت بەهۆی ئەو تێزە سوواو و ساکارانەوە ڕووبەڕوویان ببینەوە، کە ئاراستەکانی (چەپ)ی تەقلیدی (بەتایبەتی ئەوانەی لای ئێمە)، هێلانەیان

تیاکردوون و سەدەیەك زیاتر بەسەر هەمووتوانایەکی شیکاری و مەعریفیاندا تێپەڕ بووە. نغرۆبوونی چەپ و بەناو مارکسی و ئیسلامیستەکانی لای ئێمە لە دۆگماییەتی دووبارەوەبووندا، ناتوانێت یەك پیتی شیاو لەسەر جیهانێك بلێت، کە تیایدا کارگە گەورەکانی کۆمپیوتەر و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میکانیزمەکانی پرۆسەی بە جیهانیبوون، نەخشەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەکێشن.. هەروەها هەندێك لە ئیسلامیستەکانیش پێویستە تێبگەن، کە چیدی دۆگم و ڕەهاخوازی بەرامبەر تەکنەلۆژیای جینەکان و کۆپیکردنەوەی ئاژەڵ و مرۆڤ و بەرنامەی چونە سەر ئەستێرەکان، ناتوانێت هیچ وەڵامێکی باوەڕپێکراوی ئەو هەزاران خەڵکە بداتەوە، کە ژیانیان لە لایەن هەمان ئەو هێزە تازانەی جیهانەوە کەوتۆتە بەر مەترسی. پێموایە ڕێك ئەو (خەوە دۆگماییە)ش بێت، کە وایان لێدەکات پەیوەندیە دڕندەییەکانی مێژووی بەشەری دووبارە بەرهەم بهێننەوە و، لە دژایەتیکردنی بۆچوونی تازە و لێکدانەوەی نوێدا پێش هەر دیکتاتۆر و هێزێکی تۆتالیتاری دیکە، لە دژی پرۆژە کانی داهاتوو بوەستنەوە و هێندە لە ئاست بەرهەمهێنانی ئایندەدا سادە ئەندێش بن..

ئەو نەوەی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی نوێمان ئەزموونکرد، لە هەمووان زیاتر تێگەیشتین لە توندوتیژیی ناسیۆنالیزمەکان و زەبروزەنگی فەندەمەنتالیزمەکاندا، نغرۆ بووین. هەروەها بۆی هەیە تێشگەیشتبین ئەم دوو دیاردەیە جگە لە خۆیان، هەڵگری هیچ جەوهەرێکی دیکە نین، کە ئاماژە بە ئاراستەیەکی دیاریکراو لە دەرەوەی خۆیان بکات.



فەندەمەنتالیزمەکان و شێوەکانی ناسیۆنالیزمی زیادەڕۆیانە خۆیان ئامانجی خۆیانن. ڕەنگە ئامادەیی بەرجەستەشیان لەم ساتەوەختەدا نیشانەی ئەو قەیرانە بێت، کە بە قەیرانی بەها دیموکراسیەکانم ناوبردن. پێدەچێت لە ساڵانی داهاتووی سەدەی بیستویەکەمدا ئیمکانی ئەوە بۆ نەتەوە و میللەتە دەوڵەمەندەکان بێتە ئاراوە، تا سەرلەنوێ خۆیان بخوێننەوە و بزانن، ئاخۆ لەم سەدەیەدا چ ڕۆڵێکیان گێڕاوە. ئا لەوێدایە، کە تێدەگەن، گەورەیی و شانازیەکانی ئەوان ئەنجامی ئەوە نین، کە لەم سەدەیەدا لە یارییەکانی وەك (تۆپ تۆپێن) و (شەڕە بۆکسێن)دا براوە بوون، یاخود سنوورەکانیان بەباشی بەڕووی پەنابەرەکانی دنیادا داخستوون! بەڵکو شانازیەکانی ئەوان بەرئەنجامی ئەو ڕاددەی یارمەتیانە بوون، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤایەتی پێشکەشیان کردوون. پێدەچێت لە ئێستاشدا یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی سیستەمی دیموکراسی ئەوەبێت بەهۆی ڕۆشنگەرییەوە ئەندامەکانی هانبدات بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە بارودۆخی جیهان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرپرسیار بکات بۆ ئیلتیزامکردنیان بە ژیانی هاوبەشی کۆمەڵگاوە. ئیلتیزامێك، کە جەخت بکاتەوە لەسەر بەهاداریی مرۆڤ و تواناکانی.. ڕەنگە ئەمە تاکە چەکێکی دیموکراسیەت بێت بۆ بەرگریکردن لە بەهاو نرخەکانی خۆی، چونکە تا دیموکراسیەت زیاتر بەهاکانی بۆ ژیانی مرۆڤ کەم ببنەوە، هێندەش مەیدان فراوان دەبێت بۆ هێزەکانی فاشیزم و دەسەڵاتە چەوسێنەرەکان بەسەر تاکەکەس و مافی کەمایەتیەکاندا.

ئەمەش پەیامی فەلسەفیی زیاتر لە دووهەزار ساڵ لەمەوپێشی سۆفیستەکان بوو! دیارە بەهیچ جۆرێك ئەو فەلسەفەیە فەلسەفەیەکی بێخەوش نەبوو، بەڵام فەلسەفەیەك بوو خاوەنی ڕوانگەی واقیعی و ئامانجی پڕ بایەخ بوو لە ئاست توانایی مرۆڤ و ئازادیەکەیدا. لە سۆفیستەکانەوە مرۆڤ بناخەیەکی فەلسەفیانەی هەیە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی کراوە، کە هەموو هاووڵاتیەك تیایدا لە دەست دیکتاتۆریەتی نەریتەکان و هەڵوێستی نائەقڵانی بەناوی دینەوە لە بەرامبەر ژیان دا، دەرباز بێت. ئایدیالیزمی سیاسییش نەتوانێت لە ڕێگەی مۆنۆپۆڵەکردنی دەسەڵاتەوە بۆ ئەندامەکانی خۆی، توانایی هاووڵاتیان بەکەم بگرێت و ددان بەکاراکتەری داهێنەرانەی تاکەکاندا نەنێت. سۆفیستەکان بە هەموو ژیانی خۆیان و توانای هزریی داهێنەرانەیانەوە بەشداریی گەمەی فەلسەفەیان کرد بۆئەوەی بناخەی تیۆرییەك بۆ گفتوگۆ و بەڵگەهێنانەوە دابمەزرێنن، چونکە ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەبوون، کە تەنیا لەم ڕێگایەوە دیموکراسیەت دەیتوانی بە پایەداری بمێنێتەوە و کۆمەڵگایش دەبێتە کۆمەڵگایەکی مرۆیی تەندروست. بەکورتی، ئەمە شێوازی ئەوان بوو بۆ بەرگریکردن لە بەهاکانی دیموکراسیەت و بەپلەی یەکەمیش شێوازێکی پراکتیکی بەرگریکردن بوو، کە لە ڕێگەیەوە توانیان فەلسەفە تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ بکەن. ئەمەش فەلسەفەیەکە مرۆڤ دەتوانێت زۆر شتی لێوە فێر ببێت. تەنانەت لە کۆتایی سەدەی بیستەم و هەنووکەشدا.

## ٨. گرنگیی
## کەلتووری سۆفیستەکان بۆ ئێمە

لە جەوهەری گوتاری سۆفیستەکاندا، بانگهێشتنێکی بەردەوام هەیە بۆ گومانکردن و ملکەچنەکردن لە بەرامبەر یەقیندا. وشەی گومانکردن scepticism، یان گومانداری، بە مانای هەڵسەنگاندنەوە و پێداچوونەوە بە بارودۆخ و حوکمێکدا دێت، کە لێی دڵنیاین، چونکە ئەو بەڵگانەی بەدەستمانەوەن ناتوانن بمانگەیەنن بە ڕاستی و یەقینی ڕەها و مرۆڤ ناتوانێت مەعریفەی ڕاستەقینەی بە بوون هەبێت. یان ئیدیعا بکات کە دەتوانێ بەشێوەیەکی کامڵ بناسێ و بزانێ. گوماندار ئەو کەسەیە، کە دڵنیا نییە و دەبێت شتەکان بخاتە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەردەوام، تا لە دڵنیایی و یەقین خۆی ڕزگار بکات. بەمانایەکی تر ئەو نایەوێت خۆی بدات بە دەست دۆگمەکانی تیۆرەوە و هەمیشە ڕێگا پراکتیکییەکانی ئەزموون، مشت وماڵکردن و پاڵاوتن بە ئاوەڵایی دەهێڵێتەوە. لەبنەڕەتدا گومانکردن شێوازێکی فراوانکردنی ڕووبەری ئازادییە. لە یەکێك لە کۆنترین ئەو دەقانەدا، کە پێناسەی بیروڕای گومانداری دەکەن، سێکستۆس ئیمپیریکۆس لەمەڕ پۆلێنکردنی فەیلەسووفەکانەوە دەنووسێت:

**"هەندێکیان گوتویانە بە ڕاستی گەیشتوون، هەندێکیان گوتویانە: گەیشتن ئیمکانی نییە، لە کاتێکدا ئەوانیتریان**



**بەردەوامن لە گەڕان بە دوای ڕاستییدا. ئەمەی دواییان خەسڵەتی گومانکارەکانیانە"**[١]

ئەم وتەیە هەر تەنیا خەسڵەتی گومانکارمان پێ ناڵێت، بەڵکو جیایشی دەکاتەوە لە بەدگومان. بەدگومان کەسێکە بە حوکمی پێشینەوە ڕووبەڕووی دنیا دەبێتەوە و هەمیشەش بە نائومێدییەکی بەیار و بێبەرهەم دەگات. لە بنەڕەتدا بەدگومان هەڵوێستێکی شەڕانی بەرامبەر بە ژیان هەیە و دەیەوێت پێناسێکی بێنرخی بۆ بدۆزێتەوە تا پاساوی دەستەوەستانبوونی خۆی پێبداتەوە. لە کاتێکدا گوماندار کەسێکە دژ بە دۆزینەوەی هەر پێناسەیەکی چەقبەستووی دانسقەیە. هەر ئەمەش وای لێدەکات هەرگیز دەستەوەستان نەبێت و بەردەوام مرۆڤێکی عەوداڵ و سەوداسەر بێت. ڕەنگە لە خوێنی گوماندارا ئومێدی گەیشتن بە ڕاستییەکی پێناسەنەکراویش هەر هەبێت، بەڵام ئەو ڕاستییە هەر شتێك بێت، ئەو نایەوێت بهێنێتە سەر ئاستێك، کە دۆزینەوەی ئاسان بێت. ڕاستی، کە بەئاسانی دۆزرایەوە، ئیدی نرخی ڕاستیبوونی خۆی دەدۆڕێنێت و پەیوەندییشمان پێوەی دەبێتە پەیوەندیی لەگەڵ هێزێکدا، کەدەبێت ملکەچی بین، نەك لەگەڵ ئەو نادیارانەدا، کە خۆزگەیان بۆ بخوازین. خۆزگەش داینەمۆی گەڕان و عەوداڵبوونە و هەر ئەمەیشە هۆی جوانیی ژیان، چونکە ئەوانەی بێخۆزگەن، شەڕ لە پێناوی ئەوەدا دەکەن، کە بە

[١] A. Ness: **Filosofiens historie** bd: I, Danmark, Copenhagen: H. R. Forlag ١٩٩١, s: ٢٢٧

(ڕاستییەك)ی نەگۆڕی دەزانن و بەمەش پشت دەكەنە ژیان. كۆیلەبوونی ئەوانیش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

نەبوونی دیاردەیەكی هزریی گوماندارانەی سەوداسەر و ڕەخنەگرانەی وەك ئەوەی سۆفیستەكان لە كۆمەڵگاكانی خۆرهەڵاتدا و ونبوونی ئەو جۆرە كەلتوورە لە خوانانسی ئیسلامدا، ئەو بەڵگانەن، كە دەشێت هانمان بدەن بۆئەوەی گرنگییەكی تایبەت بەم تەوژمە هزرییە بدەین، ئەگەرچی بەشێوەیەكی ساكاریش بێت.

دەرسێكی دیكەی كەلتووری سۆفیستەكان، بانگهێشتنە بۆ گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوە. داوامان لێدەكات لە گەڵیدا بكەوینە گفتوگۆوە و لە ئەزموون و دەرسەكانی فێرببین و بۆ خوێندنەوەی كێشە و قەیرانەكانمان سوودی لێوەربگرین.. دیارە ئەم قسەیە بەو مانایە ناكەم، كە بیركردنەوەی سۆفیستەكان، ئێمە لە كێشەكانمان ڕزگار دەكات. چونكە گفتوگۆ دروستكردن لەگەڵ كەلتوور و ئەزموونی كەلتوورەكانی دیكەی مرۆییدا بەمانای دووبارەكردنەوەی ئەو چارەسەرانە نییە، كە ئەوان لەسەر زەمینێكی دیكەو سەردەمێكی تردا پەنایان بۆ بردوون. یاخود بەزمانی مێشێل فۆكۆ: **"ئێمە ناتوانین چارەسەری كێشەیەك لە چارەسەری كێشەیەكی تردا بدۆزینەوە، كە خەڵكانێكی جیاواز لە ئێمە لەسەردەمانێكی دیكەدا خستبێتیانە ڕوو"**[١]. بەڵكو خۆخەریككردنمان بە

[١] میشال فوكو: **بصدد نسابة فلسفة الاخلاق**. لة **بيت *الحكمة***، عدد الاول، ابريل ١٩٨٦، دار البيظاء، ص ٨٠



كەلتوورەكانی ترەوە لەو بۆشایی و كەموكوڕیانەمان ئاگادار دەكاتەوە كە لە كەلتووری خۆماندا ئامادەن. ئامادەییەكی ئەوەندە بەهێز، كە ئیدی وەك بۆشایی و كەموكووڕی دەرناكەون و لێرەیشەوە نابنە هۆی بزواندنی خەیاڵ و هزری چارەسەرسازی ئێمە لە ئاست خۆیاندا.

هەر بۆنمونە لە ئاستی سایكۆلۆژیای ژیانی كۆمەڵایەتی ڕۆژانەدا دەتوانین نەبوونی بنەماكانی (لێبووردن و سنگفراوانی)، ئامادەیی بەرفراوانی (ناووناتۆرە و سووكایەتیپێكردن) وەك نمونەیەك بهێنینەوە. لە ئاستی سیاسی و ڕۆشنبیریشدا بەگشتی، دەتوانین ئاماژەبكەین بۆ ئامادەیی بەریانێكی فراوانی (دەسیسە و پیلان و دووژمنایەتیكردن)، كە ئەم دوو ئاستەش بوونەتە هۆی ئەوەی ژیانی ئێمە لە ئاستی ئۆنتۆلۆژیشدا ببێتە مەیدانێكی بەرفراوانی بەرهەمهێنانی توندڕەوی. واتە توندڕەوی چیدی بارودۆخیكی كاتیانەی دەروونی مرۆڤی ئیمە نییە، كە لە ساتێك لە ساتەكاندا و لە ئەنجامی ئەو گوشارانەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەخرێنە سەری، سەرهەڵبدات. بەڵكو بوونی مرۆڤی ئێمە تا دێت وەك بوونێكی توندڕەوانە خۆی ئاشكرا دەكات و توندڕەوی دەبێتە تاكە میتۆدێك بۆ سەلماندنی خۆی لە ژیاندا. بوونی توندڕەوانەش تەكنیكێكی چڕی (شاردنەوە و داپۆشین) لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئاراوە، تا هیچ نەبێت لە ئاستی ڕواڵەتیی هەڵسوكەوتی ڕۆژانەدا چوارچێوەیەكی ماقووڵ ببەخشێتە جموجووڵی ئەكتەرەكانی. بەڵام هەر ئەو ئەكتەرانەش، كە بەهۆی تەكنیكەكانی توندڕەوییەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا وەك مرۆڤی پێگەیشتوو دێن و دەچن،

هەڵگری وزەیەکی ئەوتۆن، کە هەموو کاتێك بۆی هەیە بە خاڵی تەقینەوەیان بگەیەنێت. بەم جۆرەش، کاتێ توندڕەوی دەبێتە میتۆدێك بۆ ژیان و کاریگەریی تەکنیکەکانیشی لەسەر ڕۆح و جەستەی مرۆڤ، بەشی هەرە زۆری توانای هزریی مرۆڤ داگیر دەکەن، ئیدی بیرکردنەوە لە جوانکردنی ژیان، بەهۆی داهێنانەکانی مرۆڤەوە، مانای نامێنێت. لە ڕاستییشدا ئامانجی هەموو توندڕەوییەك بێماناکردنی ژیان و پووچکردنەوەی هەموو ئەو پرنسیپانەیە، کە خۆشی و کامەرانیی ژیانیان لەسەرەوە پێکدێت. یەکێك لەو داهێنانانەیش، کە مانای ژیان جواندەکەن بریتییە لە ڕەچاوکردنی پرنسیپەکانی گفتوگۆ، چونکە گفتوگۆ هەر بە تەنیا گۆڕینەوەی وشەکان و گەیشتن و نەگەیشتن نییە بە ئەنجامی هاوبەش، بەڵکو قەبووڵکردنی یەکتریشە وەك تاکەکەس و وەك بووی سەربەخۆ لە بەرامبەر یەکتردا، کە تەنانەت دوای ناکۆکی و دوای بە ئەنجام نەگەیشتنیش لە گفتوگۆدا، ئەویتر ماهییەتی کەسبوونی خۆی لە خۆیدا و بۆخۆی هەر نادۆڕێنێ. ئەویتر ئەو فرسەتەیە لەبەردەم ئێمەدا تا پەیوەندیمان بە ژیانەوە نەپچڕێت و لە دنیای دەرەوە دابڕ نەبین و نەبینە مەکینە. چونکە لەو کاتەوە ئەویتر ئێمە وەکو ئینسان دەناسێتەوە، ئامێزمان بۆ دەکاتەوەو لە ناو جیهانی خۆیدا شوێنێکمان بۆ قایل دەبێ و بەجۆرەش جیهانی خۆی بەئامادەیی ئێمە لەناویدا فراواندەکا، واتە لەو کاتەوە ئێمە بە (تۆ) بانگدەکرێین، ئەوە ئاگاییمان خۆمانمان وەکو مرۆڤ بیردەهێنێتەوە، ئەگەرچی لە هەمان ئەوکاتەدا دەشێت هەلومەرجەکانی واقیعی ژیان و گیرۆدەبوونمان



بە کێشەکانییەوە، فرسەتیان بۆ نەهێشتبینەوە تاکو ئینسانیەتی ناو خۆمان بناسینەوە و هیچ نرخێکی بۆ قایل ببین. بەڵام نغرۆبوونی من لەناو ئەو قووڕ و لیتەیەدا کە هەلومەرجەکان ڕاپێچم دەکەنە ناوی و لە زیندان و نەخۆشخانە و تاریکاییەکانی ناو ژیانی توێژێکی کۆمەڵایەتیی زەلیلم توند دەکەن، یەکسان نییە بە زەلیلبوون و کۆتاییهاتن بە ماهییەتی ئینسانیانەی من. چونکە ئەویتر گەرانتی بەهاداریی ئەو ماهیەتەیە و لێرەشەوە من هەمیشە پێویستم بە ئەویترە تا بەژیانەوەم ببەستێتەوەو بمکاتە بەشێ لە پەیوەندییەکی قووڵتر و بەهادارتر.

بەڵام لەو کۆمەڵگایەدا، کە توندڕەوی تاقە ئیمکانیەتێکە بۆ ژیان، ئەوە ماهییەتی بەرامبەر، لە بنەمادا ماهییەتێکی ڕەتکراوەیە.. ماهییەتێکە دەبێت لەناو ببرێت بۆ ئەوەی توندڕەوی بتوانێت بەردەوامبێت و بەوجۆرەش ئەویتر هەم لە من وندەبێت هەم منیش لەخۆم وندەبم و وەکو (ئەویتر) بۆ ئەوانیتر کۆتاییم پێدێت. بۆ ئەوەی کۆتاییم پێنەیەت و بوونی خۆم هەڵگیرمەوە بۆ هێزێ لەبەرامبەر توندڕەویدا، پێویستە پرنسیپی گفتوگۆ بەکاربهێنم. دەبێت بتوانم گفتوگۆ بکەمە گەرانت بۆ مانەوەی خۆم لەبەرامبەر ئەوانیتردا و بیکەمە وزەیەك بۆ بەردەوامیدان بە پێکگەیشتنی بەهادارانەی ئێمە لە دۆخێکی یەکسان و بەرامبەردا. بەڵام توندڕەوی ئەو دۆخە یەکسانە هەڵدەوەشێنێتەوەو ئەو پێکگەیشتنە دوا دەخات و ئەو بەهادارییەش لەئێمەدا دەکوژێ. لێرەوەیە کە ئێمە لە هزری سۆفیستەکانەوە دەرسێکی گەورە فێر دەبین و دەتوانین بەهۆیەوە باس لە

نادیاری ئەو کەلتووری گفتوگۆیە لە کۆمەڵگای خۆماندا بکەین، کە ئەوان بەمەرجی پێکهاتنی ژیانێکی تەندرووستیان لێکدەدایەوە.

هەڵبەت نامەوێت ڕەشبینانە بەلای ئەو حەقیقەتەدا تێپەڕ ببم، کە لە شیعری شاعیرە مەزنەکانی سەدەی پێشووی ئێمەو هەندێ لە شاعیرانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا دەبینرێتەوە. لە ڕاستییدا، شیعری ئێمە لە چەند قۆناغێکی ژیانی خۆیدا، کە هیچیان لە قەیران و کێشەکانی کۆمەڵگا و کۆژانی شاعیرەکانمان خاڵی نەبوون، هەوڵدانێکی جوانی بۆ ڕەخساندنی (گفتوگۆ بەهۆی شیعرەوە) تیا بەدیدەکرێت. شاکاری ئەو دەقە شیعرییانەش، ئەو گفتوگۆیەی نێوان (مەلا خدری نالی) و وەڵامەکەی (سالم)ی شاعیرە، کە هەریەکەیان گەنجینەیەکی بەنرخە بۆ قسەکردن لەسەر (گوتاری گفتوگۆ) لە چوارچێوەی زمانی شیعری کوردیدا. ئەم دوو قەسیدەیە ئەگەرچی بەپلەی یەکەم گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆیە و لەسەر زەمینەی تێکستی نووسراو بینابووە، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە، کە نییەتی هەردوو شاعیر، نییەتی دوو ئینسانە بۆ ئاخاوتن و دروستکردنی کەش و هەوایەك بۆ نزیکبوونەوە، تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی ژیان. ئامادەیی بونیادی پرسیارکردنە لە قەسیدەکەی نالیدا، کە سالم ناچار دەکات قەسیدەکەی خۆی لەسەر بونیادی وەڵامەوە دابڕێژێت. پرسیار و وەڵامیش دوو کۆڵەکەی گرنگی هەر گفتوگۆیەکن و پیشانی دەدەن دوو کەس ڕەچاوی ئەو پرنسیپانە دەکەن، کە لە سەریانەوە گفتوگۆکە دەتوانێت بەردەوامبێت. لۆژیکی گفتوگۆ، لۆژیکی تێگەیشتن، هەڵسەنگاندن،



پێداچوونەوە و ڕەخنەیە. لۆژیکی ئاگاییە بەرامبەر بە ئێستا و ڕووداوەکانی ناوی و داوەریکردنی هاوبەش لە بارەیانەوە. بەم مانایە قەسیدەکەی نالی و سالم هەر تەنیا دەردەدڵی دوو مرۆڤ و سکاڵاکردن نییە، بەڵکو یەکتر ناسینەوەی ئەوانە بۆ یەکتر وەکو مرۆڤ و پاشان هەڵوێستەیەکی ڕەخنەیی ئەوانیشە لە ئاست ئەو هەلومەرجانەی ژیانی خۆیاندا کە وەکو مەترسییەك بۆ سەر بەهاداری مرۆیی ئەوان خۆی پیشاندەدات. لێرەشدا شیعر هەڵدەستێ بە دروستکردنی مەودایەکی ڕەخنەگرانە لە نێوان مرۆڤ و واقیعدا.. ***شیعر هەڵوێستە دەکا و پرسیار دەکات و دەبێتە بیرکردنەوە لەو شتەی پێشتر بیری لێنەکرابۆوە. شیعر ئەرکێکی فەلسەفیانە جێبەجێدەکات، یاخود بۆ ساتێ خۆی لەئاست هزری فەلسەفیدا دەکاتەوە تاکو ڕێگەی پێبدات بەزمانی شیعر بێتە دەنگ!*** گرنگیی ئەم دوو قەسیدەیە وەك نموونەیەك بۆ گفتوگۆ، کاتێك تێدەگەین، کە بەهۆی خەیاڵێکەوە بیهێنینە پێشچاوی خۆمان هەردوو دەقەکە لە گۆڤار و ڕۆژنامە خەیاڵییەکانی ئەو دەمەدا بڵاوکرابێتنەوە و ئەمجا بەراوردیان بکەین لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەو ئاژاوەیەی ئەمڕۆ لە بڵاوکراوەکانماندا بڵاودەبنەوە، کە نەك هەر خزمەت بە چەسپاندنی پرنسیپەکانی گفتوگۆ ناکەن، بەڵکو زەمینەی سەرهەڵدانی هەر گفتوگۆیەکی بەهاداریشیان دابەزاندۆتە سەر ئاستی وێرانەیەك..

خاڵێکی دیکەی گرنگیی سۆفیستەکان بۆ ئێمە لەو جەختکردنەوەیاندایە لەسەر ڕۆڵی بیناکەرانەی تاك لە کۆمەڵگادا و دەستنیشانکردنی ئەو ئەرکانەی تاکەکانی کۆمەڵگایەك دەکەوێتە سەرشانیان و ئەو مافانەی

تاکیش لە کۆمەڵگادا بەدەستیان دەهێنێت. پڕۆژەی سۆفیستەکان لەسەر پرنسیپێکی ئەخلاقی و چەندین شێوازی (خۆبەڕێوەبردن)ی مرۆڤەوە دامەزراوە، کە ڕەگوڕیشەیان لە هیچ یاسایەکی ئایینی و غەیبانییەوە نەهاتووە. ئەخلاق لە بەرنامەی ئەواندا یاسایەك یاخود پێشنووسێك نییە لە لایەن دەستەلاتێکی باڵاوە هاتبێتە خوارەوە تا لە ڕێگەی سیستەمی دەزگا کۆمەڵایەتیەکانەوە، سنوور بۆ چالاکییەکانی مرۆڤ دابنێت. بەڵکو ئەخلاق پرنسیپێکە لەسەر بنەمای ئازادیی هەڵبژاردنی تاکەکەس بۆ بیناکردنی ژیانێکی خۆش و تەندروست، دامەزراوە. بەمانایەکی تر دەشێت بڵێم: کەلتووری هزریی سۆفیستەکان کولتوورێکە وزەیەکی زۆر تەرخاندەکا بۆ دروستبوونی مرۆڤ وەك (خودێك)، کە بتوانێت لە ڕێگەی بەردەوام چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتنی لە هەلومەرجەکانی گوزەرانی خۆی، پەیوەندییەکانی ڕێکبخاتەوە. لە هەمان کاتیشدا کولتوورێکە بنەما ئایینیەکانی ئەخلاق ڕەتدەکاتەوە و بە ئەخلاقێکی فەردی جێگەیان پڕدەکاتەوە، کە ئامانجی ئەوەیە ژیان بکاتە (بەرهەمێکی هونەری) و ئەخلاقیش ببێتە (ئێستاتیکای) ئەو ژیانە، چونکە: **"خود شتێك نیە بە ئێمە بەخشرابێت: دەبێت ئێمە وەك بەرهەمێکی هونەری خۆمان دروستبکەین"**[1]. لە ڕاستییشدا ئامانجی گوتاری ئەخلاق لە لای سۆفیستەکان بۆئەوەیە ژیانی مرۆڤ بکاتە (بەرهەمێکی هونەری) و لە

[1] میشال فوکو: **بصدد نسابة فلسفة الاخلاق**. له: ***بيت الحكمة***، عدد الاول، ابريل ١٩٨٦، دار البيظاء، ص: ٨٠–٨٦



بوویەکی (ملکەچ)ـەوە بیکاتە بوویەکی چالاك و دروستکەر. واتە ڕزگاری بکات لەوەی هەر تەنیا (گوێگرێکی بێدەنگ)ی بەردەم سیستەمی یاساکان بێت، بەڵکو خەسڵەتی بکەرێکی قسەکەر دەداتە خود تا لە ڕێگەی بەشداریکردن و خستنەکاری توانایییەکانیەوە، ئەو سیستەمە ئەخلاقیەش پێکبهێنێ، کە پەیوەندیەکان لە ئاستی ملکەچییەوە بەرزدەکاتەوە بۆ سەر ئاستی بەشداربوونی یەکسان. بە ڕاستییش دەکرێ بپرسین: چ ئەخلاقێك لەو یاسایەدا، یان لەو شێوەی بەڕێوەبردنەدا هەیە، کە خەسڵەتی پەیوەندیی (ئاغا و کۆیلە) دەکاتە خەسڵەتی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا و نێوان تاکەکان و دامەزراوەکان و نێوان تاکەکانیش لەناو خۆیاندا؟

ڕەنگە گرنگترین دەستکەوتی هزریی سۆفیستەکان بۆ ئێمە، ئەو پەیوەندیە بێت کە فۆکۆ لە دواهەمین وتاری خۆیدا: (کانت و شۆڕش) پێی دەڵێت: پەیوەندیی نێوان (خود و ئێستا). نێوان بیرکردنەوە و مۆدێرنیتە. هەڵبەت *مۆدێرنیتە بەپلەی یەکەم وەك قۆناغێکی مێژوویی نا، بەڵکو وەك هەڵوێستێك و وەك شێوازێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم واقیعەدا کە* خود *تیایدا بۆتە بابەتی چەندین گۆڕانکاری*[1].

لێرەوەیە دەشێت باس لە مۆدێرنبوونی بەردەوامی سۆفیستەکان بکەین. بەو مانایەی، کە ئەوان بیرکردنەوەیان کردە شێوازێکی چالاکیی مرۆڤ، کە لە ڕێگەیەوە خۆی دروستدەکات و بەهۆیەوە مەودایەکی ڕەخنەگرانە لە

[1] D. Heede: **Det tomme menneske**, Kopenhavn, Gyldendal, s. ١٣٤-١٣٥.

نێوان خۆی و جیهاندا پێکدەهێنێ. ئەمەش ئاماژەیە بەو هەوڵدانە سەرکەوتووەیان بۆ بەگەڕخستنی فەلسەفە لە ژیانی پراکتیکیی مرۆڤدا، یان ڕاسترە بڵێم: هەوڵدانیان بۆ پێبەخشینی ڕەهەندێکی پراکتیکی بە بیری فەلسەفی، کە تاکەکەسی لەسەر ئەوە ڕادەهێنا بەردەوام ئاوڕ لە ژیانی خۆی لەناو هەلومەرجەکانی واقیعدا بداتەوە. گرنگیی ئەم ڕەهەندە پراکتیکیە لە بیرکردنەوەدا، توانای ئەوە دەدات بە مرۆڤ، کە بەردەوام مەودایەك لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەدا دروستبکات، کە بڕیارە چوارچێوەی ژیانی بۆ دەستنیشانبکەن.

بەم پێیەش تاکەکەس لە فەلسەفەی سۆفیستەکاندا هەمیشە تاکەکەسێکە بە پێویست مۆدێرنە. تاکەکەسێکە نایەوێت بەبێ ئیرادەی ئازادی خۆی، بچێتە ژێر زەبری بونیادە چەسپاوەکانی واقیعەوە، بەڵکو دەیەوێت شوێندەستی خۆیشی وەك بکەرێکی خاوەن توانا و خەون، بەهەمان ئەو بونیادانەوە جێبهێڵێت. لێرەیشەوە ئەو تاکەکەسەی سۆفیستەکان بەرگرییان لێدەکرد، وەك بکەرێکی دژ دەردەکەوێت، کە نایەوێت خۆی بدات بەدەست نەرێتگەرایی و پیرۆزیی بیروڕا چەسپاوەکانەوە.

بەداخەوە ئەم ڕۆحە سۆفیستانەیە هەتا کۆتاییەکانی ئەم سەدەیە لە بەریانەکانی ڕۆشنبیریی ئێمەدا سەریهەڵنەدا، چونکە لە بنەمادا (بیرکردنەوە) لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، بیرکردنەوەیەکە بەتوندیی پابەندی ڕۆحێکی یەقینخوازانەیە و گومانکاریی لەناو ئەو بیرکردنەوەیەدا فڕێدراوەتە دەرەوە. هەر بۆیەشە هەموو سەرەتایەکی هزری لەناو زمانی



ئێمەدا، کە لەسەر ستایشکردنی بیروڕای دژەوە دامەزرابێت و بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە پرسیارەکانی بکات، هەمان چارەنووسی سۆفیستەکان باوەشی بۆ دەگرێتەوە: واتە ئەو بیرکردنەوەیە ڕووبەڕووی هەموو ئەو میکانیزمانە دەبێتەوە، کە یەقینەکانی نەرێتگەراییان لەسەرەوە وەستاون. ڕێك ئا لێرەشدا ئەو بیرکردنەوە دژە دەبێتە بیرکردنەوەیەك، کە تەنیا دەتوانێت لەناو یەك پانتاییدا بژی: پانتایی بیرکردنەوەی (کەمایەتی)! واتە بیرکردنەوەی دژ، شێوازێکی خۆئامادەکردن و خۆ(پالاوتن)ـە بۆ هەڵتەکاندنی بنەماکانی یەقین. ئەو بیرکردنەوەیەش، کە نەتوانێت خۆی بۆ بەرەی کەمایەتی بپاڵێوێت، توانای نابێت لە ئاشکراکردنی بەریانەکانی نەرێتگەراییدا بەشداریی بکات.

کۆپنهاگن، ١٩٩٨

## ٩. تێکست لەبارەی سۆفیستەکانەوە:

### یەکەم) گوتەکانی ئەفلاتوون لە بارەی پرۆتاگۆراسەوە:

(١) پرۆتاگۆراس: سوکرات، سوپاست دەکەم کە ئاوا لەبارەی منەوە بە شێنەیی هەڵوێست وەردەگری، چونکە لەگەڵ بێگانەیەکی وەك مندا، کە لە زێدی خۆی دوور دەکەوێتەوە و دێتە شارە گەورەکانەوە و هەڵبژاردەی لاوانی ئەو شارانە هاندەدا بۆ ئەوەی هاودەمیی بکەن و شتی لێوە فێرببن، پێویستە زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکرێ. ئەمەش لەبەر ئەوەی پیشەکەی ئەو دەبێتە هۆکاری خرۆشاندنی کینە و ئیرەیی زۆرکەسان و بەناچاری دەبێتە ئامانجی تیری دووژمنانە و عەداوەت. هونەری سۆفیستەکان هونەرێکی تازە نیە و لە دێرزەمانەوە هەبووە. وەلێ لەو ڕۆژگارانەدا ئەوانەی خۆیان بەو هونەرەوە سەرقاڵکردووە، لەبەرئەوەی ترسیان لە ڕق و کینەی خەڵکی هەبووە، ناوی دیکەیان لە خۆیان ناوە. هەندێکیان، وەك هۆمێر و هزیود و سیمۆندیس، خۆیان ناوناوە شاعیر و هەندێکی تریشیان وەکو ئۆرفیۆس و موسایۆس، خۆیان بە پەیامبەر داناوە و هەندێکی دیکەشیان وەکوئەوەی بۆخۆم دیومن خۆیان ناوناوە مامۆستای وەرزش(..) ئاگاتۆگلیسی خۆشتان وای پیشاندەدا کە مۆزیکزانە، لەکاتێکدا کە سۆفیستێکی ڕاستەقینەیە.

هەروەکچۆن پیتۆکلایدیسی خەڵکی کیۆس و زۆری تریش هەبوون کە ناویتریان لە خۆیان نابوون تاکو لە قین و ئیرەیی ئەوانیتر بەدوور بن. وەلێ من کاری ئەوانەم لەلا پەسەند نیە و واتێناگەم ئەوان لە ئامانجی خۆیاندا، کە هەر فریودانی دەسەڵاتداران بوو، سەرکەوتوو بووبن. خەڵکە



ڕەشۆکەکەش تێگەیشتنێکی ڕاستیان نیە و بەردەوام ئەو شتانە دەڵێنەوە کە فەرمانڕەواکانیان حەز دەکەن گوێیان لێی بێت. ئەوەشت لەبیر نەچێ کە ڕاکردن و گیرۆدەبوون لەکاتی هەڵاتندا، لوتکەی ترس و بێشەرمییە و دەبێتەهۆی خرۆشاندنی تووڕەیی خەڵك، چونکە ئەوان ئەوکەسەی هەڵدێ و ڕادەکات، بە مرۆڤێکی هیچوپووچ و فێڵباز لەقەڵەم دەدەن و زۆر خەسڵەتی تریشی دەدەنە پاڵ. هەر ئەوەشە کە من ڕێك بەپێچەوانەی ئەوانەوە ڕەفتار دەکەم و ڕایدەگەیەنم کە سۆفیستم و پیشەم فێرکارییە و لەو بڕوایەشدام کە باشترین جۆری ڕەچاوکردن ئەوەیانە، کە دان بە ڕاستیدا بنێین و بە هاوکاری ئاسمان پێویستە بڵێم، کە جۆرەکانی دیکەی ڕەچاوکردنیشم لەبەرچاو بووە و هەر لەبەر ئەوەشە تا ئێستێ هیچ لەککەیەکم پێنەپەڕیوە. ئەوە ساڵەهایە من سەرقاڵی ئەم پیشەیەم و ئەگەر لێکی بدەیتەوە ماوەیەکی زۆرە. هیچ کەسێ لەم جەماعەتەدا نیە کە من بە باوکی نەشییێم و هەر لەبەر ئەمەش، هەڵبەتە ئەگەر ناڕازیی نەبن، دەمەوێ هەرچیتان لەدڵدایە، لەناو ئەم جەماعەتەدا بیلێی...

سوکرات: (...) گوتم: پرۆتاگۆراس، هۆکاری ئامادەبوونی ئێمە لێرە هەر ئەوەیە کە تۆزێ پێشتر گوێت لێبوو. هیپۆکراتیس هاوڕێی منە و تامەزرۆی قسەکردنە لەگەڵ تۆ. بەڵام سەرەتا دەیەوێ لە خۆت ببیستێ، کە ئەگەر بێتە ناو هەڵقەی قوتابییەکانی تۆوە، لە هەڵسان و دانیشتنی لەگەڵ تۆدا چ سوودێك وەردەگرێ. ئەمەیە پرسیاری ئێمە.

پرۆتاگۆراس گوتی: گەنجە، ئەو ئەنجامەی لە ئاکامی هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ مندا پێیدەگەیت ئەوەیە، کە لە کۆتایی ڕۆژی یەکەمدا کاتێ بۆ

ماڵەوە دەگەڕێییتەوە باشتری لەو کاتەی لە ماڵ هاتبویە دەرێ. ڕۆژی دووەم باشتر دەبی لە ڕۆژی یەکەم و ڕۆژی سێیەمیش باشتر لە ڕۆژی دووەم و ئیتر بەوجۆرە هەر ڕۆژە باشتر دەبی لە ڕۆژی پێشتر. کاتێ قسەکەی پرۆتاگۆراس تەواو بوو گوتم: پرۆتاگۆراس، ئەوەی گوتت نەك هەر سەرسوڕهێنەر نیە، بەڵکو زۆریش سروشتیە... تۆ بۆخۆشت بەم تەمەن و داناییەوە، ئەگەر شتێ لە کەسێکەوە فێرببی، باشتر دەبی لەوکاتەی ئەو شتەت نەدەزانی...

پرۆتاگۆراس تا کۆتایی گوێی بۆ قسەکانم گرت و ئەمجا گوتی: سوکرات، تۆ پرسیاری باش دەکەیت و منیش بە تامەزرۆییەوە وەڵامی ئەو کەسانە دەدەمەوە کە باش شارەزای پرسیارکرن هەن. ئەگەر هیپۆکراتیس ببێتە قوتابی من، ئەو دەرد و ئازارە ناچێژێ کە سۆفیستەکانی تر بەسەر قوتابیەکانی خۆیانەوە دەیکەنە بار. ئەوان ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانە هەڵاتوون، وەردەگرن و دووبارە ناچاریان دەکەن هەمان ئەو وانانەی وەك ژمارە و ئەستێرەناسی و ئەندازە و مۆسیقا فێر بن. کاتێ ئەمەی گوت، نیگایەکی ئاراستەی هیپیاس کرد و گوتی ئەگەر ئەو بێتە لای من، ئەو شتانە فێر دەبێ کە بۆ فێربوونیان هاتۆتە لای من. مەبەستم فێربوونی ڕەچاوکردنی دانایی و ئیحتیاتکردنە لە کاروبارە تایبەتی و گشتیەکاندا. من ئەو فێر دەکەم لە ژیانی تایبەتیدا چۆن بە باشترین شێوە گوزەرانی ماڵ و حاڵی خۆی گەشەپێدات و لە ژیانی سیاسیشیدا بە چ شێوەیەك لە ڕووی کردار و گوفتارەوە توانای هەبێ بە شێوەیەکی پەسەندکراو لەبارەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتەوە بەشداری بکا.



گوتم: ئایا مەبەستەکەت بە دروستی حاڵی دەبم؟ مەبەستت ئەوەیە کە تۆ هونەری سیاسەت فێردەکەیت و پەیمانی ئەوە دەدەیت تاکەکان بکەیتە هاووڵاتیانی باش؟

گوتی: سوکرات، دروست ئامانجە فێرکارییەکانی من ئەمەیە.

گوتم: ئەگەر لەمبارەیەوە بەهەڵەدا نەچووبم، بێگومان تۆ هونەرێکی ئابڕوومەندانەت هەیە. بەڵام ئەی پرۆتاگۆراس، دەمەوێ بەڕاشکاوی بڵێم کە من باوەڕم نەبوو بکرێ ئەم هونەرە فێری ئەوانیتر بکرێ. بەڵام نازانم چۆن گومان لە قسەکەی تۆ بکەم. پێویستە پێتبڵێم کە بە چ هۆیەك بڕوام وایە کە ناکرێ ئەم هونەرە فێر بکەین یان بگوازینەوە. **(پرۆتاگۆراس٣١٦-٣١٩)**

(٢)

سوکرات: وتت کە دەرککردن هەر هەمان مەعریفەیە؟

تەیتەتۆس: بەڵێ.

سوکرات: پێموایە تێڕوانینێکی زۆر گرنگت لەبارەی مەعریفەوە خستەڕوو، کە لە ڕاستیدا هەر بیروڕاکەی پرۆتاگۆراسە، کە بەجۆرێکی تر خستوێتیە ڕوو، چونکە ئەویش دەڵێ کە مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە ، پێوەری ئەوەی ئەو شتە کە هەیە، چۆن هەیە و پێوەری ئەوەی ئەو شتە کە نیە، چۆن نیە. تۆش ئەمەت خوێندۆتەوە؟

تەیتەتۆس: بەڵێ، چەندینجار خوێندومەتەوە.

سوکرات: ئایا مەبەستی ئەوەیە کە شتەکان بۆ من ئەوەن کە بۆم بەدیار دەکەون و بۆتۆش ئەوەن کە بۆت بەدیار دەکەون، چونکە من و تۆ هەردووکمان مرۆڤین.

تەیتەتۆس: بێگومان مەبەستی هەر ئەوەیە.

سوکرات: ئەڵبەتە پیاوێکی ئاوا دانا بەخۆڕایی قسان ناکات. کەواتە با بەدوایدا بچین و لە مەبەستەکەی تێبگەین. کاتێ با هەڵدەکا، یەکێ لە ئێمە بە بایەکی ساردی دەزانێ و ئەویتر نا. جاریش هەیە یەکێ کەمێ بە ساردی دەزانێ و یەکێکیتریش زیاتر. وا نییە؟

تەیتەتۆس: وایە.

سوکرات: کەواتە دەبێ بڵێین با لە جەوهەری خۆیدا ساردە یان گەرم؟ یاخود پەیڕەوی لە پرۆتاگۆراس بکەین و بڵێین بۆ ئەوکەسەی بە ساردی دەزانێ ساردە و بۆ ئەویتریش سارد نیە؟

تەیتەتۆس: بەناچاری دەبێ وابێ.

سوکرات: ئایا با بۆ هەر یەکێ لە ئێمە بەجۆرێ خۆی دەردەخا؟

تەیتەتۆس: هەڵبەتە.

سوکرات: ئایا دەرکەوتنیش هەر هەمان دەرککردنی هەستەوەرانەیە؟

تەیتەتۆس: بەڵێ.

سوکرات: کەواتە ئایا سەبارەت بە گەرما و سەرما و شتی لەوجۆرە، بەدیارکەوتن و دەرککردنی هەستەوەریانە هەمان شتن، هەر شتێکیش بۆ ئێمە بەوجۆرە دەردەکەوێ کە بە هەستکردن لێی تێدەگەین؟

تەیتەتۆس: ئاشکرایە.

سوکرات: کەواتە ئەگەر دەرککردنی هەستەوەریانە بریتیبێ لە مەعریفە، ئایا ڕاستەقینەی هەرشتێ تێدەگات و گریمانەی هەڵەکردنی تێدا نیە؟

تەیتەتۆس: وا دەردەکەوێ.



سوکرات: لێرەدا ئاشکرا دەبێ کە پرۆتاگۆراس پیاوێکی زیرەك بووە و لەو دیو پەردەوە بۆ ئێمە دواوە، ڕاستەقینەی تەنیا بۆ قوتابیەکانی ڕوونکردۆتەوە.

تەیتەتۆس: مەبەستت لەم قسەیە چییە؟

سوکرات: گوێبگرە تا پێتبڵێم. دەستەیەك لەسەر ئەو بڕوایەن کە هیچ شتێ لە خۆیدا بوونی نیە و ناکرێ سیفەتێکی دەستنیشانکراو و ئاشکرا بدەینە پاڵ شتێ. ئەو شتەی تۆ بە گەورەی ناودەبەی دەکرێ بسەلمێنرێ کە بچووکە و شتێ کە بە قورسی دەزانی بیسەلمێنی کە سووکە. هەروەها سەبارەت بە خەسڵەتەکانی تریش بەوجۆرە. چونکە ناکرێ شتێ بدۆزینەوە کە بۆخۆی هەبێ یان خەسڵەتێکی دەستنیشانکراوی هەبێ، بەڵکو هەموو شتەکان لە ئەنجامی کاریگەری جووڵە و گۆڕان و لە ئاکامی تێکەڵبوونیان، بەردەوام لە دۆخی "دەبێ"دان. هەر بۆیەشە کاتێ لەبارەی شتێکەوە دەگوترێ "هەیە" هەڵەیە، چونکە هەر شتێ "دەبێ". هەموو دانایانی وەك پرۆتاگۆراس و هیراکلیتۆس و ئەمبادۆکلیس، بێجگە لە پەرمەنیدس، لەم خاڵەدا یەکدەگرنەوە و تەنانەت لە نێو شاعیرانی گەورە مامۆستای تراژیدیا و کۆمیدیاشدا، وەکو ئەپیخارمۆس، کە مامۆستای کۆمیدیە و هۆمێر، کە مامۆستای تراژیدیایە، هەمان بیروڕایان هەیە. بۆ نمونە لەو جێیەی هۆمێر دەڵێ:

"دەیبینم ئۆکیانووس کە باوکە و تیۆس کە داییك.."

مەبەستی ئاماژەدانە بەو خاڵەی کە هەموو شتێ ئەنجامی جوڵە و ڕەوت و گۆڕانە. یاخود ئەتۆ لەوبارەیەوە بیروڕایەکی دیکەت هەیە؟

تەیتەتۆس: منیش هەر وای بیرلێدەکەمەوە.

سوکرات: ئەی تیۆدۆرۆس، مۆڵەت دەدەی بڵێم چ شتێکی پرۆتاگۆراس سەرم دەسوورِمێنێ؟

تیۆدۆرۆس: چ شتێ؟

سوکرات: من هیچ قسەیەك لەدژی ئەو تیۆرەیەی ناڵێم کە دەڵێ هەموو شتێ لە ئیدراکی کەسە جۆربەجۆرەکاندا جیاوازە، وەلێ سەرم سوڕماوە لەوەی کە بۆچی هەنگاوی مەزنی خۆی لەمەڕ "ڕاستەقینە"وە دەستپێنەکرد و بە ئاشکراکردنی ئەوەی بەرازێك، یان بزنێك یان هەر ئاژەڵێکی دیکە، کە خاوەنی هەستکردنە، پێوەری هەموو شتێکە، دەستی پێکرد. لەو حاڵەتەدا کە ئێمە ڕێزی خودایەکی لێدەگرین، بۆی هەبوو بە دڵفراوانییەوە پێمانبڵێ، کە ئەو لە بێچووە بەرازێك ژیرتر نیە و تەنانەت ئارەزووی نەبووە مرۆڤ بێت. ئایا ئەم حاڵەتە کاریگەرییەکی بێبەرگریی بەجێنەدەهێشت؟ چونکە ئەگەر ڕاستەقینە، تەنیا هەستکردن بێت و دەستنیشانکردنی هەر کەسێ بە باشیی توانای جیاکردنەوەی کەسێکی تر بێت، هیچ مرۆڤێك مافی نەبوو باشتر بێ لەوانیتر و دەستنیشانی ئەوەی بیروڕای کەسێکی تر ڕاستە یان هەڵە، بکات. بەڵکو هەروەکو ئەوەی چەندینجار دووبارەمان کردۆتەوە، هەر مرۆڤە بۆخۆی پێوەری دەستنیشانکردن و داوەریکردنی خۆیەتی و هەرشتێ دەستنیشان بکا، ڕاستەقینە و دروستە، بۆچی دەبێ پرۆتاگۆراس لە پێگەی ژیرانە و مامۆستایانەیدا بوەستێ و مافی وەرگرتنی دەستهەقی زۆری هەبێ و ئێمەی



نادانانی هەژاریش بەدوایەوە بین.. ئەمەش لەکاتێکدا کە هەرکەس پێوەری ژیریی خۆیەتی؟ ئایا ئەو ئەم قسانەی تەنێ بۆ سەرنجڕاکێشان و پەسەننی هەمووان بە زماندا نەدەهاتن؟ من باس لە چەمکە پێکەنینهێنەرەکەی مامانی و تەواوی هونەری دیالیکتیکیانەی خۆم ناکەم، چونکە ئەگەر هەر مرۆڤێك خاوەنی مافی یەکسانی خۆی بێت، هەوڵدان بۆ پشتگیری، پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی وێنا و بیروڕای کەسانیتر، کارێکی ماندووکەر و گەمژانەیە... (تەیتەتۆس: ١٥٢ـ١٦١)

## (دووەم) بەرگریکردنی پرۆتاگۆراس لە زاری سوکراتەوە:

سوکرات، بابەتەکە ئاوا بەئاسانی مەگرە و هەوڵدە تاکو بیروڕاکانی من بەوجۆرەی بۆخۆم شیمکردوونەتەوە، تێبگە و ئەوکاتە ئەگەر لەدەستت دێ بیسەلمێنە کە هەر دەرککردنێکی هەستەکیانە، کە بۆ هەر کەس دێتە پێش، لەهەر دۆخێکدا، تایبەت نییە بە خودی دەرککەر. یان ئەگەر ڕاستی ئاوا بێ، دیسانەوە ناکرێ بگوترێ ئەوەی بۆ هەرکەس بەدیار دەکەوێ تەنیا بۆ ئەو بەوجۆرە "بووە"، ئەگەریش بمانەوێ قسە لەسەر بوون بکەین، ناکرێ بڵێین هەر شتێ تەنیا بۆ ئەو کەسە "هەیە" کە بە هەست دەرکی دەکا. سوکرات، لەو جێیەی باسی بەراز و بزەڵەت کرد، نەك هەر تەنیا بۆخۆت ڕەفتارێکی بەرازانەت نواند، بەڵکو گوێگرەکانیشت هێنایە سەر ئەو ڕێچکەیەی لەگەڵ نووسینەکانی مندا وەك بەرازان ڕەفتار بکەن و ئەمەش نابێتە مایەی سەروەری تۆ. بانگەشەی من، هەروەك نووسیومە، ئەوەیە کە هەر مرۆڤێك پێوەری بوون و نەبوونی هەر شتێکە و لەگەڵ هەموو ئەوەشدا

شیاوەکیە یەك کەس هەزاران جار باشتر بێ لە یەکێکیتر، چونکە ئەوەی بۆ ئەو بەدیار دەکەوێ و "هەیە" بەوجۆرەیە و ئەوەی بۆ ئەویتریش دەردەکەوێ بەجۆرێکی دیکەیە. من هەرگیز نەمگوتووە دانایی و دانایان بوونیان نیە. وەلێ بە باوەڕی من، دانا ئەو کەسەیە کە ئەگەر خراپە بۆ کەسێك هاتە پێش و "بۆی بوو"، دەتوانێ کەسەکە بەجۆرێ بگۆڕێ کە "ببێ" بە چاکە و بۆی هەڵکەوێ. ئەمێستاکەش بەدوای ئەوەوە مەبە یاری بە وشەکان بکەیت، بەڵکو بە وردبینی تەواوەوە گوێبگرە تا بیروڕای خۆمت بۆ شیببکەمەوە. ئەو نمونەیەی پێشتر گوترا بهێنەرەوە یادی خۆت. گوترا کە شەراب لەسەر زاری بیمار تاڵە و تاڵیی لەسەر زاری تەندروست شیرینە. لێرەدا ناکرێ بڵێین یەکێ لەو دوانە ژیرترە لەویتر، یاخود لەبەر ئەوەی نەخۆش وا هەستدەکات، نادانە و لەشساخیش لەبەرئەوەی بەوجۆرەی تر هەستدەکات، دانایە. بەڵکو دەبێ نەخۆشەکە بگۆڕین تاکو بە جۆرێکی دیکە هەستبکات، چونکە ئەو جۆرەی دیکەی هەستکردن "باشترە". پەروەردەوفێرکردنیش جگە لەمە کاریگەرییەکی دیکەی نیە کە دۆخێك بگۆڕێ بە دۆخێکی دیکە، ئەمەش بەو جیاوازییەوە کە پزیشك ئەمە بەهۆی دەرمانەوە بەدیدەهێنێ و سۆفیستیش بەهۆی هێزی قسەوە. بەڵام هیچکەسێ ناتوانێ ئەوکەسەی هزری بەدی هەیە، بەجۆرێ بگۆڕێ کە ببێتە خاوەنی هزرێکی باش. چونکە نە هیچکەس دەتوانێ بیر لە شتێك بکاتەوە کە نیە و نە شیاویشە کەسێ بێتە سەر بیرۆکەیەك، بێجگە لەوەی تیایدا بەدیار دەکەوێ و هەر هزرین و بیرۆکەیەکیش کە لە کەسێکدا دروستدەبێ ڕاستە. تاقە شتێ کە لێرەدا دەکرێ قەبووڵی بکەین ئەوەیە، ئەگەر کەسێ



بەهۆی خراپیی دۆخەکانی ڕۆحیەوە، خراپ بهزرێ، ئەوە ئەو کەسەی لەو باشترە دەتوانێ ڕۆحی ئەو بخاتە دۆخێکی باشترەوە و بەوجۆرەش ببێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەویتر باشتر بیربکاتەوە. بێئاگایان ئەو باشتر هزرین و بیرکردنەوەیە بە حەقیقەت ناو دەبەن. بەڵام لێرەدا دەبێ قسە لەسەر "باشتر" و "خراپتر" بکرێ، چونکە بە بڕوای من هیچ شتێ حەقیقەت نیە. سوکراتی مەزن، من هیچکاتێ سەرەمێکوتە و بۆقەکانم بە دانا لەقەڵەم نەداون، بەڵکو تەنیا بۆ لەشی گیانەوەرەکان پزیشکەکان بە دانا دەزانم و بۆ گژوگیاش جوتیارەکان. چونکە ئەوکاتەی گژوگیا و درەخت نەخۆشدەکەون، جوتیار دۆخە بیمارییەکەیان دەگێڕێتەوە سەر دۆخێکی تەندروستانە. واتە کارێك دەکات کە ئەوان لەجێی هەستکردنیان بە کاری خراپ، هەست بە چاکبوونەوە بکەن، هەروەکچۆن گوتاربێژە دانا و نییەت پاکەکان بەهێزی قسەکردنەوە کارێ دەکەن کە لەبەرچاوی کۆمەڵگاکاندا لەجیاتی وێرانکاری و بەدکاری، شتە باش و ڕزگارکەرەکان، شانبەشانی دادوەری دەربکەون. تا ئەوکاتەی شتێ بۆ کۆمەڵگایەك باش و جوان دێتە پێشچاو و ئەو کۆمەڵگایە بە باش و جوانی دەزانێ، هەر ئەو شتە بۆ ئەو کۆمەڵگایە باش و دادوەرانەیە. دانایان کارێ دەکەن لە دیدی هەمان کۆمەڵگادا، لەجیاتی شتە خراپەکان، شتە ڕزگارکەرەکان باش و جوان بنوێنن. ئەو سۆفیستەش کە دەتوانێ قوتابییەکانی خۆی بەوجۆرە پەروەردە بکا، دانایە و لەو ڕوانگەیەشەوە مافی ئەوەی هەیە لە پێناو دەرسەکانیدا داوای پارەیەکی زۆر بکات. لەبەرئەوە هەردوو قسەکە ڕاستن، ئەوەش بەو مانایەی لەلایەکەوە، دەستەیەك لە خەڵك لە ئەوانیتر داناترن و لەلایەکیتریشەوە، هیچکەس

خاوەن بیرۆکە و هزرینی ناڕاست نیە و تۆ بۆخۆشت بتەوێ و نەتەوێ ناچاری قەبوولی بکەیت کە پێوەریت. (تەیتەتۆس: ١٦٦-١٦٧).

## سێیەم) بیروڕای ئەریستۆ لەبارەی پرۆتاگۆراسەوە:

(١) بیروڕای پرۆتاگۆراسیش پشتبەستووە بە هەمان تیۆرە[1] و لەو ڕێیەشەوە بە سەلماندنی ئەمیان سەلماندنی ئەویتریشیان مەیسەر دەبێ و بە پووچەڵبوونەوەی ئەویان ئەمیشیان چووچەڵ دەبێتەوە. چونکە ئەگەر لەلایەکەوە هەرکەس ئەو بیرۆکەی هەیەتی، یان هەرشتێ بۆ هەرکەسێ بەدیار کەوێ، ڕاستەقینە بێت، کەواتە هەموو حوکمەکان دەبێ لە یەك کاتدا هەم لەگەڵ ڕاستەقینە وێکبێنەوە و هەم لە دژیشی بن. ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆرینەی مرۆیەکان بیروڕای ناچوونیەکیان هەیە و لەو بڕوایەدان هەرکەسێ وەك ئەوان بیرنەکاتەوە لەسەر هەڵەیە، لەبەر ئەمە، بەناچاری هەموو شتێ پێویستە هەم هەبێ و هەم نەبێ. لەلایەکیترەوە، ئەگەر ئەم بانگەشەیە ڕاستبێ ئەوە دەبێ هەموو بیروڕاکان لەگەڵ ڕاستەقینەدا وێکبێنەوە، چونکە چ ئەوانەی بەهەڵەداچوون و چ ئەوانەی بە ڕاستەقینە گەیشتوون، هەموویان خاوەن بیروڕان و بیروڕاکانیشیان دژی یەکترە، ئەگەریش شتەکان بەوجۆرە بن کە خاوەنەکانی ئەو تیۆرەیە ئیدیعای دەکەن، ئەوە دەبێ بیروڕای هەموو مرۆیەکان لەگەڵ ڕاستەقینەدا چونیەك بێ.

---

[1] مەبەستی ئەرستۆ ڕستەی "مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە"، کە بە لێکدانەوەی ئەفلاتوون/سوکرات مانای ئەم قسەیە ئەوەیە، هەرشتێ بۆ من ئەوەیە کە بۆمن بەدیار دەکەوێ و بۆتۆش بەوجۆرەیە کە بۆت بەدیار دەکەوێ، چونکە من و تۆ هەردووکمان مرۆڤین.



کەواتە ئاشکرایە کە سەرچاوەی هەردوو تیۆرەکە هەمان جۆری بیرکردنەوەیە. بەڵام نابێت لەگەڵ هەموو پەیڕەوکارانی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیەدا بە یەك میتۆد گفتوگۆ بکرێ، چونکە دەستەیەك پێویستیان بە بەڵگە هەیە و دەبێ بە بەڵگەکاری بیانهێنیتە سەر ڕێ و لەگەڵ دەستەکەی تریشدا دەبێ بە زۆری قسەی خۆتیان بەسەردا زاڵ بکەی. دەستەی یەکەم بەهۆی ئەو کێشانەی لە بیروڕایاندا دروستبوون، کەوتونەتە داوی ئەو تیۆرەیەوە. دەکرێ بە ئاسانی جەهالەتی ئەمانە چارەسەر بکرێ چونکە ئەوەی پێویستە لە بەرامبەریدا بوەستی هزر و بیرکردنەوەیانە، نەك ئەو بەڵگانەی دەیانهێننەوە. وەلێ دەستەی دووەم بەڵگە دەهێننەوە تەنیا لەبەر ئەوەی چێژ لە بەڵگەهێنانەوە وەردەگرن و لێرەشەوە تاکە ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنیان ئەوەیە پووچیی بەڵگەکانیان بسەلمێنرێت.

**(ئەریستۆ: میتافیزیك a١٠٠٩، ت: لطفی).**

(٢) قسەکانی پرۆتاگۆراسیش هەروەك ئەو بانگەشەیەن کە باسمانکرد. ئەو دەڵێ مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، ئەم قسەیە بەو مانایەیە کە هەرشتێ بەو جۆرەیە کە بۆ کەسێ بەدیار دەکەوێ. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاستبێ ئەوە ئەنجامەکەی بەوە دێتەوە، کە بگوترێ هەر شتێ هەم هەیە و هەم نیە. هەم چاکە و هەم خراپە و ناوەڕۆکی هەموو بانگەشە ناکۆکەکانیش لە یەك کاتدا ڕاستن چونکە لەلایەکەوە وا دێتەپێش کە شتێك بەلای کەسێکەوە جوان بێت و بەلای کەسێکیترەوە ناشیرین، لەلایەکیتریشەوە، پێوەر بۆ هەر کەسێ ئەو شتەیە کە بۆی بە دیار دەکەوێ.

**(ئەریستۆ: میتافیزیك b١١، ١٠٦٢).**

## چوارەم) قسەکانی ئەفلاتوون لەبارەی گۆرگیاسەوە:

سوکرات کەواتە وەرەو بهێڵە بزانین کە بەڕاستی ئاخاوتن مانای چییە؟، چونکە هێشتاکە نازانم لەوبارەیەوە تێڕوانینم چۆنە. ئەوکاتەی خەڵکی بۆ هەڵبژاردنی پزیشك، یان کەشتیساز، یان پیشەییەکانیتر ئەنجومەنێك دروستدەکەن، ئایا گوتاربێژەکانیش بۆ ئەوێ بانگهێشت دەکرێن؟ بە هیچ شێوەیەك. چونکە لەهەر هەڵبژاردنێکدا کەسانێك هەڵدەبژێرن کە خاوەنی زۆرترین توانایی لەو پیشەیەدا بێت. هەروەها کاتێ مەسەلەی دروستکردنی دیوارەکانی شار و بەندەرەکان و لەنگەرەکان لە ئارادابێت، وتاربێژەکان داوەت ناکرێن، بەڵکو مامۆستایانی هونەرەکە بانگهێشت دەکرێن. هەروەها لەکاتی هەڵبژاردنی سەردارەکانی سووپا و خستنەڕووی نەخشەی جەنگ و بڕیاردان لەبارەی هەڵوێستەکانی سوپاوە، ڕوودەکەنە کەسانێك، کە لە هونەرەکانی شەڕکردندا شارەزان، نەك ڕوو بکەنە گوتاربێژان. گۆرگیاس ئایا تۆ ئەم قسەیە پەسەند دەکەیت؟ لەبەرئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە لە گوتاربێژیدا مامۆستایت و دەتوانیت ئەوانیتریش وەك خۆت لێبکەیت، واچاکە هەموو شتێ لەبارەی ئەم هونەرەوە لە خۆت بپرسین و دڵنیاش بە لەم پرسیارانەدا سوودی تۆم لەبەرچاوە، چونکە لەوانەیە لەناو ئامادەبوواندا کەسانێ هەبن، کە بیانەوێ ببنە قوتابیی تۆ. هەروەکچۆن چەند کەسێ دەبینم کە ئەم ئارەزووەیان لەسەردایە، وەلێ شەرم ڕێگەیان لێدەگرێ پرسیار لەخۆت بکەن. بۆیە گریمانەی ئەوە بکە، هەرکات من شتێ لەتۆ دەپرسم، ئەوان ڕوویان لەتۆ کردووە و پێتدەڵێن: "گۆرگیاس ئەگەر ڕێگای تۆ بگرینە بەر و بەدواتکەوین، چ سوودێ وەردەگرین و لە کامە



کاروباردا دەتوانین هاوشارییەکانی خۆمان ڕێنومایی بکەین؟ تەنیا لەبواری دادوەری و ستەم، یان لەسەر ئەو مەسەلانەش کە تۆزێ پێشتر سوکرات باسیکردن؟" کەواتە هەوڵدە تاکو وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی من بدەیتەوە. (...)

گۆرگیاس: سوکرات، ئەگەر هێزی ڕاستەقینەی هونەری گوتاربێژی (ئاخاوتن) بناسی و بزانیت کە ئەم هونەرە هێزی هەموو هونەرەکانیتر لەخۆی دەگرێ و دەیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، چی دەڵێی؟ گوێبگرە تا بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە بەڵگەیەکی ڕوونت بۆ بهێنمەوە. چەندینجار ڕێکەوتووە لەگەڵ براکەم، یان پزیشکەکانیتردا سەردانی نەخۆشێکم کردووە، کە سەرپێچی لە دەوا خواردن کردووە و ملی نەدەدایە بەر داغکردن و دەرزی لێدان و فەرمانی پزیشکەکانی ڕەچاو نەدەکرد. وەلێ من بە هاوکاریی هونەرەکەی خۆم توانیومە بە ئاسانی وای لێبکەم ملکەچ بێ بۆ دەستووری پزیشك. لەمەش بترازێ، من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەگەر وتاربێژێك و پزیشکێك بێنە شارێکەوە و لە ئەنجومەنی ئەوشارەدا گفتوگۆیەك لەسەر ئەوە بکرێ، کە دەبێ کامیان وەك پزیشك هەڵبژێرن، ئەوە ئەگەر وتاربێژەکە بیەوێ، وەك پزیشك هەڵیدەبژێرن و گوێنادەنە پزیشکەکە. هەروەوەها لەو شوێنەی بیانەوێ خاوەن هونەرێکی دیکە هەڵبژێرن گوتاربێژ بە تیشکی هونەرەکەی خۆی هەموویان شەیدای خۆی دەکات و لە جێگەی خاوەن هونەرەکە هەڵدەبژێردرێ چونکە هەر هونەرێ بابەتی قسەوگفتوگۆ لەسەرکردن بێ، گوتاربێژی بەتوانا لەبەرامبەر خەڵکدا لە شارەزای ئەو هونەرە سەرنجڕاکێشتر و دڵنشینتر قسەی لەسەر دەکات.. لەگەڵ ئەوەشدا،

سوکرات، وەکو زۆرینەی هونەرە ناچارییەکان و کێبڕکێکەرانی تر، هونەری گوتاربێژیش نابێت لە دژی هەموو کەس بەکار بهێنرێ. ئەو کەسەی کە زۆرانبازی، یان شەڕەمست، یاخود لە بەکارهێنانی ئامرازە جەنگییە جۆربەجۆرەکانی تر بەباشی فێربووبێ و لەو هونەرانەدا لە دۆست و دووژمن لە پێشتر بێ، مافی ئەوەی نیە بە هاوکاری هونەرەکەی خۆی، دۆستەکان لە پەل و پۆ بخات. ئەگەر کەسێ لەلای مامۆستایەك وەرزشی شەڕەمست فێربێ و ئەو کاتە لە دایبك، باوك یان لە یەکێ لە خزمەکانی بدات، نابێت خەڵك مامۆستاکەی بە گوناهبار لەقەڵەم بدەن و لەشار وەدەری بنێن، چونکە ئەو هونەری خۆی بۆ ئەوە فێری قوتابیەکانی دەکات، تا لە بەرگریکردن لەبەرامبەر دوژمنان و بەدکاراندا بەتوانا بێ. کەواتە ئەگەر قوتابییەکان ئەو هونەرەی فێری بوون بە شێوەیەکی نەشیاو بخەنەکار، ئەوە نە ئەو هونەرە جێگەی سەرزەنشتە و نە مامۆستای هونەرەکە. گوناهکار کەسێکە لە بەکارهێنانی هونەردا بنەماکانی هونەرەکە بەکار نەهێنێ.

ئەم بنەمایە سەبارەت بە هونەری گوتاربێژیش هەر ڕاستە. گوتاربێژ دەتوانێ لەبەرامبەر هەرکەسێك و لەبارەی هەر هونەرێکەوە قسان بکات و قەناعەت بە خەڵکی لەسەر ئەو شتە بهێنێ کە دەیەوێ، وەلێ ئەو توانایییە مافی ئەوەی ناداتێ تا پزیشکەکان و خاوەن هونەرەکانیتر لەبەر چاوی مەردمدا بشکێنێ، بەڵکو ئەرکی سەرشانێتی لەو جێیەی پێویست و شایستەیە سوود لە هونەرەکەی خۆی وەربگرێ. کەواتە ئەگەر کەسێ ئەو هونەرەی لە مامۆستاکەی خۆی فێر بوو، بە پێچەوانەی دادوەرییشەوە بەکاریهێنا، بەبڕوای من نابێت هیچکەس لە بیری ئازاردانی مامۆستاکەدا



بێت، چونکە ئەو هونەرەکەی خۆی بۆ سوودگەیاندن لە بوارە ڕەواکاندا فێری خەڵکان دەکات. لەم ڕووەیشەوە چاودێریکردنی سزایی و دوورخستنەوە و لە داردان شایانی کەسێکە ئەو هونەرەی بۆ مەبەستی ناشایستە بەکارهێنابێ، نەك شایانی مامۆستا فێرکارەکە.

**{*گۆرگیاس*: ٤٥٥-٤٥٧، *هایلند*: ٤١٩-٤٢١}.**

## پێنجەم) گوتەکانی دیۆگنیس لاریتۆس لەبارەی پرۆتاگۆراسەوە:

{پرۆتاگۆراس، کوڕی ئارتیمۆن، یان لەسەر قسەی ئاپۆلۆدۆرۆس و دینۆن، لە کتێبی مێژووی ئێراندا، کوڕی مائیاندریۆس، لە ئابیدرا هاتە دنیاوە (هیراکلیتس، خەڵکی پۆنتۆسیش، لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "لەبارەی یاساکانەوە"، ئەم بابەتەی دووپات کردۆتەوە و ئەوەشی زیاد کردووە و دەڵێ، کە پرۆتاگۆراس یاسای بۆ شاری تۆری داناوە.) بەپێی گوتەی ئیۆپۆلیس لە کتێبی "کاسەلێسان"دا، ئەو خەڵکی تیۆس بووە، چونکە دەڵێت: لێرەدا لەبارەی پرۆتاگۆراسی خەڵکی تیۆسەوە قسان دەکەم. ئەو و پرودیکۆسی خەڵکی سیۆس، لەناو کۆمەڵدا وتاریان دەخوێندەوە و خەڵکیان فێر دەکرد و لەبەرامبەردا، پارەیان وەردەگرت. ئەفلاتوون لە کتێبی پرۆتاگۆراس دا، پرودیکۆس بە "دەنگ گەورە" ناو دەبات. پرۆتاگۆراس لەژێر چاودێری دیموکریتۆسدا پەروەردە ببوو (..) پرۆتاگۆراس یەکەمین کەس بوو کە گوتی هەر بابەتێ دوو ڕوو، یان دوو ڕەهەندی هەیە کە دژی یەکترین و هەروەها یەکەمین کەسیش بوو کە بۆخۆی بەوجۆرە لەگەڵ ئەوانیتردا کەوتە مشتومڕ و لێدوان. ئەو بڕوای وابوو "مرۆڤ پێوەری هەموو

شتێکە، *پێوەری هەبوونی ئەو شتانەی کە هەن و چۆن بوونیان هەیە و پێوەری نەبوونی ئەو شتانەی کە نین و چۆن نین*". بەوجۆرەی کە ئەفلاتوون لە کتێبی (تەیتەتۆس)دا باسیکردووە، ئەو، (پرۆتاگۆراس) بەردەوام گوتویەتی ڕۆح، شتێکی جیاواتر لە هەستەکان نیە و بڕوای وابوو هەموو شتێ حەقیقەتی هەیە. لەبەرهەمێکی دیکەدا ئەو دەڵێ: لەبارەی خوداکانەوە بە ڕاستی نازانم کە هەن یان نین، چونکە ئەو هۆکارانەی دەبنە ڕێگر بۆ نائاگایی لەم مەسەلەیە، زۆرن، وەکو ئالۆزی مەسەلەکە و کورتیی تەمەنی مرۆڤ. لەبەر ئەم پێشەکییەی کە ئەو بۆ کتێبەکەی خۆی نووسیبوو، ئەسینابییەکان شاربەدەریان کرد و بەهەر چوار لادا پیاویان نارد تا کتێبەکانی، کە کەسانێك نووسخەیان لەبەرگرتبوونەوە و لە ماڵی خۆیاندا پاراستبوویانن، کۆبکەنەوە و لە بازاڕدا سووتاندیانن.

ئەو یەکەمین کەسێ بوو نزیکەی سەد مینایی لە بری حەقدەست وەرگرت و یەکەمین کەسیش بوو کە کاتە جیاوازەکانی کردارەکانی دەستنیشان کرد، جەختی کردەوە سەر گرنگیی سوودوەرگرتن لە ساتەوەختی گونجاو، لە کێبەرکێدا گرەوی کرد و هەردوو لایەنی بەشداربووی فێری هەندێ وردەکاری و هونەری و تەردەستیی بردنەوە دەکرد. وێڕای ئەوانەش، لەکاتی گوتارداندا مانای قسەکانی دەکردە قوربانیی وەزن و جوانکاری. ئەو سەرکاروانچی باسە جەدەلییەکان بوو، بەجۆرێ کە تیمۆن لە بارەیەوە گوتویەتی:

" بەلای منەوە پرۆتاگۆراس، لە مشتومڕدا، لە گشت مرۆیەکان کارامەتر و زاناتر بوو".



ئەو یەکەمین کەسێ بوو میتۆدێکی داهێنا کە پێیدەگوترا "میتۆدی سوکراتی". هەروەکو لە گفتوگۆی (ئیوتیدمۆس)ی ئەفلاتووندا نووسراوە، ئەو هەووەڵێن کەسێ بوو لە قسە و باسەکانیدا سوودی لە ئەنتی تێز وەرگرت و هەولێدا بیسەلمێنێ کە ناکۆك شیاوەکی نیە و هەروەها یەکەمین کەسیش بووە کە پیشانیداوە دەکرێ لە مشتومڕدا پەلاماری هەر باس و مەسەلەیەك بدرێ و ڕتبکرێتەوە. (ئارتیمیدۆس)یش کە بۆخۆی لە گفتوگۆکردندا کارامە بوو، لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (لەوەڵامی خیریسپۆس)دا، ئاماژەی بەم مەسەلەیە داوە. پرۆتاگۆراس ئەو کۆڵەپشتەی داهێنا کە بارهەڵگرەکان دەیانخستە سەرشانیان و بەهۆیەوە بارەکەیان هەڵدەگرت. ئەریستۆش لە بەرهەمێکیدا بەناوی "فێرکاری" گوتویەتی پرۆتاگۆراس بۆخۆی بارهەڵگر بووە بۆیە ئەو داهێنانەی کردووە. ئەبیکۆریش لە شوێنێکدا ئەم خاڵەی باسکردووە. دیمۆکریتۆس کاتێ دەبینێ کە چەندە شارەزایانە دارەکانی بەستوون و هەڵیاندەگرێ، مەجزووبی دەبێ. پرۆتاگۆراس هونەری وتاربێژی دابەشدەکاتە سەر چوار بەشی سەرەکییەوە، کە بریتین لە: ویست و حەز، پرسیار، وەڵام و دەسەڵاتمەندی...

# ئیندیکسی ناوی کەسان و زاراوەکان


**ئاپیرۆن:** ٩٣

**ئازادی:** ١٥٩

**ئاتەیست:** ١٤٥

**ئاناکسیمنس:** ٩٣

**ئەناکسیمەندەر:** ٩٣، ٩٤

**ئەحمەدی، بابك:** ١١٦

**ئەریستۆ:** ٧، ١٥، ٣٣، ٦٨، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٨٨، ٩٣، ٩٥، ١٧٢، ١٧٧، ١٧٨، ١٨١، ١٨٢، ١٨٦، ١٨٧، ١٩٢، ١٩٣، ٢١٥، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٨

**ئەفلاتوون:** ٧، ١٥، ١٦، ١٨، ١٩، ٢١، ٢٥، ٢٦، ٣٧، ٤٠، ٤١، ٤٣، ٤٤، ٤٦، ٤٨، ٤٩-٥٦، ٦٠، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٦، ٦٨، ٦٩- ٧٤، ٧٦، ٧٨، ٧٩، ٨١، ٨٤، ٨٥، ٨٧، ٨٨، ٩٩، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١١٤، ١١٩، ١٢٨، ١٤٢، ١٥١، ١٥٩، ١٦٢، ١٦٣، ١٧٢، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٨-١٨٨، ١٩٠-١٩٥، ٢١٥، ٢١٦، ٢٤١، ٢٥٣، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨

**ئەنتیفۆن:** ٨١، ٨٦، ١٠٠، ١١٦، ١١٧، ٢١٣، ٢١٤

**ئەسینا:** ١٤، ٢٤، ٤٥، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٤، ٥٥، ٥٩، ٦٢، ٦٩، ٧٤، ٨٠، ٨٣، ١٢٩، ١٣١، ١٧١، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٨، ١٩٢، ٢٠٤، ٢٥٧

**ئەقڵ:** ١٩، ٣٦، ٣٧، ٤٢، ٧٩، ٩١، ٩٧، ١٠٢، ١٠٤، ١٢٣، ١٥٢، ١٦٧، ٢٢٤، ٢٢٧

**ئیسۆکراتیس:** ٦٨، ٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠

**بارت:** ١٥٩، ١٦٨، ١٦٩

**بەدگومان، بەدگومانی:** ٤٥، ٥١، ٥٢، ٦٦، ٦٧، ١٦٥، ١٧٠، ٢٠٨، ٢٢١، ٢٣٠

**پایدیا:** ١٧٢، ٢٢٦

**پرۆتاگۆراس:** ٥٠-٥٢، ٥٥، ٦٠، ٦٣، ٦٤، ٦٦، ٧١، ٧٣، ٧٥، ٨١-٨٤، ٩٧، ١٠٢، ١٠٧، ١٠٨، ١١١-١١٩، ١٢٣-١٢٥، ١٣٧-١٤١، ١٤٣، ١٤٤، ١٥١، ١٥٢، ١٦٢، ١٦٣، ١٧٢، ١٨٠، ٢٤١-٢٤٨، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨

**پرۆدیکیۆس:** ٧١، ٧٣





**پۆپەر، کارل:** ٢٥، ٢٦، ٤٣، ١٣٣، ٢١٥

**پریکلیس:** ٥٥، ٦٣، ٨٠، ١٢٩، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣

**تالیس:** ٣٣-٣٨، ٧٥، ٩٣، ٩٤، ١٥١

**ترایسماخۆس:** ٨١، ٨٧، ١٤٤

**تەیتەتۆس:** ٩٩، ١١٤، ١١٩، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥١، ٢٥٧

**خواوەند:** ٣٧، ٣٨، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ١٠٤، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٦، ١٥٠، ١٨٠

**سوکرات:** ١٨، ١٩، ٢١، ٣٨، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٦٢-٦٤، ٧٠، ٧٣-٧٦، ٨٤، ٨٥، ٨٧، ٩٧-١٠٥، ١١٤، ١١٩، ١٥١، ١٧٩، ١٨٦، ١٨٧، ٢٤١-٢٤٨، ٢٥٠، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٨

**سیکستۆس ئیمپریکۆس:** ٢٢٩

**فۆکۆ، میشێل:** ٢٣١، ٢٣٨

**کاسیرر، ئیرنست:** ١٩، ٢١، ٩١، ١٠٩:

**کریتیاس:** ٨١، ٨٧، ١٤٤، ١٤٧، ١٤٨

**کەلتوور:** ٨، ٩، ١١، ١٥، ١٦، ١٧، ٢٠، ٢٨، ٤٥، ٩٧-٩٩، ١١٠، !$٢، ١٦٤، ١٦٩، ١٨٨، ٢١١، ٢١٧، ٢١٨، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٤، ٢٢٩، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٥، ٢٣٧

**گۆرگیاس:** ٥٥، ٨١، ٨٣، ٨٧، ١٠٠، ١٥٨، ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١، ١٧٧، ١٨٠، ٢٠٨، ٢١٢، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٦

**لاریتۆس:** ٢٥٦

**لۆگۆس:** ١٩، ٢١، ٩١، ١٠٥

**میتۆس:** ١٩، ٢١، ٩١

**نەرێت:** ٨، ٢٨، ٤٧، ١١٦، ١٢٠، ١٢١، ١٢٨، ١٣٤، ١٥١، ١٥٢، ١٦٢، ١٧٩، ١٨٠، ٢٠٣، ٢١٥، ٢٢٧، ٢٣٩، ٢٤٠

**هیپیاس:** ٧١، ٨١، ٨٥، ١٠٠، ١١٢، ١١٥، ١٥٢، ١٤٣

# سەرچاوەکان

## ١) سەرچاوە سەرەکییەکان:


- Platon: **Sammlede skrifter**, bd، VI og VII. Kobenhavn: C. A. Reitzels Forlag ١٩٩٥.
- Platon: **Protagoras**, Kopenhaven: Gyldendal ١٩٦٩.
- Platon: **Gorgias**, Kopenhaven: Gyldendal ١٩٧٧.
- Platon: **Staten**, HANS Reder, Copenhagen: Hans Reitzel, ١٩٧٥.
- Platon: **Faidon**, K/B: FilosofiBiblioteket, Hans R. ١٩٩٣.
- G. B. Kerferd: **The Sophistic Movement**, Cambridge University Press ١٩٨١.
- Thukdid: (**Et udvalg**) ved. Hans Friis Johansen, K/B: Akademisk Forlag ١٩٨٤.
- G. Hastrup & A. Simonsen: **Sofistikken**, K/B: Akademisk Forlag ١٩٨٤.
- H. Frisch: **Sokrates domfeldelse og dod**, K/B: Norsk forlag ١٩٩١.
- J. De Romilly: **The Great sophists in Periclean Athens**, Clarndon press, Oxford, ١٩٩٨
- Mogens H. Hansen: **Kilder til demokratiet i Athen**, K/B: ١٩٩٦.
- W. K. C. Guthrie: **A history of Greek Philosophy** III, Cambridge university press ١٩٦٩ (rep. ١٩٩٥)


## ٢) سەرچاوەی گرنگ:


-Aristoteles: **Retorik**. K/B: Museum T. Forlag, Kobenhavns Universitet, ١٩٩١.
- A. Ness: **Filosofiens historie** bd: I, K/B: H. R. Forlag ١٩٩١.





- Holger F. Johansen: **Fri mands tale**, K/B: Centrum ١٩٩٧.
- G. W. Hegel: Forlesninger over historiens filosofi, K/B: Gyldendal ١٩٩٧.
- T. Hastrup: **Gresk og Romersk talekunst**, K/B: Berlingske forlag ١٩٧٦.
- J. Witt- Hansen: **Den antikke filosofis historie** bd. I, K/B. Munksgaard ١٩٧٠.
- Isokrates: **Fire Tale**, K/B: Museum T. Forlag ١٩٨٦.
- Karsten F. Johansen: **Den europeiske filosofis historie** bd I antikken, K/B: Nyt Nordisk forlag Arnold Busk ١٩٩١.
- Peter P. Rohde: **Den greske kulturs historie** bd. IV, K/B: Thaning & Appel ١٩٦٥.
- E. Lund, Pihl & J. Slok: **De europeiske ideers histori**, K/B: Gyldendal ١٩٩٣.
- J. Slok: **Platons dialog Protagoras**, K/B: Gyldendal ١٩٦٣.
- J. Slok: **Opgoret mellem filosofi og retorik** (Platons dialog Gorgias): Centrum ١٩٨٧.
- J. Slok: **Hvad er idehistorie?** Gyldendal, ١٩٦٨
- M. Larsen, O. Tyssen: Den frie tanke: gyldendal ١٩٩٢.


## ٣) هەندێ سەرچاوەی دیکە:


- A. Ahlberg: **Filosofins historie**, bd: i: Gyldendal ١٩٦٣.
- K. Grue-Sorensen: **Opdragelsens historie**, bd: I. Gyldendal ١٩٦٧.
- R. Barthes: **Mytologier**, K/B: Rhodos ١٩٦٦.
- B. Russel: **Vestens filosofi**, Munksgaard ١٩٩٢.
- E. Dalseth: **Samfunns tenkningens udvikling histori** fra Hellas til Rousseau, Oslo: Torndheim ١٩٧٥.
- G. Skirbekk: **Politisk filosofi** bd. I, Oslo: Universits forlag ١٩٧٦.

-T. B. Eriksen & K. Tranoy: **Filosofi og vitenskap** fra antiken til vor egen tid, Oslo: ?, ١٩٨٤.(?)

- J. Fafner: **Retorik** "Klassisk & moderne": Akademisk forlag ١٩٩٥.

- J. Fafner: **Retorikkens historie**: Gyldendal ١٩٨٢.

-J. Lindhardt: Retorik, K/B: Munksgaard ١٩٩٣.

- A. MacIntyre: **Moralfilosofiens historie**, Gyldendal Norsk forlag ١٩٩٦.

- J. Huizinga: **Homo Ludens** "Om kulturens oprendelse i Leg": Politikens forlag ١٩٨٣.

- A. hidtfeldt: **Kulturenes korsvej**, Politikens verdnshistorie bd: ٧: Politikens forlag ١٩٨٣.

- O. Hoffe: **Filosofi** "Antikken & Middelalderen": Politikens forlag ١٩٩٢.

-T. Bredsdroff, M. Larsen & O. Tyssen: **Til gleden**: Gyldendal ١٩٧٩.

- I. Kant: **Oplysning, historie, fremskridt**: Slagmark ١٩٩٣.

**٤) سەرچاوە بە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی:**

– حەمید عەزیز: **سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان**. چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩

– د. کامل حسن عزیز البصیر: **زانستی ئاوەڵواتا**. بەغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٨٩١.

– سڤێن– ئێرك لیدمان: **ڕێگوزەری بیری سیاسی**. وەرگێڕانی ئاسۆس کەمال، ستۆکهۆڵم: ١٩٩٧ APEC.

– امیل برهیبة: **تأریخ الفلسفة** (الفلسفة الیونانیة) جزء الاول، ترجمة: جورج طرابیشي. ط ٢، بیروت ٧٨٩١.



– د. نجیب بلدي: **دروس في تأریخ الفلسفة**. مغرب: دار توبقال للنشر، ١٩٨٧.

– احمد امین و زکي نجیب محمود: **قصة الفلسفة الیونانیة** (؟)١٩٦

– د. جعفر آل یاسین: **فلاسفة یونانیون**، من طالیس الي سقراط. منشورات عویدات، بیروت/ لبنان ١٩٧٥.

– جورج طرابیشي: **نحو تأریخ آخر للفلسفة**. (فصل من کتاب: نظریة العقل) في مجلة: ابواب: ٥ / ١٩٩٥، صص: ١١١– ١٣٨

– بابك احمدی: **کتاب تردید**. تهران: نشر مرکز ١٣٧٤(١٩٩٥).

– بابك احمدی: **حقیقت و زیبایی**. تهران: نشر مرکز ١٣٧٤(١٩٩٥).

– کارل پوپر: **جامعه باز و دشمنان ان** IIII. ت: عزت الله فولادوند، تهران: خوارزمی ١٣٤٦(١٩٨٥)

– تئودور (تیودۆر) گمپرتس: **متفکران یونان**. III، ت: محمد حسن لطفی، تهران: خوارزمی ١٩٩٦.

– ورنر یگر (وارنەر یایە): **پایدیا**. III، ت: محمد حسن لطفی، تهران: خوارزمی ١٩٩٧.

– دبلیو. کی. سی. گاتری: **فلاسفه یونان**، از طالیس تا ارسطو. ت: حسن فتحی، تهران: فکر روز ١٣٧٥ (١٩٩٦).

– محمود هومن: **تاریخ فلسفه**. III، کتاب اول، از اغاز تا نخستین اکادمی. چ. دوم، تهران: کتابخانه طهوري ١٣٤٨، ١٩٦٩

– پی یر ادو: **فلسفهء باستانی چیست**؟ ت: دکتر عباس باقری، تهران: نشر علم، (١٣٨٢)، ٢٠٠٣.

– انتونی گاتلیب: **رؤیای خرد**، تاریخ فلسفهء غرب از یونان باستان تا رنسانس. ت: لی لا سازگار، تهران: (١٣٨٤)، ٢٠٠٥.
- **پیتر کینگزلی: زوایای تاریك حکمت**. ت: دل ارا قهرمان، شرارة معصومی. تهران: انتشارات سخن، (١٣٨٥)، ٢٠٠٦، ض: دوم.